# دیوان

سەرنووسەر
**سمکۆ عەبدولکەریم**

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە، ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات

| خاوەن ئیمتیاز | سەرپەرشتیاری گشتی | بەڕێوەبەری نووسین |
|---|---|---|
| **مەسعودی مەلا هەمزە** | **بێکەس حەمە قادر** | **محەمەد گۆران** |

ژمارە (١٤) تەمموزی ٢٠٢٢ زایینی - خەرمانانی ٢٧٢٢ کوردی



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku


## (لێرەمە لە هەولێرێ، دڵدارم لە هەولێرێ)

لە ماوەی کەمتر لە سی ڕۆژ، پێنج نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندی کورد لە هەولێر کۆچی دواییان کرد و کۆستی هەولێریان خست.
نووسەر و وەرگێڕ عەزیز گەردی لە ٢٠٢٢/٦/٦، هونەرمەندی شێوەکاری فەیسەڵ عوسمان لە ٢٠٢٢/٦/٨، عەبدولڕەزاق بیمار لە ٢٠٢٢/٦/١٥، هونەرمەندی گۆرانیبێژ ئەحمەد محەمەد ئەربیللی لە ٢٠٢٢/٦/٢٠، شاعیر نەوزاد ڕەفعەت لە ٢٠٢٢/٧/٤.
گۆستاف لۆبۆن بیرمەندی فەرەنسی پێی وایە ئاستی پێشکەوتنی هەر وڵاتێک لەهەر بوارێکدا بەندە بە ڕێژەی زانایانی ئەو وڵاتە، بە تێگەیشتن لەو قسەیەی گۆستاف تێدەگەین کە کۆچی ئەو ڕۆشنبیرانەی کورد چ زیانێکە لە ڕۆشنبیریی کوردستان و درووستکردنی چ بۆشاییەکە لە نێوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی.
لە کاتێکدا کەسێکی وەکو مامۆستا عەزیز گەردی نموونەیەکی هەرە گەش و دانسقەی دونیای وەرگێڕانی کتێبخانەی کوردی بوو، کە بە ئاسانی کەسێکی وەکو ئەو هەڵناکەوێتەوە.
فەیسەڵ عوسمان هونەرمەندێکی بە سەلیقە و نەرمونیانی دونیای هونەری شێوەکاری بوو، کە هێشتا زۆری مابوو پەرە بە هونەرەکەی بدات.
عەبدولڕەزاق بیمار، ڕوناکبیر، نووسەر، شاعیر، ڕۆژنامەنووس، ڕەخنەگر، مامۆستای زانکۆ. بەداخەوە زۆر بەبێ دەنگی و کەساسی سەری نایەوە، ئێستەش زۆر ڕۆشنبیر ئاگاداری ئەوە نین، ئەو پیاوە مردووە.
ئەحمەد محەمەد ئەربیللی دەکرێت وەکو ئایکۆنێکی هەولێرێ لێبڕوانرێت، کە مۆزایکی ئەو شارەی جوانتر و جوانتر کردبوو، یەڵڵا شوفێرەکەی بەردەوام لە گوێماندا دەزرنگێتەوە، ئەی، لێرمە لە هەولێری، دڵدارم لە هەولێرێ.
نەوزاد ڕەفعەتی شاعیر، ئەو شاعیرەی توانی بچێتە ڕیزبەندی شاعیرە دیارەکانی هەولێرێ، ئەو ئێستە نەمرە، نەمرە بە شیعرەکانی، نەمرە لە ستایل و ڕووخسارە جوانەکەی.
کە دوا شیعریمان لە ژمارە (٨)ی گۆڤاری دیوان بڵاوکردەوە، هەرگیز مەبەستمان ئەوە نەبوو، ئەمە دواشیعری نەوزاد بێت، بەڵام داخەکەم مەرگ دەرفەتی نەدا، دوای قەسیدەی (جمکی هەتاو) قەسیدەیەکی دی بۆ دیوان بنووسێت. وای چەندە دڵخۆش بوو بەو قەسیدەیە، بەتایبەتی بەو کۆپلە شیعرەی، کە دەڵێت:
گوێم لێیە لێ
زایەڵەی سیرە و چریکەی دوندان دەڵێ:
«مۆتەکەی خەوی نەیاران
جمکی خۆرەتاوە سۆران»

سەرنووسەر


هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری نزیک کۆلێژی دەرمانسازی
govaridiwan@gmail.com
تیراژ: ١٠٠٠ دانە　چاپخانە: هێڤی
(گۆڤاری دیوان) لەتیلیگرام
دیزاین: **ئاسۆ حەسەن ئەحمەد** (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)



هەموو ئەو وتار و بابەتانەی لە گۆڤاری دیوان بڵاودەکرێنەوە، ڕاوبۆچوونی نووسەرەکانیانە

لەم ژمارەیەدا


*** دۆسیە: (ڕەمزی نافیع)**
١. ڕەمزی نافع ڕەشید ئاغا / یونس عەبدولعەزیز - دهۆک ..... ٤
٢. فرسەت ڕۆژبەیانی: ئەو پێشەکیەی دکتۆر مارف خەزنەدار... ..... ٧
٣. ئاڵای کوردستان و ڕەمزی نافع / پ.د. ئازاد عوبێد ساڵح ..... ١٣
٤. ڕەمزی نافیع .. قوربانییە زلەکەی هەولێر / مەسعوود محەمەد ..... ١٥
٥. نیاز پاک دەبێ ڕێگەی ڕاست بگرێت / محەمەدی مەلا کەریم ..... ٢٢
٦. ڕەمزی نافع و بۆچوونەکانی کاک مەسعوود محەمەد و ... / عیزەدین فەیزی ..... ٢٥
٧. هەندێ زانیاری دەربارەی ڕەمزی نافیع / دکتۆر عەبدوڵڕەحمان عەبدوڵا ..... ٢٩
٨. ڕەمزی یاریزانی تۆپی پێی هەولێر بوو! / محەمەد گۆران ..... ٣٢

*** مێژوویی:**
١. سەلاحەدین چۆن بوو بە ئەفسانە؟ / حەفیزوڵڵای نادری - و: ئەرسەلان حەسەن ..... ٣٤

*** ڕەخنە و لێکۆڵینەوە: تەوەرێکی تایبەت بە (کەریم کاکە)**
١. وەڵامێک بۆ مامۆستا سوداد ڕەسووڵ .. / عەبدولڕەحمان مەعرووف ..... ٤٤
٢. بەرهەمێ گەنجان .. بەریکانە و ڤەدیتنا بەهرەیان / محسن عەبدولڕەحمان ..... ٥٧
٣. دنیا میخائیل - چاوپێکەوتن / وەرگێڕانی: نەوزاد عەلی ئەحمەد ..... ٦٥

*** دەق: (چیرۆک - شیعر)**
١. کێ ئەم شتانەی بیر دێتەوە؟ / ئەدیب نادر ..... ٦٨
٢. خاڵ گوڵە سوور / قودسی قازی نوور - لە فارسییەوە دڵشاد کاوانی ..... ٧١
٣. دیوانی مات / سەباح ڕەنجدەر ..... ٧٣
٤. تەرمی ڕۆشنایی / غەمگین خدر ..... ٧٦

*** ڕۆشنبیریی گشتی:**
١. ئەگەرەکانی جەنگی عێراق - ئێران / فەرید ئەسەسەرد ..... ٨٠

*** دیدار:**
١- دیدار سەرکار عەلی خان / دیمانە: محەمەد گۆران - سمکۆ عەبدولکەریم ..... ٨٨

*** هونەریی:**
١. قادر دیلان.. سەمفۆنیای کوردی بەرهەم هێناوە / عومەر کەریم بەرزنجی ..... ٩٨
٢. مامۆستا زرار محەمەد مستەفا .. قوتابخانەیەک بۆ هونەر و کوردایەتی / کامەران حاجی ئەلیاس ..... ١٠١

*** خوێندنەوەی کتێب:**
١.سەردەمی هەڵەکان / سەروەر جەبار ..... ١٠٤
٢. دیوێکی تری جەواهیری / موحەممەد گەڵاڵەیی ..... ١٠٩
٣. ئەفسوونی نووسین... / مەسعودی مەلا هەمزە ..... ١١٣
٤. خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی پیرەمێرد و دەریا / هێمن مولود ..... ١١٥

*** لەبری بیرەوەری:**
١. شەو لەکێوان (بەشی٨) / د. ئەرسەلان بایز ..... ١١٨

*** وێستگەی دیوان:**
١. (١) پرسیار (جەلیل کاکەوەیس ..... ١٢٦
٢. دە چەپەکە نرگس لە چلەی عەزیز گەردیدا / حەمەکەریم هەورامی ..... ١٢٩
٣. بیبلیۆگرافیای بابەتەکانی عەزیز گەردی لە ڕۆژنامەی هاوکاری / د. ئەحمەد حەمەدئەمین ..... ١٣٢
٤. لە دەفتەری نەمریدا (نەوزاد ڕەفعەت) ..... ١٣٥
٥. گۆشەی دیوان / سمکۆ عەبدولکەریم ..... ١٣٦
٦. هونەرمەند جەلال بەیار و بانگدان لەمزگەوت / سالار کۆشار ..... ١٣٧
٧. چۆن دەستم پێکرد؟ / محەمەد سەعید ساڵح مزووری ..... ١٣٨
٨. ساڵۆنی لاپەڕە (٩) ..... ١٤٠

*** لاپەڕە ١٤٤:**
١- کتێبخانەی کەسی دوای مردنی خاوەنەکانیان چی بەسەردێ! / تاریق جامباز ..... ١٤٤



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# دۆسیە

# ڕەمزی نافع (١٩١٧-١٩٤٩)

ڕەمزی نافع ڕەشید ئاغا ئەندامی حزبی هیوا بووە،ساڵی ١٩٣٩-١٩٤٠ لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت دەخوێنێت و دوایی دەگەڕێتەوە هەولێر و بەمەبەستی خوێندن دەچێتە تورکیا، دەیەوێت لەرۆبەرت کۆلێج وەربگیرێت، لەوکاتەدا جاسوسێکی ئەڵمانی پێی دەڵێت بۆ ناچیت لەئەڵمانیا بخوێنیت؟ ئەویش ڕازی دەبێت، ئەو نازانێت کە ئەڵمان بەتەمای چین، لەوێ پێی دەڵێن ئێمە بەتەمای کردەوەیەکی واین بۆ کورد، میوللەر پێی دەڵێت: من بەڵێنم لەهیتلەر وەرگرتووە کەدەوڵەتی کوردی دابمەزرێنین «بەڵام ئەمە تەنیا بۆ ئەوە بوو کە ڕەمزی ڕازی بێت و نەڵێت نا»

بە فڕۆکە دێن بۆ ئۆکرانیا و لە دورگەی قرم شەوێک دەمێننەوە و دواتر بەرێدەکەون بۆ کوردستان، کە دەگەنە کوردستان لەجیاتی ئەوەی لەناوچەی پشدەر بەپەرەشووت خۆیان هەڵدەن لەنزیک تلکێف لای موسڵ خۆیان هەڵدەدەن کە ٢٠٠کم لە ئامانجیان دوورە.

ئەوان لە ١٧ حوزەیرانی ١٩٤٣ هاتنە کوردستان و لە ٢٩ حوزەیرانی ١٩٤٣ دەستگیرکران و بردران بۆ هەولێر و موسڵ و میسر و تا جەنگ تەواو بوو، میوللەر و هۆفمان و کۆنێچنی ئازادکران، ڕەمزی حوکمی ئیعدامی بۆ دەرچوو و دوایی حوکمەکەی بۆ هەتاهەتایی کەمکرایەوەو لە ١٩٤٦ بەهۆی نەخۆشی دەروونییەوە ئازادکرا و لە ١٩٤٩ بە ٣٢ ساڵی کۆچی دوایی کرد.

فرسەت ڕۆژبەیانی

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

# ڕەمزی نافع ڕەشید ئاغا



یونس عەبدولعەزیز - دهۆک

لەشەوێکی زستاندا، لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٣ زەنگی تەلەفۆنێکم لە (کەمال کەرکوکی)یەوە بۆ هات، کە ئەوکات بەرپرسی لقی یەکی پارتی بوو لە دهۆک، پێی ڕاگەیاندم کە دوو میوان لە ئەڵمانیاوە هاتوون، نایانەوێت شەو لە هۆتێل بمێننەوە و دەیاننێرم بۆ ماڵەکەت، داوای لێکردم بۆ بەیانی بە ئۆتۆمبێلەکەم بیانگەیەنمە مەکتەبی سیاسی پارتی لە هاوینەهەواری سەڵاحەدین.

دوای نیو کاتژمێر ئەو دوو میوانە گەیشتن، سەرم سوڕما کە یەکێکیان هاوڕێم بوو، تارق کامل عەقراوی، سیاسی و چالاکوانێکی ناسراوی کوردە لە بواری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، لە ئەڵمانیا دەژی، لەگەڵ کەسایەتییەکی ئەڵمانی کە خۆی پێ ناساندم (گیرهارد لیفیرت).

لە ڕاستیدا تارق عەقراویش سەری سوڕمابوو، گوتی کەمال کەرکوکی ناوتی پێ نەگوتین، کاتێک ئێمەی ناردە لای تۆ، تەنیا ئەوەندەی گوت کە دەتاننێرمە لای کەسێکی باوەڕپێکراو، ئەو دەتانگەیێنێتە هەولێر.

دوای ئەوەی نانی ئێوارەمان خوارد، لەکاتی چای خواردنەوەدا کەوتمە گفتوگۆ لەگەڵ میوانە ئەڵمانییەکە، بە گوتنی خۆم ئێمەی کورد هیچ گلەییەکمان لە ئەڵمانییەکان نییە، ئەوان هەرگیز زیانیان بە گەلی کورد نەگەیاند و بەشداریان نەکردووە لە دابەشکردنی وڵاتەکەمان، وەکو ئینگلیز و فەرەنسییەکان کردیان، وەکو مۆسکۆ و واشنتن کە چەندین جار غەدریان لێکردین.

میوانە ئەڵمانەکە، دەستی بۆ جانتاکەی درێژ کرد و دانەیەکی لە کتێبێک بە زمانی ئینگلیزی دەرهێنا و پێشکێشی کردم، پێی گوتم ئەو کتێبە لە نووسینی سەرۆکەکەیێتی (کوتفرید یوهانس میوللەر) دامەزرێنەری کۆمەڵەی (سالم)ی ئەڵمانی، کە لە ساڵی ١٩٥٧ تایبەت بە کاروباری مرۆیی لە جیهانی سێیەمدا، بۆ گەیاندنی یارمەتی لە بواری مرۆییدا دایمەزراند، ڕێکخراوەکەش، ڕێکخراوێکی ناحکومییە.

ناونیشانی کتێبەکەش (لە خۆرهەڵاتی گڕگرتوودا) بوو .

دوای چاوپێداخشاندنێکی چەند چرکەیێ کتێبەکەم خستەلایەک، بۆ ئەوەی دواتر بگەڕێمەوە سەری.

بۆ ڕۆژی دوایی، دوای نانخواردنی بەیانی بەرەو هەولێر بەڕێکەوتین، لەوێوەش بەرەو هاوینەهەواری سەڵاحەدین، دوو میوانەکەم گەیاندە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی و دواتر گەڕامەوە دهۆک.

دوای پشوویەکی شەکەتی سەفەر، کە زۆر ماندووی کردم، بەهۆی خراپی ڕێگاکە، لە کاتێکدا گەیشتن لە دهۆکەوە بۆ هەولێر زیاتر لە شەش کاتژمێری دەوێت بەهۆی ناوچە سەخت و پێچاوپێچییەکەی، من دەستم بە خوێندنەوەی کتێبەکە کرد (میوللەر- ١٩١٤-٢٠٠٩) ئەفسەرێکی هەوالگریی بوو، ساڵی١٩٤٢ لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانییەوە، بۆ کارکردن، لە بەرلینەوە نێردراوە بۆ باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە ئەستەمبوڵ، ئەوکاتەش مەترسیدارترین و خوێناویترین قۆناغی جەنگەکە بوو.

لەوێ ئاشنای گەنجێکی هەولێریی دەبێت (ڕەمزی ڕەشید نافع ئاغا ١٩١٧-١٩٤٩) کە لە زانکۆی ئەستەمبوڵ دەیخوێند، میوللەریش خۆی بایەخی بە کورد و وڵاتەکەیان (کوردستان) دەدا، چونکە لەسەرەتای گەنجیەتیدا، لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی بیست، خۆی و هاوڕێیەکی بڕیاریاندا سەفەر بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بکەن، چوونە



گیرهارد لیفیرت یونس عەبدولعەزیز، گۆتفرید یۆهانس میوللەر

فەڵەستین، لەوێوە بەڕێکەوتن و چوونە عێراق و یەکەم وێستگەشیان بەغدا بوو، میوللەر لە بەغدا لە ڕێگەی دکتۆرێکی یەهودییەوە شێخ مەحموودی حەفید دەناسێت، شێخ ئەوکات شۆڕشگێڕێکی گەورەی نیشتمانی بوو، کە لە ساڵی ١٩١٤ لە کاتی داگیرکردنی عێراقدا شەڕی ئینگلیزەکانی کرد و خۆی وەکو مەلیکی کوردستان ناساند، کە سلێمانی پایتەختەکەی بوو، بەڵام دوژمنایەتی نێوان ئەو و ئینگلیزەکان بووە هۆی نەمانی حوکمڕانییە ساواکەی، شێخ مەحمود، میوللەر و هاوڕێکەی ناردە کوردستان و سەردانی کەرکوک و سلێمانی و زۆر گوندیان کرد و چەندین وێنەی ناوچەکەیان گرت، کاتێک گەڕایەوە ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٣٧ کتێبێکی نووسی بە ناوی «گەشتێک بۆ کوردستانێکی داخراو» ناواخنەکەی بریتی بوو لە سەرنج و تێبینییەکانی گەشتەکەی و باروودۆخی کوردستان لەو سەردەمدا و هەوڵەکانی کورد بۆ ڕزگاری، ئەوەشی زیاتر سەرنجی ڕاکێشا نەوتەکەی کەرکوک بوو، کە ئینگلیزەکان سەرپەرشتیان دەکرد و هەناردەیان دەکرد.

ئەرکەکەی میوللەر لە ئەستەمبوڵ کۆتایی دێت و دەگەڕێتەوە بەرلین، ڕاپۆرتێک ئاراستەی ڕایخی ئەڵمانی دەکات، تێیدا ئاماژە بە ئەزموونی خۆی لە کوردستان دەکات، لەگەڵ خستەڕووی بۆچوونەکانی سەبارەت بە ئازادی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. هەروەها لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە، کە کوردستان نەوتێکی زۆری هەیە و ئەگەر ئەڵمانیا یارمەتیان بدات بۆ ئازادبوونیان لە نەوتەکەیان سودمەند دەبن، ئەمەش لە کاتێکدا کە سوپای نازی بەهۆی فراوانبوونی بەرەکانی جەنگ و دووری ڕێگاکانی گەیاندن و چوونە ناوەوەی قووڵایی ڕووسیا، لەڕێی کوردستانەوە دەرچەیەک دەدۆزێتەوە بۆ دەربازبوون لە قەیرانی سووتەمەنی خنکێنەر، ئەمەو میوللەر لەڕاپۆرتەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئامادەیە تیمێک پێکبهێنێت بۆ ئەوەی لەباکوری هەولێر لەڕێی ئاسمانەوە خۆیان هەڵدەنە خوارەوە (ئەمە لەکاتێکدایە کە مستەفا بارزانی سەرکردایەتی شۆڕشێک دەکات لە ناوچەکانی بارزان و داوای مافەکانیان دەکات)

لەوێوە بنکەیەکی پەیوەندی لەگەڵ بەرلین دامەزرێنن، فرگەیەکیش ئامادە بکەن بۆ ئەوەی ببێتە پردی خۆهەڵدانی هێزی ئەڵمانیا، بۆ تەواوکردنی ئەو چالاکییەی میوللەر ناوی نابوو (کردەوەی ماموت) هیتلەر ڕازیبوو بە پێکهێنانی تیمەکە، میوللەر پێویستی بە کەسێکی کورد هەبوو بۆ ئەوەی لە نێو تیمەکەدا بێت، توانی (ڕەمزی نافع ڕەشید ئاغا) ڕازی بکات بێتە نێو تیمەکە، کە لە میوللەر و ڕەمزی و دوو ئەفسەری دیکەی ئەڵمانی پێکهاتبوو.

لە ١٩٤٣/٦/١٧ کاتژمێر سفر داندرا، فڕۆکەیەکی سەربازی کە تیمەکەی هەڵگرتبوو، دەبوایە تیمەکە بگەیێنێتە ناوچە شاخاوییەکانی باکوری هەولێر و لەوێ خۆیان هەڵدەنە خوارەوە، بەڵام دەرکەوت ئەوان لە ناوچەیەکی هەڵەو دوورە دەست خۆیان هەڵداوەتە خوارەوە، لە ناوچەیەکی باکوری موسڵ، لەبەری خۆرهەڵات، یان بەری خۆراوای ڕووباری دیجلە بووە.

میوللەر لە کتێبەکەیدا (لە ڕۆژهەڵاتی گڕگرتوودا) دەڵێت: ڕەمزی کە ناوچەکەی پشکنی گوتی: ئێمە لە نزیک گوندێکی مەسیحی خۆمان فڕێداوە، بەڵام بەری خۆراوای دیجلە و باکووری موسڵ هیچ گوندێکی مەسیحی لێ نییە، بۆیە ئەگەر خۆهەڵدانەکەیان لەبەری خۆرهەڵاتی دجلە بووبێت، لەوێ چەند گوندێکی مەسیحی هەیە وەکو: (تلکیف و باتنایا و تلسقف) میوللەر دەڵێت: سواری ئۆتۆمبێلێکی گەورە بووین کە لە نزیک پردێکەوە دایناین، بەڵام بەهۆی پۆلیسی پاسەوانی پردەکەوە نەمانتوانی بپەڕینەوە. ئەوەش ئەوە دەگەیێنێت کە ئەوان لە باکوری موسڵ و لەبەری خۆرهەڵاتی دیجلە خۆیان هەڵداوەتە خوارەوە، کەوابێت، قسەکەی ڕەمزی ڕاست نەبووە، کە گوتوویەتی لە نزیک گوندێکی مەسیحی بووە.



**«میوللەر لە بەغدا لە ڕێگەی دکتۆرێکی یەهودییەوە شێخ مەحموودی حەفید دەناسێت»**






نوسخەی وەرگێڕدراوی کتێبەکە



تیمەکە کە جلوبەرگی کوردییان لەبەردابووە بە هەوڵی ڕەمزی و لە ڕێگەی یەکێک لە هاوڕێکانی باوکییەوە توانیان لە پردەکە بپەڕنەوە و خۆیان بگەیێننە هەولێر، لەهەولێر، برا گەورەکەی ڕەمزی ڕازی نەبووە چاویان بەباوکی ڕەمزی بکەوێت، داوایان لێکردن هەولێر بەرەو باکوور بەجێبێڵن و خۆیان بەرپرسیاریەتییەکە هەڵبگرن!

دوای چەند ڕۆژێک، چەند قاچاخچییەکی توتن شوێنی میوللەر و تیمەکەی لە ئەشکەوتێکی باکووری هەولێر بە پۆلیسی عێراقی دەڵێن، ڕەمزی لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە بووە و توانیوویەتی هەڵبێت، کاتێک کە تیمەکە دەستگیرکراون، بەڵام دوایی ڕەمزیش خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد، لەبەر ئەوەی باوکی ڕەمزی و برا گەورەکەی دەست بەسەرکرابوون.

میوللەر و دوو هاوەڵە ئەڵمانییەکەی لە بەغدا و فەڵەستین و میسر کە لە ژێر ئیدارەی ئینگلیزدا بوون، تا کۆتایی جەنگ لە ساڵی ١٩٤٥دا بەندکران.

ڕەمزیش لە لایەن هەواڵگری عێراقی لە بەغداد و بە چاودێری ئینگلیز بەندکرا و بەهۆی ئەشکەنجەدانێکی وەحشیگەریانە لەڕووی باری دەروونییەوە ئازارێکی زۆردرا، دواتر ئازاد کرا، بەڵام بەم هۆیەوە لە ساڵی ١٩٤٩ مرد.

میوللەر و دوو هاوەڵەکەی پاش جەنگ ڕادەستی ئەڵمانیا کران، لەوێش بۆ ماوەیەک دەستبەسەرکران، دوای ئازادکردنیشی خۆی بۆ کاری مرۆیی تەرخانکرد، لە ڕێگەی ڕێکخراوەکەی (سالم) کە لە ساڵی ١٩٥٧ دایمەزراند.

> ❝ **هەروەها لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە، کە کوردستان نەوتێکی زۆری هەیەو ئەگەر ئەڵمانیا یارمەتیان بدات بۆ ئازادبوونیان لە نەوتەکەیان سودمەند دەبن** ❞

کاتێک تارق عەقراوی و هاوەڵە ئەڵمانییەکەی (لپڤیرت) لە هەولێر گەڕانەوە، لە ماڵەکەی خۆمدا میوانداریم کردن، هەر ئەوکاتە (لپڤیرت)م ئاگادار کردەوە کە مەبەستمە کتێبەکەی میوللەر لە ئینگلیزییەوە بۆ عەرەبی وەربگێڕم، زۆر خۆشحاڵ بوو، داوای لێکردم بۆ ئەم مەبەستە نامەیەک بۆ میوللەر بنووسم، دوای مانگێک وەڵامی میوللەرم پێگەیشت و ئەو زۆر خۆشحاڵ بوو بە وەرگێڕانی کتێبەکەی، دوای کۆتایی هاتنی وەرگێڕانی کتێبەکەش، میوللەر داوای کرد سەردانی ئەڵمانیا بکەم، بۆ ئەم مەبەستەش ڤیزەکەم لە باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا لە ئەنقەرە ئامادەیە.

لە شوباتی ساڵی ١٩٩٥ لە خزمەتی میوللەر دابووم لە شوێنی تایبەتی خۆی لە بارەگای (سالم) لە شارۆچکەی (شتات شتایناخ) میوللەر تەندروستییەکی باشی هەبوو، وێڕای ئەوەی

> **میوللەر پێویستی بە کەسێکی کورد هەبوو بۆ ئەوەی لە نێو تیمەکەدا بێت، توانی (ڕەمزی نافع ڕەشید ئاغا) ڕازی بکات بێتە نێو تیمەکە**

تەمەنی هەشتا ساڵی تێپەڕاندبوو.

هەموو ئەو شتەی بەلای ئەوەوە گرنگ بوو (ڕەمزی) برای خوێنی بوو، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە زۆرجار بیری دەکەوێتەوە.

کاتێک گەڕامەوە کوردستان لەساڵی ١٩٩٥ کتێبەکەم (لە خۆرهەڵاتی گڕگرتوودا) کە لە ئینگلیزیەوە وەرمگێڕا بوو بۆ عەرەبی چاپم کرد.

(لپڤیرت)یش سەردانی هەولێری بۆ میوللەر ڕێکخست، بۆ ئەوەی سەردانی خزم و مەزارەکەی ڕەمزی بکات.

دووەم سەردانم بۆ لای میوللەر لە ئەڵمانیا لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٦ و سەرەتای ساڵی ١٩٩٧ بوو، هەوڵم دا وردەکاری شوێنی خۆهەڵدانە خوارەوەی میوللەر و تیمەکەی لە باکوری موسڵ لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٣ بزانم بۆ ئەوەی دڵنیا بم لەوەی لە خۆراوا، یان خۆرهەڵاتی دجلەوە بووە، بەڵام داوای لێبوردنی کرد، کە وردەکاریی وردی ئەوەی بیرنەماوە، پێشی گوتم کە هەموو ئەو شتانەی کە لە یادیدا مابوو، یان بەبیری خۆیدا بێنێتەوە سەبارەت بە (کردەوەی ماموت) لە کتێبەکەیدا تۆماریان بکات، کە یەکەم جار بە زمانی ئەڵمانی ساڵی ١٩٨٠ چاپی کردووە.

گۆتفرید یۆهانس میوللەر لە ساڵی ٢٠٠٩ لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، بانگهێشتنامەیەکیشم لە خێزانەکەی پێگەیشت بۆ ئەوەی ئامادەی بەخاک سپاردنەکەی بم لە ئەڵمانیا .

*** ئەم بابەتە بە زمانی عەرەبی بۆ گۆڤاری دیوان نووسراوە، لەلایەن سەرنووسەرەوە کراوە بە کوردی.**

## فرسەت ڕۆژبەیانی:



# ئەو پێشەکییەی دکتۆر مارف خەزنەدار بۆ کتێبەکەی میوللەری نووسیوە، خوێندنەوەیێکی هەڵەی بۆ کەسایەتی ڕەمزی کردووە

ئامادەکردنی: سمکۆ عەبدولکەریم

**- با لەو پرسیارەوە دەست پێبکەین پێت وایە ئەڵمانیا لە کردەوەی مام مووت ئامانجی چی بوو، بەشداری ڕەمزی نافع ڕێکەوت بوو، یان شتێکی دیکە بوو، پێشتر میوللەر سەردانی کوردستانی کرد بوو؟**

+ ساڵی ١٩٤٢ ئەڵمانیا بەهۆی فراوانی بەرەی شەڕەکانیەوە، زۆر پێویستی بە وزە بوو بۆیە ئاراستەی هێرشکردنی بۆ ڕووسیا، بەرەو شاری مایکۆب و گرۆزنی و باکۆ گۆڕی. هێرشی برد تا دەست بەسەر بیرە نەوتەکانی ئەو ناوچانەدا بگرێت، لە باکوری ئەفریقاش فەرماندەی ئەڵمانی بەناوبانگ ڕۆمل تا سنووری میسر ڕۆیشتبوو، کوردستان دەکەوێتە نێوان ئەم دوو جوگرافیایەوە.



فرسەت ڕۆژبەیانی

لەو سەردەمەدا، گۆتفرید یۆهانس میوللەر پڕۆژەیەک ئامادە دەکات بۆ هەواڵگری ئەڵمانی دەربارەی ناردنی چەند کەسێک بۆ کوردستان تاوەکو کورد هانبدەن دژی ئینگلیز و ڕاپەڕین بکەن و دەستبگرن بەسەر بیرەنەوتەکانی کەرکوک وموسڵ.

میوللەر پێشتر ساڵی ١٩٣٦ سەردانی کوردستانی کردبوو، شێخ مەحموودی ناسیبوو، هەروەها لەگەڵ شیخ لەتیفدا سەردانی ناوچەی پشدەری کردبوو و ئاغاکانی ئەوناوەی دەناسی، ئەمە وایلێکرد وەکو شارەزایێک لەکاروباری کورد، خۆی بە هەواڵگری ئەڵمانی بناسێنێت، ساڵێک دوای هاتنەوەشی کتێبێکی بڵاوکردەوە بەناوونیشانی «خۆکوتانە ناو کوردستانی داخراو» کتێبەکە کراوە بەکوردی لەدەزگای ژین لەسلێمانی چاپکراوە.

ئۆپراسیۆنەکەی میوللەر بەناوی شێخ مەحمودەوە بوو، بەڵام بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبێت، چەند پیتێکیان لێ لادا بوو «mahmut=mamumutماموت».

دەبوایە لەم ئۆپراسیۆنە نهێنیەدا کوردێکیان لەگەڵدا بێت چونکە بێ کورد نەدەکرا بۆیە لەکەسێک دەگەڕان، ئەوەبوو گەنجێکیان دۆزیەوە بەناوی «ڕەمزی نافع ڕەشید ئاغا» کە لەبنەماڵەی ڕەشید ئاغا بوو» کاپتن های لە کتێبی دووساڵ لەکوردستان باسی دەکات وەکو بەهێزترین پیاوی هەولێر و دژ بە ئینگلیز».

ئەندامانی دیکەی ئەم ئۆپراسیۆنە جۆرج کۆنیچنی و هۆفمان ناوێک دەبن کە تەنیا لەبەر فارسی زانین بەشداری دەکەن.

**- تۆ چۆن و لەبەرچی بڕیارت دا تێزی دکتۆراکەت**

“

***یەکەم کەس کە باسی کردەوەی ماموتی کردووە زۆر زۆر بەکورتی و کرچ و کاڵی دکتۆر جەماڵ نەبەزە***

”



“

**شكمان لە ڕاستگوتنی مێوللەریش هەبووە، دواییش لەکاتی تێزی دکتۆراکەمدا بەراوردی کتێبەکەی میوللەرم لەگەڵ فایلی لیکۆڵینەوە کە لە ئەرشیفی ئینگلیزیدا هەبوو کرد، زۆر ڕاستی ئاشکرا بوو کە میوللەر هەموو شتێکی ڕاست نییە کە لە کتێبەکەیدا نووسیوەتی**

”

**لەسەر ڕەمزی نافع بێت، بیرکردنەوەی خۆت بوو، یان بۆت پێشنیاز کرا؟**

+ من لە ئەڵمانیا دەژیام، لەوێ ئەگەر بتەوێت لەزانکۆ دکتۆرا لە بواری مێژوودا بخوێنی و بنووسیت، دەبێت پرۆفیسۆریکی زانکۆکە بەو بابەتەت ڕازی بێت کە بەتەمای لەسەری بنووسیت، من لە زانکۆی دێرینی بەرلین کە دواتر ناوی کرا بە زانکۆی هومبۆلدت لەبەرلین، چوومە لای ڕۆژهەڵاتناسی ناودار پرۆفیسۆر (پێتەر هاینە) سەرۆک بەشی دیراساتی ئیسلامی لە کۆلێجی فەلسفەی سێهەم، من زیاتر لە بابەتێکم لە لیستێکدا نووسیبووەوە و ئامادەم کردبوون، کە ئەگەر بەیەکێکیان ڕازی نەبێت ئەوەی دیکەیان پێ بڵێم. بێگومان لای من کردەوەی (مامووت) مەبەست بوو، دەشمزانی کە بەدڵی ویش دەبێت، دووسێ بابەتم بۆی باسکرد گوتی: ئەمانە لەسەریان نووسراوە، دوایی گوتم کردەوەی مامووت، گوتی ئەوە چ بابەتێکە، منیش بۆم باسکرد کە کردەوەییەکی نهێنی سەربازی ئەڵمانیای نازیە، مەبەستیان داگیرکردنی کێڵگە نەوتییەکانی کوردستان بوو، لەبەشی عێراق لای کەرکوک و شوێنی دی، بەهاوکاری کوردێک کە ناوی ڕەمزی نافع ڕەشید ئاغای خەڵکی هەولێر بوو، گوتی بابەتێکی زۆر سەرنج ڕاکێشە، بەمەرجێک ئەگەر لە ئەرشیف فایلی ئەم کردەوەیە بدۆزیتەوە .

جگە لەوە من لەساڵی ١٩٨٥ کاتێک کە مامۆستا مەسعوود محەمەد لە گۆڤاری کاروان یەکەمجار باسی لە قوربانییە زلەکەی شاری هەولێر ڕەمزی نافع ڕشید ئاغا کرد، من ئەوکاتە لە پۆلی یەکی زانکۆ بووم لە موسڵ لەبەشی مێژوو، ئەو گوتارە بوو بە سەرچاوەییێک و بناغەی کاری من و دواتر هەموو ئەوانەی لەسەر ڕەمزیان نووسیووە .

**– ئەو بەربەستانە چی بوون کە بۆت درووست بوون، بەهۆی ئەوەی ڕەنگە دەستکەوتنی زانیاری و دیکۆمێنت لەبارەی ڕەمزی نافعەوە ئاسان نەبووبێت؟**

+ ڕاستی هیچ کارێک بێ بەربەست نابێت، لەبواری سەرچاوەدا زۆر ئەفسانە لە گوتار و نووسینی ئەو کەسانەدا هەبوو کە لەبارەی ڕەمزیان نووسیبوو و زۆر هەڵەی تێدا بوو کە دەبوایە ئێمە بزانین چەند ڕاستی تێدایە، زۆربەی




**کتێبی فایلی ئەرشیفی بریتانی و ئەڵمانی**

ئەو کەسانەی کە بەکوردی لەسەر ڕەمزیان نووسیوە لەژێر کاریگەری گوتارەکەی مامۆستا مەسعوود محەمەد دان، مەسعوود محەمەدیش زانیارییەکانی لە بنەماڵەی ڕەمزی نافعەوە وەرگرتووە، کە ئەو زانیاریانەش گێڕانەوەی ناو خێزانن و ئەوانیش ڕاست و هەڵەیان تێدایە .

ئەمە تا وەرگێڕانی کتێبی میوللەر لەلایەن کاک بەدران حەبیبەوە لە کۆتایی سالانی هەشتای سەدەی ڕابردوو، کەخەڵک تۆزێک زانیاری زیاتری دەسکەوت بەڵام بەگێڕانەوەی میوللەر، هەر لەسەرتاوە کە ئێمە وەک مێژوو نووسێک شکمان لە ڕاستگوتنی میوللەریش هەبووە، دواییش لەکاتی تێزی دکتۆراکەمدا بەراوردی کتێبەکەی میوللەرم لەگەڵ فایلی تەحقیق کە لەئەرشیفی ئینگلیزیدا هەبوو کرد، زۆر ڕاستی ئاشکرا بوو کە میوللەر هەموو شتێکی ڕاست نییە کە لە کتێبەکەیدا نووسیوەتی .

لەلاییێکی دیکەوە ئەو پێشەکیەی کە دکتۆر مارف خەزنەدار بۆ کتێبەکەی میوللەری نووسیوە، هەرچەندە خۆی منداڵی ئەو سەردەمانەیە بەڵام خوێندنەوەییێکی هەڵەی بۆ کەسایەتی ڕەمزی کردووە، ئەمانە وایان کردبوو، زانیارییێکی زۆر

هەڵە لای خوێنەری کورد پەیدا ببێت و هەردەم خوێنەری کورد کە من خۆم یەکێک بووم لەو خوێنەرانە و دەمویست بزانم ڕاستی مەسەلەکان چییە.

کاتێک کە بابەتی مامووتم هەڵبژارد، نەمدەزانی کە فایلی کردەوەکە، لە ئەڵمانیا و لە ئەرشیفی ئینگلتەرادا هەیە، دوای گەڕان و پشکنین فایلی ئەڵمانیم دۆزیـەوە کە ٨٠ لاپەڕەیێک دەبێت، هەروەها فایلەکانی کردەوەی مامووتم لەئەرشیفی بریتانیدا لە لەندەن دۆزیەوە کە نزیکەی ١٠٠٠ لاپەڕە دەبێت.

جگە لەو ئاستەنگانە، من کە ئەوبابەتەم هەڵبژارد هێشتا میوللەر لەژیاندا مابوو، واتە ٢٠٠٩، هەرچەند هەولمدا بیبینم، کوڕەکانی نەیاندەهێشت، دەیانگوت زۆر پیر بووە و نابێت کەس بیبینێت، هەروەها نەیانهێشت سەیری ئەو ئەرشیفە بکەم کە لەدوای خۆی بەجێی هێشت بوو، تەنیا کاتێک کە مرد داوەت کرام بۆ بەشداریکردن لەناشتنی، من تەنیا کوردێک بووم کە بەشدار بووم لە ناشتنی میوللەردا .

لەوانـەیە یەکێک بپرسێت بۆچی نەیانهێشت بیبینم، وەڵامی ئەم پرسیارە بەکورتی، میوللەر دوای بەربوونی لە ئەسارەتی ئینگلیز، لەساڵی ١٩٥٧دا ڕێکخراوی (سالم)ی دامەزراند ( SOS- Hillfestele SALEM ) کە بەپارەی خێرخواز و دەوڵەت بەڕێوە دەچوو، ئێستاش لقی لە زۆر ولاتاندا هەیە، ناکرێت ڕابردووی دامەزرێنەرەکەی بە هەموو وردەکارییەکەوە بڵاو بکرێتەوە، لەوانەیە ئەوە وابکات کەخەڵک سارد ببنەوە لە بەخشینی پارە بە ڕێکخراوەکەیان .

**– لە ئەنجامی نووسینی نامەی دکتۆراکەت لەسەر ڕەمزی گەیشتیتە چ ئەنجامێک، چی تازەت بۆ دەرکەوت؟**

نووسینی ئەکادیمی و بەتایبەتی لە بواری مێژوودا، ئێمە دەزانین کە ناتوانین لە هەموو هەقیقەتێکی مێژوویی بگەین، بەڵام ئەوە نابێت ساردمان بکاتەوە کە کار لەسەر ڕابردوو نەکەین.

کاتێک کە هەردوو فایلی ئەرشیفی بریتانی و ئەڵمانیم دۆزیـەوە، ئەمە وایکرد کە زۆر تەم و درۆ و ئەفسانە لەسەر کردەوەی مامووت و کەسایەتی ڕەمزی بڕەوێتەوە، چۆن ؟

بۆ نموونە لێرەدا هەندێک لەو هەڵانەمان ڕاست کردۆتەوە کە لەسەرچاوە کوردیەکاندا هاتووە و خەڵک وەکو ڕاستی وەریگرتووە .

جگە لەوە ئێمە زۆر زانیاری نوێمان لەسەر کردەوەکە پەیدا کردووە، کە پێشتر کەس لە هیچ شوێنێکدا باسی نەکردووە .

ئەو هەڵە باوانەی کە لەلای نووسەران، یان خوێنەری کورد هەیە زۆرن من لێرە بەکورتی باسی هەندێکیان دەکەم .

با لە ناوی کردەوەی مامووتەوە دەست پێ بکەین، زۆر کەس وادەزانێت چونکە وشەکە لە ماموت/ فیلەتەن Mammoth )) لەڕاستیدا ئەمە هەڵەیە، بەشداربووانی کردەوەی ماموت دەیانویست بگەنە شێخ مەحمود، ناکرێت کردەوەییەکی نهێنی بەناوی کەسێکی ئاوا ناودار بیت بۆیە، کاتێک کە میوللەر پرۆژەکەی پێشکەش بە وەزارەتی بەرگری دەکات، ناوی یەکێک لە ئاغاکانی پشدەر دەکات بەناوونیشان بۆ کردەوەکە کە ئەویش (سەعید شاسواری)یە، بەڵام دوایی ناوی لێدەنێن ماموت بە کورتکردنەوە و شێواندنی ناوی شێخ مەحمود، ئەمە لە فایلی مامووتدا لە





Das Unternehmen „Mammut“

Ein politisch-militärisches Geheimdienstunternehmen in Südkurdistan in den Jahren 1942/43 und seine Vorgeschichte

Dissertation

Zur Erlangung des akademischen Grades

Doctor philosophiae

(Dr. phil.)

Eingereicht an

der Philosophischen Fakultät III

der Humboldt-Universität zu Berlin

von Mag. Pherset Zuber Mohammed Rosbeiani

Präsident der Humboldt-Universität

Prof. Dr. Jan-Hendrik Olbertz

Dekan der Philosophischen Fakultät III

Prof. Dr. Dr. h.c. Bernd Wegener

Gutachter: 1. Prof. Dr.habil Peter Heine

2. Prof. Dr.habil Ferhad Ibrahim Seyder

Tag der mündlichen Prüfung: 08 - 06 -2011

**بەرگی تێزی دکتۆراکەی فرسەت ڕۆژبەیانی**

**"میوللەر پرۆژەکەی پێشکەش بە وەزارەتی بەرگری دەکات، ناوی یەکێک لە ئاغاکانی پشدەر دەکات بەناوونیشان بۆ کردەوەکە کە ئەویش (سەعید شاسواری)یە، بەڵام دوایی ناوی لێدەنێن مامووت بە کورتکردنەوە و شێواندنی ناوی شێخ مەحموود"**



"ئەم ئاڵایە سکێچەکەی، چۆنیەتی دروستکردنی لەلای ڕەمزی هەبووە لەناو موفەکیرەی بەرباخەلیشی پارێزراوە و ماوە تا ئەمڕۆ، ڕەمزی وەک کوردپەروەرێک لەگەڵ سەرانی خۆیبوون دەیزانی ئاڵای کوردستان چۆنە و چەند ڕەنگە"







یەکەم کتێبی میوللەر لەسەر کوردستان ساڵی ١٩٣٦

ئەرشیفی ئەڵمانیدا بە بەڵگەوە لای ئێمە هەیە، هەروەها لەکاتی لێکۆڵینەوەی ئینگلیزەکان لەگەڵ بەشداربووان لە کردەوەی ماموتدا، ئاشکرای دەکەن کە ماموت پەیوەندی بە شێخ مەحموودەوە هەیە چونکە ئەوان مەبەستیان بوو بگەنە لای شێخ مەحموود، بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات و هەروەها دەیانویست لای ئاغاکانی ناوچەی پشدەر خۆیان حەشار بدەن تا هێزی زیاتریان بۆ دێت، بەڵام بەداخەوە لە دووری ڕانیە و قەڵادزێ بە ٢٠٠ کم بەهەڵە لای شاری موسڵ دابەزین .

مەسەلەی ئاڵای کوردستان، ئایا ڕەمزی دروستکەری ئاڵای کوردستانە یان میوللەر؟ یان ئاڵاکە کۆنترە؟ ئێمە لە باسی ئاڵای کوردستان و پەیوەندی بە کردەوەی ماموتەوە کە گوایە ڕەمزی دروستکەری ئاڵای کوردستانە، یان میوللەر، ئەمە هیچ ڕاستی تێدا نییە کە ئەو دووانە دروستکەری ئاڵای کورستان بن، ئەم ئاڵایە سکێچەکەی، چۆنیەتی دروستکردنی لەلای ڕەمزی هەبووە لەناو موفەکیرەی بەرباخەلیشی پارێزراوە و ماوە تا ئەمڕۆ، ڕەمزی وەک کوردپەروەرێک لەگەل سەرانی خۆیبوون دەیزانی ئاڵای کوردستان چۆنە و چەند ڕەنگە، بۆ کردەوەکە پێویستیان بە دروستکردنی ئاڵایێک هەبووە و دروستیان کردۆتەوە لەئەڵمانیا.

میوللەر دەڵێت: من خۆرم بۆ زیاد کرد ئەمە لەوانەیە وانەبێت چونکە خۆرەکە پێش میوللەریش هەر هەبوو لەسەر ئاڵاکە، هەروەها لە ئەرشیفی بریتانی کاتێک کە لێکۆڵینەوە لەگەڵ جۆرج کۆنێچنی دەکەن کە یەکێک بووە لە بەشداربووانی کردەوەکە، ئاشکرای دەکات، کە ئاڵای کوردستانی لەیەکێک لە کۆمپانیاکانی بەرلین دروستکراوە، لەگەڵ کۆمەڵێک (ئیمبلێم- میدالیای ئاڵای کوردستان کە ئیمڕۆش هەیەو لەبەر باخەڵ دەدرێت) بۆ ئاڵای کورستان .

باشە ئەوان ئاڵایان بۆ چی بوو؟ ئەوان پێش فرینیان بۆ کوردستان پێویستیان بەوە بوو، ئاڵای کوردستان لەبەردەم وەزارەتی بەرگری ئەڵمانی لەگەڵ ئاڵای ئەڵمانیادا بەرز بکەنەوە، وەکو سەرەتایێک بۆ دەستپێکردنی کردەوەکە و زیاتر پتەوکردنی باوەڕی ڕەمزی بە کردەوەکە .

هەوەها مەسەلەی ئایا ڕەمزی پارەی لە ئەڵمانەکان وەرگرتووە، ئایا ڕەمزی بڕیارێکی شەخسی خۆی بووە بچێت کار لەگەڵ ئەڵمانیا بکات، یان حزبێک تاقمێک ناردوویەتی؟ ئایا ڕەمزی بۆچی



چوو بۆ ئەڵمانیا بە مەبەستی خوێندن چوو، یان بە مەبەستی دی کە ئێمە لە دکتۆراکەماندا باسمان کردووە، وەڵامی ئەو پرسیارانەمان داوەتەوە، هەوەها زۆر پرسیاری دیش کە ئێستا ناکریت لێرەدا هەمووی باس بکەم، ئەمە زۆر نزیک بووینەتەوە لە کەسایەتی ڕەمزی کە چۆن بووە چۆن بیری کردۆتەوە، ئەو کەسانە کێ بوون کە کاریگەری سیاسیان لەسەی هەبووە، لەبەیروت لە ئەنکەرە لە هەولێر لە ئیستەمبوڵ چۆن ژیاوە، دەوری چی بووە لە کردەوەی مامووتدا دوای دابەزینیان، لە دوای گرتن و ئەشکەنجەدان و تیکچوونی باری دەروونیی، دوایی نەشتەرگەری مێشک و وەفاتکردنی، ئێمە لە تێزی دکتۆراکەماندا، زۆر زانیاری و شیکاری و خوێندنەوەی نوێ دەخەینە بەرچاوی خوێنەری کورد و تێزی ئێمە ئەوە بوو کە ئەم کردەوەیە، هەر بە مردوویی لەدایک بوو، چونکە ئەڵمانیای سەردەمی نازی ئەوەندە زانیاری نوێی لەسەر کورستان نەبوو، بۆ نموونە نەیاندەزانی کە شێخ مەحموود لە کورستان نەدەژیا ئەوکاتە، شێخ لە دوای سالانی ١٩٣٠ەوە وەکو سیاسییێک ئەکتیڤ نەمابوو .

**– بۆچی ئەو ڕووداوەی ڕەمزی نافع هێندەی لە خەیاڵ نزیکە، هێندە لە واقع ناچێت، لە مێژوودا و لە مێژووی کورددا هێندە ئاماژەی پێنەکراوە، هۆکار چییە؟**

پرسیارێکی زۆر بە جێیە، بۆچی کورد زانیاریان لەسەر کردەوەی مامووت و ڕەمزی نافع ڕەشید ئاغای هەولێری نییە، لەوانەیە وەڵامی ئەم پرسیارە هەر لەناو ناوی ڕەمزی بدۆزینەوە، ڕەمزی هەولێری بوو، ئاغا بوو، دەوڵەمەند بوو، ئەمانە هۆی سەرەکی باس نەکردنی خەباتی ڕەمزیە، ئەوانەی مێژووی کوردیان نووسیوەتەوە کەسیان خۆیان لەقەرەی ڕەمزی نەداوە لەبەر ئەوەی زۆربەیان چەپ بوون و لای وان سیفەتی کەسی شۆڕشگێر لەگەڵ سیفەتەکانی ڕەمزی یەکی نەدەگرتەوە، هەر ئەوەشە مارف خەزنەداریش کە کەسێکی چەپیش نەبووە، بەڵام لە ژێر کاریگەری ئەوانیدیدا بڵێت ڕەمزی خۆی بەئاغا نەزانیوە، ئەمە بێگومان هەڵەیە، ئەوکاتە تەنیا ئاغا و میر و بەگلەر و شێخ خەریکی کوردایەتی بوون، بیرکردنەوەی ئەو نووسەرانە دژی پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی ئەوسایە .

لە لایێکی دیکەوە ئەوە نەنگیە کە هیچ کام لە دوو حزبە گەورەکەی کوردستان خۆیان ناکەن بە خاوەنی ڕەمزی بە ئاشکرا، زۆر شەرمنانە جادەیێکی بەناو کراوە، نازانم ترسییان لە چییە یان لە کێیە، نەک ڕەمزی بەڵکو نازی نەبووە،

**“ مەسعوود محەمەد کەسێک بووە باسی ڕەمزی کردووە و هەوڵیداوە جێگای شایستەی لە مێژووی کورددا بۆ بکاتەوە، گوتارەکەی گۆڤاری کاروانی سالی ١٩٨٥ بوو بە سەرچاوە، دەبێت هەمووومان بچینەوە سەر گوتارەکەی ئەو ”**



ڕەمزی دوای گرتن و ئەشکەنجەدانی لە فایلی ئەرشیفی بەریتانی



سەیری عەرەب بکەن چۆن ڕێز لەو کەسانە دەگرن کە لەگەڵ نازیەکان کاریان کردووە هی وەک حاجی ئەنین حوسەینی و ڕەشید عالی گەیلانی، لای هیندیەکان سوبح چێندرا و لای ئۆکرانیەکان ستێپان باندێراس ئەمانە هەموو پەیکەریان بۆ کراوە لەوڵاتی خۆیان، کورد بۆچی کوڕی خۆی بە قوربانی کچی خەڵکی دەکات .

**– چۆن دەتوانی بیری کوردایەتی ڕەمزی نافع لێکبدەیتەوە، بەڕاستی ئەو لە ڕوانگەی هەستی کوردایەتییەوە ئەم کارەی کردووە، یان تەنیا کارەکتەرێکی بەکارهێنراو بووە؟**

ڕەمزی ئەندامی حزبی هیوا بوو تەنانەت باوکیشی ئەندام بووە لەو حزبەدا و ئابوونەیان داوە، ڕەمزی خۆی ئابوونەی لەئەندامانی لقی هیوا لەهەولێر کۆکردۆتەوە و لەناو موفەکەرەکەیدا ناوەکان پارێزراون، ڕەمزی بە شیکردنەوەی ئێمە زۆر کاریگەری دکتۆر کامەران بەدرخانی لەڕووی سیاسییەوە لەسەر بووە، کاتێک کە لەبەیروت بووە .

لێردا ئایا ڕەمزی کارێکتەرێک بووە بەکارهاتووە، واتە ئیستیغلال کراوە، من دەڵێم بەڵێ لەبەر ئەوەی کوردێکی ڕۆمانسی پاک بووە، هەوڵیداوە ئەوکاتە کە کردەوەی مامووت دەستی پێکرد پێشنیازی زۆر بەکەڵکی بۆ ئەڵمانەکان کردووە کە لە بەرژەوەندی کوردستاندا بێت، داوای دکتۆری ئافرەت و ئابووریزان و ئەندازیاری ڕێگاوبانی لەئەڵمانیا کردووە، بۆ ئەوەی بێن کوردستان ئاوەدان بکەنەوە.

“

**من تەنیا کوردێک بووم کە بەشدار بووم لە ناشتنی میوللەردا**

”

ئەوانەی دژی ڕەمزیان نووسیووە دوای بڵاوبوونەوەی وتارەکەی مەسعود محەمەد ڕەمزیان بە تۆمەتی جاسوسی نازی ناودەبرد، بەڵام ئەوان نەیان دەزانی کە لەکاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵ میوللەردا، ئینگلیز پێیان دەڵێت، ڕەمزی ڕازی نەبوو ٢٠٠٠٠ ڕایش مارکی ئەڵمانی وەربگرێت، گوتوویەتی بیدەن بەو قوتابییە کوردانەی کە باری داراییان لاوازە، کەواتە پارە لای ڕەمزی بابەت نەبووە، ئەی بۆچی یەکێک ئەو ڕێگا سەختە، ڕێگای مردن هەڵدەبژێرێت وەڵام دیارە تەنیا بۆ سەرکەوتنی گەلەکەی بووە، بۆ درووستکردنی دەوڵەتی کوردی بووە، کە میوللەر پەیمانی پێدابوو لەسەر زاری هیتلەرەوە، بەڵام ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان نییە، کە ڕاستی ئەم قسەیەی میوللەر بسەلمێنێت .

**– پێدەچێت بەردەوام سەرقاڵی بەدوادا گەڕانی زانیاری و سەرچاوەی تازە بیت لەسەر ڕەمزی، تۆ دوای دکتۆراکەت چی تازەت بۆ دەرکەوتووە، کە پێشتر لە دکتۆراکەتدا ئاماژەت پێی نەکردووە؟**

ئەوەش پرسیارێکی بە جێیە و زیرەکانەیە، من دوای دکتۆرام لەگەڵ هاوڕێی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی کتێبێکمان بە زمانی ئەڵمانی چاپکرد، ئەم کتێبە بریتیە لە هەموو ئەو فایلی ئەرشیفی ئەڵمانی و ئینگلیزی کە من دۆزیبوومەوە، بەتایبەتی ئەوەی ئینگلیزی، بەڵام بەداخەوە سێ چارەکی لاپەڕەکانی ناخوێندرێنەوە، چونکە ئەرشیفی بەریتانی نوسخەیێکی زۆر خراپی خستە بەردەستم کە ٣٠٠ لەپەڕەیێکی ڕەشە و ناخوێندرێتەوە ئەو زانیاریانەمان لەدەست چووە، ئەگەر لە لندن نوسخەی ئەسڵیمان پێ پیشان بدەن ئەوە زانیاری زیاتر دەردەکەوێت .

**– یەکەم کەس کێ لەسەر ڕەمزی نافع-ی نووسیوە و ساڵی چەند بووە؟**

یەکەم کەس کە باسی کردەوەی ماموتی کردووە زۆر زۆر بەکورتی و کرچ و کاڵی دکتۆر جەمال نەبەز، ئەو وەکو ئەڵمانی زانێک و کوردێکی دانیشتووی ئەڵمانیا، کە ئێمە هێشتا لەدایک نەبووبووین، دەبوایە بایەخی زیاتر بە خەباتی ڕەمزی نافع بدایە، بەداخەوە نەیکردوە، بەڵام مامۆستای گەورە مەسعوود محەمەد کەسێک بووە باسی ڕەمزی کردووە و هەوڵیداوە جێگای شایستەی لە مێژووی کورددا بۆ بکاتەوە و وتارەکەی گۆڤاری کاروانی ساڵی ١٩٨٥ بوو بە سەرچاوە، دەبێت هەموومان بچینەوە سەر گوتارەکەی ئەو، ئەم گوتارە وایکرد خوێنەری کورد ڕەمزی بناسێت کە پێشتر تەنیا لە ناو خێزانەکەیدا یادی دەکرایەوە .

تەنانەت هەر لە ژێر کاریگەری ئەودا من بڕیارم دا لەسەر ڕەمزی تێزی دکتۆرام بنووسم .

**پ.ی.د . فرسەت ڕۆژبەیانی**
**ساڵی ١٩٦٦ لەدایک بووە**
**ماجستێر لە زانکۆی موسڵ وەرگرتووە**
**دکتۆرا لە زانکۆی هومبۆلدت لە بەرلین لە ئەڵمانیا وەرگرتووە**
**ئێستا لە بەشی مێژوو لە کۆلێجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە بواری مێژووی هاوچەرخ.**



# ئاڵای کوردستان و ڕەمزی نافع

پ.د. ئازاد عوبێد ساڵح

کورد دەزگایەکی ئەرشیفی پێویستی خۆی نییە، بۆ هەڵگرتن و پاراستنی بەڵگەنامە و دەستنووسە نووسراوەکان، دیارە ناسەقامگیری و بێ دەوڵەتی و نەبوونی ژیانێکی دامەزراو یەکێکە لە هۆکارەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆشی سەروکاری لەگەڵ ئەم بوارە زۆر لاوازە، هەر بە هەندیشی وەرنەگرتووە، بۆیە ناچارە لە ئەرشیفی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، یان لە دەرەوە بە دوای ئەم جۆرە بەڵگەنامانەدا بگەڕێن.

بابەتی مێژووی ئاڵای کوردستانیش وەکو هەر بابەتێکی دیکە، بەو دەردە چووە. ئەوە چەندەمین جارە دەخوێنمەوە و دەبینم و دەبیستم، نیشتمانپەروەر و گیانبازی مەزنی هەولێر و کوردستان ڕەمزی نافع ڕەشید ئاغای هەولێریی بە داهێنەر و دروستکەر و نەخشەسازی ئاڵای کوردستانە دادەنێن.

(بەدران ئەحمەد حەبیب) لە ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی ژمارە (٢١) لە ١٩٩٢/٤/٢٦ ل٥-٦ بابەتێکی نووسیوە بەناوونیشانی (ڕەمزی نافع ڕەشید ئەو کوردەی ئاڵای کوردستانی داهێنا) هەروەها محەمەد گۆران و نەریمان خۆشناو لە کتێبێکی هاوبەشیاندا کە لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان هەولێر ٢٠٠٨ چاپکراوە بەناوونیشانی (ڕەمزی نافع ڕۆڵەیەکی فیداکاری سەربەخۆی کوردستان) دواتریش هەمدیسان چاپکردنەوەی لەلایەن (محەمەد گۆران)ەوە بەناوونیشانی (ڕەمزی نافع ڕۆڵەیەکی هەولێری فیداکاری سەربەخۆیی کوردستان) لە بڵاوکردنەوەی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) ز (٤) چ تاران ٢٠٢١ ل ٤٥-٥٦

وێڕای ئەوانە (گۆتفید میوللەر)ی ئەڵمانی هاوکاری ڕەمزی نافع، بە داهێنەری ئاڵای کوردستان لە قەڵەم دراوە (ڕۆژنامەی ڕووداو، ژ ٩٢، ٢٠١٠/١/٤).

لەو کۆڕەش کە لەمەڕ ڕەمزی مەزنە پیاوی کورد لە یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێر گێردرا لەو بارەیەوە ڕوونکردنەوەی پێوویستم دا، لە هەموو ئەوانەش بترازێت وتارێکیشم بە





ناوی (دیسان کێ ئاڵای کوردستانی داهێنا؟) زانیاری زۆر پێویست و تێروتەسەلم لەو بارەیەوە خستۆتەڕوو ( د. ئازاد عوبێد دیسان کێ ئاڵای کوردستانی داهێنا، گۆڤار k21، هەولێر ژ ٧، ٢٠١٠ ل٤١-٤٧ وەڵامی تەواو و دروستی هەمووانم داوەتەوە، بەڵام وادیارە بەدواداچوون و ڕاستکردنەوەکان ئەوەندە گوێیان پێ نادرێ.

وەکو هەولێرییەک و کوردێک قوربانیدان و گیانفیدایی ئەو مرۆڤە مەزنە لەسەر سەرم و لەسەر چاوم دادەنێم، بە لاپەرەیەکی هەرە درەوشاوەی مێژووی خەباتی نەتەوەکەمانی دەزانم، بەڵام وەکو ئەکادیمییەک و تاڕادەیەکیش ئاگادار لە مێژووی نەتەوەکەمانم و لەڕووی زانستییەوە هەموو لایەنەکانی مێژووی ئاڵای کوردستانم شەن و کەو کردووە، بەپێی ئەو زانیاریانەی تا ئەوکات بەدەستمان کەوتبوون.

سەرەتای سەرهەڵدان و پەیدا بوونی ئەو ئاڵایە لە کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتیماعی کورد لە ساڵی ١٩١٩ لە ئەستەنبوڵ داکەوتووە و لە شۆڕشی قۆچگیری ١٩٢٥ی شێخ سەعیدی پیران و دواتریش کۆمەڵەی خۆیبوون ١٩٢٧ و بڵاوکراوەکانی و شۆڕشی ئاگری هەبووە.

تەنانەت لە ڕۆژنامەی (وقت)ی تورکی بەم دواییە ئاڵاکەی بەڕەنگی خۆی بڵاوکردووەتەوە، هەڵکردنی ئاڵا ئەو تاوانە گەورەیە بووە، کە ڕێرەوان و سەرکردەکانیان پێی خراونەتە بەر پەتی سێدارە لە دادگای ئیستقلالی تورکی.

سەبارەت بە ڕەمزی ومەسەلەی ئاڵای کوردستان بۆ ئەو کردەوەیەی ڕەمزی تێدا بەشدار بوو (ماموت) ئەوان دەبوایە بە سوێند خواردن بە ئاڵای کوردستان دەست پێ بکەن، بۆیە ئەوان هاتوون ئاڵاکەیان بە درووین داوە، واتە ئاڵاکە پێشتر هەبووە، لەسەر ئەو ئاڵایە نەخشیان کردووەتەوە، ئەگەرنا ئەوە چ ڕێککەوتێکە کە هەر هەمان ئاڵای پێشوو جارێکی دیکە بەهەمان شێواز درووست بکرێت. مەبەستی ئێمەش هەر تەنیا بەدواداچوون و دەرخستن و ساغکردنەوەی ڕاستییەکانە.

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەرە بکەن

www.history of kurd .com

* ب.مێژو/ ک.ئاداب/ ز.سەلاحەددین-هەولێر



13 üncü yıl • sayı 4528
Pazar 17 8 inci ay Ağustos 1930

VAKIT

V-A-K-I-T in Hediye kuponu No. 31

İran harekete geçti

Hudutları dahiline kaçan eşkiyayı tenkile çalışıyorlar

Suriyede cenuptan taarruz etmek istiyen Ermeniler içeriye alındı

Şarktaki şakavet hadisesinin tenkili hususunda İran hükûmetinin hükûmetimizle teşriki mesaiyi kabul ettiğini yazmıştık. Bu cümleden olmak üzere İran hükûmeti ahiren hududumuzdan İran toprağına iltica etmiş olan Kürt eşkiyasının tedibine başlamıştır. Gelen haberlere göre İran hükûmeti şakileri tedip etmek üzere hudutlarda kuvvet tahşit etmiş ve harekâta başlamıştır. İran hududuna geçen Halit ağa bütün aşireti ile beraber İran askeri ile karşılaşmış ve çetin bir mücadele olmuş, mücadele İran askerinin muvaffakiyetile neticelenmiştir. Halit ağanın bütün avenesi imha olunmuştur. İran askerinden de 40 maktul vartur. 300 ceset sayılmıştır.

İran askerinden de 40 maktul vardır. Halit ağa perişan bir halde kaçmıştır.

İran şahının eşkiyanın tedibi hususuna ehemmiyetli surette alâka göstermekte olduğu ve hududa asker göndermekte devam ettiği bildiriliyor.

...mağa mecbur olmuşlardır.

Şakilerin müsademe yerinde bıraktıkları 60 maktul meyanında rüesadan

Huybon cemiyetinin bayrağı

bir kaç kişi daha teşhis edilmiştir. Eşkiyanın maktullerden bir çoğunu da atlarına yükletip kaçtıkları görülmüş ve bir çok yaralıları olduğu da yollardaki kan lekelerinden anlaşılmıştır.

Diğer taraftan cenup hududumuzda da yeni bir fesat hareketi keşfedilmiştir. Muhtelif zamanlarda cürüm ika ederek kaçan, siyasi maksatlar ve

Yolumuzu şaşırmıyacağız!

Fethi Bey gazetemize yeni beyanatta bulundu

Diyor ki: Fırkamızın programı tevsi edilmiyecektir. Bu programı tamamen tatbik edersek memlekete mühim hizmetler yapmış olacağız. Meclisteki vaziyetimiz evvelâ ekseriyet temini için çalışmak olacaktır

Yeni Lider bugün çalışmıyarak dinlenecek, salı günü Yalovaya gidecektir. Fırkaya yeniden dahil olan meb'us yoktur, fakat ekserisi kadınlardan, yüzlerce mektup geliyor ...

Serbest Cümhuriyet fırkası lideri Fethi bey dün de yeni fırka işlerile meşgul olmuş, fırkanın İstanbulda merkez ittihaz ettiği binayı gezmiş ve akşam Büyükdereye avdet etmiştir.

Dün bazı meb'uslar kendisini ziyaret ve tebrik etmişler ve bu, kendilerinin fırkaya dahil olduklar hakkında bazı şayialara sebebiyet vermiştir. Fakat fırkadan aldığımız malûmata göre evvelce Fethi beyle teşriki mesai eden meb'uslardan maada fırkaya yeniden dahil olan meb'us yoktur.

Fırkaya mahsus mühür ile evrak dün tamamile hazırlanmıştır. Fırkanın Ankarada ve diğer se-

[Fethi Beyin bu karikatürü bir Fransız]

...ne dair vaki neşriyat doğru değildir. İleride memleketlerin ihtiyaçlarına göre tavessu edebilir. Bu günkü ihtiyaç için en münasip gördüğüm program budur. Ve yakın seneler için bu program kâfidir. Şu kanaatteyim ki programımızı tamamen tatbik edecek olursak memlekete mühim hizmetler ifa etmiş olacağız. Kanaatkâr bir adam sıfatile diyebilirim ki bu hizmetleri görürsem kendimi bahtiyar addederim.

İntihabatın dereceli olmasını hatta kadınlara bile hukuk siyasiye verilmesini isteriz. hükûmet fırkası tarafından böyle bir teklif yapılacağını da eşittim.

Bu gibi teklifleri fırkamız ha-



# ڕەمزی نافیع .. قوربانییە زلەکەی هەولێر

مەسعوود محەمەد

دەمێکی لەمێژەوەیە خوولیای (ڕەمزی نەوازی) لەگەڵمدا دەژیت و ختووکەی هەستی ڕوح پەرەییم بۆ گیانی کوردایەتی لێ دەبزێوێ. خوولیا ساڵە و ساڵ لەدڵمدا ترنجۆکی شەبەنگی خۆی تەنیەوە و باڵە و باڵ بەپێپلکەی نرخە بەرزەکاندا بەرەو تۆقەڵەی سەنگاندنەوە تێ هەڵکشی، خوولیای نرخاندن و سەنگاندن، بەرەبەرە، لێم بوو بەهەستی فەرمانی قەومایەتی بەسەر شانمەوە: بۆچی شەبەنگی وەها گەش و پڕشنگدار لەزیندانی فەرامۆشیدا ژەنگ هەڵبهێنێ؟ خۆ پەنجە چیلکەنین قەڵەم و گۆڤاریش کلچووک و کفنی بەڵەک نین بەهەموویان نەتوانن وێنەی ئەم قارەمانە لەگۆڕخانەی نەبەردییەوە بۆ بەرچاوودڵ و مێشکی میللەتەکەی نەخش بەستوو بکەن!!

دوو ساڵ دەبێ بڕیاری پیرۆزم بەدڵی خۆمدا هێنا کە تۆز لەوێنەی ئەم خۆبەختکردووە بتەکێنم و ڕیسی جاڵجاڵۆکەی فەرامۆشی لێ داڕنم و بەسەرهاتەکەی بکەم بەدیاری دووەم لەخۆیەوە بۆ زیندووان: شاباشی یەکەمی لەئاهەنگی میللەت پەرستندا گیانی بوو، شاباشی دووبارەی لەزەماوەندی بیرەوەریەکەیدا ئەم دراویلکانەن وا لەوشەخانەی زەینی منەوە دڵۆپ دڵۆپ بەنووکی خامە بەرەو تۆمارخانەی مێژوو بەبەرچاوی خوێنەردا گلۆر دەبنەوە: قۆڵ و باسکی پەرۆشم لێ هەڵماڵی و خامەم بەمەرەکەب داشت و لەمەزرای کاغەزم گیرساند. وەک خەتە جووتی جووتیاری کورد کە بەسەر خاکی پاکی زەویەکانی کوردستانەوە وەردی ڕەش دەدەنەوە بەپیت و بەرەکەتی دانەوێڵەی هەژاران، منیش بەنووکی خامە کاغەزم دایە بەر خەت لەدواخەتی هاتوچۆی مێشک بەناو تانوپۆی ڕایەڵەی کارەساتی قوربانی دانی ڕەمزی نافیع ڕۆڵەی نازدار و شەرەفداری شاری هەولێر لەپێناو تێکرای میللەتی کوردا کە هەمووی لەتەرازووی بەراوورد و هەڵسەنگاندندا هەر هەژاری دانەوێڵە و ترووسکەی ئاگری سەرمای ڕێبەندان بووە لەوەتەی زەقەی چاوی لەپێڵووی شڵەقاوی مێژوودا هاتووە.

دەست و قەڵەم کە گەرم ڕاهاتن لەنووسین دەکەونە بڕشت: (خومخانەی خەیاڵی ئەرجومەندی ـ حاجی قادر) لەگۆبەندی یادکردنەوەی ڕەمزی دا، پەیتا پەیتا، لەجیاتی مەرەکەب بژێوی شەرابی بەخامەم دەبەخشی و منیشی پێوە سەرگەرم دەبووم و (هەی پێ)م لەنووسین دەکرد: چرای گەشی چیهرەی ڕەمزی (شەمعی موتاڵا ـ نالی)م بوو. جارێ، وەکوو ئیستاکە، لەسەرەتاکانی پێشەکی دا هاتوچۆی ئەم سەرەوسەری کاغەزم بەقەڵەم دەکرد، لەوتوویژدا، دۆستی ڕێز لێ گیراووم د.کەمال مەزهەر پێی ڕاگەیاندم کە کتێبێک بەئەڵمانی لەلایەن سەرپەرشتیکەری ئەو ڕووداوەی کە ڕەمزی تێیدابوو بەقوربانی دەرچووە. نوسخەیەکیشی لای خۆی هەیە، کە بۆ نیازێکی سەر بەباسی مێژووی کوردەوە دەردەستی کردبوو. هەر کە ئەمەم زانی لەنووسین وەستام: ناشێ سەرچاوەیەکی وەها گرنگی مێژوویی پشتگوێ بخرێ کە پڕ بێ لەباسی ڕەمزی.

د.کەمال کتێبەکەی بۆ هێنام لەگەڵ چەند لاپەڕەیەک لەپاڵاوتەی کورتەی کتێبەکە، لەلایەن مامۆستا سەردار میرانەوە هێنرابووە سەر عەرەبی. ویستم پتر لەم کتێبە سوودمەند ببم

**د.کەمال مەزهەر پێی ڕاگەیاندم کە کتێبێک بەئەڵمانی لەلایەن سەرپەرشتیکەری ئەو ڕووداوەی کە ڕەمزی تێیدابوو بەقوربانی دەرچووە. نوسخەیەکیشی لای خۆی هەیە**



بەتەرجەمەیەکی بین دریژتر: بۆ ئەم مەبەستە کتێبەکەم دایە د.فەوزی ڕەشید ئەویش دوای خوێندنەوەی هەر ئەوەندەی پێ کرا بەقسە باسی ناوەڕۆکەکەیم بۆ بکات، چونکە دەرفەتی تەرجەمەی بەنووسینەوە نەبوو. لەنێوان ڕاگەیاندنەکانی نووسینی مامۆستا سەردار و گێڕانەوەکەی د.فەوزی نەختێک جوداوازی هەبوو کە بەمن نەدەکرا تێیدا بەریوان بم. ئەم تەگەرەیەش وەستاندمی. ڕەنگە ساڵێک، زۆرتر کەمتر بەسەر وازهێنانم لەنووسیندا تێپەڕی بێ بەدیار پەیدابوونی خێرەومەندێکی ئەڵمانی زان و دۆست و خاوەن دەرفەت تەگەرە بچووکەکەم بۆ بڕەوێنێتەوە، بەداخەوە چەندێکی هەوڵمدا و برادەری نزیکیشم هەوڵی بۆ دام بەهیچ ئامانجێک نەگەیشتم، تا ئەوەی هەستمکرد کە شەرم و بەخۆدا شکانەوە لەئاست گیانی ڕەمزی چی دیکەم خاڵە بەخش ناکات.

بۆیە وا بەم شێوەیەی لێرەدا دێتە بەر نیگای خوێنەرەوە، هاتمەوە سەر باری نووسین، هەمیشەش ئاگاداری ئەوە دەبم شتێک نەیەتە ناو نووسینەوە لەگەڵ ڕاستییەکی شرایەوەدا نەگونجێ: چی باسی دەکەم جێی دڵنیایی خوێنەرە، شتێکی لەوانە بێ لەگەڵ ناوەڕۆکی نەزانراوی ئەو کتێبەدا ڕێک نەیەت، تا پێم بکرێ، خۆمی لێ لا دەدەم، ئەوەی کاریشمان پێیەوە هەبێ لەو بەسەرهاتەی پێوەندی داربێ بەڕەمزییەوە، وەکوو خەتێکی ڕۆشن ڕێگە بۆ سەر مەبەست دەردەکات. بەڵام دەبێ بڵێم ئەو کتێبە سەرچاوەیەکی مێژوویی گرنگ و فەرامۆش کراوە لەوانەی بەکوردەوە خەریک بوون، سەر گوزشتەیەکی خۆشیشە لەگۆشەیەکی کەینوبەینی شەڕی گەورەی دووەم لێی دێت نەختێک تەڕایی ببەخشی بەدەماغی خوێنەر کە وشک بۆتەوە بەزۆربەی ئەو نووسینە وشکێن و برینگێنەی خۆ بەمل حاڵ و باری ڕۆشنبیریماندا دەدەن. بەر لە ١٣٠٠ ساڵ پتر پێغەمبەر (د.) فەرموویەتی (روحوا القلوب ساعە بعد ساعە..) ناوناوە دڵتان بحەسێننەوە.. ڕاستییەکەی، لەدەستم هاتبایە سەر لەبەری کتێبەکەم بەکوردی، یان بەزمانێکی ئاشنا لەبەر گوێی کورد بڵاودەکردەوە، هەر دەشبێ ڕۆژەک لەڕۆژان بکرێ.

ئەم کتێبە ساڵی ١٩٥٩ لەشاری شتوتگارتی ئەڵمانیا، لەژێر سەر ناوی (Im brennenden Orient) لەلایەن گۆتفرید یۆهانس مولەرەوە نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە. واتای عنوانەکە بەعەرەبی (فی الشرق الملتهب)ی لێ دراوەتەوە لەلایەن مامۆستا سەردارەوە، ئنجا خوێنەر با دەقێکی کوردی بۆ پەسەند بکات وەک: لەڕۆژهەڵاتی هەڵایساو - بڵیسەدار - ئاگر تێ بەربووی - بڵیساوی.. یان هەرچی دیکەی لەبارتر بێ.

**“ لەکولانەی پێویستی ئەڵمانیا بەنەوت یادی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەچێتەوە کە پێشتر گەشتێکی تێدا کردبوو ”**

میوللەر لەکتێبەکەیدا دەنووسێ کە وەکوو ئەڵمانێکی بەپەرۆش بۆ میللەتەکەی لەجەنگی دووەمدا بیر لەپلانێک دەکاتەوە یارمەتی وڵاتەکەی بدات بەرەو سەرکەوتن: لەکولانەی پێویستی ئەڵمانیا بەنەوت یادی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەچێتەوە کە پێشتر گەشتێکی تێدا کردبوو. لەبەشێکی گەشتەکەیدا بەیارمەتی شێخ مەحموود گەڕانێکیشی لەکوردستاندا کردبوو. لەساڵی ١٩٤٣ نەخشەی پلانێک بۆ سەرکردایەتی جەنگی رایخی سێیەم دەنێرێ لەبارەی چۆنیەتی سوود دیتن لەنەوتی عێراق بەهۆی کوردی عێراق نشینەوە. وەک خۆی دەڵێ، دوای حەفتەیەک فەرمان لەسەرکردایەتی سپا دەردەچێ بۆ ڕێکخستنی پێداویستی بزووتنەوەیەکی ئەوتۆیی زوو بەزوو تاقمێک لەدۆستانی ڕێک دێخێ بۆ تێهەڵچوون لەو پلانە، بەڵام دەمێنێتەوە تەگەرەی هەرە گەورە بڕەوێتەوە: دەبێ کوردێکی وریا و ئازا و دڵسۆزی عێراقی پەیدا بکەن، لەگەڵیاندا چاوساغ و هاومەبەست بێ. بەبیری دێتەوە، پێشتر لە ١٩٤٢، بەڕێکەوت و لا بەلایی لەشاری ئەستەنبوول شناسایی لەگەڵ (ڕەمزی نافیع)دا پەیدا دەکات کە کوردێکی هەولێری و لەبنەماڵەیەکی بەدەسەڵاتە. گورج دێتەوە بۆ ئەستەنبووڵ و بەهۆی عێراقییەکی سەر بە (مخابرات)ی ئەڵمانیاوە بەدوا (ڕەمزی نافیع)دا دەنێرێ. ڕەمزی بێ وەخران مل دەنێ بۆ ئەوێ و لەگەڵ مولەردا دیدەنی دەکات و بەپێشنیازی مولەر ڕازی دەبێ کە هەوڵ بدرێ بۆ بەرپاکردنی بزووتنەوەیەکی کورد بەیارمەتی ئەڵمانیا، لەئەنجامدا کورد بەمافی نەتەوایەتی بگات و ئەڵمانیاش لەنەوتی عێراق بەرخورداربێ.

(ئەڵمانیا لەساڵی ١٩٤١ بەرەو نیازی گەییشتن بەنەوت ڕۆیی کە ڕەشید عالی گەیلانی سەرپێچی لەئینگلیز کرد و ئەڵمانەکانیش بۆ یارمەتی دانی کەوتنە خۆیان بەڵام ئەو ماوەیەیان چنگ نەکەوت هێزی پێویست بگەیەننە سپای عێراق .م.م.)



میوللەر دەگێڕێتەوە، ڕەمزی لەگەڵیدا دەچێ بۆ ئەڵمانیا. لەوێ لەگەڵ ئەو تاقمەی کە بەشداری دەکەن لەو پلانەدا خەریکی ڕاهاتن بەچەتربازی و خستنە ئیشی لاسلکی و ئەو جۆرە فەرمانانە دەبێ و بەزوویی تێیاندا ماهیر دەبێ.

پلانەکە بریتی دەبێ لەوەی کە میوللەر و دوو پسپۆڕی دیکەی ئەڵمان لەگەڵ ڕەمزی بەفڕۆکە بەرەو کوردستان بێن و لەشەودا بەپەرەشووت دابەزن و پێوەندی بەشێخ مەحموودەوە ببەستن. بەپێی گێڕانەوەی د.فەوزی ژووان ئەوە بووە لەدووریی ١٣٠ کیلۆمەتر لەڕۆژاوای شاری (ورمێ - رضائیە) بەسەر سنووری عیراقەوە لەشوێنێکدا دابەزن. نووسینەکەی مامۆستا سەرداریش دەڵێ دەبوو لەدووریی ٢٠٠ کیلۆمەتر لەمووسڵەوە دابەزن، دیارە مەبەست ڕۆژهەڵاتی مووسڵە. فڕۆکەیەک لەئەڵمانیاوە دەیانهێنێ بۆ (قرم) لەوێوە بەرێگەی ئاسماندا بەرەو ئامانج دێن. هەر لەو دەمەدا کە بەزاهیر نزیکی جێ ژووان دەبنەوە و فڕۆکەوانەکە چەند سوورێک بەدەوری شارێکی کارەباگەشدا دەدات، مولەر دەکەوێتە گومانەوە. فڕۆکەوان لەجیاتی جێژووان لەڕۆژاوای مووسڵ هەڵیان دەدات. ڕەمزی بەپرسین دەزانێ جێی دابەزینیان کوێیە و چ خزمایەتی لەگەڵ ئامانجی ئەواندا نییە.

میوللەر ڕوونی دەکاتەوە کە هەموو کارەکە لەئەڵمانیاوە بەئینگلیزەکان فرۆشرابوو: بۆی دەردەکەوێ کە ناحەزەکانی لەئەڵمانیادا هەر وەکوو لەسەرەتاوە ویستیان تەگەرە بیەخنە پلانەکەیەوە، دواتریش کە نەیانتوانی بیوەستێنن بەدوژمنیان فرۆشت. بەهەمە حاڵ بەرەو کوردستان مل دەنێن و بەموسڵدا تێ دەپەڕن و لەزێی بادینان دەپەڕنەوە بەرەو هەرێمی هەولێر کە لەوێوە بگەنە شاخەکان، لەو ڕەت بوونەیان بەرەو کوردستان جلکی کوردی لەبەر دەکەن کە لەئەڵمانیاوە لەگەڵ خۆیاندا هێنا بوویان.

سەرئەنجام لەدێیەکی بنەماڵەی ڕەمزی خۆیان حەشار دەدەن بۆ دەرفەتێک. پۆلیسیش بەدوایاندا دەگەڕێ. ڕەمزی بۆ سۆراغی دۆزینەوەی ڕێگایەکی ڕزگاربوون لەئەڵمانەکان دوور دەکەوێتەوە، لەو ماوەیەدا خەبەری حاڵ و شوێنیان بەحکومەت دەگات و دەردەست دەکرێن. ڕەمزیش دواتر لەڕێی خزمی خۆیەوە تەسلیم بەحکومەت دەبێ. لەسەرەتاوە بۆ حەبسخانەی موسڵ لەوێوەش بۆ بەغدا بەڕێ دەکرێن. سەرەنجامیان دەگاتە حەبسخانەی (مزە) لەقاهرەی میسر. دوای لێدان و شکەنجە ڕەمزی لەبەغدا موحاکەمە دەکرێت و بە ٢٠ ساڵ حوکم دەدرێت، بەڵام بەهۆی ئازاردانەوە تێک دەچێت. دوای بەسەربردنی دوو ساڵ لەبەندیخانە بەنامەی (نەخۆشیەکی کە لێ دەرباز بوونی بۆ نییە) عەفوو دەکرێت و هەر بەو دەردەی کە لەئازاردانەوە دووچاری بووبوو، دوای دوو ساڵی دیکە لەتەمەنی ٣٢ ساڵیدا گیان دەسپێرێت.

لەماوەی حەبسبوونیدا، بەدوا ئەویشەوە کە بەرەڵڵا دەکرێ خزم و کەس و دۆستەکانی هەمیشە بەدەورییەوە دەبن و بەدەم دڵ ڕاگرتن و خزمەتکردنیەوە لەبارەی چەندوچۆنی بەسەرهاتەکەی پرسیاری لێ دەکەن. ئەویش لەو بارە نالەبارەی نەفسیدا کەمتاکورتێکی لێ دەگێڕێتەوە بۆیان، پێشیان دەڵێ بەخێر کە چاک بوومەوە هەموو شتێکتان بۆ دەگێڕمەوە.

“

**میوللەر ڕوونی دەکاتەوە کە هەموو کارەکە لەئەڵمانیاوە بەئینگلیزەکان فرۆشرابوو**

”

حیکایەتی ئەو هێندە بەسەرهاتەی دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا و حەبسبوون و بەرەڵڵاکردن و مردنی لەسەرچاوەیەکی جودا لەکتێبەکەوە دێت، چونکە کابرای ئەڵمان لەوردیاتی ئەم لایەنە بێ ئاگایە. بۆ وەدەست هێنانی خەبەراتی ئەو قۆناغە پڕ سفتوسۆیەی سەرگوزشتەی ڕەمزی پرسم لەخزمەکانی کرد، لەوانیشەوە چەند لاپەڕەیەکم باسوخواس لەو بارەوە بۆ هات و بەوەدا سەرچاوەکان بوون بەسێ: هەر چەند جوداوازی لەنێوان وردیاتی ئەو سەرچاوانەدا هەشبێ، هەموویان لەشایەدی دان بۆ مەردایەتی ڕەمزی یەک دەگرنەوە، هەر ئەمەیشە لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕووداوەکە و لەگەڵ چارەنووس و سەرەنجامی ڕەمزیشدا ڕێک دێت. ئەو لاپەڕانە، دوای نەختێک لێ کورت کردنەوە بەم جۆرە دەدوێن:

ڕەمزی لەساڵی ١٩١٧ (لە هەولێر) پێ دەنێتە دونیاوە. لەساڵی ١٩٤٩ (هەر لەهەولێر) کۆچی دوایی دەکات. لەساڵی ١٩٣٩ بۆ خوێندن دەچێتە زانکۆی ئەمریکایی لەبێروت و لەوێ پلەی (فرێشمان) تێ دەپەڕێنێ. بەدوا ئەوەدا لەساڵی ١٩٤٢ دەچێتە (ڕۆبەرت کۆلێج) لەئەستەنبووڵ. لەوێ پێوەندی بە د.کامران بەدرخانەوە پەیدا دەکات. ڕەمزی ئەندامێکی پارتی (هیوا) بووە و لەکوردایەتیدا دەستی هەبووە. لەم کولانەوە بەڕێ نموونی کامران بەگ لەگەڵی ئازادی



خوازانی کوردی تورکیادا تێکەڵی پەیدا دەکات بۆ بەرهەم هێنانی بزووتنەوەیەکی گشتیی کورد. ساڵێک لەو مەیدانەدا چالاک بووە و یەکێکی لەوانەی پێوەندی پێیانەوە دەبەستێ (نووری مستەفا بابۆلی) بووە.

کاربەدەستانی تورک هەست بەچالاکیی ڕەمزی دەکەن و نیازیان بووە بیگرن و بیگێڕنەوە بۆ عێراق، ئەویش بەیارمەتی کامران بەگ پەنا دەباتە بەر باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا و پاسپۆرتێکی ئەڵمانی بۆ ڕێک دەیەخن و لەگەڵ موستەشاری ئەڵمانەکان لەنەمسا بەنامەی ئەوەی کە سکرتێریەتی دەینێرن بۆ سۆفیای پایتەختی بولغاریا (من بەرپرسیار نیم لەچۆنیەتی لوانی ئەو تەرزە تەگبیرە و پەیدابوونی موستەشاری ئەڵمانەکانی نەمسا لەتورکیا و غافڵ بوونی تورکەکان لەوەدا کە بەدوا کاتەوە سکرتێرێکی تازە بۆ موستەشار پەیدا دەبێ ئەمانە لەنووسینی خزمەکانی ڕەمزییەوە بەمن گەییشتووە دەرفەتیشم نەبوە تۆژینەوەی تێدا بکەم .م.م).

لەسۆفیا کوڕی شەریف شەرەف - ئەو شەریف شەرەفەی لەبزووتنەوەی ڕەشید عالی بوو بەوصی لەبەغدا - کە دەبینێ ئەڵمانەکان وەها بەرژدی لەگەڵ ڕەمزی خەریکن، لێی داوا دەکا یارمەتیەکی بدات بۆ ڕەپێش خستنی حاڵ و باری لای ئەڵمانەکان.. (ئەم خەبەرە لابەلایی یە ڕوون کەرەوەیەکە بۆ پلەی بایەخی ڕەمزی لای ئەڵمانەکان و دەخلی بەسەر شتێکی دیکەوە نییە .م.م).

دوای ئەوەی ئەڵمانەکان دڵنیا دەبن لەوەدا کە ڕەمزی کەسێکی خاوەن جێ و ڕێیە لەوڵاتی خۆی و کوردێکی پاکە، نە جاسووس و نە مفتەخۆرە، لەکۆتایی ساڵی ١٩٤٢دا دەینێرن بۆ بەرلین، ئەوسا حکومەتی ئەڵمانیا دوو تاقمی ڕێک خستبوو لەگەنجانی ئەڵمان، یەکێکیان بۆ پێوەندی بەستن بەئازادی خوازانی خەلیجی عەرەبی، ئەوی دیکەشیان لەگەڵ ئازادی خوازی کورد (دیارە ئەم خەبەرە لەڕەمزییەوە بەخزمەکانی گەییشتووە .م.م) ئیتر ڕەمزی پێوەندی بە (مێجەر میوللەر)ەوە دەبەستێ و بۆ ماوەی ٣ مانگ خۆی و تاقمەکەی خەریکی گرد و کۆیی دەبن.

لەو دەمانەدا کابرایەک لەتورکیا بەوەکالەتی ڕەمزی ئەو پارە و پوولێکی لەعێراقەوە بۆی دەچێت، وەری دەگرێت و بەناوی کوردستانەوە بەسەلیبی سووری دەبەخشێت. ڕەمزی لەو ماوەیەدا دەزانێ ئەڵمانەکان بەنهێنی دۆستایەتییان لەگەڵ سوارغای سەرەک عەشیرەتی بڵباس لەبیتوێنی سەر بەقەزای ڕانیە هەیە.

ڕەمزی مەشقی بەکارهێنانی چەکی نوێی ئەوسا و ڕاهاتن بەڕۆییشتن لەچۆلی و شاردنەوەی ئەو شتانەی لەفڕۆکەوە هەڵدەدرێن و ئەو جۆرە فەرمانانە دەکات. لەمارشاڵ کایتل بەڵێن وەردەگرێ بەهێنانەدی ئامانجەکانی ئازادی خوازانی کورد بەرانبەر بەنەوت، هەر لەبنکەی سەرکردایەتی ئەویشدا خۆی و هاوڕێیە ئەڵمانەکانی کە بریتیی بوون لەمولەر و هوفمان و کۆنیچین - بەئەسڵ پۆڵۆنی - سوێند دەخۆن: ڕەمزی بەئاڵای کوردستان ئەوانیش بەسوێندی ڕەسمی خۆیان، کە خیانەت لەگەڵ یەکدیدا نەکەن و هەردوو لا بەڵێن بگەیەننە جێ ئەم کارەش بەبەرپاکردنی شۆڕشێکی کورد و هاتنی یارمەتی پێویست لەئەڵمانیاوە مەیسەر دەبێ، لەهەمانکاتدا ڕێگەی یارمەتی هێزەکان وەیا چەک و ئازووقەی دەوڵەتە سوێند خۆرەکان کە لەڕۆژاواوە بۆ ڕووسەکان دەچێت، دەبەسترێ.

لەسەرەتاکانی هاوینی ١٩٤٣ ئەم کۆمەڵەی چوار کەسی بەفڕۆکە لەئەڵمانیاوە دێن بۆ قرم لەوێوەش فڕینێکی شەوانە لەدەوروبەری ٢٣ی تەمووز دەکەن بۆ عیراق بەنیازی ئەوەی لەبیتوێن بەچەتر دابەزن، کەچی فڕۆکەوان لەنێوان موسڵ و دهۆک دایان دەبەزێنێ بۆ سەر زەوی (بیتوێن لەگەڵ ئەو قسەیەی کە بڵێ دەبوو لەدوورایی ٢٠٠ کیلۆمەترە دوور لەموسڵ دابەزن ڕێک دێت چونکە لەموسڵەوە بۆ بیتوێن نزیکی ٢٠٠ کیلۆمەتر مەودا هەیە، جێگاکەش مەڵبەندی دەسەڵاتی سواراغا بوو .م.م). لەو شوێنەدا چی کەرەستە و پارەی زیاد و چەکێکی لەگەڵیاندا بوو بەجێ دەمێنێ، خۆیان دێن تا لەقەیاغی گوێڕ بەرەو قەزای مەخموور، لیوای هەولێر، دەپەڕنەوە. (پەڕینەوەیان لەگوێڕەوە بۆ بەری مەخموور پتر بەلای ئەو قسەیەدا دەچێ کە بڵێ لەڕۆژاوای مووسڵ دابەزیون نەک لەنێوان دهۆک و موسڵ چونکە دهۆک خۆی لەبەری ڕۆژهەڵاتی دەجلەیە، زۆریش دوورە لەگوێڕ، بێ لزوومیش لەشاخەکانیان دوور دەیەخێتەوە .م.م) شەو لەدێی (تەرجان - بەری مەخموور)

“

لەو ڕەت بوونەیان بەرەو کوردستان جلکی کوردی لەبەر دەکەن، کە لەئەڵمانیاوە لەگەڵ خۆیاندا هێنا بوویان

”



دەبن، لەوێوە بەسواریی ولاغ دێن تاکوو لەدمەو بەیاندا دەگەنە هەولێر.

لەباغەکەی پشت ماڵی (عطاو الله ئاغا)ی مامی ڕەمزی خۆیان پەنهان دەکەن بۆ جلک گۆڕین و لەوێوە بەڕەفاقەتی ئامۆزایەکی خۆی (خورشید) دەچنە دێی (بنەسڵاوە) کە لەدووراییی ٣ سەعات ڕێ بەسواری لەڕۆژهەڵاتی هەولێر کەوتووە. ڕۆژی دیکە دەچن بۆ دێی (بیۆکە) بەنیازی ئەوەی بچن بۆ تورکیا و بەوێدا بگەڕێنەوە ئەڵمانیا چونکە ئاشکرابوونیان هەموو ڕێگەیەکی سەرکەوتنی پلانەکەیان لێ دەبەستێ، بەتایبەتی کە هەرچی کەرەستە و پارە و چەکێکی بۆ شۆڕش پێویست بوو لەکیسیان چووبوو.

ڕێکەوت وەها دەبێ قاچاغچییەکی ئەو دەوروبەرەی (بیۆکە) دەیانبینێ کە خۆی کونە فلووسەیی بووە، حکومەتیش ١٠٠٠ دیناری پاداش دانابوو بۆ کەسێک خەبەر لەو کۆمەڵە بدات، کابرای کونە فلووسەییش خەبەرەکەی لەڕێی جوولەکەیەکەوە بەحکومەت ڕاگەیاند. لەپێشەوە ٣ ئەڵمانەکە دەگیرێن. ڕەمزی لەو دەمەدا لەگەڵیان نابێ. حکومەت باوک و مامەکانی ڕەمزی دەگرێت. مامێکی، نورالدین ئاغا، بەئیزنی حکومەت دەچێ بەسۆراغیەوە و لێی داوا دەکا خۆی تەسلیم بکات و خزمەکانی پێوە ڕزگار بن. ڕەمزی ویستبووی خۆی بکوژێت بەڵام مامی تەمای ژیانی لەبەر دەنێت و دەیهێنێتە سەر تەسلیم بوون (خزمانی هیچ هەولێک نەما نەیدەن بۆ ڕزگاربوونی ڕەمزی، ڕەنگە هەر ئەو هەولەش بووبێ لەئیعدامی ڕزگار کردبێ) لەوە بەولاوە دەیاننێرن بۆ موسڵ و بەغدا و قاهیرە، لەقاهیرەوە ڕەمزی دەنێردرێتەوە بۆ بەغدا و بەدوا موحاکەمەدا ٢٠ ساڵ حوکم دەدرێ... ئنجا نەساغی و تێکچوون و مەرگ..

من چەند جاران لەڕێکەوتدا ڕەمزیم دیتووە: ئەم دیمەنەی ڕەمزی کە لەیادکردنەوەوە دێتەوە بەرچاوم، لەقژی زەرد و چاوی کاڵ و ڕووی سوور و بزەی سەرلێوانی کە وەکوو شکۆڤەی





گوڵ هەمیشە لێی چەسپ بوو، لەوڕێنەشدا خەیاڵی نەدەبردەوە بۆ چەترپازی و گیانبازی، بەپێوانەی ئەو ڕۆژگارە ڕەمزی گەنجێکی خوا پێداوی حەسایەوەی شەنگی بەرچاوی دەسکە گوڵی هێوا لەدەستدابوو. لەلایەن پێداویستی ژیانی کامەرانەوە ئەگەر تەماعیشی تێدا بەکاربێت، ڕەمزی بەولای تێری و تەسەلییەوە بوو. نیازێک نەبوو لەوانەی دڵی گەنجێکی خورتی کوردی ئەوسای بۆ بچێ ڕەمزی پێی نەگات. هەتا خەیاڵی چرووک بەدڵی کرمێدا هاتوچۆی پلانگێری بکات بۆ هەڵبەستنی نیازێکی قرپۆک لەویژدانی ڕەمزیدا لەوە پتر بەدەستەوە نادات کە پیاوەتی وەها مەزن لەڕەمزییەوە وەک زەهر بێ وەهایە بۆ ناو زار و گەرووی بێگەن. ڕێککەوتنی بێ دەسەڵاتانەی لەگەڵ ئەڵمانەکان بۆ ئامانجی وەها گەش و پاک و گەورە پاکتر بوو لەڕێککەوتنی نێوان ستالین و هیتلەر چونکە ڕەمزی بۆ تاکە مەبەستی وەدەست هێنانی مافی میللەتەکەی دەکۆشا، لەوەشدا ڕێی هەموارتر نەدەکرد بۆ داگیرکردنی شوێنی بێ لایەنی وەکوو هۆڵەندە و بەلچیکا و دانیمارک.. بەر لەڕەمزیش خەلقی دیکە هەبوون بەئومێدی ڕزگاربوون لەدەسەڵاتی ئینگلیز و فەرەنسای ئیمپێریالیست مەیلیان چووبێ بۆ هاریکاری لەگەڵ ئەڵمانیادا.

بەهەمەحاڵ میللەتان کە لەمەیدانی مافی نەتەوایەتی خۆیاندا دەکۆشن دەبێ تاکە پێوانەی بەرژەوەندی بێگەردی خۆیان بکەنە عەیارەی نرخاندنی هەڵوەستیان، ئنجا ئەگەر میللەتێک هەبێ عەیارەیەکی دیکە لەنرخاندندا بەکاربهێنێ هەڵەی کوشندە دەکات، خۆ ئەگەر میللەتێکی دیکە وەتەنگ هات لەعەیارەی بەرژەوەندی ڕاستینە و پاکی ئەو میللەتە دیارە هۆی وەتەنگ هاتنی دەچێتەوە بۆ چەوتی و نادروستیی عەیارەی خۆی. کوردێکی دەستی کۆتا بێ لەدراوسێکانی، بزەیی داگیرکەریشی بۆ نەبزوێ چۆن گلەیی لێ دەکرێ هانا بباتە بەهەر چییەک بێ کە بۆرە ئومێدێکی پێ ببەخشێ بۆ ڕزگاربوون لەزیللەت و کوێرەوەری ئەو حکومەتانەی ئەوسا لەخەباتی یەکێکی وەکوو ڕەمزی دەترسان لەنێوان خۆیاندا (میثاق سعداباد)یان بەستبوو کە یەکێک لەئامانج و بەرهەمەکانی سەرکوت کردنی خەباتی میللەتی کورد بوو، حاجی قادر بەخۆڕایی بەر لەسەد ساڵ پتر، نەیگوت: [گەر هیچ نەبێ بە ئۆیین تابیع بە دەوڵەتێ بن].

## ڕەمزی ئەندامێکی پارتی (هیوا) بووە و لەکوردایەتیدا دەستی هەبووە

لەو ساڵەی ١٩٤٣دا ئەگەر کورد ئاوێکی ڕوونی شک بر دبایە بۆ نەتوانەوە و حەسانەوە نەدەشیا ڕۆڵەی وەها بەناز پەروەردەکراوی، خۆی لەباوەشی گەرم و گوڕی باوک و دایکییەوە هەڵدات بۆ گاڵتە بەگیان کردن، بۆ ڕێی هاتێک و دە جاران نەهات. ئەوەندەی بیستبێتم و زانیبێتم، ڕەمزی یەکەم کورد بووە بۆ کوردایەتی، یان بۆ هەر نیاز و تەما و مەبەستێک بێ، بەپێلیژەی هەوادا، لەشەوی تاریک، سەرەژێر بووبێتەوە بۆ مەجهوولێکی پڕ لەترسی شەکەت بوون و مل شکان و مەرگ.

بنەماڵەی ڕەمزی کە ئێستا لەهەولێر بە (حاجی ڕەشید اغا) هەڵدەدرێتەوە لەسەرەتاوە تا دوایی ناحەزی ئینگلیزەکان بوون. جگە لەم هەستە کۆنەی دژایەتی ئەو بنەماڵە لەگەڵ ئینگلیز، تەجرەبەی خۆیان و تێکڕای کوردیش لەگەڵ سیاسەتی عێراقی ئەوسادا بەرانبەر کورد کە پێوەندی بەئارەزوو بەبەرژەوەندی ئینگلیزەوە هەبوو، بەناچاری گەنجی وەکوو (ڕەمزی)ی دەبردەوە بۆ لای دژۆنگی لەو سیاسەتە. لەم ڕووەوە چ سەیر و سەمەرە لەوەدا نییە گەنجێکی ئەوسای کورد ڕێگایەکی خەبات بگرێتە بەر پشت لەئینگلیز بێت، تەنانەت پیاوێکی مەلای سەر بەرماڵی وەکوو باوکم پاتەوپات گوتبووی: [سووری موو زەردی چاوشین نەکەی بە ئومێدی بی].

بەڵێ لەوەدا سەیر هاتنەوە پەیدا نییە بەڵام سەیر لەوەدایە یەکێکی وەکوو ڕەمزی زیاد لەو هەموو خەلق و خوایە خۆ بەمل شەپۆلێکدا بدات ئەوەندەی لەمەرگ نزیک بکاتەوە. ئەگەر ئاگری کوردایەتی مێشکۆڵەی ناو ئێسکەکانی نەسووتاندبایە ئەو گورەی پێ نەدەبەست کە یەکەم هەنگاوی بە (مل لەچەقۆ) خشاندن دەست پێ بکات، چونکە بەڕاستی خۆ هەڵدان بەچەتر لەتاریکایی شەودا مل لەچەقۆ خشاندنە. تۆ لەوە بگەڕێ ئایا هیچ جۆرە سەلامەتی لەبەرەنگاربوونی ئامانجی وەها سەخت و دوورە دەست بەدڵاندا دێت یان نا، هەر لەوە تێ

"ڕەمزی یەکەم کورد بووە بۆ کوردایەتی، یان بۆ هەر نیاز و تەما و مەبەستێک بێ، بەپێلیژەی هەوادا، لەشەوی تاریک، سەرەژێر بووبێتەوە بۆ مەجهوولێکی پڕ لەترسی سەکەت بوون و مل شکان و مەرگ"



بفکره ئایا چەند کەسی تێرو تەسەڵ ئامادەبوو لەجیاتی ڕەمزی بەو فرۆکە لەقریمەوە بەشەو ڕوو لەبیتوێن وەیا هەرێمی (ورمێ) بکات و لەوێ بەپەرەشووت خۆ فڕێ بدات بۆ ئەوەی کە بەسەلامەتی گەییشتە سەر زەوی بیکەن بەوەزیر؟ لەوەدا مل شکان و کوژران و تێدا چوونم کردە خاترانەی ئەو کەسانەی فکر دەگێڕن بەدوا بەهانەیەکی لەڕەمزی بەداوێوە بکرێ.

لەلایەن درەختی خانەوادەیی یەوە، ڕەمزی کوڕی نافیعاغای حاجی ڕەشیداغای یەحیا غای عەبدولوەهاباغای ئەحمەداغای حارساغایە، لەعەشیرەتی مەموندی، ناوچەی مەموندی بناری چیای سپیلک نزیکی دێی سیساوا، بەسەر ڕێی نێوان شەقڵاوە و ڕەواندزەوە لەسەردەمی حارساغا، یان باوکی ئەو کە ناوی بۆم ڕوون نەکرایەوە، بنەماڵەکە دەگوێزێتەوە بۆ هەولێر و دەبن بەخاوەن ملک و ماڵ و دیوەخانە هەر وەک لەشوێنی خۆیاندا خاوەن ملک و دیوەخانە بوون.

ڕەمزی لەلای دایکیەوە دەچێتەوە بۆ میرەکانی شەقڵاوە، کە وەک بزانم، خوارزای میرانی قادر بەگ و نەوەی میرانی موستەفا بەگ بووە. بەمەدا دیارە ڕەمزی بەڕیشە و دەمار لەجەرگەی کوردەوارییەوە سەری هەڵداوە، وەک بشزانم ڕەمزی هەر چەند، بە اصطلاح، لەناز و نیعمەتدا پەروەردەی هەولێر بوو، لەلایەن ڕەووشت و تەبیات و ڕەفتارەوە دەماری گیانی عەشرەت و دەشت و دەری بەهێزتر بووە.

خوێنەری کوردی بەڕێز! چی لەم ڕووپەڕانەدا هاتە بەر نیگات بایی ئەوەبوو قەرزی ئەدەبی سەر شانمی پێ بدەمەوە بەکورد و مێژوو. نەخشە کێشانی ئەو ژیانە کورتە ناکامە جوانە مەرگانەی ڕەمزی و دۆزینەوەی هەستە قووڵەکانی و باسی سەر جوملەی کۆشان و لەخۆ بووردن و ڕەفتارو کرداری کاریکە دەبێ لەدەمی وەرگێڕانی کتێبەکەی مولەر بۆ سەر زمانی کوردی ئەنجام بدرێت. لەم هەڵوەستەمدا هەر ئەوەندەم بۆ دەمێنێتەوە بڵێم: ڕەمزی! ڕۆڵەی بەشەرەفی کورد و هەولێر! نامەوێ لەبیرەوەریتدا چەتری فیزوناز بەقەڵەمەکەم لێ بدەم و بڵێم، پێی ناوێ بۆ شەهیدان شیوەن و گرین. بەهەموو ماناوە شاگولێک بوویت لەباغی کوردایەتیدا، بەر لەپشکووتن هەڵوەریت. ئاواتێک بەناکامی لەکیس نیشتمانت چوویت. بزەیەک بوویت، لەشەبەقی بەیانیدا، بەر لەخۆرهەڵات بەسەر لێوانەوە وشک بوویتەوە. وای لەڕەنجی بەفیرۆ ڕۆییشتووت. وای لەزیانی بێ ئامان و سامانی میللەتەکەت بەکوژانەوەت. وای لەبێ ڕەحمی ڕۆژگار بەتەنینەوەی فەرامۆشی لەدەوری پرشنگی ناو و خەباتت!

بڵێم حەسامەوە بەرزگاربوون لەشەرمەزاری بەرانبەر یادت؟ جارێ ماومە بۆ خۆم و لەجیاتی میللەتیشت بەرباری قەرزت بم. هەزاران هەزار فرمێسکی بەکوڵ بۆ سەر خاکی قەبرە پیرۆزەکەت، نازداری کورد و هەولێر ڕەمزی گیان!!

**ڕوونکردنەوەیەک:**

ساڵێک زیاترە بەهەویابووم بۆ یادکردنەوەی ڕەمزی دووانێک لەگەڵ مامۆستا، د.ئاورەحمان عەبدوڵلادا بکەم بۆ تۆمارکردنی ئەو هێندە ئاگادارییەی کە لەبارەی چەند و چۆنی بەسەرهاتەکەی ڕەمزییەوە پێی گەییشتووە. لەو ساڵەی ١٩٤٣، د.ئاورەحمان (ئەفسەری یەدەگ) بووە لە (حامیە)ی هەولێر. ڕووداوی دەستگیربوون و حەبسکردنی ڕەمزی و ئەڵمانەکانی لەبەرپرسیاری پۆلیسی هەولێر بەدرێژی بیستبوو، زۆر شایەدیی بایەخداریشی دەماودەم پێ گەییشتبوو لەئەڵمانەکانەوە دەربارەی پلەی کوردایەتی و مەردایەتیی ڕەمزی. داخم ناچێ، لەماوەی ساڵێکدا ڕێک نەکەوت ئەو دووانە لەگەڵ شایەدی وەها چاوساغ و ڕاستگۆدا بکەم، سەبەبیش دەچێتەوە بۆ گەرانی بێ سوودم بەدوا ئەڵمانی زانێکی ئەوتۆ ڕوونکردنەوەی تەواوی کتێبەکەی مولەری لێ نەبێتە بارگرانی، یان فەرمانێکی ڕەزاگران.

تکای کوردانەم لەدۆستی بەڕێزم د. ئاورەحمان ئەوەیە چی دەیزانێت، یان چی بەبیردا دێتەوە لەبەسەرهاتی ڕەمزی بەنووسین بیپارێزێت، ئاخر بەساڵدا چوونیش دەماری فەرامۆشکردن لەمرۆڤدا ئەستوورتر دەکات. وا لێرەشدا بەنیازی هاندان ئەو شایەدیەی لێ دەدەم تاکوو ئەمانەتەکە پشتگوێ نەخات و لەفۆتانی چەپارە بدات.

**گۆڤاری کاروان، ژمارە (٣٣)، مانگی ٦ی ساڵی ١٩٨٥**

> **"دوای ئەوەی ئەڵمانەکان دڵنیا دەبن لەوەدا کە ڕەمزی کەسێکی خاوەن جێ و ڕێیە لەوڵاتی خۆی و کوردێکی پاکە، نە جاسووس و نە مفتەخۆرە، لەکۆتایی ساڵی ١٩٤٢دا دەینێرن بۆ بەرلین"**



# نیاز پاک دەبێ ڕێگەی ڕاست بگرێت

**محەمەدی مەلا کەریم**

مامۆستای بەڕێز مەسعود محەمەد لەژمارە (٣٣)ی گۆڤاری (کـاروان)دا وتارێکی لەبارەی لاوێکی هەولێرییەوە بڵاوکردبووەوە، کە لەسەرەتای ژیانیدا، وەک دەڵێ عەودالی ڕێگەی کوردایەتی بووە و سەرئەنجامی کاری گەییوە بەوە لەگەڵ هەندێ کاربەدەستی ئەڵمانیی سەردەمی هیتلەر ناسیاوی پەیدا دەکا و ڕێکدەکەون کە ئەم بەیارمەتی ئەڵمانیا حەولبدا لەناو خێڵە کوردەکاندا شۆڕشێک دژی ئینگلیز ڕێکبخا و ببێ بەهۆی بڕانی نەوتی کەرکوک لەئینگلیز و بڕانی چەک و ئازووقەی ئەمەریکا لەیەکێتی سۆڤیەت، کە لەڕێگای سەرووی عێراق و ئێرانەوە بۆی دەنێررا.

بەرامبەر بەمە مارشاڵ کایتڵ ناوی ئەڵمانیش بەڵێن بەو لاوە کوردە دەدا: «بەهێنادی ئامانجەکانی ئازادیخوازانی کورد» پاش ئەوەی ئەم لاوە و ئەڵمانەکان سوێند بۆ یەک دەخۆن، ئەم «بەئاڵای کوردستان» و ئەوانیش «بەسوێندی ڕەسمی خۆیان» بەڵام لەبارێکی ناچاریدا لەشوێنی غەیری ئەو شوێنەی بۆیان دەستنیشان کراوە بەچەتر دێنە خوارەوە و سەرئەنجام دەکەونە چنگی پۆلیس و ئەڵمانەکان دەکرێن بەدیلی جەنگ و لاوە کوردەکەش حوکمی بەندکردنی بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ دەدرێ، بەڵام لەبەر نەخۆشی پاشی چەند ساڵ لەزیندان دەردەکرێ و پاش ئەوە زۆری پێناچێ کۆچی دوایی دەکات، ئەمە کورتەی بەسەرهاتی ئەو لاوە کوردەیە.

مامۆستا مەسعود محەمەد، وتارەکەی بەوشە ئارایەکی پڕ سۆزی ڕۆمانسییانە ڕازاندۆتەوە کە خوێندەوار بەخوێندنەوەی، خۆی لەبەردەم بیرەوەری پاڵەوانێکی خەباتی ئازادی بەخشی نیشتمانی و نەتەوەیدا ببینێتەوە و لای وابێ تا مامۆستا مەسعود ئەم وتارەی نەنووسیبوو، ئەستۆی هەموو کورد لەژێر باری تاوانی پشتگوێ خستنی فەرزێکی نیشتمانیدا دەیناڵاند و بەنووسینی وتاری ناوبراو لەلایەن ئەوەوە، بارەکە لەئەستۆی نەتەوە وەلا کەوت. مامۆستا مەسعود لەدوای وتارەکەشییەوە، دیسانەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەم سۆز دەربڕینەوە و جارێکی دیکەش شادمانی خۆی بەراپەڕاندنی ئەو ئەرکە ڕادەگەیەنێ، کە بەهۆیەوە «لەشەرمەزاری بەرامبەر یاد»ی ڕزگار بووە و حەساوەتەوە.

پێشەکی دەمەوێ بڵێم: من بەهیچ کلۆجێ بۆ ئەوە پێم نەناوەتە مەیدانی ئەم باسە، کە ئەو لاوە کوردە بەناوەخت کۆچی دوایی کردووە لەکەدار بکەم و پڕ بەدڵ پێمناخۆش و گرانە خوانەخواستە چەرخی ڕۆژگار و باری نالەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕێگە نەک بەلاوێکی نەتەوەپەرست و نیشتمانپەروەر، بەڵکو بەهاونیشتمانێکی بێ ئاگا و ساویلکەش بگۆڕێ و وای لێبکا بکەوێتە ژێر ڕکێفی خزمەتکردنی ئیمپریالیزم و داگیرکەرانی وڵاتـان و دیلکەرانی گـەلان. لەهەموو ئەو بۆچوونانەشدا کە ڕێیان تێدەچێ و دەکرێ واتای چالاکی و هەڵسوڕانی ئەو لاوەیان لەهاریکردندا لەگەڵ ئەڵمانەکان پێ لێک بدرێتەوە.

من بەپێی ئەو پێڕەوە قانوونی و ڕەوشتی و ئینسانیانەی کە داوای ئەوە دەکەن و هەر ئەوەندەی لەدەسەڵاتدا بێ و هەمیشە بڕیار بەباری بێتاوانی مرۆڤدا بشکێندرێتەوە و ڕێبازی (ادراوا الحدود بالشبهات) و (المتهم بريء حتى يدان) و (الشک يغير في صالح المتهم)، بکرێن بەبنەمای بڕیاردان، تەنها ئەو ئیحتیماله ڕەچاو دەکەم کە ئەم لاوە نیشتمانپەروەرێکی دڵگەرم بووە و هەر لەپێناوی ئەو نیشتمانپەروەرییەشدا پێی هەڵخلیسکاوە و هەڵخەڵەتاوە و بەنیازی

**ڕەمزی نیشتمان پەروەرێکی دڵگەرم بووە و هەر لە پێناوی ئەو نیشتمان پەروەرییەشدا پێی هەڵخلیسکاوە و هەڵخەڵەتاوە و بە نیازی پاکەوە کەوتۆتە داوی نازییەکان**

پاکەوە کەوتۆتە داوی نازییەکان و ئەوەندە هۆشیاری سیاسی نەبووە لێکی بداتەوە کەوا ڕژێمێک بووبێ بەهۆی هەڵگیرسانی ئاگری جەنگی دووەمی جیهانی و بەبەرچاوی خۆیەوە هەموو ئەوروپای داگیرکردبێ و بەتەمای داگیرکردنی سەرانسەری جیهانیش بووبێ، هەرگیز ڕێی تێ ناچێ ببێ بەدۆستی گەلێکی بچووکی ستەمدیدە و بێدەسەڵاتی وەکو کورد و لەکۆڕی پێشێلکردنی ئازادی ئەم هەموو گەلانەی جیهاندا، ئامانجی ئازادیخوازانەی ئەم بەجێ بگەیەنێ.

بۆیە ئەگەر دڵسۆزی و خوێنگەرمی ئەو لاوە، پاساوی ئەو هەڵە و خەڵەتاندنەی بۆ بدا و بیکا بەقوربانییەکی بەسەزمانی بێ ئاگایی لەسیاسەت، هەرگیز مەیدانی ئەوە نابێ بکرێ بەقوربانییەکی زلی وڵاتێکی وەک وڵاتی هەولێر، کە بەدرێژایی ساڵانی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی، دەیان قوربانی زل و بچووکی پێشەکەشی ڕێگەی ئازادی کردووە، کە هیچیان لەکە نە بەئامانج و نە بەڕێگەی خەباتیانەوە نییە.

ئێمە دەبێ لەبیرەوەری و یادکردنەوەی ئەم لاوە بەگورگان خوارد دراوەدا، لەجیاتی بەباڵابرینی ڕۆمانسیانە، خۆمان فێری ئەوە بکەین، چۆن لەفێڵ و تەڵەکەی پیاوانی ئیمپریالیزم بگەین و لەعنەت و نەفرین بۆ نازیزم و فاشیزم بنێرین کە بەدرۆ و دەلەسە و ساختەچییەتی، هەستی خاوێنی نیشتمانپەروەرانی، دڵپاک و سادەلەوح بۆ سوودی خۆیان دەخەنە کار و لەشەڕی تەماعکارانە و داگیرکەرانەی خۆیاندا دەیانکەن بەسووتەمەنی، وەک چەند جاری دیکەش لەمێژووی دوورونزیکی کورددا و دەیانجار لەمێژووی گەلانی دیکەدا ڕووی داوە.

بەڵام ئەی مامۆستایەکی وریا و زیرەک و شارەزای وەک کاک مەسعود، بۆ دەبێ لەم بارەوە شتەک نەڵێ و پەردە لەڕووی تاوانی ئەڵمانی نازی هەڵنەماڵێ و پەنجەیەک بۆ ئەوە درێژ نەکا کە «پەیمانی» ئاوا ناهاوسەنگی نێوان تاقە لاوێکی کوردی دڵسۆز لەلایەک و ئەڵمانیای خوێنڕێژ و شەرفرۆش و ئەوروپا داگیرکەر و کاولکەر لەلایەکی دیکەوە، هەرگیز ڕێی تێناچێ بەباری ئەو لاوە و گەلەکەیدا بشکێتەوە و سوودێکی بۆیان پێوە بێ، تا لەمە بگاتە ئەوە ئامۆژگارییەکی لاوانی ئەوڕۆشمان بکا نەوەک بەهاشە و هووشی ئیمپریالیستان و نۆکەرانیان هەڵخەڵەتێن و سەرلەنوێ تووشی ئەو



چارەڕەشییە ببن، کە ئەو لاوە دڵسۆزە تووشی بوو و پاشانیش تووشی دەیانی دیکەش بوو.

بۆ دەبێ مامۆستا مەسعود چاوی خۆی لەئاست یەکێ لەڕاستییە مەزنەکانی مێژوو بنوقێنێ و پەیمانی دەستدرێژی نەکردنە سەر یەکێتی سۆڤیەت و ئەڵمانیای هیتلەری وا لێک بداتەوە کە گوایە ئەو پەیمانە «ڕێی هەموارکرد بۆ داگیرکردنی شوێنی بێلایەنی وەکو هۆڵەندا بەلجیکا و دانیمارک». وەڵامدانەوەی ئەم برگەیە و گێڕانەوەی مێژووی ئەوروپای دواساڵانی پێش هەڵگیرسانی ئاگری جەنگی دووەمی جیهان دەرەتانێکی بەربڵاوی دەوێ، کە بەداخەوە ئێستا بۆ من مەیسەر نییە، بەڵام هەر هیچ نەبێ، دەبێ ئەوەندە بڵێم هەر لەپەیدابوونی پارتی نازی و حوکم گرتنە دەستییەوە لەئەڵمانیادا، هێزە دیموکرات و پێشکەوتووخوازەکانی ئەوروپا بەوردی لەمەترسی ئەو ڕووداوە گەیشتن و لەبەر





ئەوە تەقەڵایەکی زۆر سەخت و بەڵام بەداخەوە بێ ئامانجیاندا بۆ ئەوەی بەرەیەکی گوشادی هەموو هێزە دیموکراتەکانی ئەوروپا بەتایبەتی و جیهان بەگشتی بۆ بەرگرتن لەو مەترسیە پێکەوە بنرێ.

بەڵام سیاسەتی ئینگلیز و فەرەنسا لەو مەیدانەدا ئەوەبوو جڵەو بۆ نازی شل بکەن، تا وەک بزووتنەوەی کرێکارانی لەئەڵمانیادا پێشێلکرد، سەرئەنجام بیشیکەن بەگژ سۆڤیەتدا و وایان لێک دەدایەوە، لەم بەینەدا هەر کام لەو دوو هێزە تیا بچێ، بۆ ئەوان هەر قازانجە. ئەڵمانیاش لەم مەرامەی ئەوان گەیشتبوو، لەبەر ئەوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەلپ و بیانووی نوێی پێ دەگرتن و داوای دەسبەرداربوونی زیاتری لێ دەکردن. ئەوەندەش لەخۆی بایی بوو، بیری بەلای ئەو ئیحتیمالەدا نەدەچوو، کە لەو کێشەیە خۆی تێدا بچێ. لەباروودۆخێکی وادا بوو، سۆڤیەت کە زانی هەر خۆی بەتەنها ماوەتەوە لەڕووی ئەڵمانیادا و هیچکام لەدەوڵەتە «دیموکراتە» سەرمایەدارەکان لەگەڵی نییە، بەناچاری پەیمانی دەستدرێژی کردنە سەر یەکی لەگەڵ ئەڵمانیا بەست و مەبەستی تەنها خۆکۆکردنەوە بوو بۆ داکۆکیکردن لەخۆی کە هێرشی کرایە سەر، چونکە دەیزانی پیلانەکە لەبنەڕەتدا لەدژی ئەو نراوەتەوە، هەر واش بوو.

ئەوەبوو ئەڵمانیا بێ ئەوەی ماوەی پەیمانەکەش بەسەربچێ، هێرشی بردە سەر هاوپەیمانەکەی و خاکێکی زۆری لێ داگیرکرد و زیانێکی زۆری بەکوشتار و وێرانکردن پێ گەیاند. کورتبینی ئینگلیز و فەرەنسا لەوەدا زەق دیاربوو کە لەگەڵ ئەوەشدا ئەڵمانیا بەر لەهێرشبردنی بۆ سەر سۆڤیەت، گەلێ وڵاتی ئەوروپای داگیرکردبوو، ئەوان هێشتا هەر بیریان نەدەکردەوە و گوێیان بە بەلەسەبوونی ئەڵمانیا نەدەدا و لەخەیاڵی مەرامەکەی خۆیاندا بوون، تا سەرئەنجام خۆیشیانی گەست و زیرەی لێ هەستاندن.

هەر لەمەیدانی پاساودانی ئەو کارەدا، کە ئەو لاوە هەولێرییەی تێوە گلا، مامۆستا مەسعود دەڵێ: «بەهەرحاڵ! میللەتان کە لەمەیدانی مافی نەتەوایەتی خۆیاندا دەکۆشن، دەبێ تاکە پێوانەی بەرژەوەندی بێگەردی خۆیان بکەنە عەیارەی نرخاندنی هەڵوەستیان». لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم مەسەلە، مەسەلەیەکی دژوارە و هەروا بەئاسانی بڕیاری تێدا نادرێ، چونکە ئەوەمان بەئاسانی بۆ دابین ناکرێ کە کام تاخم و کام چین و کام تاکەکەسی کۆمەڵێک بەناوی میللەتەکەیەوە بڕیار دەدات، فڵانە شت چاکە و فڵانە شت خراپە تا بیکا یا نەیکا، لەسوورەتی کردن و نەکردنیشیدا ئەنجامی مەسەلەکە لەسنووری ئەو تاخمە یان ئەو چینە یا ئەو تاکەکەسەدا ناوەستێ و سەرانسەری گەل دەگرێتەوە، با هەر بڵێین ڕاستە وایە، بەڵام ئاخۆ دەکرێ ئەمە مانای وا لێک بدرێتەوە کە هەر نەفام و لەسیاسەت نەگەیشتوو، لەسوودێکی تەسکی خۆیدا، زیاتر لەخۆ گەڕاوێک، ڕێگەی ئەوە بێ بەناوی سوودی میللەتەوە ئارەزووی لەچی بێت بیکا و چ بڕیارێکی لا پەسەند بێ بیدا؟

من لام وایە، نەخێر. لەبڕیاردانی وادا دەبێ، ئەوەندەی لەتوانادا بێ، ڕای گەل وەرگیرابێ، چ لەڕێگەی پەرلەمان یان لەڕێگەی کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و ڕۆژنامەی ئازادبیری وڵات و ڕادەربڕینی خەڵکەوە. جا ئەگەر زاندرا بڕیارێک لەم ئاستەدا نییە، لەلایەن زۆربەی کۆمەڵەوە بدرێتە دواوە و ڕێگەی لێ بگیرێ. لەبەر ئەمە ئەوکارەی ئەم لاوە هەولێرییە، بەهیچ جۆرێک بەر ئەم بنەمایە ناکەوێ و ناشبێ شیعرەکەی حاجی قادرر پێشەنگی بیری نەتەوەیی کە مامۆستا مەسعود کردوویە بەبەڵگە بۆ بیروڕاکەی خۆی، وا بەدناو بکەین کە گوایە داوا لەکورد دەکا بەناوی خزمەتی نەتەوەوە بکەونە شوێن دەوڵەتەکی بێگانە و لەڕاستیدا ببن بەخزمەتکاری ئامانج و مرازەکانی ئەو و کورد واتەنی بۆ ڕیش چووین کەچی سمێڵیشمان دانابێ.

بڵاوکردنەوەی ئەم وتارەی مامۆستا مەسعود محەمەد، کە تاقە ڕستەیەکی بۆ تاوانبارکردنی نازیەتی تێدا نییە و بۆ پێداهەڵدانی کەسێک نووسراوە، بەهەر نیازێ بووبێ، هاوکاری لەگەڵ نازی کردووە، بەتایبەتی لەساڵی بیرەوەری ٤٠می لەناوبردنی ئەڵمانیای هیتلەریدا، کە هەموو جیهانی پێشکەوتووخواز و بەڵکو کۆنەپەرستیش با بەناداڵیش بێ، ئاهەنگی شادمانی بۆ گێڕا.

بەلای منەوە و لام وایە، بەلای زۆر کەسی دیکەشەوە، بەشداریکردنێکی ئاوەژووە لەم یادەدا و پشتێکردنی ئەو هەموو قوربانییە، مرۆڤایەتی لەپێناوی سەرپانکردنەوەی نازییەتە فاشیزمدا پێشکەشی کردووە. منیش هەرگیز هەڵوێستی وام نە بۆ مامۆستا مەسعود نە بۆ هیچ کوردێکی دیکە ناوێ.

**ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٨٠٥) مانگی ٩ی ساڵی ١٩٨٥**

**"**

**ڕژێمێک بووبێ بەهۆی هەڵگیرسانی ئاگری جەنگی دووەمی جیهانی و بەبەرچاوی خۆیەوە هەموو ئەوروپای داگیرکردبێ و بەتەمای داگیرکردنی سەرانسەری جیهانیش بووبێ، هەرگیز ڕێی تێ ناچێ ببێ بەدۆستی گەلێکی بچووکی ستەمدیدە و بێدەسەڵاتی وەکو کورد**

**"**



# ڕەمزی نافع و
# بۆچوونەکانی کاک مەسعوود محەمەد و کاک محەمەدی مەلا کەریم

عیزەدین فەیزی

ماوەیەک بوو دەمویست لەبابەت ژیانی هەڤاڵێکی کۆنم کە ڕەمزی نافیع ئاغایە بدوێم، بەڵام کاک مەسعوود محەمەد لەگۆڤاری کارواندا دەستی خۆی لەنووسینەکەدا پێشخست و زۆریشم پێ خۆشبوو، دیسانەوە ویستم هەندێ شت ڕوون بکەمەوە و چەند ئاگاداریەکی دیکە بخەمە سەری، لەبەر نەخۆشیم ئەویشم پێ نەکرا، بەڵام لەم دواییەدا کاک محەمەدی مەلا کەریم لەهاوکاریدا بەگوێرەی بیروڕای خۆی وەڵامی کاک مەسعوود محەمەدی داوەتەوە و لەبابەتەکە دواوە، ئینجا چارەم نەما و بەپێویستم زانی کە چەند دێڕێک باوێمە سەر کاغەز ئەگەر شایانی سوود بێت.

١. خوالێخۆشبوو ڕەمزی هەڤاڵێکی زۆر نزیکم بوو، لەپۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە پێکەوە بووین تا پلەی ناوەندیمان لەهەولێر تەواوکرد. لەساڵی ١٩٣٦ من کەوتمە بەغدا بۆ خوێندن لەخانەی مامۆستایان، ئەویش وابزانم چوو بۆ کەرکووک بۆ ئەوەی قوتابخانەی دواناوەندی تەواو بکا، چونکە لەو کاتیدا قۆناغی دواناوەندی لەهەولێر نەبوو، ڕەمزی و هەڤاڵەکانی بەرهەمی پەروەردەی چەند مامۆستایەکی سەرەتایی ئەوکاتە بوون کە زۆر بە دڵسۆزی بیروباوەڕی کوردایەتی و نیشتمان پەروەرییان لەمێشکی قوتابیاندا دەچەقاند.

لەگەڵ پێشکەوتنی ڕەمزی لەتەمەندا ئەم هەستەی زیاتر لەمێشک و دەروونیدا دەجولایەوە و بەهەموو چەشنێک چ لەناو قوتابخانە چ لەدەرەوەیدا بۆ پەرەپێدانی بیروباوەڕی کوردایەتی درێغی نەدەکرد. خۆیشی لەبەر ئەوەی کە دایکی خۆشناو بوو کوردییەکی ڕەوان و پاراوی قسە دەکرد، لاوێکی دڵ و دەروون پاک و دڵسۆز و ناسک و ڕووحپەروەر بوو، هەردەم دەمی بەپێکەنین بوو، درۆ و خۆهەڵکێشان و



ڕەمزی لەگەڵ نوورەدین زازا و چەند هاوڕێیەکی لە شاری بەیرووت



خۆپەسەندکردنی لا نەبوو، برای گەورەشی خوالێخۆشبوو قەرەنی نافیع ئاغا پێشڕەوێک بوو بۆ ئەو، هانی دەدا بۆ چەقاندنی بیروباوەڕی نەتەوایەتی لەمێشکیدا.

لەپاش تەواوکردنی خوێندن لەکەرکووک، ڕەمزی چووە دەرەوەی وڵات، ماوەیەک لە بەیرووت دەیخوێند لەوێوە چوو بۆ ئەستەمبووڵ. لەساڵی ١٩٣٩ کە بە مامۆستا دامەزرام لەهەولێر، بەرپرسیاریی پارتی هیوا لە هەولێر بەمن سپێردرا، لەو کاتی زانیم کە ڕەمزیش ئەندامە تیایدا.

لەساڵی ١٩٤٠ بوو کە جارێکیان لەخزمەت مامۆستا (ڕەفیق حیلمی) دانیشتبووین لەماڵی خوالێخۆشبوو (یونس قادر) کە بەڕێوەبەری ئەشغال بوو لەهەولێر و خۆیشی خەلقی سلەیمانی بوو ئەندامیش بوو لەهیوا، لەو کاتەدا ڕەمزی و هەڤاڵێکی هاتنە ژوورەوە و سڵاوێکی سەربازانەی زۆر بەتوندی بۆ مامۆستا ڕەفیق حیلمی کرد، واهاتە بەرچاوم هەموو لەشی پڕ لەچالاکی و دڵسۆزی و دەروون پاکی بوو. پاش ئەوەی ئیتر نەمدینەوە تا لەبەندیخانە بەربوو.

ڕەمزی لەگەڵ ئەڵمانەکان بەهەڵە لەناحیەی حەمدانیەی سەر بەپارێزگای موسڵ نزیک چیای مەقلووب بەچەتر هاتنە خوارەوە، مەبەستیان هەر وەکوو بیستم دابەزین بوو لەنزیک سنووری ئێران لەدەشتی بیتوێن و رانیە و قەڵادزە، کە دەکەوێتە لای حەمدانیە ڕێگای گوێڕیان گرت بۆ ئەوەی لەزێی گەورە بپەڕنەوە و بچن بۆ دێیەکەی خۆیان کە ناوی تەرجانە و سەر بەناحیەی گوێڕە ئەو قایغەوانەی کە ئەوانەی پەڕاندەوە، بۆ بەیانی لەگوێڕ هاتە لام، ئەوکاتی من بەڕێوەبەری قوتابخانە بووم لەوێ، قایغەوانەکە وتی ئەوانە جلی کوردییان لەبەربوو بەڵام بەکورد نەدەچوون، چونکە خۆیان لە قایغەوە بۆ سەر زەوی هەڵدا، کرمانجەتی لای خۆمان زۆر بەهێمنی لەقایەغ دادەبەزێ، هەروەها قایغەوانەکە وتی: یەکێکیان لێی پرسیم بەڕێوەبەری قوتابخانە لێرە کێیە، ئەویش ناوی منی دابوو گوتبووی ئەی بەڕێوەبەری ناحیە کێیە؟ وتی منیش پێم وت (عومەر میران)ە ئەویش (مەبەست لێرە ڕەمزییە) بێ دەنگ ببوو، چونکە دەیزانی جێی مەترسییە بۆ ئێمە کەوا پێشان بدا ناسیاری هەیە لەگەڵماندا، بەپێی ئەوەی کە من برادەرێکی نزیکیمە و کاک عومەر میرانیش کوڕی خاڵێتی و دۆستیشی بوو.

ئینجا لەگوێڕەوە دەچن بۆ گوندەکەیان تەرجان کە باوکی ڕەمزی زۆرترین کاتی خۆی لەو گوندە ڕادەبوارد، لەوێشەوە پاش چەند ڕۆژێک لەڕێگای هەولێرەوە خۆیان گەیاندە دێیەکانی دیکەی خۆیان لەڕۆژهەڵاتی هەولێر تا گەیشتنە گوندی بێوک لەوێ خۆیان شاردەوە، بەڵام هەر وەکوو زانیمان یەکێک لەخەڵکی گوندی کونەفلووسە بەتەماعی پارە و پوول، جێگایەکانی بۆ دەوڵەت دەستنیشان کرد و گیران، ئەڵمانەکان بەدیل داندران، ڕەمزیش کەوتە بەندیخانە و لەئەنجامدا بردیانە قاهیرە، لەپاشدا دووبارە هێنایانەوە بەغدا. لەلایەن خزمەکانیەوە هەوڵ و تەقەڵلایەکی زۆردرا تا حوکمی ئیعدامی کرا بەبیست ساڵ، هەر لەناو بەندیخانەش تووشی نەخۆشی دەروونی بوو، لەبەندیخانە بەردراو دەرچوو. لەکاتی نەخۆشیدا چەندجار چاوم پێ کەوت و لەگەڵی دادەنیشتم، بەڵام لەوەدا نەمابوو کە سوودی لێ وەربگیرێت لەساڵی ١٩٤٩ کۆچی دوایی کرد خوای لێ خۆشبێ.

٢. مێژووی کورد وەک میللەتانی دیکەی ئازادیخواز پڕە لەسەدان داستانی پاڵەوانانەی خۆبەخت کردن و قوربانیدان لەڕێگەی سەختی دابینکردنی سەفرازی و دوواڕۆژی ڕووناکی ئەم گەلەدا. جا هەر تێکۆشانێک کە بەنیازێکی پاکەوە لەم ڕێگە پیرۆزەدا کرابێت شایانی ئەوەیە بەوپەڕی ڕێزەوە یادی بکرێتەوەو پڕ بەپێستی خۆی پایە و پلەی لەلاپەڕەکانی مێژوودا بۆ دابنرێت.

ڕەمزی نافیعیش یەکە لەو لاوە کوردە

**ڕەمزی لە بنەماڵەیەکی دیار و دەوڵەمەند بوو لە هەولێر، خۆیشی بیویستیوایە چ لە عێراق چ لە دەرەوەی وڵات دەیتوانی زۆر بە خۆشی و ئاسانی ژیان بباتە سەر**

**"لەساڵی ١٩٣٩ کە بە مامۆستا دامەزرام لەهەولێر، بەرپرسیاریی پارتی هیوا لەهەولێر بەمن سپێردرا، لەو کاتی زانیم کە ڕەمزیش ئەندامە تیایدا"**



دڵسۆزانەی کە بەو پەڕی لەخۆ بووردنەوە پێی ناوەتە ناو خەباتی بێ وچانەوە و هەر لەم ڕێگایەشدا ژیانی خۆی بەلاویەتی لەسەر داناوە، بۆیە بەپێویستی دەزانم کە وەفادارانە هەوڵی ئەم تێکۆشەرە هەڵسەنگێنین و نەوەی تازەی پێ بناسێنین.

کاک مەسعوود محەمەد ئاگادارییەکی لەمێژووی ژیان و قوربانیدانەکەی کاک ڕەمزی لەگۆڤاری کاروانی ژمارە (٣٣)دا بڵاوکردەوە، وا دیاریشە زۆری لەئاگادارییەکە لەخزمەکان و دۆست و برادەرانی ڕەمزی وەرگرتووە، توانیویەتی تا ڕادەیەک مافی خۆی بداتێ هەروەها کاک محەمەدی مەلا کەریمیش وەڵامی کاک مەسعوودی لەژمارە (٨٠٥)ی ڕۆژنامەی هاوکاری داوەتەوە و وای دەرخستووە و کە ڕەمزی بەنەفامی و هەڵخەڵەتاوی ئەو کارەی کردووە و ئەو قوربانییەی داوە، بۆیە بەپێویستی سەرشانی خۆم دەزانم هەندێ لەو خاڵانەی کە کاک محەمەد لێیاندا دواوە ڕوون بکەمەوە، مەبەستیشم لێرە لایەنگیری و بەرگری کردن یاخود کەم کردنەوەی نرخی ڕای کەس نییە، بەڵکو چەند سەرنج و تێبینییەکی خۆمە دەربارەی ئەم هەڤاڵە نەمرە.

کاک محەمەدی مەلا کەریم وای بۆ چووە کە ڕەمزی بەتەنیایی ئەم پەیمانەی لەگەڵ حکومەتی ئەڵمانیادا بەستووە. کەچی ناچێتە هیچ عەقڵێک کە کاک ڕەمزی بەتەنیایی و سەربەخۆ ئەم کردەوەی کردبێ، بێ ئەوەی کەسانی دیکەی لەگەڵ بێ و هانیان دابێ و پاڵیان پێوە نابێ، ڕەمزی کوردێکی زۆر دڵسۆز بوو هەموو کاتێک کردەوەکانی ئینگلیزی بەرامبەر کورد لەسەر زاریا بوو. بەتایبەتی کردەوەی ئینگلیز لەگەڵ شاری سولەیمانی و شێخ مەحموودی نەمر، هەردەم وای دەردەبڕی کە ئینگلیز بەدوای هەموو بەسەرهاتە ناخۆشەکانی کوردە، لەبەر ئەوە هەرچی بکردبایە بۆ تۆڵەسەندن لەئینگلیز و پێشکەوتنی کورد، لای ئەو شتێکی ئاسایی بوو، هەر وەکوو دەڵێن خنکاو دەست بۆ پنچکە دارێکی بچووک درێژ دەکات بۆ ئەوەی خۆی ڕزگار بکات.

ڕەمزی لەعێراق ئەندامێکی پارتی هیوا بوو، واشمان بیست کە چووە بەیرووتیش لەگەڵ زۆر لەکوردەکانی لوبنان و سوریا پەیوەندی پەیدا کردبوو و هەمان ڕێگاشی لەئەستەمبوول و وڵاتانی دیکە گرتبوو. جا کێ دەتوانێت بڕیاری ئەوە بدات کە ڕەمزی ئەم پەیمانەی بەتەنیایی لەگەڵ ئەڵمانەکاندا بەستووە، ئایا ئەڵمانەکان ئەوەندە بێ هەست بووینە تا لەگەڵ تاقە کەسێک ئەم پەیمانە ببەستن بێ ئەوەی لەگەڵ سەرەک هۆزەکانی کوردستان پەیوەندییەکیان هەبێ. ڕەمزی و ئەڵمانەکان کە پێکەوە هاتن وا دەردەکەوت، کە لەسنووری ئێران و عێراق بێنە خوارەوە و نزیک قەزاکانی ڕانیە و قەڵادزە و دەشتی بیتوێن جێگیربن و لەوێ شۆڕشێک بەناوی کوردەوە دژ بەئینگلیز هەڵبگیرسێنن.

کەواتە شتێکی ئاشکرایە ئەم پەیمانە تەنیا لەبەینی ڕەمزی و چەند ئەڵمانێک ڕێک ناکەوێت. لەبەر ئەوەش کە ئەڵمانەکان وا زوو گیران، ئەو ئاگادارییانەی کە لەلایان هەبوو لەو بابەتەوە بۆ خەڵکەکە ڕوون نەبووەوە و تائێستاش بەنهێنی ماوەتەوە بەڵام ڕۆژێک دێت هەمووی دەردەکەوێ و ئاشکرا دەبێ و ئەو کاتە دەزانرێت کە ڕەمزی قوربانییەکەی چۆن داوە و چ ڕێگایەکی لەپێناودا گرتووە.

ڕەمزی لاوێکی زۆر تێگەیشتوو و ئاگاداربوو، ڕاستگۆ و یەک ڕێ بوو، لەبەر جۆش و پەرۆشی خۆی نەدەترسا و لەهیچ مەترسییەک نەدەگەڕایەوە، لەبەر ئەوە قوربانیدانەکەی ئەو دەبێ بەشتێکی زۆر گرنگ دابندرێ. کاک



**میوللەر لە یەکەم گەشتی و هاتنی بۆ کوردستان**

محەمەد بەوەی ڕەمزی تاوانبار کردووە کە لەگەڵ ئەڵمانە نازییەکان ڕێک کەوتووە.

لێرەدا با ئاوڕێک لەباری دەروونی ئەوکاتی جەماوەر بدەینەوە بەرامبەر کردەوەکانی ئینگلیز لەوڵاتەکەماندا. لەو کاتیدا گەل بەگشتی ڕقی لەئینگلیز دەبووەوە بەتایبەت پاش بزووتنەوەی مایس و گەڕانەوەی ئینگلیز و دووبارە داگیرکردنی عێراق، لەبەر ئەوەی کە ئەڵمانەکان دژی ئینگلیز بوون، جەماوەر هەوەسی بەدۆستایەتییان دەهات، هەر چەندە دەشیانزانی کە ڕژێمی ئەڵمانی ڕژێمێکی دکتاتۆری و ئیمپریالیزمییە. بۆ نموونە ئێوارەیەکیان لەڕۆژانی مایسی ١٩٤١ چەند ئۆتۆمۆبیلێکی لۆری کە سەربازە ئەڵمانەکانیان تێدا بوو لەشەقامی هەولێردا وەستا بوون، خەڵکەکە دەورەی لێدان و دەستیان کرد بەچەپڵە ڕێزان و سەلەوات لێدان، ئەوەش هەر لەبەر ئەوەبوو کە دژی ئینگلیزن، هەروەها هەرایەکەی شێخ حەسەنی کە لە ١٦ی مایسی ١٩٤١ لەهەولێر ڕوویدا.

هەولێر هەمووی هێرشی بردە سەر سەرا، ئەمەش لەبنەڕەتدا بۆ پەسندکردنی ئەڵمانەکان و ڕاوەستان دژ بەئینگلیز بوو. لەوکاتی ئەگەر پارێزگاری هەولێر خوالێخۆشبوو (سالح زەکی ساحێبقران) و ئامیر فەوجیش (ئەمین ڕواندزی) نەبوونایە، کارەساتێکی زۆر گەورە دەقەوما و زۆر کەس دەکوژرا، شەشی ئەیلوولی سولەیمانی لەهەولێر دووبارە دەکرایەوە، بەڵام هێمنی و لەسەرخۆیی ئەو دوو زاتە وایکرد کارەساتەکە بەئاسانی کۆتایی پێ بێت، ئەم خۆپیشاندانەش هەر لەدڵسۆزییەکی نیشتمانپەروەرییانەی دژ بەئینگلیز بوو، لەدەرفەتێکی دیکەدا ئەم ڕووداوەش بەدرێژی دەخەمە سەر کاغەز.

مەبەستم لەو قسانەیە ئەوەیە کە هەر تەنیا ڕەمزی ڕقی لەئینگلیز نەبوو بەڵکو زۆرترین کوردی عێراق وای دەزانی هۆی دواکەوتنی کورد ئیمپریالیزمی ئینگلیزە، لەبەر ئەوە وایان دەزانی ڕوو لەهەر لایەک بکەن ئەوە بۆ بەرژەوەندی کوردە. شتێکی ئاشکرایە کە ڕژێمی نازییەکان ڕژێمێکی ناپەسەند و دکتاتۆری و دژ بەمیللەتان بوو، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین دەوڵەتە داگیرکەر و ئیمپریالیزمەکان بەهەمان ڕێگاوە وڵاتانی بچووک و لاوازیان داگیر دەکرد و دەچەوساندەوە. بۆ نموونە ئیمپراتۆریەتی ئینگلیز کە خۆی بەدەوڵەتێکی دیموکراتی دەزانی، لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانی، سێیەکی وڵاتانی جیهان لەژێر چەپەڵۆکی ئەو بوو تا ڕادەیەک وا بەناوبانگ بوو کە ڕۆژ لەو وڵاتانەی لەژێر دەستی ئەو بوون ئاوا نەدەبوو، بەئارەزووی خۆی فەرمانڕەوایی خۆی بەسەریاندا دەسەپاند و بەرووبومیشیانی دەخوارد یەک لەو دەوڵەتانەش، عێراق بوو کە کوردستانی عێراقیش لەچوارچێوەی ئەو دایە.

هەر چەندە من هەردەم خۆم بەلایەنگیری ڕێگای دیموکراتی پێشکەوتنخواز دادەنێم. بەڵام ئەوەش دەڵێم کە ئەو دەوڵەتانەی بەدیموکراتی پێشکەوتنخواز دەناسرێن، هەر ئەوان بوون کۆمارێکیان بۆ کۆمەڵەی کورد لەکوردستانی ئێران دامەزراند، تا ئەوەی بەرژەوەندی خۆیان تێدا هەبوو پشتگیرییان کرد، بەڵام کە کشانەوە و پێویستیان پێ نەما، کۆمەڵە و قازی محەمەدیان کردە پارووێکی چەور و فڕێیان دایە دەمەوزاری شای دڕندە و فارسەکان. کاک محەمەد دەڵێ: یەکێتیی سۆڤیەت بۆ خۆکۆکردنەوەی خۆی لەکاتی خۆیدا، پەیمانێکی لەگەڵ ئەڵمانە نازییەکان بەست. ئینجا لێرەدا ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات: ئایا بۆ چ ڕەوایە بۆ دەوڵەتێکی پێشکەوتنخوازی گەورە پەیمانێک لەگەڵ ئەم ڕژێمەدا ببەستی هەرچەندە کاتیش بێ، کەچی تاوان و شوورەییە بۆ لاوێک یا تاقمێکی کورد لەپێناو ترووسکە هیوایەک بۆ ڕزگارکردنی نەتەوە لەگەڵ ئەم ڕژێمەدا، ڕێک بکەوێت. هیچ شەرم و شوورەیی نییە بۆ هەر دەوڵەتێکی لاواز بۆ ماوەیەک ڕوو لەدەوڵەتێکی گەورە بکا بۆ پاراستن و پێشکەوتنی خۆی تا دەگات بەئامانجی.

دوا قسەم ئەوەیە کە ڕەمزی لەبنەماڵەیەکی دیار و دەوڵەمەند بوو لەهەولێر، خۆیشی بیویستیوایە چ لەعێراق چ لەدەرەوەی وڵات دەیتوانی زۆر بەخۆشی و ئاسانی ژیان بباتە سەر، بەڵام دڵسۆزییەکەی وای لێکرد قوربانی بەهەموو شتێکی خۆی بدا و ئەمکارە بەرزە جێبەجێ بکات، لەبەر ئەوە پێویستە خزمەتەکەی بەکردەوەیەکی پیرۆز دابنرێت نەک بەهەڵخەڵەتاو و نەفام لەقەڵەم بدرێت.

**گۆڤاری کاروان ژمارە (٣٨)، مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٥**



**“ خوالێخۆشبوو ڕەمزی هەڤاڵێکی زۆر نزیکم بوو، لەپۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە پێکەوە بووین تا پلەی ناوەندیمان لەهەولێر تەواوکرد ”**



## هەندێ زانیاری

# دەربارەی ڕەمزی نافیع

دكتۆر عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا

نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر، ڕۆژێکیان کاک (مەسعود محەمەد) لەگەڵ (د.کەمال مەزهەر) باسی خوالێخۆشبوو ڕەمزی نافیع ئاغایان کرد، منیش وتم ئەو ساڵە من لەهەولێر دوکتۆری حامیە بووم، هەندێکم لەو بەسەرهاتە بیستووە، هەردووکیان وتیان دەمانەوێ شتێک لەو بەسەرهاتە دلێرانەیە بنووسین، بۆ ئەوەی ئەو پاڵەوانە بەنرخە لەبیر نەچێتەوەو هەر لەیادا بێت، بۆ ئەوە ڕۆژێک دێینە لات، چیت دیوە، چیت بیستووە، ئەوی لەبیرت ماوە بۆمانی بگێرەوە، منیش بەڕاستی زۆر پێخۆشحاڵ بووم بتوانم یارمەتیان بدەم، بەڵام داخەکەم، ساڵێکی ڕەبەق تێپەڕی هەر نەهاتن، هەتا لەم ڕۆژانەدا لە ژمارە (٣٣)ی گۆڤاری کاروان، نووسینە بەنرخەکەی مامۆستای مەزن (مەسعود محەمەد) م بەرچاوکەوت، لەنووسینەکەیدا داخوازی لێ کردووم چیم دیوە و چیم بیستووە، هەتا تەواو پیر و پەککەوتە نەبووم بینووسمەوە.

زۆر حەزم دەکرد مامۆستای مەزن و بەڕێز بەدەست و پەنجە نەخشینەکەی خۆی ئەمەی من دەیزانم بەڕازاوەیی بینوسیایە نەک ناشیەکی وەکو من ئەم باسە مێژووییە بەنرخە تۆمار بکات، لەگەڵ ئەوەشدا زات دەنێمە بەرخۆم چیم بیستووە و چیم لەبیرماوە پێشکەشی خوێندەوارانی بەڕێزی بکەم، هیوادارم نرخی مێژوویی هەبێت.

ڕۆژێکیان سەیر دەکەم شاری هەولێر خرۆشاوە، خەڵقەکە پێکدا دێن و دەچن، سرپە سرپیانە لەچەند کەسێکی لەوانەی دەیانناسم لێم پرسین چی هەیە؟ چی نییە؟ بۆ چ وەها شپرزەبوون و پێکدادێن و دەچن؟ تەنیا وەرامیان ئەوە بوو (ئەڵمان هاتوون) ئەڵمان هاتوونە کوێ؟ چی دەکەن؟ کەس نایزانی! لەپاشا ئامیر حامیەم دی، خوا لێخۆشبوو (سەید حەسەن) بوو، جگە لەوەی ئامیر حامیە بوو، دۆستایەتیێکی باشمان هەبوو، لێم پرسی چی هەیە؟ وا ئەم حەشاماتە خرۆشاون، وتی چەند زابتێکی ئەڵمان هاتوونە ئەم هەرێمە و خۆیان شاردۆتەوە، ئەوا خەریکین بەهەموو لایەک جێگەکانیان بدۆزینەوە، تێگەیشتم مەبەستی لەهەموو لایەک (شورتە و عەسکەری بوو) وابزانم ڕۆژی دوایی بوو یا هەر ئەوە ڕۆژە، سەیرم کرد ئێستر سوار - بەسەرکردایەتی (ملازم سەید حسێن)ی برای (سەید حەسەن) بەناو شارا تێ دەپەڕن، پرسیم وتیان: دەچن (ئەڵمانەکان) بگرن. هەر ئەو ڕۆژە لەدێیەکی نزیک هەولێر کە



ڕەمزی نافع لە بەیرووت



> “ دەنگ بڵاوبۆوە کە ئەم ئەڵمانانە لەگەڵ دلاوەری نەمری کوردا ڕەمزی (نافع ئاغا) هاتوون بۆ کوردستان و سەرکردەکانی کورد، بە تایبەتی (شێخ محمود) ببینن ”

دێی ماڵی (نافع ئاغا) بوو، (ئەڵمانەکان) کە لەناو دارودرەختی دێیەکەدا خۆیان شاردبۆوە، بەدییان کردن و گرتیانن و هێنایانە شاری هەولێر بۆ سەرا. لەژووری (مدیر شورتە) خوا لێخۆشبوو (سەبری عەبدوڵا) دایانان، نەیانهێشت کەس بەلای ئەو ژوورەدا تێپەڕ بێت.

دوای گرتنی (ئەڵمانەکان) کەوتنە سۆراخی خوالێخۆشبوو کاک ڕەمزی، لەکوێ بیدۆزنەوە؟ هەندێک وتیان: لەماڵی خزمێکی خۆی شاردبۆوە. هەندێکیش دەیانوت: کەسوکاری کە زانیان حکومەت پێی زانیوە و بەشوێنیدا دەگەڕێن، خۆیان هێناویانە داویانە بەدەستەوە. هەر چۆنێک بێت، ئەویش ڕۆژی دوایی گیرا، بەڵام چۆن زانرا ڕەمزی لەگەڵ ئەم (ئەڵمانانە)دا، بووە بۆم ڕوون نەکرایەوە.

ئیتر کارەکەیان ئەوەندە بەنهێنی گرتبوو نەیانهێشت کەس بیانبینێ و قسەیان لەگەڵ بکا، تەنانەت منیش کە زۆر ئاشناو دۆستی (سەبری و سەید حەسەن) بووم، نەیانهێشت بچمە ژوورەوە، وابزانم هەر ئەو شەوە ڕەوانەی بەغدایان کردن. لەهەموو هەولێردا، دەنگ بڵاوبۆوە کە ئەم ئەڵمانانە لەگەڵ دلاوەری نەمری کوردا ڕەمزی (نافع ئاغا) هاتوون بۆ کوردستان و سەرکردەکانی کورد، بەتایبەتی (شێخ محمود) ببینن، بەیارمەتی (ئەڵمان) کوردەکان شۆڕشێک هەڵگیرسێنن، بۆ ئەم مەبەستەش لیرەی زێڕی زۆر و دەرمان و هەزاران وێنەی (شێخ محمود)یان لەگەڵ خۆیان هێناوە.

منیش گەلێک تەقەلامدا تێبگەم و بزانم چی بووە، بەڵام لێرەدا دەبێ پێ لەوەش بنێم کە وتیان دەرمانی زۆریان لەگەڵ خۆیان هێناوە، ویستم ئەو دەرمانانە یا بەهیمەت یا بەقیمەت دەستم کەوێت، چونکە لەو ساڵانەدا دەرمان بەتایبەتی دەرمانی (ئەڵمانی) زۆر بەنرخ بوو و لەبازاڕدا دەست نەدەکەوت.

بۆ ئەوەی ڕاستی شتەکە تێبگەم، بڕیارمدا، چاکتر ئەوەیە یەکسەر لە (مدیر شورتە) وەرگرم، لەبەر ئەوە چوومە لای، لێم پرسی کە بەڕاستی چی بووە و چۆن بووە و چی لە (ئەڵمانەکان) تێگەیشتووە پێم بڵێت؟ وتی: سێ زابت بوون، یەکێکیان ڕائید بوو، یەکێکیان (ملازم دکتۆر) بوو، ئەویتریان (ملازم ئەندازیار) بوو. وتی: هەر پرسیارێکمان لێ

> **هەموو بیستووتانە دەڵێن گەلی (ئەڵمان)ی لەگەلانی جیهان ئازاتر و جەنگاوەرترن، بەڵام لەم کارەماندا بۆمان دەرکەوت گەلی کورد لە (ئەڵمان) ئازاتر و بەجەرگترن**

دەکردن (دوو ملازمەکە) دەستیان بۆ (ڕائید)ەکە درێژ دەکرد، مەبەستیان ئەوەبوو ئەوان مافی قسەکردنیان نییە. تەنیا (ڕائد)ەکە بەبۆنەی ئەوەی سەرکردەیانە، مافی قسەکردن و وەڵامدانەوەی هەیە، ئەویش بەجۆرێک دەمی نابوو بەیەکدا هەرچیمان لێ دەپرسی ورتەی نەدەکرد، وەرامی هیچ پرسیارێکی نەدەدایەوە.

دوای گەلێک تەقەلادان، دەمی کردەوە، وتی: یەک شتتان پێ بڵێم، هەر پرسیارێک بکەن و بەهەر جۆرێکی بکەن من وەڵامتان نادەمەوە، بەڵام دەمەوێ بۆ مێژوو یەک شتتان تێ بگەیێنم، دوای ئەوە هیچ خۆتان ماندوو مەکەن، چونکە هیچ هێزێک نییە لەجیهاندا بتوانێ قسە لەئێمە دەرهێنێ، ئێمەش پێمان وت: فەرموو چیت دەوێ بیڵێ ئەوا گوێمان گرتووە، لەئێمەش وابوو کە دان بەهەندێ نهێنیدا دەنێت.

کابرای ئەڵمانی خۆی قنج کردەوە.. وتی: «وەکو هەموو بیستووتانە دەڵێن گەلی (ئەڵمان)ی لەگەلانی جیهان ئازاتر و جەنگاوەرترن، بەڵام لەم کارەماندا بۆمان دەرکەوت گەلی کورد لە (ئەڵمان) ئازاتر و بەجەرگترن ئێمە لە (ئەڵمانیا) سێ چوار مانگ پترە مەشق دەکەین هەتاکو فێری ئەوە ببین چۆن بەچەتر (پارەشوت) خۆمان لەفڕۆکەوە بەردەینە خوارێ، بەڵام ئەو کوردە بەجەرگەی لەگەڵمان هات، چەند تەقەلای لەگەڵدا درا فێری بەچەتر هاتنە خوارەوەی بکەن، هەر ملی نەدا و دەیوت: من بێ مەشق کردن خۆم دەهاوێژمە خوارێ، ئێمەش بەڕاستی کەوتینە دوو دڵیەوە، ئایا بڕوای پێ بکەین؟ ئایا ناترسێت؟ ئەگەر ترساو خۆی نەهاویشتە خوارێ! بەرنامەکەمان سەرناگرێت و دەبێ بەتەریقی بگەڕێینەوە، گەلێکی دیکە تەقەلای لەگەڵ درا هەر بێ سوود بوو! ئاخری وتی: چیتان لەمن دەوێ؟ ناتانەوێ

بەچەتر خۆم فڕێدەمە خوارێ، باشە ئەوا من بڕیارمدا کە گەیشتینە کوردستان من یەکەم کەس بم لەپێش ئێوەدا خۆم بهاوێژمە سەر زەوی.

کاک ڕەمزی چەند وێنەیەکی هەبوو بەجلوبەرگی کوردییەوە گیرابوو، لەسەر ئەو وێنانە جل درووییەک چەند دەستێک جلی کوردیان بۆ دوورین. ئینجا دوای ئەوەی چی پێویست بوو ئامادەمان کرد و خۆمان ئامادە بووین، فەرمانمان بۆ هات بکەوینە ڕێ، سواری فڕۆکە بووین بۆ (ڕۆستۆف لەڕوسیا) پاش پشوودان، لەوێوە کەوتینە ڕێ بەرەو کوردستانی عیراق، بەڵام داخەکەم کە سنووری عراقمان بڕی و گەیشتینە عێراق، زریان و ڕەشەبا و تۆفانێک لەئاسمان هەڵی کرد، فڕۆکەوان سەری لێ تێکچوو، ڕاست و چەپی خۆی گوم کرد، فڕۆکە وەکو بێشکەی شکاوی لێ هات، فڕۆکەوان چاری نەما پێی گوتین دەبێ خۆتان بهاوێژنە خوارێ ئەگینا لەوانەیە فڕۆکەکەمان بشکێت و هەموومان بمرین، لەبەر ئەوە بڕیارماندا خۆمان بهاوینە خوارێ. کە ئەم بڕیارەماندا، سەیرمان کرد ڕەمزی وەکو پڵنگ ڕاپەڕی و هەستایە سەرپێ و وتی: ئەوا من خۆم دەهاوێژمە خوارێ، هیوادارم لەسەر زەوی یەکتر بدۆزینەوە. هەر دەرگای فڕۆکەی بۆ کرایەوە، بەدوو چاوی گەشی پڕ خۆشییەوە، وتی: بۆ سەر زەوی و خۆی هاویشتە خوارێ.

ئەو پاڵەوانە بەجەرگە کە هیچ بڕوامان نەبوو ئەوەندە ئازا و بەجەرگ بێت، بەچەشنێک هەموو سەرمان سوڕما و حەپەساین، دوای ئەو ئێمەش یەکەیەکە خۆمان فڕێدایە خوارێ، کە گەیشتینە سەر زەوی هێشتا تاریک و ڕوون بوو.. لەیەکەوە دوور بووین، ئاگامان لەیەکتر نەبوو، هەر یەکەمان وەکو لەپێشا بڕیارماندا بوو، چەترەکەی خۆی لەژێر خاکدا شاردەوە و بەشوێن یەکتردا گەڕاین هەتا یەکترمان دۆزییەوە. کە ڕەمزیمان دۆزییەوە لێمان پرسی لەکوێین؟ وتی: نازانم! با بڕۆین هەتا کەس نەی دیوین.

ڕۆژ تەواو هەموو لایەکی ڕووناک کردبۆوە، ڕەمزی لەگەڵ جووتیارێکدا بەعەرەبی قسەی کرد، تێگەیشت نزیکی شاری (موسڵین) ئێتر بەپەلە کەوتینە ڕێ، هاتینە سەر زێ لەکەلەکی یاسین ئاغا، لەوێوە بەهەر جۆرێک بوو گەیشتینە نزیک هەولێر، کاک ڕەمزی بردینیە دێیەکەی خۆیان، لەوێ ئێمەی لەناو درەختەکاندا شاردەوە، هەر چیمان پێویست بوو لەخواردن و نوێن بۆیان هێناین، دوای ئەوە خۆی ڕۆیشت، ئێتر نەمان دییەوە، هەتا ئێوە هاتنە سەرمان. تکامان ئەوەیە پێمان بڵێن لەکوێیە؟» ئێتر بێدەنگ بوو ورتەی نەکرد، دوای ئەوە بەدەست بەسەری نێردرانە بەغدا.

ئەمە قسەی خوالێخۆشبوو (مدیر شورتە ـ سەبری عەبدوڵا) بوو، لەپاشا لەهەولێر دەنگ بڵاوبۆوە گوایا یەکێکیان چەترەکەی باش نەشاردۆتەوە، جووتیارێک دۆزیویەتییەوە، چووە خەبەری داوە بەپۆلیس، ئەوانیش کەوتوونەتە سۆراخی خاوەنی ئەو چەترە، هەتا زانیویانە چوار کەس جلی کوردیان لەبەردا بووە و زمانیان نەزانیوە و بەرەو زاب ڕۆیشتوون، بەوجۆرە شوێنیان هەڵگرتوون هەتا زانیویانە هاتوونە هەولێر.

ئەوەی نەمتوانی تێی بگەم و هەتا ئێستاش هەر تێنەگەیشتووم، ئەوەبوو چۆنیان زانی ڕەمزی یەکێکە لەو چوار زەلامە، ئەگەر لەوە پێش خەبەریان نەبووبێ. دوای چەند ڕۆژێک کابرایەکی ئینگلیز لەهەولێر بوو، وابزانم ناوی (مێجەر ستێبنگ) بوو، وەکو شابەندەر وابوو، ناسیاویمان هەبوو بەهۆی چارەکردنی چەند نەخۆشێک لەوانەی ئێشیان لەلا دەکرد، لێم پرسی: «چیتان لەئەڵمانەکان کرد؟» وتی: ڕەمزی لەبەغدا (محاکمە) دەکرێت، بەڵام (ئەڵمانەکان) وەکو دیل سەیر دەکرێن.. ناتوانین لەعێراق هیچ کەڵکیان لێ وەرگرین، لەبەر ئەوە بڕیار دراوە، بیان نێرن بۆ قاهیرە، لەوێ ژووری تایبەتیمان هەیە، هەر قسەیەک بکەن، بەهۆی ئامرازی کارەباییەوە تۆمار دەکرێت، بەڵکو لەناو خۆیاندا هەندێ قسەی وەها بکەن، کەڵکی بێ بۆ ئێمە لەبابەت شەڕەوە.

ئەمەی لەسەرەوە پێشکەشم کردن، ئەوەیە لەبابەت هاتنی خوالێخۆشبوو، ڕەمزی دلێر و پاڵەوانی نەمری هەولێر، لەگەڵ ئەو سێ ئەفسەرە ئەڵمانیانە کە لەکاتی خۆیدا بیستوومە، ڕەنگە هەندێکیشم لەبیر چووبێتەوە، چونکە ٤٢ ساڵی تەواوی بەسەردا تێپەڕیوە، لێم ببوورن کە نەمتوانی وەکو کاک (مەسعود)ی بەڕێز نووسینەکەم برازێنمەوە.

**گۆڤاری کاروان، ژمارە (٣٨)، مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٥**



«ئەوەی نەمتوانی تێی بگەم و هەتا ئێستاش هەر تێنەگەیشتووم، ئەوەبوو چۆنیان زانی ڕەمزی یەکێکە لەو چوار زەلامە، ئەگەر لەوە پێش خەبەریان نەبووبێ»



# ڕەمزی یاریزانی تۆپی پێی هەولێر بوو!

محەمەد گۆران

**ڕەمزی لەکۆتایی سییەکان و سەرەتای چلەکاندا، دەچێتە هەڵبژاردەی تۆپی پێی هەولێر و وەک یاریزانی سەرەکی بەشداری چەندین یاری دەکا**

ڕەمزی جگە لەحەزی فێربوون، کە لەماوەکی کەمی ژیانیدا زۆر شاری وەک هەولێر و کەرکووک و بەغدا و بەیرووت و ئیستەنبوڵی کردە وێستگەی خوێندن و فێربوون، توانی چەندین زمانیش فێر بێ، لەپاڵ ئەوەشدا ئەندامی حزبی هیوا و بەشدارێکی کارای جموجۆڵی سیاسی بوو.
ڕەمزی زمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و تورکی و عەرەبی زۆر بەباشی زانیوە، ئەندامێکی کارامەی حزبی هیوا بووە و لەگەڵ ئەندامە باڵاکانی ئەو حزبە لەپەیوەندی دابووە. (سروود سوعاد) کە دەکاتە برازای ڕەمزی، ئەو ڕۆژە لەماڵەکەی خۆیاندا، یادنامەکی بەرباخەڵی ساڵی ١٩٤٢ی ڕەمزی ئەو دەستاودەست پێدەکرد و لەشوێنەک بەپەنجەی دۆشاومژەی ئاماژەی بۆ پەڕەیەک کرد و لەوێدا، «ئەو کاتەی ڕەمزی لەبەیروت دەیخوێند، ئابوونەی حزبی کۆمەڵێ لەئەندامانی حزب کە لێی وەرگرتبوون، لەوێی تۆمار کردبوون. هەر لەو کاتەی لەبەیروت بووە، ڕەمزی دۆستی نزیکی کامەران بەدرخان و نورەدین زازا و چەندین کوردی بەناوبانگی ئەوێ بووە».
ڕەمزی حەز و خولیایەکی دیکەشی هەبوو، ئەویش تۆپی پێ بوو، ئەم حەزەی هەر لەمنداڵییەوە لەگەڵی نەشونمای کرد تاکو کۆتاییەکانی ژیانی بەردەوام بوو لەسەری. نەوەک بەتەنها لەهەولێریش، بەڵکو لەشارەکانی دیکەش، ئەوەندەی بۆی لوا بێ بەشداری یارییەکانی تۆپی پێی کردووە. ڕەمزی ساڵی ١٩٣٧ کە بۆ خوێندن چووە کەرکووک و پۆلی چوارەمی ئامادەیی لەوێ تەواوکرد، هاوکات بووە یاریزانێکی دیار لەتیپی تۆپی پێی دواناوەندی کەرکووک.
لەدوای ئەوەی قۆناغی خوێندنی کەرکووک تەواو دەکا و دەچێتە بەغدا و پاشتر دەگەڕێتەوە، ڕەمزی ئەوجارە لەهەڵبژاردەی تیپی تۆپی پێی هەولێر وەردەگیرێ و لەکۆتایی سییەکان و سەرەتای چلەکان، دەچێتە هەڵبژاردەی تۆپی پێی هەولێر و وەک یاریزانی سەرەکی بەشداری چەندین یاری دەکا.
هەڵبژاردەی تۆپی پێی هەولێر ساڵی ١٩٣٥ دامەزراوە و یەکەم یاریشی بەرامبەر تیپی (غەریبە)ی بەغدابوو کە لەیارییەکەدا هەڵبژاردەی هەولێر لەناو جەماوەر و یاریگای خۆیدا، توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ و دڵی جەماوەرەکەی خۆش بکات.
ڕەمزی لە سەرەتای چلەکان یاری بۆ هەڵبژاردەی هەولێر کردووە. لەبارەی هەڵبژاردەی هەولێر و یاریزانەکانی ئەوکاتەی شاری قەڵا و منارە، (ئەحمەد حەلاق) یەکەمین گۆڵچی هەڵبژاردەی هەولێر، لەدوای شەست و پێنج ساڵ تێپەڕبوون بەسەر یەکەم یاری و گۆڵپارێزی هەڵبژاردەکە، ناوی یاریزانەکانی هەڵبژاردەی هەولێر ریز دەکا و دەڵێ، ناوی هەندێکیانم لەبیرە لەوانە: «عەلی حەمادی کە مامۆستا و یاریزانیش بوو، هەروەها هەڵگری مەدالیای زێڕین بوو کە پادشای ئەوکاتە پێی بەخشی بوو. خورشید مستەفا، عەساف نادر، قەرەنی محەمەد عەلی، مام ساڵ قەساب، مەعرووف عەبدوڵا، ڕەفیق مستەفا کە خاوەنی سینەما سەلاحەدین بوو. مستەفا نانەوا، نەقیب ئیسماعیل مەجید، عەزیز فەتاح، سەید غەنی سەید خەنجەر، نازم سەعید ئاغا، ئیبراهیم حەلاق، ڕەمزی نافیع ئاغا، بەکر ئەسلەح، عیزەدین چایچی، شێخ یونس حەلاق، حاجی حەیدەر عوسمان، نەقیب عاسم حەمود، عەریف فەرحان، ڕەئیس عورەفا عەبدوڵا مجێش».

**سەرچاوە:**

١- وتوێژەک لەگەڵ (سروود سوعاد نافیع)ی برازای ڕەمزی. هەولێر، بەرواری ٢٠٠٥
٢- شکاک بەرزنجی، (لەگەڵ یاریزانە کۆنەکانی شاری هەولێر)دا، گۆڤاری برایەتی وەرزش، ژمارە (٢) بەرواری سێشەممەی ٢٨ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٩



ڕەمزی لەدەستە چەپ و لای کاسەکە دانیشتووە - کەرکووک

# مێژوویی

- **سەڵاحەدین چۆن بوو بە ئەفسانە؟**

حەفیزوڵڵای نادری*
لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن



# سەڵاحەدین چۆن بوو بە ئەفسانە؟



حەفیزوللای نادری*
لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن

ئەبو شەمسی مێژوونووسی عەرەب لە سەدەی سێزدەیەمی زایینی[١] پێمان دەڵێت: پیاوێک لە خەودا بینیویەتی کە محەمەد و یارانی سەردانی مەزاری سەڵاحەدینییان کردووە و لەوێ سوجدەیان بۆ خاوەنی مەزارەکە بردووە.[٢]

سوجدە بردن لە سوننەتی ئیسلامیدا، جگە لە وەستان لە بەردەم هەندێک لە پێغەمبەران (وەک ئادەم و یوسف) بە شێوەیەکی سەرەکی سوجدە تەنیا بۆ خودا بردراوە، بەڵام لێرەدا محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام لەگەڵ یارانی ئەم نەریتەیان بۆ مەزاری سوڵتانێک بەجێ گەیاندووە. بە فۆکس خستنەسەر زێدەڕۆیی لەرادەبەدەر و بەتایبەت پشتبەستن بە خەون، دەکرێت ئەم خەونە ڕاست نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، گێڕانەوەی لە لایەن مێژوونووسێکەوە، پێگەی تایبەتی سەڵاحەدین لای هاوسەردەمانی دەخاتەڕوو. لە مێژووی ئیسلامدا، کەمتر دەوڵەتمەدارێک بە پلەی خوداوەند گەیشتوە. سەرەڕای پێگەیەکی وەها باڵا، ناو و ناوبانگی سەڵاحەدین، دوای کۆتاییهاتنی پلەبەندییەکەی، پشتگوێ خراوە. پاڵەوانانی ئەدەبی فۆلکلۆری عەرەب، نەک سەڵاحەدین، بەڵکوو دوو پیاوی دیکە: زاهیر بیبەرس و نورەدین زەنگی - سوڵتانەکانی هاوشێوەی سەڵاحەدینن، بەڵام دوای چەند سەدەیەک لە (سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم) دووبارە ناوی سەڵاحەدین کەوتەوە سەر زمانان. ئەم جارەیان، نەک هەر جیهانی عەرەب، جیهانی ئیسلامیش ئاشنای ناو و میراتەکەی بوون.

لە کۆتاییدا، سەرەڕای ئەوەی ئەم ڕووداوە، بۆچی جیهانی خۆراوا سەرچاوەی لێکۆڵینەوە لە سەڵاحەدین بووە.

## ڕوانگەی خۆراوا

لین پول ستنلی «سەڵاحەدین و ڕووخانی بەیتولمقەدەس» کە لە ساڵی ١٨٩٨ بڵاوکراوەتەوە، بەم ڕستەیە دەست پێ دەکات: «سەڵاحەدین بۆ بەردانگی ئینگلیزی یەکێک لەو کەسایەتییانەی خۆرهەڵاتە، کە پێویستی بەهیچ پێشەکییەک نییە.[٣]

لە حەقیقەتدا سەڵاحەدین دوای پێغەمبەر، بەناوبانگترین کەسایەتی جیهانی ئیسلامە لە خۆراوا. سەڵاحەدین بەپێچەوانەی ڕەفتاری زاڵمانەی خاچدروشمەکان ، لەگەڵیاندا باش بووە. ئەورووپییەکان هەمیشە ئەوەیان لە یادە کە سەڵاحەدین لە جەنگدا بەڵێنی خۆی نەشکاندووە و بەڵێنەکانی بردووتە سەر بەتایبەت لە ئازادکردنی دیلی جەنگدا[٤] و لەبەرچاوگرتنی مافی ئایینە نا موسڵمانەکان، تەنانەت کاتی سەرکەوتن و دەسەڵاتیش. سەرچاوە لاتینییەکان لە ئەورووپا سەڵاحەدین بە پاڵەوان دەزانن، بەڵام باوەڕی ئایینی سەڵاحەدین، نووسەرانی ئەم دەقە ئازار دەدات. بە ڕواڵەت کە بەگژ مەسیحییەکاندا چووەتەوە و شکاندوونی، مەسەلەیەکی گرنگ نییە. بۆ چارەکردنی کێشەی باوەڕی ئایینی سەڵاحەدین، چیرۆکی (سێ ئەنگوستیلە) باسی دەکات. نوسخەیەکی ئەم چیرۆکە پێمان دەڵێت: سەڵاحەدین بەنیاز بووە پارە لە پیاوێکی دەوڵەمەندی یەهوودی قەرز بکات، بەڵام نەیویستووە بە زوڵمکردن بێت. بۆیە دەربارەی حەق بوونی یەکێک لە ئایینە سێ لایەنەکەی ئیبراهیم لێی دەپرسێت. پیاوە جوولەکەکە

بۆ ئەوەی نەکەوێتە داوەکەوە، چیرۆکی سێ ئەنگوستیلەکەی بۆ دەگێڕێتەوە تا بڵێت هیچ کەسێک ناتوانێت ئایینی حەقیقی بدۆزێتەوە.٥

بەم چیرۆکە پیشان دەدرێت، کە سەڵاحەدین کەمتر موسڵمان و زیاتر فەیلەسووف بووە.

بەناوبانگترین وێنای سەڵاحەدین لە کۆمیدیای ئیلاهی دانتی بەرجەستە کراوە. هەڵبەستی سەڵاحەدین لەم کۆمیدیایەدا لە یەکەمین چینی دۆزەخ نۆ چینی دانتی دایە، ئەو جێگایەی فەیلەسووفانی یۆنانی وەکو سوکرات و ئەرستۆی لێیە.

باوەڕی ئایینی سەڵاحەدینە دەتوانێت بوونی لەوێ ڕوون بکاتەوە. دانتی نەیدەتوانی نا مەسیحییەک بباتە بەهەشت، هەروەکو نەیتوانی ئەم کارە بە فەیلەسوفانی یۆنانی کۆن بکات. جگە لەوە، دانتی دەربارەی سەڵاحەدین کەوتبووە ژێرکاریگەری سەرچاوە لاتینییەکانەوە. هەرچەندە سەڵاحەدین لەوێ پاڵەوانێکە، بەڵام هەمیشە جێگای گومانە.

ڤۆڵتێر و لیسنک لە سەردەمی ڕۆشنگەری، سەڵاحەدینییان بە فەیلەسووف زانیوە. ئەم ڕوانگەیە بۆ باوەڕی زاڵی سەردەمی ڕۆشنگەری دەگەڕێتەوە، کە کەسێکی ئایینی ناتوانێت ڕاستگۆ بێت و ڕێز لە باوەڕی ئایینی ئەوانی دیکە بگرێت.

لە سەدەی هەژدەوە، سەرچاوە عەرەبییەکان لەسەر سەڵاحەدین بۆ زمانی ئەورووپی وەرگێردراون، لەم ڕێگەیەشەوە باوەڕی ئایینی سەڵاحەدین بەبێ هیچ گومانێک پشتڕاستکرایەوە و موسڵمان بوونی سەلمێنرا.

بنچینەی ڕۆمانی تلیسمان (١٨٢٥) نووسینی واڵتەر ئۆسکات، ئەو سەرچاوانە پێکدەهێنن و لەم ڕۆمانەشدا سەڵاحەدین بە موسڵمان ناسێنراوە، موسڵمانێکی جوامێر و ڕاستگۆ.٦

ئەگەرچی تلیسمان دەربارەی سەڵاحەدین بە کارێکی ناوازە دادەنرێت، بەڵام لە ڕوانین بۆ جیهانی ئیسلام و خۆرهەڵات ئۆرینتالیستە، لە بنەڕەتدا سەڵاحەدین تێیدا وەکو پادشایەکی خۆراوا ناسێنراوە و ڕیچاردی شێردڵ، هاوشێوەی پادشایانی خۆرهەڵاتە.٧

هێشتا خۆرهەڵات لەم ڕۆمانەدا خاکێکی ئالوودە بەئافات «ستەمکاری خۆرهەڵات»ە.

ڕوانگەی ئۆرینتالیستی خۆراوا لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بە خوێندنەوەی ڕەگەزی مێژوو ئاوەژوو بووەوە. بۆ نموونە ڕینە گرۆیست لە کتێبەکەیدا دەربارەی جەنگی خاچدروشمەکان ئاوارتەیی سەڵاحەدین بۆ ڕەگەزی کورد دەگێڕێتەوە. بە بڕوای ئەو ئیسلام دوای دەسەڵاتی عەرەب و تورکەکان چەقی بەستووە. چوونەناوەوەی ڕەگەزی کورد بۆ ناو ئیسلام، کە لە کۆمەڵەی نەژادەکانی هیندۆ ئەورووپییە، گیانی نوێی بەم ئایینە بەخشیوە.٨

لەم ڕوانینەدا هەموو عەرەبەکان تەمبەڵ و بێ ویژدانن. سەڵاحەدین ئاوارتەیە، چونکە عەرەب نییە. هەرچەندە موسڵمانان، بەتایبەت ئیسلامگەراکان، تەواوی ڕووبەڕووبوونەوەکانی نێوان جیهانی ئیسلام و خۆراواییەکانییان بە جەنگی خاچ درووشم زانیوە، بەڵام لە سەدە نوێیەکاندا، پاش ئەوەی جیهانی ئیسلام کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆراوا، هەندێک لە خۆراواییەکانیش ڕووبەڕوو بوونەوەی خۆیان بە جیهانی ئیسلامی بە جەنگی خاچ



**“ لە حەقیقەتدا سەلاحەدین دوای پێغەمبەر، بەناوبانگترین کەسایەتی جیهانی ئیسلامە لە خۆراوا ”**

درووشم زانی و گێڕایانەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەدەکانی ناوەڕاست.

بۆ نموونە، کاتێک لە ساڵی ١٩٢٠ ژەنەراڵ گرووری فەرماندەی سوپای دوژمن بەزێنی فەرەنسا لە سووریا گەیشتە مەزاری سەلاحەدین لە دیمەشق، گوتی: «بڕوانە جەنابی سوڵتان! ئێمە دووبارە هاتووینەتەوە خۆرهەڵات».٩

نووسەرە تورکەکانیش پێش عەرەب، چەمکی جەنگی خاچ دروشمییان لە خۆراواییەکان وەرگرتووە. لەو سەرچاوانەدا، نووسەرە خۆراواییەکان ڕووبەڕووبوونەوە نوێیەکانیان بە ڕووبەڕووبوونەوەکانی پێشوو بەراورد کردووە، بۆیە بەکارهێنانی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست لە تێگەیشتنی مێژووی هاوچەرخدا، بەتایبەت کەسایەتییەکانی (هەروەکو لە بەشی داهاتوودا ڕوونکراوەتەوە) تەنیا ڕوانگەی موسڵمانان نەبوو، ئەورووپییەکانیش لەچەند لایەنێکەوە ڕوانگەی هاوشێوەیان هەبووە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی لەهەموو بارودۆخەکاندا دەربارەی سەلاحەدین دەگمەنە، ڕوانگەی دۆستانەی خۆراوایە بۆ پێگەکەی. لەم بوارەدا هێشتا لێکۆڵەرە خۆراواییەکانی بواری جەنگە خاچدروشمەکان بە گلەیین لە پشتبەستنی یەکلایەنەی هاوکارانییان بە سەرچاوە خۆراواییەکان. مێژوونووسانی خۆراوای جەنگە خاچدروشمەکان لە زۆربەی لایەنەکانەوە، زمانی عەرەبی نازانن، هەربۆیە لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا لە سەر بنەمای لێکۆڵینەوەی سەرچاوە ئەورووپییەکانە ١٠

بەڵام ئەم بڕیارە دەربارەی سەلاحەدین ڕاست نییە. هەرچەند ناسینی سەلاحەدینیش بۆ ماوەیەکی زۆر تەنیا بە پشتبەستن بە سەرچاوە لاتینی و ئەورووپییەکان بووە، بەڵام نووسەرانی خۆراوا لە سەدەی نوێوە بۆ ئێرە کە دەربارەی سەلاحەدین دەنووسن، زۆربەیان زمانی عەرەبی دەزانن و بۆ خوێندنەوەی سەلاحەدین لە سەرچاوە عەرەبییەکان سوودی لێ وەردەگرن. هۆیەکی ئەم جیاوازییە، ڕوانگەی پێشووی جیهانی مەسیحییە بۆ سەلاحەدین. وەرگێڕان و زیادکردنی سەرچاوە عەرەبییەکان، ڕوانگەی خۆراواییەکانی بۆ سەلاحەدین، بە جیاوازییەکی

> **هەموو عەرەبەکان تەمبەڵ و بێ ویژدانن. سەلاحەدین ئاوارتەیە، چونکە عەرەب نییە**

زۆرەوە نەگۆڕی.

ئەم سەرچاوانە جگە لە بە موسڵمان زانینی سەلاحەدین، هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی پشتڕاستکردەوە کە ئەورووپییەکان پێشتر دابوویانە پاڵ سەلاحەدین. کەسایەتییەکی وەهاش، کاندیدی کاڵای بە باڵای پاڵەوانبوون لە جیهانی ئیسلام بوو.

**دووبارە لەدایکبوونەوە لە جیهانی ئیسلامدا**

موسڵمانەکان، سنووری شەش سەدە سەلاحەدینییان لەبیر چووەوە١١ باب و باپیرانی سەلاحەدین عەرەب نەبوون و بۆ پاراستنی ڕەوایەتی دەسەڵاتی خۆیان، یادەوەری سەلاحەدینییان لە بەرچاو نەگرت، بەڵام سەدەی نۆزدەیەم جارێکی دیکە سەلاحەدینی هێنایەوە سەر ستەیج. ئەم دووبارە دەرکەوتنەوەیە بۆ پێویستی مێژوویی دەگەڕایەوە. بۆ یەکەمجار لە سەدەی نوێدا تورکەکان باسی سەلاحەدینییان کردەوە (نیعمە)ی مێژوونووس و فەیلەسووف دەربارەی عوسمانییەکان، لێکچوونی لە نێوان پەلاماری ئەورووپییەکان لە سەدەی نوێ و جەنگە خاچدروشمەکان دەبینی. ئەوکاتە عوسمانییەکان لە شەڕەکاندا لە بەردەم ئەورووپییەکاندا دەشکان و ناچاربوون لەگەڵییان پێک بێن. (نیعمە) پادشا موسڵمانەکانی سەردەمی جەنگە خاچدروشمەکانی بە مۆدێلێک بۆ پادشا عوسمانییەکان ناساند.١٢

بەردەوامی ئەم پڕۆسەیە گرنگی سەلاحەدینی زیاتر کرد. پادشایانی عوسمانی سەلاحەدینییان بە کەسایەتی گونجاوی مێژوویی بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی سەردەمی خۆی و بەرژەوەندی سیاسی خوازراو زانی، هاوکات سەلاحەدین سیمبولی مەدەنییەت، پێکەوەژیان و وەستانەوە لە بەرانبەر پەلاماری هێزە ئەورووپییەکان بوو.

بە فۆکس خستنەسەر ئەم تایبەتمەندییانە،

> “ **ڤۆڵتێر و لیسنک لە سەردەمی ڕۆشنگەری، سەلاحەدینییان بە فەیلەسووف زانیوە. ئەم ڕوانگەیە بۆ باوەڕی زاڵی سەردەمی ڕۆشنگەری دەگەڕێتەوە، کە کەسێکی ئایینی ناتوانێت ڕاستگۆ بێت و ڕێز لە باوەڕی ئایینی ئەوانی دیکە بگرێت** ”

سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، مەزارەکەی لە دیمەشق نۆژەن کردەوە. پێوەندییە گەرموگوڕەکانی نێوان عوسمانییەکان و ویلهێلمی دووەمی ئیمپراتۆری ئەم وڵاتەی لە ساڵی ١٨٩٨ پەلکێشی دیمەشق و سەردانیکردنی مەزارەکەی سەلاحەدین کرد، ئەویش مەزارەکەی ڕازاندەوە و بە شانازیکردن بە سەلاحەدین لە ساڵی ١٩٠٠ تاجێکی زیڕ لە کۆتایی مەزارەکە دانا (دوای داگیرکردنی سووریا لە لایەن ئینگلیزەکانەوە لە ساڵی ١٩١٨، کەوتە دەست لارنسی عەرەب و هەنووکە لە مۆزەخانەی پادشایەتی جەنگ لە لەندەن هەڵگیراوە)١٣ ئیمپراتۆری ئەڵمانیا لە نزیکبوون لە عوسمانییەکان شوێن ئامانجەکانی خۆی دەکەوت، بەگشتی ناساندنی ئەڵمانیا وەکو نوێنەری جیهانی مەسیحییەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە بە جیهانی ئیسلام و گوشارکردن لەسەر دوو ڕکابەری دیکەی ئەورووپی، فەرەنسا و بەریتانیا، سەردانی ویلهێلم بۆ مەزاری سەلاحەدین، بایەخی ویلهێلمی لای موسڵمانان لە جاران زیاتر کرد، بەتایبەتی ئیمپراتۆری عوسمانی بە جددییەتی زیاترەوە فۆکسی خستە سەر سەلاحەدین.

جەختکردنەوەی عوسمانییەکان لە سەلاحەدین قابیلی درک کردنە. دەوڵەتی عوسمانی بۆ چەند سەدەیەک خۆی بە ئیمپراتۆرێکی خۆراوایی و هاوشانی هێزە ئەورووپییەکان دەزانی.

عوسمانییەکان بەشداری هاوڕێتمی ئەورووپییەکانیان کرد، بە ڕەسمی مافی فەرمانڕەوایەتی ئەورووپییەکانیان بەسەر هەمووبەتایبەت لە بەرانبەر وڵاتانی ئیستیعماری ناسی. هەر لەبەر ئەوەش نارەزایییان لە بەرانبەر پەلاماری ئینگلیز و هێزەکانی دیکەی ئەورووپی بۆ سەر وڵاتانی موسڵمان نشینی دەرەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی، بۆ نموونە: وەکو هیندستان دەرنەبڕی. لەگەڵ ئەوەشدا، بە تێپەڕینی کات عوسمانییەکان هەستییان کرد کە هێزە خۆراواییەکان ڕوانینێکی ڕەگەزگەرایانەیان بۆیان هەیە.

هەر لەبەر ئەوەش ئەورووپییەکان شایستەی ئەوە نین دەسەڵاتیان بە سەر یەهوودی و مەسیحییەکانی دانیشتووی ئەم ئیمپراتۆرەیەتەدا بسەپێنن، لەکاتێکدا خۆراواییەکان وردە وردە زۆربەی وڵاتانی موسڵمان دەخەنە ژێرفەرمانڕەوایەتی ئیستیعماری خۆیانەوە.١٤

جەختکردنەوە لە سەلاحەدین سوودێکی زۆری هەبوو، چونکە سەلاحەدین پیاوێک بوو لەشەڕەکاندا شارستانیانەتر لە دوژمنە مەسیحییەکانی ڕەفتاری دەکرد، جگە لەوە، سەری کڕنۆشی لە بەردەم هێزە خۆراواییەکان دا نە نەواند و بە پێچەوانەوە تێکی شکاندن. لەهەمووی گرنگتر، هێزە خۆراواییەکان ڕێزیان لە سەلاحەدین گرت. میراتی سەلاحەدین بۆ عوسمانییەکان لەڕووی سیاسەتی ناوخۆشەوە خوازراو بوو. هەرچەند سەلاحەدین موسڵمان بوو، بەڵام ڕێزی لە مافی پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکە دەگرت. جەختکردنەوە لەم لایەنە بۆ پاراستنی ستراکچەری فرەئایینی ئیمپراتۆریی گرینگی ژیاری هەبوو.

هەرچەند تورکەکان دووبارە سەلاحەدینییان ئەزموون کردەوە، بەڵام بەردەوامی و ڕاڤەکردنی ئەم ئەزموونکردنە لە دیالۆگ لەگەڵ خۆراواییەکان و دەقە خۆراواییەکان ئەنجام درا. موسڵمانان ئەوەی لە خۆراوا بە جەنگە خاچدروشمەکان دەزانرێت، بەم ناوە نای ناسن. بە پێچەوانەی مێژوونووسی مەسیحی، لە مێژوونووسی ئیسلامیدا، جەنگە خاچدروشمەکان پێگەیەکی تایبەتییان نییە، بەڵکوو بەشێکن لە مێژووی گشتی. زۆر جار لەمبارەیەوە ڕەخنەی بێرنارد لویس لە شارستانی ئیسلامی دەهێنرێتەوە، کە موسڵمانان بە پێچەوانەی مەسیحییەکان، شارستانییەتەکانی دیکە ناخوێننەوە. تەلال ئەسەد لە گوتاری «ئایدیای مرۆڤناسێکی ئیسلامی» وەڵامی ئەم ڕەخنەیەی داوەتەوە و لەوێ ئەم کارە بە پێچەوانەی مەسیحییەت، بۆ نەبوونی دەزگای پشکنینی بیروباوەڕ لە ئیسلامدا دەگێڕێتەوە.١٥

لەگەڵ ئەوەشدا، مێژوونووسە موسڵمانەکان لە جەنگە خاچدروشمەکانیان کۆڵیوەتەوە، بەڵام ئەم کێشمە کێشەیان بە جەنگ لەگەڵ فەڕەنگییەکان (فەڕەنگەکان) زانیوە، نەک مەسیحییەکان.١٦

هۆکارێکی سەرەکی ئەم جۆرە بەرکەوتەیە بە جەنگە خاچدروشمەکان، پێکەوەژیانی بەردەوامی موسڵمانان لەگەڵ مەسیحییەکانە،

**“ نووسەرانی خۆراوا لە سەدەی نوێوە بۆ ئێرە کە دەربارەی سەلاحەدین دەنووسن، زۆربەیان زمانی عەرەبی دەزانن و بۆ خوێندنەوەی سەلاحەدین لە سەرچاوە عەرەبییەکان سوودی لێ وەردەگرن ”**

هەرگیز خۆرهەڵاتی ناوین وڵاتی تەنیا موسڵمان نشین نەبووە. مەسیحییەکان و یەهوودییەکان نیشتەجێبووانی ڕەسەنی ئەم ناوچەیەن و دەسەڵات بەدەستەوەگرتنی مەسیحییەکان دوای جەنگی خاچ دروشم لەوێ بەکارێکی سەیر دەرنەدەکەوت، بۆیە دەقە ئیسلامییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، زاراوەی جەنگی خاچدروشمییان تێدا نییە.

موسڵمانان بە خوێندنەوەی دەقە خۆراواییەکان، ئاشنای چەمکی جەنگی خاچدرووشم بوون. دووبارە نووسەرە تورکەکان دەستییان بەم ئەزموونکردنە گەیشتەوە، ئەوکاتەی ئەمان پێداهەڵدانی پێشڕەوی هێزە مەسیحییەکانی ئەورووپایان بەرەو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە سەرچاوە ئەورووپییەکان دەخوێندەوە، بەڵام بە خاچدرووشم خوێندنەوەی جەنگی هەنووکە بۆ تورکەکان ئەم مەترسییەشی هەبوو تا شوێنکەوتووانی مەسیحی ئیمپراتۆری لێیان دوور بکەونەوە. هەر لەبەر ئەوە عوسمانییەکان ئەم چەمکەیان بەکار نەدەهێنا.

بۆیە سەڵاحەدین بۆ عوسمانییەکان، عوسمانییەک بوو. هاوشانی پادشا عوسمانییەکانی دیکەی وەکو سلێمانی گەورە، کە پاندبوو بە وەستانەوە لە بەرانبەر دەستدرێژی، پێڕەوی و فرەنەتەوەیی بوونی ئیمپراتۆریەت. سەڵاحەدین نە عەرەب بوو، نە کورد و نە موسڵمان، هەڵبەتە هەموو ئەم ناسنامانەی هەبوو، بەتایبەت ئەوەی دوایی، بەڵام گرینگترین تایبەتمەندییەکەی عوسمانییەت (زۆرینەخوازی)یەتی.

سەڵاحەدین بەدەست ئیسلامگەراکانەوە، بەتایبەت دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بوو بە موسڵمانێکی موجاهید. ئەوەی لە کارنامەکەیدا بۆ ئەم گروپە گرینگە، جیهادی سەڵاحەدین دژی گروپە دەستدرێژیکارەکانی مەسیحییە. هەموو گروپە ئیسلامییەکان، شیعە[١٧]و سوننە، هاوڕای بوون. حەماس و ئەلقاعیدە یادییان کردوەتەوە و وەکو سیمبولێک لێیان ڕوانیووە. بەپێودانگ کە کۆمەڵگەی عەرەبی پۆست عوسمانی و کۆمەڵگە ئیسلامییەکانی دیکەی پەلاماردراوی هێزە خۆراواییەکان دەرکەوتن و لەوێ کە پڕۆژەکانی مۆدێرنیتە ڕووبەڕووی شکست

> “
> **سەڵاحەدین لە ئەفغانستان هەم لە سەردەمی جیهاد دژی ڕووسیا و هەم لە سەردەمی جەنگی تاڵیبان دژی هێزەکانی خۆراوا وەکو سیمبول باسی کراوە**
> ”

بوونەوە، ئیسلامییەت و جیهادی سەڵاحەدین بەهێز بووە و سەڵاحەدین لایەنی پێکەوە هەڵکردنگەرایانەی خۆی لەدەستداوە. بۆ نموونە، سەڵاحەدین لە ئەفغانستان هەم لە سەردەمی جیهاد دژی ڕووسیا[١٨] و هەم لە سەردەمی جەنگی تاڵیبان دژی هێزەکانی خۆراوا وەکو سیمبول باسی کراوە[١٩] بەڵام لە کۆمەڵگەکانی دیکە کە کارەساتەکانی ئەم دواییە لەوێ ڕوویان نەداوە، سەڵاحەدین هێشتا کەسایەتی فریادڕەس و پێکەوەژیانە، هەروەها سەڵاحەدین ڕۆڵی ڕزگارکەرێکی بەهێز و دادپەروەر دەبینێت[٢٠] هاوشێوەی پیاوی جاڵجاڵۆکەیی. سەڵاحەدین لە جیهانی ئیسلامیدا هێشتە ناوێکی فرەلایەنە. ئەوەی سەروەری لایەنێک بەسەر لایەنێکی دیکەدا دیاری دەکات، بارودۆخی مێژوویی ئەو کۆمەڵگایەیە و سەڵاحەدین لەهەموو بارودۆخێکدا دەتوانێت پاڵەوانێکی شایستە بێت، هەنووکە بۆ نموونە، فۆکس دەخەینە سەر ڕوانگەی عەرەب بۆ سەڵاحەدین.

## عەرەبەکان و سەڵاحەدین

دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و لەدەستچوونی ڕەوایەتی تیۆرییەکەی (ئیسلامی کلاسیک) جیهانی عەرەب کۆمەڵێک ڕێی جیاوازی گرتەبەر، لانی کەم دوو ڕێ: هەندێک ڕوویان لە ناسیۆنالیزم کرد، عەرەبی بوون و وڵات جێگای شووناسی ئایینی گرتەوە. هەندێکیان بۆ ئایین گەڕانەوە و ڕووخانی عوسمانییەکانیان بە دوورکەوتنەوە لە «ئیسلامی عەقڵانی» زانی. لەمبارەیەوە عەرەبی بوون و ئیسلامی عەقڵانی شوێنی عوسمانییەتی گرتەوە. سەڵاحەدین بۆ هەر دوو گروپەکە پاڵەوانە، ئێمە لەم بەشەدا تەنیا لە شێوازی درک کردنی گروپی یەکەم دەکۆڵینەوە.

لە سەدەی نوێ و دوای ڕووبەڕووبوونەوە بە خۆراوا، درک کردنێکی نوێ لە مێژووی جیهانی عەرەب دروستبوو، زۆرجار مێژوو تا ئەو سەردەمە وەکو بەشێک بۆ پەندوەرگرتن تەماشای دەکرا، بەڵام ئێستا ڕەوتێکە دەکرێت دەستتێوەردانی بکەیت. دوای ئەوە مێژوو کۆمەڵێک ڕووداو بوو کە تاکەکان لە خولقاندنی ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو. لەم کاتەدا بەتایبەت لە لایەن ناسیۆنالیستەکانەوە،

**سەڵاحەدین سیمبولی سەرەکی هەڵوەشاندنەوەی سیستمی ئیستعماری لە ناوچەکە بە یەکگرتوویی عەرەبەکان (پان عەرەبیزم) دادەنرا، کە کەسایەتی وەک ناسر بە توندی داکۆکی لێدەکرد**

کەسایەتییە دیارەکانی عەرەب ڕووی خودایی خۆیان لەدەستدا و بوونە مرۆڤی سەر زەوی، بەڵام خاوەن تایبەتمەندی باڵا، هاوشێوەی جەختکردنەوەیەک کە لە ئەورووپادا لە کەسایەتییە دیارەکانی مێژوو دەکرێتەوە.٢١

بۆ نموونە ناسیۆنالیستەکانی عەرەب پێغەمبەری ئیسلامییان بەکەسایەتی دیاری عەرەب زانیوە، کە نەتەوەی پەرتوبڵاوی عەرەبی یەکگرتوو و کۆ کردەوە. عومەر بوو بە دەوڵەتمەدارێک و دواجار سەڵاحەدین.

یوسف شاهین لە ساڵی ١٩٦٣ فیلمێکی بەناوبانگی بەرهەمهێنا کە دەکرێت لەوێدا تێگەیشتنی عەرەب بۆ سەڵاحەدین ببینی. ناوی فیلمەکە «ئەلناسر سەڵاحەدین»ە. هەر چەند ناوی تەواوی سەڵاحەدین یوسف بن ئەیووبە، بەڵام لێرەدا ناوی یەکەمی وەک لێکچوونی لە ناوی جەمال عەبدولناسر دووپات کراوەتەوە. هەرچەند سەڵاحەدین لەم فیلمەدا وەکو پاڵەوانێک ناسێنراوە، بەڵام لایەنی بەرامبەر و ستەمکاران هاوڕا نین. هەموو خاچدروشمەکان بۆ دزی و تاڵانی نەهاتوونەتە وڵاتی موسڵمانان.

بۆ نموونە لویسا دی لوسینان لە فیلمەکەدا، کەسایەتییەکە لە پێناو بیروباوەڕی ئایینی خۆی دەجەنگێت. جگە لەوەی شاهین بۆخۆی مەسیحی بوو، وڵاتی میسر دانیشتووانێکی زۆری مەسیحی هەیە. لە فیلمەکەدا کارەکتەری عەرەب – مەسیحی هەیە (عیسا ئەلعەوام) کە بەگژ خاچدروشمەکاندا دەچێتەوە. هەڵبەتە کاتێک میسر کەوتە بندەستی ئیستیعماری ئینگلیز، مەسیحییەکان دژی وڵاتی دوایی ڕاپەڕین و لەگەڵ موسڵمانان بەشدارییان کرد. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی بەگشتی لە فیلمەکەدا پیشان دەدرێت، ئەوەیە کە ئەگەرچی خاچدروشمەکان مەسیحیین، بەڵام بە کەڵکاوەژۆ و سوودوەرگرتن لە خاچ پەلاماری ماڵ و وڵاتانی عەرەبییان داوە و داگیرییان کردوون. واتە ئەم کێشەیە، نەک جەنگی نێوان ئیسلام و مەسیحییەت، بەڵکوو بە ئامانجی دەستەبەرکردنی سامان و دەسەڵات لە لایەن خاچدروشمەکان خراوەتەگەڕ. سەڵاحەدین لە فیلمەکەدا کەسایەتییەکی نائایینییە و باوەڕی بە یەکسانی نێوان باوەڕدارە جیاوازەکان هەیە. سەڵاحەدین دروشمەکانی سەردەمی ناسر، وەکو: (ئایین بۆ خودایە و نەتەوە بۆ هەمووان) دەڵێتەوە، بەڵام فیلمەکە، بۆ نموونە، چونکە سەڵاحەدین لە میسر خەلافەتی فاتمییەکانی ڕووخاند و ئایینی خەڵکی ئەم وڵاتەی لە شیعەوە گۆڕی بۆ سوننە، ئاماژەی پێ نەکراوە. ئەلناسر سەڵاحەدین، فیلمێکە کە تێیدا سەڵاحەدین بە پاڵەوانی بێ خەوشی نەتەوەگەرایی و یەکگرتوویی عەرەبەکان ناسێنراوە.٢٢

لە ڕاستیدا دوو ڕووداوی مێژوویی لە جیهانی عەرەب زادەی ناوبانگی و ناوی سەڵاحەدین بوون. یەک ئیستیعمار و دوو دامەزراندنی وڵاتی ئیسرائیل.٢٣

وڵاتانی ئەورووپی کە جەنگی یەکەمی جیهانییان بردەوە، لەکاتی جەنگدا بەڵێنییاندا ئەگەر عەرەبەکان هاوکارییان بکەن، سەربەخۆییان بە ڕەسمی دەناسێن و ڕێدەدەن عەرەبەکان وڵاتێکی عەرەبی گەورە دابمەزرێنن، بەڵام دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ئەم بەڵێنانە نەبرانە سەر و ئینگلیز و فەرەنسا وڵاتی بەجێماو لە ئیمپراتۆریەتییان داگیر کرد و بۆ وڵاتی ژێر هەژموونی خۆیان دابەشییان کردن. بەرچاوترین پاساوی ئەم بڕیارە لە لایەن وڵاتانی کۆلۆنیالکراو، بە دواکەوتیی شارستانییەتی جیهانی عەرەب زانرا. بە هێنانە پێشی کەسایەتی سەڵاحەدین، عەرەبەکان لە بەرانبەر ئەم بارودۆخە بەرخودانییان کرد. لەگەڵ ئەوەی سەڵاحەدین لانیکەم چوار وڵاتی: میسر، سووریا، عێراق و فەلەستینی یەکگرتوو کردبوو، سەڵاحەدین سیمبولی سەرەکی

**"ئەوەی ناوی سەڵاحەدین بە بەیتول مقەدەس دەبەستێتەوە، ڕەفتاری دادپەروەرانەی سەڵاحەدینە لەگەڵ نیشتەجێبووانی ئەم شارە"**

هەڵوەشاندنەوەی سیستمی ئیستعماری لە ناوچەکە بە یەکگرتوویی عەرەبەکان (پان عەرەبیزم) دادەنرا، کە کەسایەتی وەک ناسر بە توندی داکۆکی لێدەکرد. گەورەنوێنی کارنامەی سەڵاحەدین، هاوکاری عەرەبەکانی دەکرد تا وەک عوسمانییەکان پیشانی بدەن کە لە سەدەکانی ناوەڕاست خاوەن شارستانی بوون و ئەورووپییەکان بەربەر. جگە لەوە، بیر هێنانەوەی سەڵاحەدین جەختکردنەوە لەو خاڵە بوو کە ڕەفتاری ئەمڕۆی هێزە ئەورووپییەکان جیاوازی نییە لەگەڵ ئەوەی ئەمان لە سەدەکانی پێشوو بەناوی جەنگە خاچدروشمەکان کردوویانە. بەتایبەت کە ئێستاش وڵاتەکانیان لەژێر داگیرکاری هێزە ئیستیعمارییەکاندان و بە ستەمکاری و توندوتیژی ڕەفتارییان لەگەڵدا دەکەن.

دامەزراندنی ئیسرائیل خاڵی وەرچەرخانێکی دیکەیە لە مێژووی جیهانی عەرەبدا. ئەم ڕووداوە کە بۆ ئیستیعمار دەگەڕایەوە، دووبارە سەڵاحەدینی وەکو ڕزگارکەری بەیتولمقەدەس بیر هێنایەوە. بەیتولمقەدەس لە سەدەی حەوتەیەم تا ساڵی ١٩١٧ لە ژێردەستی موسڵماناندا بوو. ئەم شارە بۆ ناسیۆنالیستە عەرەبەکان گرینگی نەتەوەیی و کلتووری هەیە (و بۆ ئیسلامگەراکان ئەوەندەی مەککە و مەدینە پەیوەندی بە بونیادی ئیسلامەوە هەیە) ڕکێفکردنی بەیتولمقەدەس لە لایەن سەڵاحەدینەوە لە ساڵی ١١٨٧ ڕووداوێکی سادە نەبوو. سنووری ٦٠ نامە، دەیان شیعر، گوتار و قەسیدە، بەناوییەوە نووسراوە.٢٤ موسڵمانان لە سەرانسەری جیهاندا، بەگشتی ئەفغانستانی ئەمڕۆ، سەردانی مەزارەکەیان کرد. لە سەردەمی نوێدا، لە بەرانبەر زیادبوونی یەهوودییەکان و مەسیحییەکان لە دەوروبەری، عوسمانییەکان پشتگیری جەژنی نەبی مووسایان کرد. نەبی مووسا جەژنێکی ناوخۆییە. عەرەبەکان لە سەر ئەم باوەڕەن کە سەڵاحەدین دەستپێکەری بووە، بەڵام بە ڕواڵەت ئەم جەژنە دوای سەڵاحەدین لە لایەن بایبەرس بناغەی دانراوە.٢٥

سروودی قارەمانی دەگوترێن و وێنەی یاسر عەرەفات لە تەنیشت وێنەی سەڵاحەدین نمایش دەکرێت. گرینگی سیاسی جەژنی نەبی مووسا جەختکردنەوەیە لە ئیسلامی

**"سەڵاحەدین لە هەموو ڕوویەکەوە کەسایەتییەکی نا باوە. لە جیهانی خۆراوادا، هەمیشە بە باشی باسی کراوە"**



و عەرەب بوونی ئەم شارە. ئەوەی ناوی سەڵاحەدین بە بەیتولمقەدەس دەبەستێتەوە، ڕەفتاری دادپەروەرانەی سەڵاحەدین-ە لەگەڵ نیشتەجێبووانی ئەم شارە. هەنووکە موسڵمانانی بەیتولمقەدەس ئازار و ئەشکەنجە دەدرێن، ناوی سەڵاحەدین هەم هەستی نوستالیژی دروست دەکات و هەم بەربەریەتی ئەورووپییەکان و گروپەکانی پشتگیریکراویان نمایش دەکات.

هەڵبژاردنی سەڵاحەدین وەکو کەسایەتی گرنگی ناسیۆنالیزمی عەرەب لە لایەنێکی دیکەشەوە هەنگاوی سیاسی بوو. ئەگەرچی سەڵاحەدین لە لایەن ئەم جووڵانەوەی عەرەبەوە دروست بوو، بەڵام لەبیرنەکرابوو، کە سەڵاحەدین کوردە، نەک تورک. کوردەکان بە پێچەوانەی تورکەکانی (ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) داوای هیچ خاکێکی عەرەب ناکەن، لانیکەم لە سەردەمی لەدایکبوونی ناسیۆنالیزمی عەرەب.

داماڵینی تورک لەشارستانییەتی ئیسلامی، نەک تەنیا عەرەبە ناسیۆنالیستەکان، بەڵکوو عەرەبە ئیسلامگەراکانیش بوون، هەردوو گروپ بە چاوی خۆشەویستییەوە لە تورکەکانیان نەڕوانیووە و هەر دوو گروپ بەجۆرێک تورکەکان و شێوازی حکومەتکردنییان بە فاکتەری ڕووخانی شارستانییەتی عەرەب و ئیسلام زانیوە. هەڵبژاردنی سەڵاحەدین وەکو پاڵەوان، جەنگاوەران و پادشایانی بەناوبانگی تورکەکانی پەراوێز خستووە و شوێنی بۆ

ناسیۆنالیزمی عەرەبی فراوانتر کردوە.

## قسەی کۆتایی

سەڵاحەدین لەو کەسایەتییە پێش مۆدێرنانەیە کە هاوسەردەمانی لەکاتی ژیانیدا، ژیاننامەکەیان نووسیوەتەوە. تەنانەت ئەمە بۆ پێغەمبەری ئیسلامیش ڕاستە.٢٦

هەروەها سەڵاحەدین پیاوێکە کە قەسیدە بۆ وەسفکردنی نووسراوە. قەسیدە قاڵبێکە لە شیعری عەرەبی، کە لە بنەڕەتەوە بۆ وەسفکردنی گەورەکانی جیهانی ئیسلامی نووسراوە. ئەم چۆنایەتییە تەنیا سنووردار نییە بە سەردەمی خودی سەڵاحەدین. سەڵاحەدین لە هەموو ڕوویەکەوە کەسایەتییەکی نا باوە. لە جیهانی خۆراوادا، هەمیشە بە باشی باسی کراوە. خۆراواییەکان هاوکات بە پشتبەستن بە سەرچاوە خۆراواییەکان و ئیسلامی، لە کەسایەتی مێژوویی سەڵاحەدین گەیشتوون، بەڵام لە جیهانی ئیسلام و عەرەبدا یاد و مێژوونووسی سەڵاحەدین کەوتوەتە ژێرکاریگەری هێزەکانی خۆراوا و ناسیۆنالیزمی عەرەبەوە، سەڵاحەدین هەم لە جیهانی عەرەب، هەم ئیسلام، لەکاتی شەڕ دژی هێزە دەرەکییەکان گرنگ بووە. مێژوونووس لەژێر گوشاری جەنگ، ناتوانێت بێلایەنانە و ڕەخنەگرانە بێت.٢٧

ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە دروستکردنی سەڵاحەدین تووخمگەلێکیان لەبەرچاونەگرتووە، کە وێنەی بێخەوشی خەوشدار دەکەن. دوو هۆکاری گۆرین (مێژوونووس لەژێر گوشار و ناسیۆنالیزم) وای کردووە لە جیهانی ئیسلامدا، جگە لە بابەتی زۆر کەم، ئوستوورە شوێنی کەسایەتی مێژوویی سەڵاحەدین بگرێتەوە.

*** خوێندکاری توێژینەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، زانکۆی ژینێ**

**سەرچاوە: https: //nebesht.com/**

..........................................................................

**سەرچاوە و یاداشتەکان:**

١ لەم گوتارەدا مێژووەکان بە پێی ڕۆژژمێری زایینیە.

٢] Abû Shâma, Rawdatayn, II, p. ٢١٥, trad. RHC Or., V, p. ٩٧, cité par Eddé, A. M., Saladin, Grand Biographies, Paris, Flammarion, 2016, p. 570.

٣ Stanley, L. P., Saladin and the Fall of the Kingdom of Jerusalem, G. P. Putnam's Sons, 1898, p.ii

٤ بەپێی نەریتی سەدەکانی ناوەڕاست، بەگشتی دیلەکانی جەنگ کوژراون یان کراونەتە کۆیلە. ئەگەر لە خانەدانەکان بووبن، بە پارە ئازادکراون، بەڵام سەڵاحەدین بە پێچەوانەی ئەم نەریتە، دیلە مەسیحییەکانی لە بەیتولمقەدەس بێ بەرامبەر ئازاد کردوە: Donvito, F. «Saladin's Christian Hostages and Prisoners: Hangman or Gentleman?» Medieval Warfare، ٢٠١٤, Vol. ٤, p. ٣٩.

٥ Giovanni Boccaccio, G., The Decameron, trad. McWilliam, G. H., ١٣٥١-١٣٤٨] ١٩٩٥ , pp. ٤٤-٤١.

٦ ئەم ڕۆمانە بەناوی «شێردڵ و سەڵاحەدینە». لە ساڵی ١٨٨٦ لە لایەن یوسف سروفەوە بۆ عەرەبی وەرگێڕدراوە، بەڵام نوسخە عەرەبییەکەی پابەندی دەقە ئینگلیزییەکەی نییە. وەرگێڕ لەم نوسخەیەدا، وەک بۆ خۆی دانی پێداناوە، بەگوێرەی چێژی خوێنەری عەرەبی دەستکاری کردوە: Sayfo, O., «From Kurdish Sultan to Pan-Arab Champion and Muslim Hero: The Evolution of the Saladin Myth in Popular Arab Culture» The Journal of Popular Culture, (2017)، p. 7172-.

٧ Hillenbrand, C. «The Evolution of the Saladin Legend in the West» Mélanges de l'Université Saint-Joseph, (٢٠٠٥)، pp. 910-.

٨ Eddé, A. M., Saladin, trad. Jane, M., T., Harvard University Press, 2011, pp. 61617-.

٩ Boltanski, E., A. «Salah al-Din, un héros à l'épreuve: Mythe et pèlerinage en Palestine»، Annales

HSS, (2005)، p. 99.

١٠ Hillenbrand, C. The Crusades: Islamic Perspectives, Edinburgh University Press, 1999, p. 3.

١١ بارودۆخەکە لە جیهانی فارسی زمان بە جۆرێکی دیکە بوو. عەجەمەکان لەبیریان نەکردوە، بەڵام سەلاحەدین لە لایان زیاتر وەک سوڵتانێکە کە خەلافەتی فاتمییەکانی ڕووخاندووە. ئەمان بە بەڵگەی ئایینی و مێژوویی ستایشی سەلاحەدینییان کردوە:
Beben, D., «Remembering Saladin: the Crusades and the Politics of Heresy in Persian Historiography»، the Royal Asiatic Society, (2017).

١٢ Hillenbrand, C. The Crusades … ibid, p. 591.

١٣ Wien, P., Arab Nationalism: The Politics of History and Culture in the Modern Middle East, Routledge, 2017, p. 37.

١٤ Aydin, C. Globalizing the Intellectual History of the Idea of the «Muslim World» in Moyn, S. &;;; Andrew Sartori, A. Ed, Global Intelecual History, Columbia University Press, 2013, pp. 164, 165,167 &;;; 173.

١٥] Asad, T. «The Idea of an Anthropology of Islam» Qui Parle, Vol. 17, No. 2, (2009 pp. 67-.

١٦] Hillenbrand, C. The Crusades … ibid, p. 9.

١٧ بە ڕواڵەت گروپ و وڵاتانی شیعە، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرامبەری هێزەکانی خۆراوان و توانایان بەرمەبنای تیۆری سیاسی تەشەییع فۆرمۆلە نەبووە، سەلاحەدین بە پاڵەوان دەزانن، بەڵام لەوێ کە بە تایبەت دەسەڵات ڕیشەی لە تیفکرینی سیاسی شیعەدایە، سەلاحەدین بە سوڵتانێکی دەسەڵاتخواز دەخوێنرێتەوە کە کۆتایی بە خەلافەتی فاتمییەکانی شیعە لە میسر هێناوە. ڕوانینی توێژەرەوانی حەوزەوی لە ئێران لە زۆربەی سەرچاوەکان بەمشێوەیە.
بۆنموونە ن. ک: کازم پوور، د. «بارودۆخی شیعەکانی میسر لەسەر دەمی سەلاحەدینی ئەیووبی «مێژوو لە ئاوێنەی تووێژینەوەدا، ٢٠٠٨.

١٨ حزبی جەماعەی ئیسلامی ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٩٠، کتێبی «سەلاحەدینی ئەیووبی»، نووسینی زاکر ئەعجازی بەوەرگێڕانی ناسرەدین جەمالی بڵاو کردەوە. جگە لەوە، ڕابەری ئەم حزبە، یەکێک لە کوڕەکانی خۆی ناو ناوە سەلاحەدین.

١٩ Johnson, T. S., Taliban Narratives: The Use and Power of Stories in the Afghanistan Conflict, Oxford University Press, 2017, pp. 151 &;;; 159.

٢٠ Eddé, A. M., Saladin, Grand Biographies … ibid, p. 582. ٢١ Wien, P., ibid, p. 356-.

٢٢ Halim, H. «The Signs of Saladin: A Modern Cinematic Rendition of Medieval Heroism»، Journal of Comparative Poetics, No. 12, Metaphor and Allegory in the Middle Ages, 1992.

٢٣ Eddé, A. M., Saladin, Grand Biographies … ibid, p. 574.

٢٤ Hillenbrand, C. The Crusades… ibid, ١٨٨٩-.

٢٥ Boltanski, E., A., … p. 100.

٢٦ یەکەمین ژیاننامەی محەمەد (سیره ابن اسحاق) کەم و زۆر ١٠٠ ساڵ دوای مردنی نووسراوە.

٢٧ Pirenne H., in: Des Marez G. &;;; Ganshof F.L.. (sous la dir.) Compte-rendu du cinquième Congrès international des Sciences historiques. Bruxelles, 1923, pp. 56-.

# ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

- **وەڵامێک بۆ مامۆستا سوداد ڕەسووڵ .. دیوانەکەی زەینەب خان (کچە کورد) ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە**

عەبدولڕەحمان مەعرووف

- **بەرهەمێ گەنجان .. بەریکانە و ڤەدیتنا بەهرەیان**

محسن عەبدولڕەحمان

- **دنیا میخائیل - چاوپێکەوتن**

وەرگێڕانی: نەوزاد عەلی ئەحمەد

## وەڵامێک بۆ مامۆستا سوداد ڕەسووڵ

# دیوانەکەی زەینەب خان (کچەکورد) ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە

(ئەگەرچی دەبوایە ئەم بابەتە لە گۆڤاری (ڕامان) بڵاوبکرێتەوە، بەڵام بەهۆی درەنگ کەوتنی لەوێ، پێم باش بوو لە گۆڤاری (دیوان) بڵاوبکرێتەوە)

**عەبدولڕەحمان مەعرووف**



عەبدولڕەحمان مەعرووف

**پوختە**

دوای ئەوەی دیوانەکەی زەینەب خان (کچە کورد) ساڵی (٢٠١٨) لەلایەن هەردوو بەڕێزان حیمکەت حەمید خادم سوجادە برازی دڵداری شاعیر و عەبدوڵڵا زەنگەنە چاپ و بڵاوکرایەوە، لە نێوەندەی ئەدەبی و فەرهەنگی کوردی گفتوگۆی زۆری هێنایەکایەوە، ڕەنگە لەباری ئەدەبییەوە زۆرترین گفتوگۆ و گەنگەشەی بەدوای خۆیدا هێنابێ. گومان لەوەدا نییە ڕێرەوی لۆژیکی هەر تۆژەرێک کاریگەریی بەسەر وجودی زەینەب خان وەکوو شاعیرێک هەیە. بۆیە هەموو ئەو لۆژیکانەی لە واقیعەوە سەرچاوەیان گرتووە، جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەوەی بنەمای سەرەکیی نییە. ناکرێ لەنێو کۆمەڵێ ئەگەردا، خراپترین ئەگەر هەڵبژێرین و بیکەینە بنەمای سەرەکیی باسەکەمان.

**پێشەکی**

مامۆستا (سوداد ڕەسووڵ) سەرەتا لە کۆڕێکدا لە ئەکادیمیای کوردی لە ساڵی (٢٠١٩) بیروڕاکانی خستەڕوو و دواتر لە هەمانساڵدا لە دوو ژمارەی گۆڤاری ڕامان ( ٢٦٦ و ٢٦٧) بابەتێکی لەژێر ناوی: (دیوانی زەینەب خان - کچە کورد- ڕاستییە، یان وەهم) بڵاوکردەوە، ئەو یەکێک لەو بەڕێزانەی سەرلەبەری دیوانەکەی و زەینەب خانی ڕەتکردەوە و هەر زوو باسی لەسەر پێشکەش کرد. وەکوو دیارە ئەگەر خوێنەرێک بە وردی پرسیار نەورووژێنێ و پشت بە سەرچاوەی باوەڕپێکراو نەبەستێ، یەکسەر ئەوە بڕیار و گوتەکانی مامۆستای لا دەبێتە حەقیقەت. بەڵام ئایا ئەوەی مامۆستا دەری خستووە، توانیویەتی واقیعی ئەو کات بە تەواوی بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی دیوانەکە ڕەت بکاتەوە؟! یاخود بە مەبەستێک لە ڕوانگەیێکی تەسکەوە لە وجودی دیوانەکە و کەسایەتیی زەینەب خان دواوە؟! گومان لەوە نییە مامۆستا سوداد کەوتۆتە هەڵەی زەق و گەورەوە، نەدەبوو مامۆستاییکی زانکۆ، کاری تەنیا لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیە، تەقە بە تاریکییەوە بنێ و ئاگای لە ڕەوشی ئەدەبیات و فەرهەنگ و وشەدانی کوردییەوە نەبێ. بۆ ئەوەی بگەینە حەقیقەتی ئەو گوتانەی باسی کردووە، بە شێوەیێکی میتۆدی، نەک میتۆدی توێژینەوەی زانکۆیی وەڵامی دەدەینەوە.

**لەبارەی ناوەڕۆکی شیعرەکانی (زەینەب خان)ەوە**

ئەوەی مامۆستا لە شیعرەکان دواوە زیاتر شیعرەکانی زەینەب خانە لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی ڕابردووە، چونکە لەژێر هەر شیعرێکدا ساڵی نووسینی نووسراوە، بەر لەهەر شتێک پێویستە ئەوە بڵێین

دروستکردنی بیانوو و بەهانە بۆئەوەی شیعرەکان ڕەت بکەیەوە، فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوەی لەبەر چ بەو شێوەیە شیعرەکان کەوتۆتەوە، چونکە ئەوەی ئاخریان جێگەی گفتوگۆ و دیالۆگێکی زۆرە.

بۆ ییکی ئایار جەژنی کرێکار دووەم شیعری دیوانەکەی زەینەب خانە (ل ٢٤) کە لە ساڵی (١٩٢٤) نووسراوە، نووسەر دەڵێ: (لە دوای پەنجاکانەوە بوو بە ڕۆژێکی جیهانی و وڵاتانی جیهانیش ئەم ڕۆژەیان کرد بە پشووی ڕەسمی، کەچی سەیرە زەینەب خان لە ساڵی (١٩٢٤) باسی ییکی ئایار بکات!؟ بۆیە یادی ئەم ڕۆژە وەک جەژنی کرێکاران لەگەڵ ساڵی نووسینی ئەو شیعرە پێکەوە گونجانیان نییە (ڕامان، ٨٥/١). سەرەتا با ئەوەی بۆ ڕاست کەینەوە دەبوایە بڵێ: «پێکەوە ناگونجێن»، نەک پێکەوە گونجانیان نییە. نووسەر ئەگەر هەندێ زانیاریی هەبوایە، دەبوو بزانێ جەژنی ییکی ئایار جەژنی کرێکاران پێشینەییکی دووروودرێژی هەیە، سەرەتا لە ئوسترالیا بەهۆی خەباتی کرێکاران لە ساڵی (١٨٥٦ز) و دواتر گوێزرایەوە ئەمریکا و لەوێ کرێکاران مکووڕبوون، کە ڕۆژێ هەشت سەعات کاربکەن، بۆیە لە ساڵی: (١٨٨٦) لە شیکاگۆ دەسەڵاتداران ڕووبەڕووی کرێکارانی بوونەوە و دوازدە کرێکار خوێنی ڕژا. لە دوای ساڵی: (١٨٩٠ز) ئومەمییەتی ئیشتراکی لە کۆنگرەی دووەم کردوویە بە ڕۆژی کرێکاران و لەو ڕۆژە کارنەکرێ، لە ساڵی (١٩٠٤ز) لە کۆنگرەی سۆسیالیستی نێودەوڵەتی لە ئەمستردام داوایان لە هەموو کرێکارانی دنیا کردووە لەو ڕۆژە کارنەکەن. تا لە سەرەتای سەدەی بیستەم بووە ڕۆژی پشوو. وڵاتە عەرەبییەکان یادیان کردۆتەوە، لە ساڵی (١٩٢٤) بۆ یەکەم جار لە میسر لە شاری ئەسکەندەرییە یادی کراوەتەوە و دواتر گەورەترین ئاهەنگیان گێڕاوە لە بارەگای گشتیی کرێکاران و دواجار کراوەتە پشوو. دەکرێ بۆ ئەو زانیارییانە سەرباری سەدان سەرچاوە، نووسەر چاوێکی لە گوگڵ و ویکی پیدیا بکردایە. با لێی بپرسین ئەو زانیارییانەی لەکوێ هێناوە، کوا لە چ سەرچاوەیەک نووسراوە لەدوای پەنجاکانی سەدەی بیستەم ییکی ئایار جەژنی کرێکاران بۆتە ڕۆژێکی جیهانی، بۆیە ئەوەی لەسەر باتڵ بنیادنرابێ ئیدعاکەی باتڵە.

ئەگەر سەرنج لە گوتاری نووسەر بدرێ، باسی ئەوەی کردووە شاعیر بابەتەکانی بریتین لە مافی ئافرەت و یەکسانیی (نووسیویە



یەکسان) کوڕ و کچ و سەربەخۆیی کوردستان، چوار پارچەی کوردستان، ئاڵای کوردستان، ییکی ئایار، ئینگلیزی داگیرکەر، هەروەها نووسیویە: لەو سەردەمەدا بەدەگمەن ئەگەر شاعیرێک هەڵکەوتبێ ئاوڕی لە یەکێک لەو بابەتانە دابێتەوە و شیعری لەبارەیانەوە نووسی بێت (ڕامان، ٧٧/١). پێشتر باسی ییکی

ئایار کرا، بەڵام ئەگەر نووسەر کاتی هەبێ با سەرنجێکی بچووک لە دیوانەکەی حاجی قادری کۆیی بدا، کە دایکی زەینەب خان، ناوی زەهوەخانە و کچی خورشیدە فەندییە و خورشیدە فەندی ئامۆزای حاجی قادری کۆییە، کەواتە دایکی زەینەب خان لە بنەماڵەی حاجی قادری کۆییە. ئایا ئەو ناوەڕۆکانەی باسی کردوون چەندیان لە دیوانەکەی (حاجی قادری کۆیی)دا هەن، کە گومان لەوەدا نییە زەینەب خان بە وردی ئاگاداری ناوەڕۆکی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی بووە و بگرە دەستنووسی دیوانەکەشیان هەبووە. هەرچی لەبارەی ئینگلیزی داگیرکەرە، هەق وایە نووسەر بگەڕێتەوە سەر یاداشتەکانی دڵدار و پێوەندیی بنەماڵەی خادم سوجادە لەگەڵ ئینگلیز، ئینجا تێدەگا بەلایانەوە ئینگلیز چ بووە و هەڵوێستیان چ بووە، هەروەها لەبارەی چالاکییەکانی دڵداریشەوە دیارە ئەو خانەوادەیە سیاسەتمەداری گەورەیان هەبووە، بەتایبەتی باوکی. (عەبدولخالق عەلائەدین: ٢٠١٩، ٢٩-٣٦). لێرەدا چەند لاپەڕەیێکی تاریک لە ژیانی بنەماڵەی خادم سوجادە ئەگەر ڕوون بکرێتەوە، ئەو ناوەڕۆکانە بۆ نووسەر ئاسایی دەبن، نەخاسمە باوکی سوارچاکێکی ئەو مەیدانە بووە. پرسیاری سەرەکیی ئەوەیە: ئایا ئەو بابەتانە گومان لەسەر وجودی زەینەب خان وەکوو شاعیر دروست دەکەن؟! یانی ئەگەر لەسەر ئەو بابەتانەی نەنووسی با، بە قسەی نووسەر دەبووە شاعیر، ئەوەیە لۆژیکی مامۆستا.

نووسەر پرسیویە، ئەگەر شاعیرێک هەبووبێ بە ناوی زەینەب خان لە سییەکانەوە شیعری هەیە، ئەدی بۆ تا ئێستا نەناسراوە؟! ئەمە جێگەی پرسیارە، ئەم شاعیرە ئافرەتە بۆچی ئێستا بە خوێنەری کورد دەناسرێت؟ لە سییەکان و چلەکان و پەنجاکان ئەم هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەیە هەبووە، بۆ تاقە شیعرێکی لەمانە بڵاونەکردۆتەوە؟ لەهیچ لە کتێبەکانی مێژووی ئەدەبی کوردیش ناوی زەینەب خان نەهاتووە، کە شاعیر بووە (ڕامان:٧٩/١)، لە ڕاستیدا لە ئەدەبیاتی کوردی و بگرە نەتەوەکانی دراوسێش کاتێ دیوان، یان چەند شیعری شاعیرێ دەدۆزرێتەوە، دیاردەیێکی

> « ئەو یەکێک لەو بەڕێزانەی سەرلەبەری دیوانەکەی و زەینەب خانی ڕەتکردەوە و هەر زوو باسی لەسەر پێشکەش کرد »

ئاساییە. هی ئەوە نییە، چەند پێوەرێکی هاوسەردەمی بکرێتە هۆکار بۆ ئەوەی بڵێین ئەو دیوانە، یان شیعرانە هەر وجودی نەبووە، نەخاسمە نەتەوەی کورد ڕووبەڕووی چەندان کارەسات و مەینەتی بۆتەوە. ئەگەر ئێمە کتێبەکەی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی عەلائەدین سوجادی بکەینە پێوەر و هەرچی شاعیرێ لەو کتێبە نەبێ کە لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو چاپ بووە، دەبێ هەموو ئەو شاعیرانەی دواتر دیوانیان دۆزرایەوە، بڵێین وجودیان نەبووە، ئەمەش کارێکی لۆژیکی نییە. بۆ نموونە ئەوەتا مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لەو بەرگانەی کەشکۆڵەکەی دەیان شاعیری دۆزیوەتەوە هەر ناویان لە کولەکەی تەڕیش نەهاتووە. ئەگەر وابێ دەیان و بگرە سەدان شاعیری کورد لەبەرئەوەی ناویان لە مێژووی ئەدەبی کوردی نەهاتووە، ناسنامەی شاعیرییان پێ نادرێ، ئەوەتا خوالێخۆشبوو د.مارف خەزنەدار لە کتێبە چەند بەرگییەکەی، کە هێندە لەمێژنییە چاپ بووە، ناوی چەندان شاعیری نەنووسیوە، کە دیوانیان هەیە، نەک هەر شاعیرن. هەروەها قەت کتێبی مێژووی ئەدەبیات ڕێگە لە دۆزینەوەی دەستنووس ناگرێ، ئەوە پێوەرێکی زۆر ساویلکانەیە، دواتر هەر لەو ماوەیەدا چەندان دیوانی شیعری کۆنی شاعیرانی کورد لە ئەستەمبووڵ دۆزراونەتەوە و هەندێکیان تازە چاپکراون، ئەی بەوانە چ دەڵێین؟ کە هەر ناویشمان نەبیستوون، نامەوێ باس لە خانەی دەستنووسی ئێران بکەم، کە هەزاران دەستنووس و دیوانی تێدایە هی سەدان ساڵە و تا ئێستا چاپ نەکراون کە فارسین.

**٣. پێوەری بەکارهێنانی وشە:**

ناوەڕۆکی سەرەکیی بابەتەکەی نووسەر بریتییە لە بەکارهێنانی ئەو وشانەی زەینەب خان لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناون، ئایا هاوسەردەمی خۆی وجودی هەبووە؟! دیسان لەبەرئەوەی ڕوانگە و نییەتی باشی نییە، کەوتۆتە هەڵەی لۆژیکیی گەورەوە، لەلایەکەوە چەند پێوەرێکی بۆ سەرهەڵدانی وشە لە بواری شیعری کوردی داڕشتووە، لەلایێکی دیکەوە ئەگەر بە تەواوی شارەزای

ئەدەبیات و شیعری کوردی ببووایە، هێندە بە خێرایی بڕیاری نەدەدا، ئەو وشانە بۆ یەکەم جار زەینەب خان بەکاری هێناون، یاخود پێش ئەو هەر لە بواری ئەدەبیات و شیعردا هەر نەبوون.

لە ڕاستیدا بابەتەکەی مامۆستا درێژدادڕی و حەشوەییەکی زۆری تێدایە، بەتایبەتی لە بەشی یەکەمدا، چەندان جار بەمەبەستی جودا یەک ناوەڕۆکی دووبارەکردۆتەوە، وەکوو دیارە باسی لەوە کردووە، وشە و دەستەواژەکانی شیعرەکانی زەینەب خان بەراوردی بکەین بەو سەردەمەی ئەو شیعرەی تێدا نووسراوە، ئاخۆ ئەو وشانە لەو سەردەمەدا بوونیان هەبووە؟ ئەگەر هەشبوون! ئایا بەو مانایە بووە، کە لەم شیعرەدا مانایان بۆ هاتووە؟ (ڕامان: ٨٥/١)، ئەوەتا لە شیعری (سروشتی کوردستان) نووسەر باسی لەوە کردووە شیعرەکە لەڕووی وشە و دارشتنەوە زۆر پەتییە، زمانێکی تەواو نوێیە، تەنیا دوو وشە بە نموونە وەردەگرین (سروشت و وەرز) ئەوەی یەکەم سروشت وشەیەکە لە دوای شەستەکان (مەبەستی سەدەی ڕابردووە)وە بۆ (طبیعە)ی عەرەبی بەکارهات، بەڵام لە شیعری کلاسیکدا تا سالانی سییەکان و چلەکانیش هەر تەبیعەت بەکارهاتووە و سروشت جوانتر لە ڕێی زمانی فارسییەوە بە هەر جۆرێ بووە بە مانای سروشت بەکارهاتووە، ئەمەش لە دوای پەنجاکانەوە هاتووە بۆ ناو زمانەوە و بوو بە باو، بۆیە ئەم شیعرە کە دەستەواژەی (سروشتی ڕەنگینی) تێدا بەکارهاتووە نابێت هی سییەکان بێت، هەروەها وشەی (وەرز) کە بۆ (فصل) بەکارهاتووە نوێیە و دوای شەستەکان و حەفتایەکان لە زمانی کوردی بوو بە باو، تا بەوەی نووسەر گوتویە: ئەمەش بەڵگەیە کە ئەم شیعرە لە دوای حەفتاکان نووسراوە (ڕامان: ٨٥/١). سەیر لەوەدایە ئەگەر خوێنەر شیعرەکە نەخوێنێتەوە یەکسەر بڕوا بە قسەی مامۆستا دەکا، کەچی لە حەقیقەتدا وانییە، ئەگەر تەماشای شیعرەکە بکەی و بیخوێنیتەوە، زەینەب خان زۆربەی زۆری وشەی عەرەبی و سەردەمی کلاسیکی بەکارهێناوە، وەکوو (جۆش، دڵ، حوسن، پەردە، ناسۆر، حوزن، گوڵەباغ، سوێسن، شەوق، زەوق، مەست، کۆساران، سەنتوور، قەفەس) (دیوانی زەینەب خان، ٢٠١٨، ٦٢)، کەچی یەخەی دوو دەستەواژەی گرتووە و سەرتاپای شیعرەکەی ڕەتکردۆتەوە، ئایا ئەو وشانە تەواو پەتین و زمانێکی تەواو نوێیە. لە حاڵەتێکی دیکەدا هەر بە لۆژیکی خۆت مامۆستای بەڕێز بزانین وشەی سروشت چ شاعیرێک و کەی بەکاری هێناوە؟ ئەوەتا پیرەمێردی شاعیر لە سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوو وشەی سروشتی بە مانای تەبیعەت بەکارهێناوە، کە دەڵێ:

***سەرمەستی نەشئەی بادەی یەک مل بووین***

***زادەی سروشتی یەک ئاو و گڵ بووین*** (ل١٩١)

هەروەها لە شیعرێکی دیکەدا ئاماژەی داوە:

***کارخانەی دەستی خودای سروشتە***

***لە بەشەر ناکا حۆری بەهەشتە*** (ل١٧٨)

هەروەها شێخ نووری شێخ ساڵح شیعرێکی لە ڕۆژنامەی ژیان ژمارە (٤٧٥) ساڵی (١١) شەممە (١٨)ی نیسانی (١٩٣٦) بڵاوکراوەتەوە، (١٩٢٩) نووسراوە. ئیشارەی داوە:

***گوڵێ بە کردنەوەی نەو سروشتە، مەخلووقێ***
***قەڵەم بە دەستەوە، ئامادە، بەندەیی فرمان*** (ل ٢٠٠٨)

ئایا ڕاستە دوای شەستەکان و حەفتایەکان لە زمان و ئەدەبی کوردی بۆتە باو، ئەگەر پیرەمێرد و شێخ نووری باوەبن، ئەی کێت پێ باوبووە خۆ ئەوە لە کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوو بەکارهاتووە، جێگەی ئیشارەیە زەینەب خان وشەی (تەبیعەت)یشی بەکارهێناوە، (دیوان، ٧٥). جارێ هەر بە لۆژیکی خۆت لەگەڵت دەدوێین. لەبارەی وشەی (وەرز) ئەوەتا پیرەمێردی شاعیر بە هەمان شێوە وشەی وەرزی بە مانای فەصڵ بەکارهێناوە، کە دەڵێ:

***وەختی بە وەرزی تەرزی خۆش تەرزی***

***سەری بەرزئەکرد بە بەرگی سەوزی*** (ل ١٤٩)

توخوا ئەوەی پیرەمێرد پەتیترە، یان شیعرەکەی زەینەب خان، کە هەم لە زەینەب خان بەتەمەنتر بووە و هەم یازدە ساڵ پێش

> **«سەرەتا با ئەوەی بۆ ڕاست کەینەوە دەبوایە بڵێ: «پێکەوە ناگونجێن»، نەک پێکەوە گونجانیان نییە. نووسەر ئەگەر هەندێ زانیاریی هەبوایە، دەبوو بزانێ جەژنی پێکی ئایار جەژنی کرێکاران پێشینەیێکی دوورودرێژی هەیە»**

زەینەب خان وەفاتی کردووە، جێگەی ئاماژەیە حاجی توفیق ناسراو بە پیرەمێرد شاعیری بەناوبانگی کورد، زۆر هاوڕێ و ناسیاوی بنەماڵەی خادم سوجادە بووە و چەندان جار لەلای مەلا ڕەئووفی باوکی زەینەب خان ماوەتەوە.




هەروەها ئەسیریی شاعیر کە لە ساڵی (١٨٩٥) لە دایکبووە و پێنج ساڵ لە زەینەب خان گەورەترە و ساڵێک پێش زەینەب خان وەفاتی کردووە، وشەی (وەرز)ی بە مانای فەصڵ بەکارهێناوە، کە دەڵێ:

***تێپەڕی زوو ئەلەمانە وەرزی***

***وا لە خۆرئاوا ئەمێستا نوورە*** (ل ٩١)

ئەوەی نووسەر ئیدعای کردووە نە پیرەمێرد، نە ئەسیری لە شەستەکان و حەفتایەکان لە ژیاندا نەماون، ئەی چۆن وشەی وەرزیان بە مانای فەصڵ بەکارهێناوە، هەق وایە دووبارە بگەڕێیەوە سەر ئەو دیوان و کتێبانە کە بەشێکی گرنگی زمان و ئەدەبیاتی کوردین. هەروەها دەبێ بڵێین زەینەب خان وشەی فەسڵی بەکاهێناوە (دیوان، ٨٣).

لە شیعری (یێکی ئایار، جەژنی کرێکاران) نووسەر لە دیوێکی زمانەوانییەوە باسی کردووە، کە ئەم شیعرە سەرتاپای دەقێکە بە زمانی کوردی پەتی نووسراوە بە وشە و داڕشتن بۆ ساڵی حەفتاکان دەگەڕێتەوە، کە تەنیا چەند وشەیێکی عەرەبیی تێدایە، ئەوانی دی هەمووی وشەی نوێباوە، بۆ نموونە (نیشتمان، کرێکار، خۆبەخش) ئەم وشانە لە بیستەکان هەرگیز دەست ناکەون و لە نووسینی کوردی باو نەبوون. نیشتمان ئەوسا لە شیعری شاعیرانی بیستەکان و سییەکان هەر (وەتەن) بووە، کرێکاریش عەمەلە بووە، تا دەڵێ: وشەی (خۆبەخش لە هەشتاکانیش لە زمانی کوردی باو نەبووە، لە نەوەدەکان باو بووە (ڕامان: ٨٥/١-٨٦)

سەرەتا پرسیار ئەوەیە ئەگەر بە زمانی کوردیی پەتی (لای نووسەر کورد پەتییە، نەک زمانی کوردی) بۆ هەندێ وشەی عەرەبی بەکارهێناوە، لە ڕاستیدا زۆر وشەی عەرەبی بەکارهێناوە، کە ئێستا بەکار ناهێنرێن، لەوانە (ئەبەد، فەزڵ، قەدر، عیزەت، حیشمەت، عەیش و خۆشی، نەفخی ئاخر زەمان، زاتی ئینسان، بینایە) بۆ ئەو ئیدیعایە هەق وایە هەموو وشەکان بخرێنەڕوو، نەوەک ئەو سێ وشەیەی مامۆستا نووسیویە. هەروەها لەبارەی وشەی نیشتمان، شێخ نووری شێخ ساڵح بەکاری هێناوە، ئەوەتا دەڵێ:

***یەکەمین لاوی کوردستان***

***دڵسۆزی پاکی نیشتمان*** (ل ٤٦٥)

سەیر لەوەدایە نووسەر هەمان سەرچاوەی

بۆ باسەکەی بەکارهێناوە، زەینی دیوانەکەی شێخ نووری نەداوە، کە وشەی (نیشتمان) ی بەکارهێناوە، وەکوو دیارە پێشتر وشەی (سروشت)یشی بەکارهێناوە.

هەروەها پیرەمێردی شاعیر هەر زوو وشەی (نیشتمان)ی بەکار هێناوە، ئەوەتا دەڵێ:

***وەرە هەردووکمان ناڵەمان یەک خەین***

***بەڵکو بەم عیشقە نیشتمان سەرخەین*** (ل ٢٠٩)

ئەسیریی شاعیر وەکوو شاعیرانی پێشوو، پێش زەینەب خان وشەی (نیشتمان)ی بەکارهێناوە، ئەوەتا دەڵێ:

***تێت دەنێرم نەخشە جێی ئەوروپا زانایی تۆ***

***نەخشە جێیی نیشتمانت بۆچی نابینایی تۆ*** (ل ١٧٦)

یاخود دەڵێ:

***میللەتێ لاوی لە ڕێگەی سەربەخۆیی نیشتمان***

***بێتە بەر سێدارە، بێ ترس، دەم بە خەندە و پێکەنین*** (ل ٩٦)

جێگەی ئاماژەیە بێکەسی شاعیر لە شیعرێکی کە ڕێکەوتی ساڵی (١٩٢٨)ی لەسەرە وشەی (نیشتمان)ی بەکارهێناوە.

***ڕێی نەزانی بەربدەو ڕێی مەعاریف بگرەبەر***

***نیشتمانت زۆر کەساسە و ژینی هەر غەمباریە*** (ل ٧٢)

بێکەسی شاعیر نەک هەر دۆستی ئاصەفی برای زەینەب خان بووە، بگرە دڵدار و باوکی و زەینەب خان و سەعید ئاغای هاوسەری و براکانی دیکەی زەینەب زۆر دۆستی بێکەس بوون، ئەو کاتەی لە هەولێر فەرمانبەر بووە، زۆربەی کات لە ماڵی سەعید ئاغا بووە.

نەک هەر لە شیعر وشەی (نیشتمان) لە پەخشانیش برەوی هەبووە و باو بووە، ئەوەتا عەبدوڵڵا جەوهەر لەکتێبی ڕۆژگارێکی ئەدەبیی کوردی (١٩٢٠- ١٩٢١) کە خوالێخۆشبوو ئومێد ئاشنا کۆی کردۆتەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە، پەخشانێکی نووسیوە بەناوی نیشتمانپەروەر. لە وتارێکدا لە لاپەڕە (٣٣) حەوت جار ناوی نیشتمانی هێناوە و وتارەکە لە ساڵی (١٩٣٩) نووسراوە.

هەروەها میرزا مەنگوڕی شاعیر لە دیوانی جهانێکی ئازاد لە ساڵی(١٩٣٥) لە شیعری سرودی نیشتمانیدا دەڵێ:

***کوڕگەل نیشتمانمان جوانە***

***باخچەی خونچە و گوڵانە*** (ل ٤١)

جا ئەگەر سەرنج بدەین لەو شیعرەدا تەواوی وشەکانی کوردیی پەتین، دەکرێ بڵێین ئەو شیعرە لەبەرئەوەی زۆر پەتییە، دروستکراوە و ساڵی حەفتاکان نووسراوە، کە ئەوانەی زەینەب خان هێندە پەتی نین.

لێرەدا هەر بە لۆژیکی خۆی ئەوەمان خستەڕوو وشەی (نیشتمان) چۆن و کێ بەکاری هێناوە، گومان لەوە نییە گەلێ لە شاعیران وشەی (وەتەن)یان بەکارهێناوە، بەڵام ڕوونە ئەوانە شاعیرانی بیستەکان و سییەکانی سەدەی ڕابردوون، کە کاریگەریی گەورەیان بەسەر ئەدەبی کوردییەوە هەبووە، وشەی (نیشتمان) وەکوو کولتوور بەکارهاتووە، نەخاسمە پیرەمێرد سەرەڕای ئەدەبیات و شیعر، ڕۆژنامەنووسێکی گەورەی کورد بووە.

هەرچی لەبارەی وشەی (کرێکار)ەوەیە نووسەر زۆر بێ ئاگایە، هەندێ زانیاریی لە گیرفانی خۆی کردۆتە سەرچاوە، وادەزانێ تەواوی کورد بە کرێکاریان گوتووە عەمەلە، ئەوەتا سالمی شاعیر کە لە سەردەمی بابانەکانەوە ژیاوە، نەک بیستەکانی سەدەی بیستەم کە وشەی کرێکاری بەکارهێناوە:

***کرێکارانی ناکەس بۆ بناغەی کولیەیی دیهقان***

***لە خانەی کاولی نۆکەر پەیاپەی خشت کێشانن*** (ل ٥٨٣)

نەک هەر لە شیعر بگرە لە پەخشانی کوردیش وشەی کرێکار زۆر بەکارهاتووە، بەتایبەتی لە دەڤەری سلێمانی، ئەوەتا مستەفا سائیب لەکتێبی (ئەستێرە گەشەی کورد) لە ساڵی (١٩٢٩) چەند جارێک بەکاری هێناوە: « ی. ژ: ٢ موصل - بحوێرە- ڕۆژی دووشەمموو ٦ی مایسی ١٩٢٩ ئەمڕۆ شەش ڕۆژە لەم دەشتی (بعوێرە)یە دام ... سەرلەبەیانی یێکجار بێ

> **« چەندان دیوانی شیعری کۆنی شاعیرانی کورد لە ئەستەمبووڵ دۆزراونەتەوە و هەندێکیان تازە چاپکراون »**

تاقەت بووم، چونکە کرێکارەکانم کەم بوو، وە زۆریش بێ حەیا و خراپن و لە ترسی ئەوەی ڕانەکەن و پەکم نەکەوێ ناشوێرم هیچ دەنگ بکەم» (ل ٢٥٠). هەروەها جارێکی دیکە: «ی. ژ: ٦ ڕۆژی جومعە، ١٠ی مایسی ١٩٢٩، ئەمڕۆ (٩) کەری ترم بۆ هات لە موصڵەوە بۆ زیخ کێشان، وەختی دوای عەسر، خیوەتێکی تریشم بۆ هات بۆ کرێکارەکان» (ل ٢٦٥).

شایەنی باسە شێخ نووری شێخ ساڵح چەند جارێک باسی کرێکاری کردووە، ئەوەتا دەڵێ:

***ناردنی بۆ کرێکاری***

***بۆ قورگرتنەوە و بەردکێشان*** (ل ٤٥٨)

یاخود دەڵێ:

***کێ بیستویە کرێکارێ***

***پاچی لێ دا بە دیناری*** (ل ٤٥٩)

سەیر لەوەدایە نووسەر دیوانی شێخ نووریی کردۆتە نموونە بۆ بەکارهێنانی وشەی عەرەبی لە بیستەکان و سییەکان، کەچی ئەو شیعرانەی نەدیووە و لە هەمان کاتدا کردوویەتیە ڕەخنە لەسەر زەینەب خان، ئەوەیە کورد دەڵێ: لێرەدا بانێکە و دوو هەوایە. نموونەی زیاتر هەن لەسەر وشەی کرێکار، میرزا مەنگووڕی شاعیر لە ساڵی (١٩٣٥) لە شیعری (ئاشتی) دا دەڵێ:

***کە دەورەت لێیە و دڵدار***

***بە شادی ڕەنجبەر و کرێکار*** (ل ٤٠)

سەبارەت بە وشەی (خۆبەخش)یش، کە وشەیێکی لێکدراوە لە جێناوی (خۆ) و ڕەگی کاری (بەخش) پێکهاتووە، ئەم وشەیەش چەندان شاعیر و نووسەر بەکاریان هێناوە، لەوانە: سالمی صاحبقران و گەلێکی دیکە لێرەدا تەنیا نموونەی سالم دەهێنینەوە، ئەوەتا دەڵێ:

***قاصد نییە ئەم پەیکە، یەقین (خضر)ی نەجاتە***

***بەخشی بە منی موردە حەیاتێ لە سەلامەت*** (ل ٢٠٢)

هەروەها دەڵێ:

***سێ بە سێ یەک بە تەڵاق دەن، بادەکەش، بادوختی ڕەز***

***تا ئەبەد مەستی دەبەخشێ چاوی مەیگوون عاقیبەت*** (ل ٣٣٠)

هەروەها گومان لەوەدا نییە وشەی(خۆ) لەسەر زمانان باوبوو، هی ئەوە نەبووە، بڵێین مادام لە قامووس و فەرهەنگ بەکارنەهاتووە، کەواتە نابێ لە ئەدەبیات و شیعر بەکاربهێنرێ. بۆ لێکدانی هەردوو بەخش دواتر لەگەڵ چەند وشەیێکی دیکە سەرنجێکی گشتی دەخەینەڕوو.

بەشی دووەمی باسەکەی بەشێکی زۆری بۆ ئەو وشانە تەرخان کردووە، بە گوتەی خۆی لای شیعرەکانی زەینەب خان هەن و لەو سەردەمەدا بەکارنەهاتوون، لەسەر شیعری (ئینگلیزی داگیرکەر)دەڵێ: ئەم شیعرەش سەرتاپا نیشان دەدات، کە شیعرێکی نوێیە و بە زمانێکی کوردی پەتی نووسراوە و هی سالانی بیستەکان نییە. دەتوانین لەم شیعرەدا سەرنجی چەند وشە و دەستەواژەیێک بدەین وەک ( ئینگلیزی داگیرکەر، کەسایەتیی نیشتمان، ماف) ئەمانە وشەگەلێکن لە دوای سالانی حەفتاکان و هەشتاکان لە نووسینی کوردی بوون بە باو (ڕامان، ٨٢/٢).

لەبارەی (ئینگلیزی داگیرکەر) نووسەر ڕوونی نەکردۆتەوە، مەبەستی چییە، ئایا وشەی داگیرکەریان بۆ ئینگلیز بەکارنەهێناوە، یاخود هەر وشەی داگیرکەر بەکارنەهاتووە! ئەوەی لێرەدا پێویستە سەرنجی بخەینە سەر ئایا کورد، بۆ کەسێ یا هێزێک کە خاکێ یا زەوییێکی داگیرکردووە، چییان پێ گوتووە؟! مەعقولە هیچیان بەکارنەهێنابێ؟! خۆ نەیان گوتوە (موحتەل/محتل).

هەرچی لەبارەی وشەی (ماف)ەوەیە، سەیر لەوەدایە نووسەر پێی وایە لە دوای سالانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو وشەی ماف بەکارهاتووە، ئەوەتا ئەوڕەحمان بەگی بابانی شاعیر کە لە ساڵی (١٨٧٧ز) لەدایکبووە، لە دیوانەکەی لە جێی حەق مافی بەکارهێناوە:

***مافی تۆ چی بێ منیش لەم خاکە مافی تۆم***

> «
> **نووسەر دیوانی شێخ نووریی کردۆتە نموونە بۆ بەکارهێنانی وشەی عەرەبی لە بیستەکان و سییەکان، کەچی ئەو شیعرانەی نەدیووە و لە هەمان کاتدا کردوویەتیە ڕەخنە لەسەر زەینەب خان**
> »

**هەیە**

**تۆ جنوب و نـاوەوە من شاخ و ڕووبـاری شیمال** (٢٠١٧، ل ٢١٤)

گومانیش لـەوەدا نییە ئەو شاعیرە تەمەنی نەگەیشتۆتە سالانی حەفتاکان و هەشتاکانی سـەدەم بیستەم تا وشـەی ماف بەکاربێنێ، ئەوەش هێشتا هەر بە لۆژیکی خۆی وەڵامی دراوەتەوە، ڕەمزیی شاعیر لە ساڵی (١٩٤٤ز) وشەی مافی بەکارهێناوە:

**ڕەحمەتی حەق لەو قەدیمانەی کە فەرموویانە ماف**

**تا بە زۆر و زەبری شەق نەیسێنی هەرگیز نادرێ** (مارف خەزنەدار: ٦/ ٥٤٩)

هـەروەهـا سامی عــەودالّ و مینە جاف و شاعیری دیکـەش زۆر پێش ئـەو سالانەی نووسـەر ئیدیعای کردووە، بەکاریان هێناوە. بۆ ئەوەی درێژە نەدەینە باسەکە نموونەمان نـەهـێـنـایـەوە. هـەرچـی لـەبـارەی وشـەی کەسایەتییە لەگەڵ چەند وشەیێکی دیکە دوور لەو لۆژیکە دەگەڕێینەوە سەری.

هــەروەهــا لـە بـاسـی شـیـعـری (ئـینـسـان) نووسیویە: وەک شیعرەکانی دی لـەڕووی وشە و داڕشتنەوە تەواو زمانەکەی پەتییە. چـەند وشـەیـێک هـاتـووە، کـە ئـەوانیش لە دوای شەستەکان و حەفتاکانەوە لە نووسین بەدەرکەوتوون وەک (نەخشەی ژیان، کات، سەربەخۆیی) (ڕامان:٨٢/٢) هەروەها لەسەر وشەی کات درێژەی داوەتێ، کە وشەی (کات) لەدوای چلەکانەوە کەوتە ناو نووسین و بوو بە باو (ڕامان:٨٣/٢).

گومـان لـەوەدا نییە زۆربـەی فەرهەنگ و وشەدانی کوردی لە شیعرەوە سەری هەڵداوە، شیعری فۆلکلۆریش ڕۆڵـی سـەرەکـیی لە دەوڵەمەندکردنی قامووسی کوردی هەبووە. لەبەرئەوەی وشـەی (نەخشە) پێش ئـەوەی فەرهەنگ و قامووسە کوردییەکان جێگەی بۆ بکەنەوە، لە شیعردا بەکارهاتووە، شێخ نووری شێخ ساڵح کە نووسەر باشی دەناسێ، ئەوەتا بەکاری هێناوە:

**قەرەقۆشی ڕاسپێرراو**

**حاکمی نەخشە بۆ کێشراو** (ل ٤٦٦)

هەروەها ئەسیریی شاعیر پێویست ناکا بڵێین کەی ژیاوە و شیعری نووسیوە، ئەوەتا دەڵێ:

**تێت دەتۆرم نەخشە جێی ئەورووپا زانایی تۆ**

**نەخشە جێی نیشتمانت بۆچی نابینایی تۆ** (ل ١٧٦)

هەروەها دەڵێ:

**نـەخشە جێیێکی زەوی بێنە دە بنواڕە لـەوی**

**تێ بگە گەل چلۆن گردن لە چەن بستی زەوی** (ل ٢٥٥)

لە نووسەر دەپرسین لای ئەوانە و چەندانی دیکە هـەن وەکوو حەمە عەلی مەدهۆش و ڕەمـزیی شاعیر و هی دیکە بەکارهاتووە، ئایا ئـەوانـە دوای شەستەکان و حەفتاکان دەرکەوتوون؟

هەرچی وشەی (کات) گومان لەوە نییە نووسەر ئاگادارنەبووە، ئـەو وشـەیە بۆ یەکەمجار لـە فۆلکلۆری کوردییەوە بـەکارهـاتـووە و سەرچاوەی گرتووە، ئەوەتا باب و باپیرانمان دەڵێن:

**خواحافیزت بوو، زۆر ئینتیزارم**

**کـە لـەو کـاتـەوە، زسـتـان بـەهـارم** (بـوار نورەدین: ٢٠٠٧، ٨٧)

هـەروەهـا شاعیرانیش بـەکـاریـان هێناوە، ئەسیریی شاعیر دەڵێ:

**هـەیە خۆشتربێ وەلـێ ئـامـەدی زۆر زۆر کـەمتر**

**لە هەموو کاتێ ئـەوێ هـەر وەکـوو جەژنە شاران** (ل ٢٥١)

هەروەها هـەژار موکریانی کە شیعری (لای لایێ)ی لە ساڵی (١٩٤٤) نووسیوە، وشـەی (کات)ی بەکارهێناوە:

**ئەو کاتەی لەگەڵ کاکت دوو بە دوو**

**بکەن هاواری هەقی لەدەستچوو** (ل ٢)

هەرچی لەبارەی وشەی سەربەخۆییە، گومان لەوەدا نییە پێویستە کەسی کورد لەو وشەیە

> «زەینەب خان هەر لە زووەوە خەریکی کۆکردنەوەی بەرهەمی فۆلکلۆری بووە، ئەمەش خەزێنەیەکی دەوڵەمەندی وشەی کوردیی پەتی شاعیر بووە»

ڕابچڵەکێ، چونکە هەر لە سەردەمی گەشەی بیری نەتەوەییەوە ئەو وشەیە گەشەی سەندووە و بەرە بەرە بۆتە باو، حاجی قادری کۆیی وشەی (سەربەخۆ)ی بەکارهێناوە، دیارە بیری نەتەوەیی حاجی قادر لەچ پێگە و پایەیێک دایە، ئەوەتا دەڵێ:

***کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازاد و سەربەخۆ بوون***

***سوڵتانی موڵک و میللەت، ساحێبی جەیش و عرفان*** (ل ٩٦)

هەروەها ئەوڕەحمان بەگی بابان وەکوو گوتمان لە سەرەتای دوا چارەگی سەدەی نۆزدە لەدایکبووە، لە شیعرێکیدا کە لە ساڵی (١٩٢٧) نووسیوە، وشەی سەربەخۆیی بەکارهێناوە:

***هەرچی قەومێ کەوتەڕێ بۆ سەربەخۆیی سەرکەوێ***

***سیاسەتی ئینگلیز بە دوو پاشقوڵ لەڕێ گێڕایەوە*** (ل٥٧)

حەمدیی شاعیر کە نووسەر دەزانێ لە ساڵی (١٩٣٦ز) وەفاتی کردووە، وشەی سەربەخۆیی بەکارهێناوە:

***خەتتی دیوانی شکستەی گرد و لووتی بەرزی شاخ***

***واچە بۆ سەربەخۆیی کورەیی فەرمانتە*** (ل ٤٦)

هەروەها بێکەسی شاعیر چەندان جار بەکاری هێناوە، لەوانە:

***(بێکەس) قەتعی ئومێدی سەربەخۆیی قەت نەکەی***

***کوردەواری زیندووە، موحتاجی لوتفی بارییە*** (ل ٧٢)

هەروەها:

***میللەتێ لاوی لە ڕێگەی سەربەخۆیی نیشتمان***

***بێتە بەر سێدارە، بێ ترس، دەم بە خەندە و پێکەنین*** (ل ٩٦)

> **" نووسەر نموونەی وای هێناوەتەوە لە سەردەمی زەینەب خان زۆر لە هی زەینەب خان بە زمانی کوردیی پەتیتر نووسراوەتەوە، کەچی خۆی لێ نەبان کردووە "**

هەروەها:

***داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ***

***سەربەخۆیمان بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ*** (ل ٩٨)

لەبارەی شیعری (سەربردەی زەمەن) باسی لە وشەی (دەستنووس) کردووە، کە دەڵێ بە هیچ شێوەیێک لە بیستەکان و سییەکان بوونی نەبووە، بەڵکوو ئەم وشەیە لە دوای شەستەکان کەوتە ناو نووسینی کوردییەوە، لە هەموو نووسراوی ساڵانی سییەکان و چلەکان و پەنجاکان هەر (مخطوط) بووە (ڕامان: ٨٣/٢). ئەگەر نووسەر تۆزێ بە دیقەت بوایە یەکسەر ئەو حوکمەی نەدەدا، چونکە لە گۆڤاری هاوار ژمارە: (٧) (٢٥)ی تەباغ (ئاب) ساڵی ١٩٣٢ لە لاپەڕە (١٥٣) دووجار وشەی دەستنووس لە بری (مخطوط) بەکارهاتووە، هەروها لە ژمارەی دیکەش وشەی دەستنووس) بەکارهاتووە (هاوار: ١٩٤٣، دوا لاپەڕە) گومان لەوەدا نییە ماڵباتی بەدرخانیان ڕۆڵی گەورەیان لەو گۆڤارەدا هەبووە و بنەماڵەی خادم سوجادە بەتایبەتی باوکی زەینەب خان هاوڕێ و نزیکی بەدرخانییەکان بووە و ئەوان هاتوونەتە هەولێر و کۆیە و ئەوانیش چوونەتە شام، هەتا پەیوەندیی نێوان زەینەب خان و ماڵی بەدرخانییەکان لە پاش وەفاتی مەلا ڕەئووفی باوکی هەر بەردەوام بووە.

لەبارەی شیعری (کۆرپەی شیرینم) دەڵێ: سەرتاپا شیعرەکە لەڕووی ناوەڕۆک و شێوازی ئەدەبی و زمانەوە نیشان دەدات، کە هی ساڵی سییەکان نییە، لەم شیعرەدا سێ وشە بە نموونە وەردەگرین بۆ ئەوەی بزانین هی کام سەردەمە (مێژوو، ئاشتەوایی، وڵاتپارێز) (ڕامان: ٨٣/٢). گومان لەوەدا نییە زەینەب خان لە دیوانەکەیدا هەردوو وشەی (تەئریخ و مێژوو)ی بەکارهێناوە، دیارە هەر لە سەرەتای سییەکانەوە بەکارهاتووە، ئەوەتا لە گۆڤاری (هاوار) ساڵی یەکەم ژمارە (١٥) دووشەم (٢٣)ی کانوونی دووەم (١٩٣٣) لە وتاری (کۆی گەلان)دا لە نووسینی عەبدولخالق ئەسیری کەرکوکی دووجار وشەی (مێژوو) نووسراوە، لە کۆتایی

وتارەکەشدا بەم شێوەیە نووسیویەتی: بەم جۆرە گفتوگۆی مێژووی کورد بۆ نەکرا. هەروەها دووبارە لە گۆڤاری هاوار ژمارە (١٤) لاپەڕە: (٨)ی ساڵی: (١٩٣٣)، شیعرێک بە ناوونیشانی: (سکاڵا لە گردی سەیوان) لە نووسینی (هێمن) ناوێک بڵاوکراوەتەوە و دووجار وشەی مێژوو نووسراوە. یێکیان لە نیوە دێڕێکدا دەڵێت: (ئەتو سەیرکە بنواڕە مێژووت). لە نیوە دێڕێکی کۆتاییشدا دەڵێت: (ناومان هەر ماوە لەناو مێژووان). هەروەها کتێبێ لە ساڵی (١٩٢٨) بە ناوی مێژووی دوو ساڵەی کوردستانی جنووبی، (لە نویسراوان: ژۆنال سێزاڵی ئینگلیزی لە ساڵی ١٩٢٨ فۆڕم ٣ چاپ کراوە. لە کتێبی م. س. د. ف. س. لە ئینگلیزییەوە کراوە بە کوردی بە دەستی نویسراو، مدیری مەتبەعە و مەجەللەی زاری کرمانجی لە ڕواندز، س. ح. حوسێن داماو موکریانی، ٢٢ جیمادی ییکی ساڵی ١٣٤٧ە/ ٦ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٨. وەرگێڕدراوە بە کوردی). هەروەها لە سییەکان دوو ناوونیشانی دیکەی کتێب، بڵاوکرانەوە، کتێبی یەکەم: (مێژووی ناودارانی کورد هی عەسری سێزدەمی هیجری، لە ساڵی ١٢٠٠ هەتا ١٣٠٠ە کردەوەی خێوی زاری کرمانجی/ حسێن حزنی موکریانی، ١ تشرین دوی ساڵی ١٩٣١) کتێبی دووەم: (مێژووی کورد و نادر شاه، لە خاکی ایرانا، حسێن حزنی موکریانی لە ساڵی(١٩٣٤)

هەرچی وشەی وڵاتپارێزە ئەو پێی وایە لە ساڵانی نەوەتەکانەوە بڵاوبۆتەوە، بۆتە باو. نازانێ لەمێژە لە کوردستانی باکوور و ڕۆژئاوا بەکارهاتووە، لە دوو نموونەدا دیارە کەی و کێ بەکاری هێناوە، ئەوەتا لە نموونەی یەکەمدا وشەی (وڵاتپارێز) لە گۆڤاری هاوار ژمارە(٢٣)ی (٢٥)ی تەمموزی ساڵی(١٩٣٣) بەکارهاتووە (ل٣) لە نموونەییەکی دیکەدا جگەرخوێن لە شیعری (کەچا کورد) لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا دەڵێ:

***بەرە گوندی و ڕەنجبەر بی، وەلات پارێز و پەروەر بی***

***سپی بی یان تو ئەسمەر بی، وەکی فانوس و فندا بی*** (ل٢٣٦)

هەروەها مامۆستا هەژار لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا وشەی (وڵاتپارێز)ی بە مانای (نیشتمانپەرست) بەکارهێناوە (ل ٩١٤) گومان لەوەدا نییە مامۆستا هەژار وەکوو فەرهەنگ نووسێک چەندان ناوچەی لە پارچەکانی کوردستان دیوە و گەڕاوە.

ئەگەر ئەو پێوەرەی ئەو پشتی پێ بەستووە و فەرهەنگی کردۆتە سەنگی مەحەک، ئەوا (فەرهەنگی کوردستان)ی گیو موکریانی، وشەی وڵاتپارێزی بە مانای (نیشتمان پەرست) بەکارهێناوە (ل ١٢٨٠).

«یەکەمجار وشە شاعیر، یان نووسەر، یان سیاسەتمەدار، یان ڕۆشنفکر بەکاری دێنێ، ئەوجا دواتر دەچێتە فەرهەنگ»

نووسەر لەسەر شیعری (هەرمۆتە) تەنیا لەبەرئەوەی وشەی (داهاتوو) لە دەستەواژەی (بەهاری داهاتوو) بەکارهاتووە، گومانی خستۆتەسەر و دەڵێ: ئەو وشەیە ئێستا بۆ پاشەڕۆژ بەکاردێت، ئەو واتایە نوێیە لە دوای حەفتاکان پەیدابوو، لە سییەکان هەرگیز بەو مانایە نەبووە (ڕامان: ٨٤/٢). گومان لەوەدا نییە شێخ محەمەدی خاڵ لە فەرهەنگی خاڵ بەکاری هێناوە، لەبەرامبەر داهاتوو واتای گیانداری ڕامبوو، دارێکە بە مشار دوو لەت کرابێ، چاوێکە هاتبێتە گل، مووی شانەکراو، شتێکە تازە باوی سەندبێ، درەختی هەڵپاچراو (٢/ ل ٢٣٢٩).

هەروەها لە شیعری (خەبات و تێکۆشان) باسی کردووە، کە وشەی (ئاسۆ) بۆ یەکەمجار لەلایەن تۆفیق وەهبی وەکوو زاراوەییێک بەرامبەر بە (افق)ی عەرەبی دانرا و لە گۆڤاری گەلاوێژ ساڵی (١٩٤٢) بڵاوی کردەوە، دواتر ئەو وشە نوێیە بە خێرایی لە نووسینی کوردی بوو بە باو، بۆیە دەستەواژەی (ئاسۆی ژیان) زۆر نوێیە، زیاتر لە دوای حەفتاکان بڵاوبووەوە. (ڕامان: ٨٤/٢). ئەگەر سەرنج بدەین گۆرانی شاعیر لە ساڵی (١٩٣٣) لە شیعری هەوری پایز بەکاری هێناوە، دەبێ تۆفیق وەهبی لە کوێی وەرگرتبێ، ئەوەتا دەڵێ:

***بەفر ئاسۆی بلند بگرێتە چوارچێوەی بلووریني***

***لە چەمی هەڵسێ خورە و هاژەی شەپۆلی ئاوی خوێنینی*** (ل ١٣٦)

هەروەها مامۆستا گۆران لە چەند شیعرێکی

دیکەش بەکاری هێناوە، ئەوەتا دەڵێ:

**قوڵپ گەشی خوێنی جوانی دێتەوە لەشم**

**دیسان شەبەق ئەدا ئاسۆی ئاسمانی گەشم** (ل ٦٤)

یاخود:

**سبەینێ کە ڕۆژهەڵات لە ئاسۆ**

**ئەدا لە پرچی (خاوەن چاو) بێ تۆ** (ل ١٢٩)

هەروەها پیرەمێردی شاعیر لە سییەکان بەکاری هێناوە و چەند جارێک دووبارەی کردۆتەوە:

**سڵ و ئاو و ڕوو، گەردن بەرزی ئاسک**

**قاسپە قاسپی کەو لەسەر ئاسۆ و باسک** (ل ٢٠٩)

هەروەها دەڵێ:

**شەو شەو کراسی خومی خۆی داکەند**

**ئاسۆ بە شەفەق کەوتە شەکەر خەند** (ل ٢٤)

بێکەسی شاعیریش لەو سەروبەندەدا بەکاری هێناوە، ئەوەتا دەڵێ:

**سوپاس بۆ یەزدان یەزدانی گەورە**

**ئاسۆی هیوای کورد بێ تەم و هەورە** (ل ٨٨)

یەکەم بە گوێرەی ئەو پێوەرەی خۆت داتناوە، ئەو شاعیرانە زووتر لەوەی تۆ باست کردووە وشەی (ئاسۆ)یان بەکارهێناوە. دووەم بەبێ ئەوەی بچیتە ناو فەرهەنگەکانەوە، یاخود فەرهەنگ نووس و زانایێک ئیعلانی بۆ بکا، بۆتە باو، بۆیە وشەی باو هەر مەرج نییە، لە فەرهەنگ بێ، یاخود زۆر وشە هەیە فەرهەنگ نووسیویە و باویش نەبووە، ئێستا وشەی پێنووس جێگەی نەگرت، هەر قەڵەم بەکاری، لەمێژە پێنووس لە فەرهەنگەکان تۆمارکراوە، کەچی شاعیرەکان هەر قەڵەم بەکاردێنن.

> «دەکرێ زەینەب خان پێش وەفاتی لەساڵی (١٩٦٣) سەرتاپای شیعرەکانی دووبارە نووسیبێتەوە»

لە شیعری (منداڵانی بەچەشێر) باسی کردووە، کە وشەی (هزر) لە شیعرەکەدا نوێیە، ئەو وشەیە لە دوای نەوەدەکان لە شێوەزاری کرمانجی ژووروو هاتە نێو زمانی ستانداردی کوردیی ناوەند، لە سییەکان بەهیچ شێوەیێک ئەم وشەیە نەبووە، (ڕامان: ٨٤/٢). جێگەی ئاماژەیە و بەڕێز گیو موکریانی لە فەرهەنگی کوردستان بەرگی دووەم وشەی هزر: واتە بیر، یاد، تۆمارکردووە. (ل ٩٨)

لە شیعری (خوا ناسین) باسی کردووە، کە وشەی (نەخشە) تا دوای شەستەکانیش لە فەرهەنگەکانی خاڵ و مەهاباد بە مانای پلان و بەرنامە هاتووە، لە دوای حەفتاکان ماناکەی فراوان دەبێت بۆ نەخشە و پلانی ئابووری و سیاسی بەکاردێت، بۆیە وشەی (نەخشەسازی) لەم شیعرەدا وشەیێکە بۆ دوای حەفتاکان دەگەڕێتەوە، ئەمەش دووبارە بەڵگەمان بە دەستەوە دەدات، کە ئەم شیعرە لە دوای حەفتاکان نووسراوە. (ڕامان: ٨٥/٢). لە ڕاستیدا وشەی نەخش زیاتر وەکوو نەقش لە شیعری کلاسیکی کوردی بەکارهاتووە، هاوسەردەمەکانی زەینەب خان، ئەوەتا پیرەمێرد لە پەخشانێکیدا لە (١٥ی ئەیلوولی ١٩٣٢) نووسیویە:

***(وێنەیێکی بچکۆڵەی تۆم لەسەر سینەی خۆم بکێشایە و ببوایە بە نەخشی سەر دیدەم)*** (ل ١٨١)

هەروەها پیرەمێرد لە شیعرێکدا دەڵێ:

**ڕووی تۆ نەخشێکە و (جەلال)ی ناوە**

**سەیری سونعی ئەو بێ نوقتە ماوە** (ل ١٦٧)

هەروەها گۆرانی شاعیری هاوسەردەمی بەکاری هێناوە، ئەوەتا دەڵێ:

**کەم گۆشتی نەختێک کەڵەگەت نەخشێکە بۆی شان و چاکەت** (ل ٧٠)

هەروەها دەڵێ:

**حەقم بوو پەردەیی شەرم و حەیام دڕی، لام برد**

**بڕیمە نەخشی جەمالت، بەبێ حەزەر لە قسەت** (ل ٨٤)

لە شیعری (پرسیار)دا باسی لە وشەی (چرکەسات) کردووە، دەڵێ: ئەمەش وشەیێکی زۆر نوێیە، ڕەنگە دوای هەشتاکان هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە، ئەم وشەیە لەهیچ یەک لە فەرهەنگەکانی خاڵ و مەهاباد و کوردستان و هەنبانە بۆرینەدا نییە. (ڕامان: ٨٥/٢). شێخ محەمەدی خاڵ لە فەرهەنگی خاڵ باسی چرکەی کردووە،

کە جۆرە دەنگێکە وەکوو دەنگی سەعات یا بنمیچ، (چرکە چرک) چرکەی یەک لە دوای یەک (چرک و هۆڕ) چرکە چرکی زۆر (ل ١٦٩).

### ٤. سەرنجە گشتییەکان و ئەنجام:

هەرچی لەبارەی وشەکانی (خۆبەخش، کەسایەتی، ئاشتەوایی، چرکەسات) دەپرسین، ئایا دەکرێ لەنێو کۆمەڵێ ئیحتیمال، خراپترین ئیحتیمال هەڵبژێری، کە ئەویش ڕەفزکردنەوەی شیعرەکانە لەبەر چەند وشەیێک. لەم بارەوە دەگەینە ئەو سەرنج و ئەنجامانە:

یەکەم: ئیحتمالی ئەوە هەیە ئەو کاغەزانەی وەکوو دەستنووسی شاعیر بڵاوکراونەتەوە، دەست و خەتی زەینەب خان نەبن، ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی زیاتر هەیە.

دووەم: ئیحتیمالی دیکە ئەوەیە، کەسێ جارێکی دیکە شیعرەکانی لەسەر دەستنووسی شاعیر نووسیوەتەوە و دەستکاری هەندێ وشەی کردووە، ڕەنگە مامۆستا حیکمەت کە خۆی مامۆستای کوردی بووە، یان هەر کەسێکی دیکە دەستکاریی کردبێ.

سێیەم: دەکرێ زەینەب خان پێش وەفاتی لەساڵی (١٩٦٣) سەرتاپای شیعرەکانی دووبارە نووسیبێتەوە.

چـــوارەم: ئەگەر لە حاڵەتێکدا هەندێ دەستنووسی زەینەب خان و خەتی خۆی دۆزرایـــــەوە، ئایا وەڵامت چی دەبێت، لەبەرئەوە ئەگەر جەنابت یەکسەر پەنا بۆ ئیحتیمالی پێنجەم ببەی، ئەوە ئیشی توێژەر نییە.

پێنجەم: ئەو نموونە و شیعرانەی سەرەوە پێمان دەڵێن یەکەمجار وشە شاعیر، یان نووسەر، یان سیاسەتمەدار، یان ڕۆشنفکر بەکاری دێنێ، ئەوجا دواتر دەچێتە فەرهەنگ، نەوەک بە پێچەوانەوە، ئەوەی تۆ کردووتە پێوەر بە واتا شاعیرێک بگەڕێ بزانێ چ وشەیێک لە فەرهەنگ هەیە، جا بەکاری بێنێ، قەت شاعیرانی وەکوو گۆران و هێمن و شێرکۆ بێکەس دروست نەدەبوو، بگرە زۆربەی شاعیرانمان سەرچاوەی فەرهەنگی کوردین، هەتا شیعرە فۆلکلۆرییەکانمان لە ڕیزبەندیی هێنانە نـاوەوەی وشـەی کوردی پێشەنگن. یاخود دەپرسین گۆران و پیرەمێرد و شاعیرانی دیکە چاوەڕێی فەرهەنگەکانیان کردووە، ئەوجا بەکاریان هێناوە، ئەم لۆژیکەش لەجێی خۆیدا نییە. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، کە زەینەب خان هەر لە زووەوە خەریکی کۆکردنەوەی بەرهەمی فۆلکلۆری بووە، ئەمەش خەزێنەیەکی دەوڵەمەندی وشەی کوردیی پەتی شاعیر بووە و ئەگەر سەرنجی شیعرەکانی نێو کتێبەکە، کە ئەمساڵ لەلایەن مامۆستا عەبدولخالق عەلائەدینەوە چاپبووە، بدات، هەروەها ئەو وتارەی لەلایەن زمانزان و فەرهەنگ نووس مامۆستا عەبدولوەهاب شێخانی، سەبارەت بەو کتێبە، نووسراوە، ئەوا ڕەنگە ڕاییکی دیکەی ببێت.

شەشەم: سەیر لەوەدایە نووسەر نموونەی وای هێناوەتەوە لە سەردەمی زەینەب خان زۆر لە هی زەینەب خان بە زمانی کوردیی پەتیتر نووسراوەتەوە، کەچی خۆی لێ نەبان کردووە، بەتایبەتی پیرەمێرد و گۆران، بە میزاجی خۆی باسی زمانی کوردیی پەتیی کردووە. یاخود لە نموونەی نووسینی کوردی بۆ پەنای بۆ گۆڤارێ بردووە، کە وشەی عەرەبیی زۆری تێدایە، کەچی لە گۆڤاری (هاوار) هاوسەردەمی بە زمانێکی کوردیی پەتی نووسراوە، پشتگوێی خستووە.

### سەرچاوەکان:

#### کتێب:

١- سالم: دیوانی سالم عەبدولڕەحمان بەگی صاحبقران بەرگی یەکەم ساغکردنەوە و لێکدانەوەی م. عەبدولکەریم مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم و محەمەدی مەلا کەریم، ئامادەکردن سەدیق ساڵح، بنکەی ژین ٢٠١٥.

٢- هـاواری دڵ، (گۆرانیەکانی مامۆستا مەزهەری خالْقی): ئا: بوار نورەددین چاپی پێنجەم، ٢٠٠٧، سلێمانی.

٣- هەژار موکریانی: بۆ کوردستان (دیوانی شیعر)، چاپی هەشتەم، انتشارات سننج، ١٣٨٥.

٤- هەژار: هەنبانە بۆرینە (فرهنگ کوردی-فارسی)، چاپی دوازدەهەم، ١٣٩٨، تهران.

٥- هەژار: گەلاوێژ.

٦- عەبدوڵڵا گۆران: دیوانی گۆران، سەرجەم شیعرەکانی عەبدوڵڵا گۆران، کۆکردنەوەو پێشەکی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی تاران، ١٣٨٢.

٧- بەشێک لە دیوانی ئەوڕەحمان بەگی بابان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی مەلا مەحمودی گەلاڵەیی ١٨٧٨ - ١٩٦٧/ چاپی دووەم ٢٠١٧ زایینی.

٨- حاجی قادری کۆیی: دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: سەردار میران و کەریم شارەزا، بڵاوکراوەی کوردستان، سنە، ١٣٩٠.

٩- ئەحمەد بەگی صاحبقران (١٧٧٨- ١٩٣٦)، دیوانی حەمدی، ساغکردنەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسینی جەمال محەمەد و محەمەد ئەمین، ١٩٨٤.

١٠- مستەفا سایب، ئەستێرە گەشە ی کورد، کۆ و ساخکردنەوە و لێکۆڵینەوەی کەمال ڕەئووف محەمەد کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٨.

١١- پیرەمێرد، دیوانی پیرەمێرد، موحەممەد ڕەسوڵ هاوار، ناوەندی بڵاوکراوەی (کانی کتێب)، تاران، ١٣٩٧.

١٢- شێخ نووری، دیوانی شێخ نووری شێخ سالْح، بەرگی یەکەم، ئازاد عەبدولواحید کۆی کردۆتەوە و ساغی کردۆتەوە و لەسەری نووسیوە، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

١٣- ئەسیری، دیوانی ئەسیری ئامادەکردن و پێشەکی د. کوردستان موکریانی پێداچوونەوە و بەراورد ئەحمەد تاقانە، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٤- فائق بێکەس، دیوانی بێکەس کۆکردنەوەی ئومێد ئاشنا، انتشارات کردستان، چاپی دووەم ١٣٩١.

١٥- مینە جاف، دیوانی مینە جاف، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی مستەفا نەریمان، پێشەکی د. حەسەن جاف.

١٦- گیو موکریانی: فەرهەنگی کوردستان، ئامادەکردنی: کوردستان موکریانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەلات، هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠١٧.

١٧- شێخ محەمەدی خاڵ: فەرهەنگی خاڵ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەلات، هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠١٧.

١٨- عەبدوڵڵا جەوهەر: ڕۆژگارێکی ئەدەبیی کوردی، ئومێد ئاشنا کۆی کردۆتەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە، ١٩٢٠- ١٩١٢.

١٩- د. مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٢٠- جگەر خوێن، دیوانی جگەر خوێن، گولبژێرێک ژ هەلبەستێن وی، بەرهەڤکرن: هەڤال زاخۆیی، ئەڤراز حسێن، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٧.

**- گۆڤار و ڕۆژنامە:**

٢١- گۆڤاری هاوار ژمارە (٢٣)، ساڵی، ١٩٣٣.

٢٢- گۆڤاری هاوار ژمارە (١٤)، ساڵی، ١٩٣٣.

٢٣- گۆڤاری هاوار ژمارە (٧)، تەمموزی ١٩٣٢.

٢٤- گۆڤاری هاوار ساڵی (٣)یەم، ژمارە (٢٥)، (١٩)ی ئابی ساڵی، ١٩٣٤.

٢٥- سوداد ڕەسووڵ: دیوانی زەینەب خان، ڕاستییە یا وەهم ، گۆڤاری ڕامان بەشی یەکەم، ژمارە (٢٦٦) و بەشی دووەم، ژمارە (٢٦٧) ساڵی (٢٠١٩).

# بەریکانە و ڤەدیتنا بەهرەیان

بەریکانە بەتیلەیا هەلکرنا گیانێ هەڤرکیێ یە، ئەو لیگەڕیانا نڤیسەرییە ل دەلیڤەیا ڕێزلێنانێ ل بەهرەیا خۆ، و ب سەرکەفتنێ باوەری ب شیان و بەهرەیا خۆ موکمدبیت، پشتراستدبیت کو یێ ل سەر رێیا راست، ئارمانجا سەرەکی یا بەریکانێ پەیداکرنا دەلیڤەیێ یە لپێش دیارکرنا بەهرەیانە نوی، یا گرنگ کەس د ڤێ بریکانێ دا سەرکەفتی هەیە لێ دوراندی نینە.

داهێنەرترین داهێنەر نە ئەوە یێ داهێنان کری، بەلکو ئەوێ داهێنەر چێکرین. و ب ڤەکرنا دەرگەهێ بەریکانەیان، پەیداکرنا دەلیڤەکا یەکسانە بۆ دیارکرنا شیانانێن جودایە، چنکو ئەڤ شیانە پتر وەکو کەرەستەیەکێ خاڤن، پێدڤی ڤەدیتن و ئاراستەکرنێنە. ئەم کورد دبێژین (بووکا سالێ، بەردە مالێ)!

لایێ ئەدەبی تایبەتمەندییا خۆ هەیە، داهێنەرێ دەقێ ئەدەبی ب خۆ خودان شیانە، لێ ژ کێم سەربۆر و شارەزاییێ یان لەزاتی ئاساییە شاشی و کێماسی د دەقی دا هەبن، لڤێرە ئەرکێ هەلسەنگاندنێ ئەوە پشتی راگەهاندنا ئەنجامان بکێمی رۆهکرنەک هەبیت، نە لدور ئەنجامان بەلکو بشێوەیەکێ گشتی لدور خالێن بهێز و لاواز د دەقان دا. و ئەڤە نەئەرکێ لایەنێ رێکخەرێ بەریکانێیە، بەلکو دکەڤیتە بەروکا لیژنەیا هەلسەنگاندنێ و رەخنەگران.

هەکە ئەڤ دەقێن شاکار دەستپێکا ڤەرێژا هزرێن هوسا جوان و کویرێن ڤان گەنجان بن، دگەل ئاراستەکرن و چاڤدانی ل پاشەرۆژێ دێ مە نڤیسەرێن وێژەڤان و هزرمەند هەبن. وەکو خواندەڤان دێ بزاڤێ کەم لگورەی شیانێ دیتن و بۆچوونێن خۆ دیارکەم، و پەیامەکا دەستخۆشیێ دگەل تێبینیێن کەسی بۆ چیرۆکنڤیسان ئاراستەکەم. ئەوێن ل ئێڤارییا رۆژا ٢٠٢٢/٦/٢٧ێ ژ لایێ ناڤەندا خانی ب هەڤکاری دگەل نوبار جەعفەر مایی ل هۆلا پانوراما ئازادی هاتییە گێران.



موحسین عەبدولرەحمان

**پێناسەیا کورتەچیرۆکێ:**

کورتەچیرۆکێ گەلەک پێناسە هەنە ژ وان: ئەو ئێک ژ گرنگترین ژانرێن وێژەیی یە، و بریتییە ژ ڤەگێرانەکا پەخشانکی ب مەبەستا پێشاندانا رویدانەکێ، کێشەیەکێ، بابەتەکی یە د دەم و جهەک سنوردار دا، کو لایەنەکێ ژیانێ ڤەدگریت، بۆ گەهاندنا پەیامەکێ و هنگاڤتنا ئارمانجەکێ، تەڤنێ وێ بشێوەیەکێ هۆنەری دهێتە رستن، بۆ راکێشانا بالا یێ دی بۆ ئارمانجا مەبەستدار.

**گرنگترین بنەماێن کورتەچیرۆکێ:**

• گرێ: گرنگترین بنەمایێ چیرۆکێ یە، ئەو هێڤێن و کوپیتکا رویدانێ یە، کو ددویڤدا چارەنڤێس یان ئەنجام دهێت، گرنگییا گرێیێ

**داهێنەرترین داهێنەر نە ئەوە یێ داهێنان کری، بەلکو ئەوێ داهێنەر چێکرین**

ل سەر بنەما و تۆخمێ پەرۆشیێ متمانەیێ دکەت، و چەند گرێ ئالۆز و درێژتربیت، بنەما و ناڤەرۆک پەرۆشتردبیت.

• هەڤرکی: ئەو رویبرویبوونا د ناڤبەرا کەساتییێن چیرۆکێ دا یە یان د ئێک کەس دا (دەروونی ، مانالوج) رویددەت.

• ژینگەه: هەر تشتێ گرێدای دەم و جهی یە، کو شەنگستەیێ گرنگە د پێکهاتەیێ چیرۆکێ دا.

• شێواز: ئەو دەربڕینە ژ رێکا چیرۆکنڤیس دگریتەبەر ژبۆ سەرنەجراکێشانا وەرگری.

• کەساتییێن چیرۆکێ:

١- کەسێ سەرەکی: کەسێ ئێکی و سەرەکی و کاریگەرە و بەرپرسە ژ رویدانان.

٢- کەسێ لاوەکی: د گرنگیێ دا نەکێمترە ژ کەسێ سەرەکی و ب رۆلێ گرنگ رادبیت.

> “ ژانرێن وێژەیی ب گشتی و کورتەچیرۆک بتایبەتی، روانگەنە بۆ لایەنێن ژین و ژیارێ ژ لایێن جڤاکی، ئابووری، دەروونی، باوەری، سیاسی ”

کەساتی د کورتەچیرۆکێ دا ناڤەند و شەنگستەیە، د هۆندر وێ/وی دا هزر دگەهن و رویدان دهێنە پێشاندان، ژ ساخلەتێن کورتەچیرۆکێ کێمیا کەساتییان و کورتییا دانۆستاندنێ یە، دیسان کەساتیێ د کورتەچیرۆکێ دا چەند رەهەند هەنە:

١- رەهەندا جەستەیی: وەکو بەژن، تەمەن، کەود، رەنگ...ئانکو رۆخسارێ پێشچاڤ ب گشتی.

٢- رەهەندا دەروونی: سەرەدەریا کەسی، هزر، هەست، هەلچوونێن دەروون...

٣- رەهەندا جڤاکی: بریتیە ژ رەوشەنبیریا کەسی و چالاکی و تەخا جڤاکی و پیشە..

گرنگترین بنەمایێ کورتەچیرۆکێ ناڤەرۆکە، ئانکو هزر، ئارێشە، هەلویستێ هاتییە پیشاندان، و نەگرنگە چارەسەری بۆ بهێتە ڤەدیتن یا نەخێر، لێ یا بۆ خواندەڤانێ گرنگتر ئەوە یا بالا وی دگێشیت، کو بەردەوامیێ ب خواندنێ بدەت، لەورا فەرە چیرۆکنڤیس گرنگترین کاراکتەر لبەر چاڤوەرگریت، کو ب جوانناسیێ دهێتە نیاسین، وەکو رەوانبێژی، رۆهنی، کورتی، خوازە و شێوەیێ دارشتنێ وەکو یاریکرن ب پەیڤان، کو بنەما و کارکتەرێ هەرەگرنگێ سەرکەفتنا هەر دەقەکێ وێژەییە، دیسان چاوانییا دەستپێککرن و کلیلدانا نشکڤین یا گۆنچای و نەچاڤەرێکری.

ئەڤ هەمی کەرستە د زەڤیا زمانی دا کومڤەدبن، ئانکو بەری هەر تشتی و هەرەگرنگ زمانێ ڤەگێڕانێیە، کو تاکە ئەلەمنتا گەهاندنێیە، زمان نەتنێ ڤەگێڕانە، بەلکو پتر ئەو دادنەنیاسینا ناسنامەیەیا دەقییە، د شاکارێن جیهانی دا ئەگەر ب پەیڤەکێ، نیشانەکێ، ناڤەکی، هێمایەکی.. ناسنامەیا دانەر و ئافرێنەرێ دەقی دهێتەنیاسین، چ ئەو ناسنامە نەتەوەیی، ئۆلی، جوگرافی... بیت. لێ مخابن چیرۆکێن مە ئەڤ لایەنە نیمچە پشتگۆهئێخستییە، و ئەڤە شێلیبوونا ئاستێ هزریێ پتریا نڤێسینێن مە یە، رۆهنتر دبێژم ئارمانجا نڤێسینێ بۆ مرۆڤییە، ئەگەر ئارمانج مرۆڤێ کوردنەبیت، ب کوردی بۆ کێ دنڤێسن، ئەگەر مرۆڤێ مە و زمانێ مە ژ هەر تشتی پیرۆزترنەبیت، چاوا دێ خزمەتێ بۆ کەین و پێشئێخین!

لڤێرە دێ ڤان هەمی لایەنان هێلم، چنکو بۆ ڤی بابەتی نەدگرنگن یان بۆ خواندەڤانی د گەهی و بەرنیاسن، و تنێ دێ بەحسێ لایەنێ جوانناسیێ کەم، جوانیێ و جوانناسیێ د کورتەچیرۆکێ دا راکێشانەک وەکو راکێشانا زەمینی بۆ سێڤا نیوتنی هەیە، لی جوانییا چیرۆکی وەکو دلدارایا سوفیێن کورد ژ هەر جوانییەکێ ناوازەیە، ئەو دلبەر و دویڤکەفتی و پەرستییە! ئانکو ئەوا ب زمانی ماندەلبکەت، ب دلی پەسەند دکەت، لەورا دبینین مرۆڤی ژ زارڤەکرنا سرۆشتی دەستپێکرییە، هەر ژ سادەیا نیگارکرنا ل سەر دیوارێن شکەفتان تا دگەهیتە داهێنانا ئەندازەیا باخچەیێن هەلاویستی، ژ هۆنەران و جوانناسییا وێژەیی د داهێنانێ دا پشکداری هەبوویە، هەر ژ هۆنەرێن شێوەکار تا ژانرێن وێژەیی وەکو ئەفسانە و داستانێن مەموزین، زەمیلفرۆش، روستەمێ زال...، کو ژ وان هەڤوکێن جوانناسیێ د داگرتینە، یێن وەرگری ب خۆڤەگرێددەن، لێ یا ڤەگێڕانێ هند ئازادیێ ددەتە داهێنەری کو وێ ژ دەستهەلاتا هێل و راستە، هەڤتەریب و یەکتربڕ، کوژی و سیبەر... دەردئێخیت، ئەڤە هەمان داهێنانا جوانناسیێ یە، لەورا خواندەڤانێ رەخنەگر وەکو زێرینگرێ کانزا دروست ژ یێ سەختە دڤاڤێریت، وەسا بساناهی دەقێن داهێنەر جودادکەت، د ڤەگێڕانێ دا تنێ جوانناسییا داهێنەرانە؛ دشێت دەستهەلاتا دەقی ب سەپینیت.

ژانرێن وێژەیی ب گشتی و کورتەچیرۆک بتایبەتی، روانگەنە بۆ لایەنێن ژین و ژیارێ

ژ لایێن جڤاکی، ئابووری، دەروونی، باوەری، سیاسی...، چاڤێ چیرۆکنڤیسی زوما زەرەبینا کامیرێ یە، هویریێن ژیانا رۆژانە ژ ژیارا جڤاکی دگریت. ئەم دگەل هەر دەه چیرۆکنڤیسان د دیتنا وان تشتان دا پشکدارێن، لێ د دەربرینێ دا /بینین/ ئەو ژ مە ناوازەنە! و ئەڤە سەرپشکییا کەسێ نڤیسەرە!

کورتەچیرۆک بیروکەیەکا تیر و چڕوپڕە و تێکەلەیا دیمەنەک ئالۆزە ژ هەلویست و رویدانان، کو د هۆندر دا چیرۆکنڤیس د پتریا کاودانان دا چاڤنێریا ژیوارێ هەنوکەیی و پێشبینییا پاشەرۆژێ دکەت.

دوو بنەما و سیماییێن هەرە فرەن دڤێت چیرۆکێ دا هەبن، ئەوژی رەگەزێن سەرسۆرمان و نشکڤینن، ئەو د ناڤ ڤەگێڕانێ دا بشێوەیەکێ نەچاڤەڕێکری، وەکو پەقیشکا ب سەر ئاڤێ دکەڤن؛ دیاردبن، لداویێ پێدڤییە ناڤەرۆک و گۆتارا دەقی رەهەندەکا مرۆڤینی هەڤپێچ بکەت و ب خۆڤەبگریت، دا وەک وێژەیەک مرۆڤینی بهێتە هژمارتن و بمینیت، فەرە ب سالۆخەتێن بەردەوامییێ ژ یەکە و بارکەیێن ڤەژاندنێ یا بارکری بیت، چنکو ئەو دەقێن دهێنە نڤیسین و تومارکرن کەلەکن، لێ یێن زیندی و بێدار دمینن، وەکو کولتۆرێ مرۆڤینیێ کێمەکن، کو د پەرتووکخانەیێ دا پتر وەکو ئەنتیکەک ل مۆزەخانەیێ دهێنە دیتن، کو چەند دەم ب سەرڤەبچیت بهادارتردبن.

## چیرۆک د چ ژینگەه دا گەشەیێ دکەت:

ئەو هەڤرکی د ناڤبەرا کورتەچیرۆکێ و ژانرێن دی یێن وێژەیی؛ و تا راددەکێ د ناڤبەرا وێژە و هۆنەری دا پتر و گەرمتر دکەڤیتە دەڤەرێن تۆخیبی، ئەو هەڤرکەیا جوانناسی یا مەزنە، ئانکو مێژوویەکا درێژ د جوگرافییەکا بەرتەنگ دا د بیاڤەکێ سنورداری سێیانە رەهەندی دایە.

کورتەچیرۆک وەرگری هاندەدت ئاشۆپەکرن و پشکداریکرنێ د دەقی دا، وەکو (رولاند بارت) ی ئەوێ د گۆتنا خۆ ل سالا ١٩٦٧ێ دیارکری (ئەم ب کوشتنا دانەری وەکو سەروەرێ دەقی ئاگەهدارکرین، و رابوونەڤەیا خوندەڤانی وەکو تێگەهشتی و راڤەکەرێ دەقی).

لێ چیرۆکنڤیس و رەخنەگرێ ئایرلەندی (فرانگ ئوکنور) د پەرتووکا (دەنگێ تەنیابوونێ -١٩٦٣) دا دبێژیت دەنگێ کورتەچیرۆکێ (دەنگێ تاکییە) دەنگەکێ کویڤی و تێهزرینەرە ژ هەلویستەکێ ژ، ژ خواندنەکێ د، جڤاکی دا



> «ئەڤا بوری و ئەڤا دهێت ژ خواندنا مە بۆ کومەلەیا کورتە چیرۆکێن (ژبەرهەمێن گەنجان(٢) دێ دوو خالان بەحسکەم، ئەوژی لایەنێ جوانناسیێ یە، کو تا راددەکێ خاڤی و سستیەک تێدا هەیە، و خالا دوویێ مژارا ناسنامەیێ یە!»

یان ژ رویدانەکێ، لپەی ئونوری کورتەچیرۆک گریدای کومێن کەسێن قەیرانگرتی و نیگەران، پەراوێزکری و چەوساندی و ڤەدەرکرینە، ئەوێن ژ فشارێن جڤاکی دنالن. لێ بۆچی کورتەچیرۆک ل روسیا و ئەمریکا و ئایرلەندا گەشەکر و ل بریتانیا کزبوو، سەرباری کو بریتانیا لانکا رۆمانێ یە، چنکو بریتانیا تا راددەکێ یا چێگیربوو، و هاولاتیێن بریتانی خەلکەکێ گەلەک یێ باوەری ب خۆ بوویە! ئانکو کورتەچیرۆک د ناڤ جڤاکێن ژێکڤەبووی و پڕی هەڤدژی و ناکوکی دا گەشەی دکەت.

**جوانناسییا زمانی:**

زمان ئەو کودە* یێ پێکهاتێ کورتەچیرۆکێ تێدا هەبوونا خۆ یا ژیواری وەردگریت١ لەورا چیرۆکنڤیس پێدڤی ب ئامانەکێ زمانەڤانی هەیە، چنکو جوانناسی د وان پەیڤ و هەڤوکان دایە، ئەوێن چیرۆکنڤیسی دڤێت بگەهینیتە وەرگرێ، لەورا ڤیابیت پەیڤێن دەستلێدای دل و عەقل و هەستێن خواندەڤانی بن، د ڤەگێرانێ دا فەرە چیرۆکنڤیس زمانەکێ وێژەیی بلند بکاربینیت، لێ دەمێ کاراکتەر دپەیڤن ئاساییە کو بزمانەکێ کولانکی باخڤن، وەکو د ژیواری دا ئەو دئاخڤن، زێدەباری لبەر چاڤوەرگرتنا ئاستێ وان یێ هزری و رەوشەنبیری، چنکو زمانێ بهێز و رەوان جوانناسیێ ل چیرۆکێ زێدەدکەت، و جوانناسی دێ مینیت تایەکێ هەرەگرنگ ژ تایێن تیورا وێژەیی، و چ پەیڤێن لدور وێژەی بێی جوانناسی دێ دکەج و شلەیێ بن. دارشتنا شاش و پەیڤێن بیانی دێ زمانەکێ کەج بەرهەمئینن، چنکو خواندەڤانێ پێگەهشتی دێ هزرکەت، ئەو یا دروستە، لەورا پەتیبا زمانی ژ مەرجێن بنگەهینە، ئەو باوەرنامەیامەیا ناڤەندێ ب سوپاسیڤە دایە سەرکەفتییان، ل شوینا (سوپاسی و رێزلێنان)، ل سەر نڤێسیبوو (شکر و تقدیر)، هەلبەت ئەو شاشیەک نەبدەستە و دبیت هەر پێشوەخت نەهاتبیتە دیتن!

دارشتنا هەر هەڤۆکەکێ؛ هزرەکا ژیر و ژیندار لپشت هەیە د بزڤینیت، ڤێجا ئەوێ کورتەچیرۆکەکێ بنڤێسیت، چەند هزر و زانین و زانیاری هاندەربوونە، هایدان ژ چ حەزکرن وەرگرتییە؟ لەورا ڤان چیرۆکنڤێسان باشترین شیانێن خۆ مەزاختینە ژبۆ جوانترین دەق ب شاکارترین رەنگ پێشکێشی مە خواندەڤانان بکەن، د دیتنا وان دا دبیت ئەڤا نڤیسی گرنگترین بابەت و مەزنترین رویدانا هەژی نڤیسینێ بیت هاتییە سەر هزرا وان، کو پێدڤییە بهێتە بەحسکرن، پشتراست ئەوان هەولدایە ب جوانترین تەکنیک و باشترین دەربرینا رەوانبێژی ب دارێژن. د بەرامبەر دا ئەڤا دبێژم، دیتن و بۆچوون و خواندنا من یا کەسییە، لەورا راستی و دروستی تێدا رێژەییە، ب وێ هیڤیێ کو ئارمانج رەخنەیەک ئاڤاکەر بیت.

ئەڤا بوری و ئەڤا دهێت ژ خواندنا مە بۆ کومەلەیا کورتەچیرۆکێن (ژبەرهەمێن گەنجان٢ دێ دوو خالان بەحسکەم، ئەوژی لایەنێ جوانناسیێ یە، کو تا راددەکێ خاڤی و سستیەک تێدا هەیە، و خالا دوویێ مژارا ناسنامەیێ یە!

د وێژە و هونەری دا هیڤینێ سەرەکیێ داهێنانێ، نە تنێ زانیاری و بەهرەیە، لێ بلیمەتییا مەزن حەزکرنە بۆ داهێنانێ، بێی حەزکرن چ داهێنان نینە، دگەل ڤان چیرۆکنڤیسان گیانێ داهێنانێ دیارە و پێدڤی چ سەلماندنێ نینە، دمینیت خۆ وەستاندن ب خواندن و دویڤچوون و داکوکیێ، دا ئەنجام ل بێدەرێ بەرهەمەکێ باش کومببیت. لەورا دبێژم د چیرۆکان دا بنەما و رەگەزێ جوانناسیێ جهێ لێ راوەستیانێ یە، لێ رەگەزێ هەرەگرنگ ناهێتە دیتن، ئەوژی چیرۆک د بێ ناسنامەنە، و ناسنامە ئارمانجا هەرە سەرەکییە، ئەگەر نڤیسەری دەلیڤە هەبوو ل شەمەندەفرا جیهانیبوونێ ژێ سواربیت، هەر دێ مینیت ب چ تکت و کارت یان ناڤ دێ سواربیت؟

بۆ نموونە چجار بەرهەمێ یەشار کەمالی و سەلیم بەرەکاتی نابیتە پشکەک ژ پەرتووکخانە و وێژیا کوردی، نەچنکو ناڤەرۆک نە کوردییە، بەلکو چنکو زمانێ دارشتنێ نە کوردییە، لێ (گولێن خوینێ) کو کومەکا شعرێن (مەحمود دەرویشی) نە ژ زمانێ ئەرەبی (عارف حیتویی) وەرگێراینە کوردیێ، راستە پیرەژنەکا کوردا ئەرەبی نەزان د شعرێن دەورویشی ناگەهیت، لێ پیرەعەمشایەک بەلکو مەتا دەرویشی ب خۆ ژی هەمان شعرێن دەرویشی ب زمانێ عارفی تیناگەهیت! ئانکو خودانییا دەقی بۆ زمانی دزڤریت، چیرۆکێن بەریکانێ بەرۆڤاژی! راستە زمان کوردییە، لێ ناڤەرۆک نە کوردییە! چ سیماییێن ناسنامەیێ د چیرۆکان دا ناهێتە دیتن، ئانکو هەکە ئەڤ چیرۆکە بۆ زمانەکێ دی بهێنە وەرگێران، پشتراست خودانی بۆ زمانی رەسەن نابیت. ژبلی هەردوو چیرۆکێن

لاواز و داگرتی ڤەجنقیم، دبیت هەر ژ دەرازینکی بەرەڤ ژوور پێنگاڤێ نەهاڤێژم.

د چیرۆکا پێنچێ دا یا بناڤێ (تابلۆ) ئارام محسن هۆسا دەستپێدکەت: ( ئەوی دەمێ ئەز ژ خەو رابوویم، ئەز یێ د نەئارمییەک گەلەک مەزن دا). (ئەز) یا دوویێ وەکو ئامرازێ خودانیێ یێ فەرە، لێ (ئەز) یا دوویێ یا زێدەیە و خاڤییەک دایە هەڤۆکێ، چنکو د پەیڤا رابوویم دا (م) ب خۆ جهناڤە، ئانکو جهێ (ئەز) دگریت، د هەڤکێشا چیرۆکێ دا زێدەکرن وەکو کێمکرنێ یە! ئانکو دەق ب ژینداری نە درێژیێ دهێتە هەلسەنگاندن!

د چیرۆکا شەشێ دا یا (هیزل هیدایەت)ی، ئەزێ خواندەڤان هوسا دێ حەزکەم ل سەر خواندنێ بۆ زانینا نووچەی بەردەوامبم ( دەلالێ و هێرشی نووچەیێن خۆش بۆ ئێکدوو هەبوون)، لێ دا ل دارشتنا هیزلی بنێرین (دەلالی نووچەیەکێ خۆش بۆ هەڤژینێ خۆ هێرشی هەبوو. هێرشی ژی نووچەیەکێ خۆش بۆ دەلالێ هەبوو)! ئانکو ١٥ پەیڤ دەمێ بۆ ٨ پەیڤان بهێنە کورتکرن نەکێمکرن هەمان راماندەت.

ب هزرا من رستەیا کورت و چڕ پتر حەزا مایتێکرنێ لدەڤ خواندەڤانی دلڤینیت، ژ رستەیا بێزارکەرا ب خۆرتی داگرتی و ژێک راکێشای، چنکو کورتکرنا پێدڤی و چێکرنا رەگەزێ پەرۆشیێ بۆ بەردەوامیدان ب خواندنێ یا گرنگە

دیسان دلبرین عەبدلفەتاح دبێژیت: (پاراستنا نهێنییان هەردەم یا ئەرێنی نینە، بەلکو گەلەک دەمان د ژیانا مە دا پاراستنا نهێنییان دەرئەنجامێ بێ دەستهەلاتیێ یە. نهێنی پاراستن بەختەرەشی یە، خۆلیسەری یە، ترسنۆکی یە، هەلگرتنا نهێنییان ڤەشارتن و رەڤاندنا هندەک راستییانە، کو ئەم باش دزانین خۆشتڤێین مە دێ ب زانینا وان بریندار دبن) رستەکا راگەهاندنا ئاساییە، ب هزرا من کورتکرن یا پێدڤیبوو وەکو ( پاراستنا نهێنییان.. دەرئەنجامێ بێ دەستهەلاتیێ یە، ئەو ژ بەختەرەشی، خۆلیسەری و ترسنۆکیێ یە، ڤەشارتنا وان دێ خۆشتڤی پێ برینداربن). هەڤۆک هاتە کورتکرن، بێی کارتێکرن ل رامانێ بهێتەکرن.

لێ جوانناسی گرێدای داهێنەریێ یە، د وێژەیی و هۆنەری دا چ سنورێن دەستنیشانکری نینن، د چیرۆکا (ئەز هێژ کچم) دا جوانناسی و کورتکرنێ دبینین، دلبرین عەبدلفەتاح دهۆندر ب




(نووچەیێن خۆش، کەڤوک) سەرباری ناڤێن هەر دەه چیرۆکنڤیسان د لیستا ئێکێ دا کوردینە، لێ ناڤەرۆکا چیرۆکان چ هێمایێن نەتەوەیی (مێژوویی، جوگرافی، ئەفسانەیی، کلتوری ..) ب خۆڤەناگرن.

جوانناسیا شێوەیێ تەکنیکێ و زمانی دەستکرنەک جودا و ناوازە ددەتە دەقی، و ژ ڤەگێڕانا سادە و نووچەیی بۆ دەقەک هۆنەری ڤەدگوهێزیت، کورتەچیرۆکێ سێ بنەما و شەنگستەیێن سەرەکی هەنە، ئەوژی دەستپێک و گرێ و کلیلدان.

ئەرێنیترین دوو خالێن گەشبین د ڤان دە کورتەچیرۆکان دا من تێبینیکرن، ڤان چیرۆکنڤیسان ب کوردی هزرکریە و دارشتییە، بەرۆڤاژی چیرۆکنڤیسێن پێشی وان پتریا وان ب ئەرەبی هزردکر و ب کوردی دادرێشتن.

دەستپێک: ب هزرا من دەستپێک ژ هەردوو ستوینێن دی گرنگترە، چنکو ئەو دەرگەهە یێ منێ خواندەڤان دبەتە د ناڤ ناڤەرۆکا چیرۆکێ دا، رادەیا پەرۆشییا د دەستپێکێ دا، راستەوازەیە – گردی – دگەل راکێشیانا من بۆ ناڤ دەقی،، هەکە ل پێشیێ ب دەستپێکەک

"بۆ نموونە چجار بەرهەمێ یەشار کەمالی و سەلیم بەرەکاتی نابیتە پشکەک ژ پەرتووکخانە و وێژیا کوردی، نەچنکو ناڤەرۆک نە کوردییە، بەلکو چنکو زمانێ دارشتنێ نە کوردییە"

ناڤێنانا (خیڤەت) ێ جهەکێ بەرنیاسە کو کەمپا ڤەحەویانا ئاوارەیانە، ئەوێن ل کوردستانێ ژ زاخۆ تا عەربەت بەلاڤبووین، و بناڤێنان (میرەکێ داعش) دەمەک دەستنیشانکر کو پشتی ٢٠١٤ێ یە، ئەڤان هەردوو هەڤۆکان (خیڤەت)، (میرەکێ داعش). جە و دەم و کێشەیەکا کەڤنا نویکری د مێژوویێ دا د دەقی دا دیارکرن، لێ ناڤێن (نوریا، وەفا) وارگە (خیڤەت) دەستنیشانکر، لێ جهێ جوگرافی ب بیاڤەکێ بەرفرەهێ مژەوی ژ چیایێن ئەتلەسێن ل کنارێ ئەتلانتس تا چیایێن تورابورا (تۆزا رەش) بۆ ناسنامەیێ لپێش خواندەڤانی ڤەکر، دبیت ئەو کچ کوردێن موسلمان، ئێزدی، فەلە بن، دبیت (نوریا و وەفا) ئەو قوربانیێن داعش بن، ئەوێن بووینە پەنابەر ل ئیراقا ئەرەبی، سوریێ و لبنان، یەمەن و سودان، لیبیا و سومال، ئەفغانستان و پاکستان... ئەڤ هەمی جوگرافیایە مەیدانا لڤین و هزرێن داعشە، دیسان ل ڤێ جوگرافیایێ ژ گۆیا زەمنی (شێخ، حەجی) د پیرۆزن، دلبرینێ پۆختەیا کێشەیەکا مرۆڤینی و فیقهی ب جوانی پیشاندنا: (دێ شێخ ناڤێ خودێ بینە و دەست ب مەهرکرنا مە بکە) (وەللا حەجی ئەوا بدەست هەوە کەتی بدەست کورێ پاشای ژی نەکەتییە ڤان کچکێت ژنوی پێگەهشتی). پەیڤینا شێخێ مەهردکەت و هەردوو زاڤا دگەل مێهڤانان وێنەکرنەکا شاکارە و دەربرینەک راستەقینەیە بۆ دیاردا هەڤژینیێن پیرەمیران ژ کچێن بجویک.

(عادل حسێن) د چیرۆکا دوویێ دا ب دوو دەستەواژەیان دوو ئالۆزتر هەڤکیشان پیشاندەدەت، دەمێ دبێژیت (خودا وەرە ئەز و تو پەیمانەکێ گرێدەین، تو هەر رۆژ خوارنێ بۆ من فرێکە، ئەز ژی دێ بەحسا تە بۆ خەلکی کەم، داکو بهێن تە بنیاسن...) ئەڤە ب تەنا سەرێ خۆ دەربرینە داهێنەرانەیە لدور ئالۆزتر هەڤکێشە، بکێمی ژ برەهیمی تا نها چوار هزار سالە هێش خەلکێ ڤێ دەڤەری یێ ل خودێ بەرزەبووی دگەڕیت، ئەرێ د لیگەڕیانا خۆ دا بیلالی خودێ یان ئازادی بەرزەکربوون؟ ئەوێ بەرامبەر خوارنێ دێ هێتە ڤەدیتن، وەسا دیارە خودێ پاریێ نانییە د بەریکا شاه و رێبەران دا و دەرێ بەریکا وان دەڤێ مەلا و قەشە و کوچەکانە! ئەرێ ( زەلامێن ئاییینی؛ خودا د ناڤ چوار دیواران دا زیندانکرییە و بەهشتێ دفرۆشنە مرۆڤان)

**«**

**ئەرێیترین دوو خالێن گەشبین د ڤان دە کورتە چیرۆکان دا من تێبینیکرن، ڤان چیرۆک نڤیسان ب کوردی هزرکریە و دارشتییە، بەرۆڤاژی چیرۆک نڤێسێن پێشی وان پتریا وان ب ئەرەبی هزردکر و ب کوردی دادرێشتن**

**»**

هەڤکێشا دی د پەرەگرافەک دی دا دبێژیت: (دوهی ئاهەنگەک هاتە سازکرن ژبەر وێ سەرکەفتنا ل سەر دوژمنی/، یێن ل ئاهەنگێ بەرهەڤبووین، ئەوان شەهید برنە بەهشتێ و ب چەکێ وان ژیان بۆ خۆ کرە بەهشت). ڤێ پرسێ دئازرینیت، ئەرێ ژ راست زەلامێن ئۆلی ب چ دژین!؟ و بەرفرەهییا بەرپرس و دەستهەلاتداران ژ چییە!؟ ئۆلدار و سیاسەتڤان د هەلپەرستیێ و کەدخوارییا هەژار و ساویلکەیان دا هەڤپشکن، ئانکو دوو رووێن ئێک دراڤن!

د چیرۆکا سێیێ دا (رزگار سالحی) ژی ل سەر زارێ قەشەی ب کراسەکێ جوانناسیێ ب شێوەیێ پەند و ئامۆژگارییەک نەراستەوخۆ پێشکێشی خواندەڤانی دکەت: (دگەل رابووری ئاشت ببە، ب هەمی خۆشی و نەخۆشیانڤە قەبویل بکە، و لاپەرەکی نوی دگەل پاشەرۆژێ ئیمزابکە، ئەڤرۆ دیارییەکە ژ دەف خودایی، خۆ بکە کورێ ئەڤرۆ). ما ئەم ژ رابووریێ شەرمزار (تێشکێن ئەجنا) دسل نینین، دگەل هەر خۆتبەکێ رابووری ژێنابەین! ئەرێ ژبلی ئەوا داگیرکەر و گەرۆک و رۆژهەلاتناسان بۆ خۆ و د بەرژوەندا خۆ دا نڤیسی، مە رابووریەک هەیە؟ کانێ خواندن و ڤەکولین و دویڤچوونێن مە دەربارەی رابووریێ مە؟ ژبلی گۆتووی گۆت، کی ژ مە چ لدور میرگەها بەهدینان دزانیت، کییە سولتان حوسەین وەلی یێ مەزن، کییە بەهرام پاشا، ژبلی ئەو کورێن قەچاغێن عەباسییەکی فیلارە! تا دگەل سوبەهی ئاشت ببین، لاپەرێن پاشەرۆژێ واژوو بکەین و کورێن ئەڤرۆ بین، ڤیابیت سەر ژنوی ژ پزدانا زاگرۆسی سەرژنوی بزێنەڤە!

دلمان فەرەج د (باژێرێ شین) دا دوو هەڤۆک پێشانی مە دان، ئێک جڤاکی دەروونییە و یا دی هزری باوەرییە، راددەیا راستیێ تێدا رێژەیی یە و گرێدای پاشخانەیا هەر ئێکی ژ مە یە، ل دەف من دروستە لێ ل دەف تە نەمەرجە یا دروست بیت، یا ئێکێ بێبەختی و یا دوویێ گاوری بیت! ڤێجا ئەڤەیە ئەرکێ وێ ژی و بلا بەرسڤ بۆ تە بیت ئەی خواندەڤان!

یا ئێکێ (نە کچا مەزنا مالێ و هەڤالا دایکێ مە، نەبچویکا هەمیانم نازدارا بابێ بم) یا دوویێ (زەنگە زەنگا دێرێ ل مێشکێ من ددا و دەنگێ قورئانێ ل دلێ من ددا).

و د چیرۆکا پێنچێ دا (ئارام محسن) ژیانێ ب

**لەورا ب هزرا من ل رۆژا خەلاتکرنێ لیژنا هەلسەنگاندنێ ڤیابیت رۆهنکرنەک دابا، چنکو بۆ چیرۆکنڤیسی یا گرنگ و هەستدارە، دبیت سەرنەکەفتییەکی بێئومید بکەت و قەلەمێ خۆ بشکێنیت، یان سەرکەفتییەکی بکەتە مەغرورەک و هزربکەت ب سەرکەفتنێ هەر تشت بدوماهی هات!**

شێوەیێ خەون د تابلۆیەک رەنگێن دا پێشانی مە ددەت، لێ ئەو تابلۆیێ گرنگ نیگارەکە ل سەر کانفاسی سپی هاتییە رەنگکرن و رامانەک یان جڤاکەک پێ هاتییە بەخشین! (تابلۆیێ من یێ گرنگ نە ژ زیرەکیا من هاتییە کێشان، بەلکو رەنگان بۆ جوانییا ئەوێ کچا د خەیالا من دا خۆ وێنەکر). د ئاشۆپا مە دا ژیان ب زەنگینییا وەلاتی مە یێ ب رەنگان رەنگز، کوردستانێ هەمی رەنگێن سرۆشتی و ژیانێ هەمبێزدکەت، لێ مە ژیان ب رەشی رەشبین کرییە، هەلاتگەرییا کوردی ب رەشە عەبای داپۆشییە، جوانی نخافتییە، گەشی پەچنییە! سرۆشتێ کوردستانێ یێ رەنگینە لێ ئەقلێ مرۆڤێ کورد هاتییە (رەش و سپی) کرن.

د چیرۆکا شەشێ دا (هیزل هیدایەت) مە رویبروی تالییا کەتواری دکەت، دەمێ ژیان دبیتە پەڤبەندێ /روتین/ رۆژانە، تام و رەنگێ خۆ ژ دەستددەت، هینگێ بانۆ یا بەرمالی (هەر رۆژ نیڤرۆ ژ خەو رادبوو، فراڤین دلێنا) د چ کاودان دا بیت، کابانی نیڤرۆ ژ خەو رابیت، ئەرێ نیشانا چییە، ژبلی مللەتەکێ مری و نانێ زێندییان دخۆت!؟ دیسان (دەستێن هەڤژینا خۆ گرتن، ل دێمێ وێ یێ گەش و شاد نێری و ب جوشەکا مەزنڤە گۆتێ: دەلال، ئەم دێ ژ ڤێ قولقورتێ خلاس بین، ئەم دێ چینە دەرڤەی وەلاتی).

دا دوبارە پێکڤە ل دیمەنی تەماشەبکەین (دەستێن هەڤژینا خۆ گرتن/ نیشانا ئەڤینیی/ ل دێمێ وێ یێ گەش و شاد نێری/ گەنجاتی و ژیارەک بەرفرەه، ب حەزا ژیانی پڕ/ و ب جوشەکا مەزن/ دڤێت ب مزگینیێ دلێ چیمکا خۆ یا گیانی شاد و خۆش بکەت/، ئەم دێ ژ ڤێ قوزلقورتێ خلاس بین، ئەم دێ چینە دەرڤەی وەلاتی/ کوردستان و رۆژهەلاتاناڤەراست بگشتی بۆ هاولاتی بوویە قوزلقورت، بۆچی و کێ وەلات کرییە قوزلقورت مانە (شام شەکرە وەلات شرینترە) ما ئەڤە نە ئەو وەلاتە یێ (نەرم و دلۆڤان پێنگاڤێ بهاڤێژە، د هەر بهۆستەکا کوردستانێ دا جانگۆرییەک هەیە) کێ دەرڤە کرە خلاسبوون، ژ گەنگی وەرە رەڤین ژ ژیانێ ژ هەمبێزا دایکێ؛ نە بەرەڤ هەمبیزا دایکێ یە، نە سرۆشتێ دەرڤە خۆشترە و نەمرۆڤێ وان کەهیترە! پا نهێنی چییە؟ ژبلی لوێدەرێ کار و داهێنان نامویسە نە پێسیر، لوێدەرێ خواندنگەە و لڤێری پەرستگەە دپیرۆزن، لوێدەری سکۆلار سیستەمە، لڤێرە نەخواندەڤانەکێ ناکام داواکار و جەلاد و دادوەرە!

د چیرۆکا حەفتێ دا (نالین ئەدیب) مە بەرەڤ سەمت و ئاراستەک دی دبەت، هەستێ کرێت د گۆژییەک نەپەن دا، ل دەمەک نەچاڤەڕێکری دا، دبیتە پشیکەک ئازریای و ناخێ مە ڤەدچڕیت: (دەمێ بتنێ دمینم هزرێن من دگەل تە یارییا دکەن) (دەمێ خەمباردبم هزرێن تە دکەم) ( دێ هەر رۆژەکێ دگەل بەختەوەریا من دا بییە راستی) ئەڤ کچا شازدە سالی وەکو دبێژیت، د جیهانەک ژ هزرێن دلدارییەک سوفییانە دا دژیت، د جڤاکەکێ نێرسالارێ تاکو هزرێن پاکیزە کچان و بێگۆننەهە زارۆکان ژی د خەون و ئاشۆپەی ژی دا سانسۆر  قەدەغە دکەن و هێلێن سۆر د توکا پیرۆز دا بۆ ددانن، هزرەک ژ دلینیێ حەمەر، تنێ هزر! و دەمێ باب رۆژانەیێن وێ دبینیت! مێشکا رۆژهەلاتی دگریت، ل سەر کوچکێ هۆزگەریێ سەر لێ دبیتە قازانا هەلمێ (دێ هەر نوکە بڕیارا ئێک لایەن دەم) ئەڤە هێش نامە تمامنەکری، بڕیارا کوشتنێ کرە دلێ خۆ، چنکو شەرمزارییا جڤاکی و لەکەیێن خۆیی و بیانییان دانانە بەر چاڤێن خۆ، (رویمەتیا دونیایێ ژ ئازارا گوڕی مەزنترە) لێ ئەڤێ د سەردابری و هزرێن وێ داگیرکرین، کییە؟ دا د رێزا ددویڤدا

**“ دوو بنەما و سیماییێن هەرە فرەن دڤێت چیرۆکێ دا هەبن، ئەوژی رەگەزێن سەرسۆرمان و نشکڤینن ”**

گرێک ڤەببیت (حەز ژ تە دکەم)، ئوخ (برایێ من).

گرێیا بێ برایێ د جڤاکەک نێرسالار دا، هێش هێز و پەنا بۆ خویشکێ برایە، خویشکا بێ برا بۆ چەرینا گیانەوەران باخچەیێ بێ پەرژانە! بۆ مێشێن پاییزی شرینییا بەردایە، ل دەمێ مێ باخچە و شرینی، نێر هۆڤ و مێش! چ چاکی ژ ڤی جڤاکی چاڤەرێیی؟ لەو ڤێ کچێ هەما هەلامەتەکێ برای وەک پاسەوانەک، مەتالەک دڤێت! چکو بۆ بابێ، بابینیا کچێ حەزا بابینێ تێرناکەت، د نەهشی دا بابێ کچێ / نیڤ بابە/ ما کچ نە نیڤ میراتگر و دیدەڤانە! کچ هندی یا زیرەک و بلیمەت بیت هەر مێیە/ عەورەتە/ و مێیاتی یا پیرۆز و بۆهادار د هەلاتگەریا کوردی دا بانۆ یە.

د هەر سێ چیرۆکێن داویێ دا (ئەسمیخان شوشی، ژیمان هادی یوسف و ئەلند سەباح یاسین) یا وان پتر سەر ب هۆنەرێ ڤەگێڕان و ژیاننامەیێ ڤە یە!

**دووماهی:**

ژبیرا مە برینە کو ئەم جڤاکەکێ چیایێ بەرهەمهێنەرین؛ نەتالانچینە، ژن تێدا ستوینا مال و جڤاکییە، ب زاکێ دلدارییا هەلاتگەریا رۆژێ فرشکبووینە، بەری بهێینە خفسکرن ئەحمەدێ خانی و مەلایێ جزیری ناڤدارترین کوردن، گەشترین ستێرن و هەما ژن نەئینابوون.

ب هزرا من وەکو خواندەڤان دەقێ ئەدەبی پێکڤە کومتلەکە ناهێتە ژێکجوداکرن، لەورا هەلسەنگاندن پێدڤیە بۆ هەمێ لایەنێن چیرۆکێ بهێتەکرن، هەروەسا ئەندامێن لیژا هەلسەنگاندنێ خودان سەربۆر و بیروبۆچوونێن جودانە، ئەزێ پشتراستم، هەکە لیژنە ژ کەسین هۆنەرمەند، جڤاکناس، سکۆلار، ئۆلدار.. بایە، دا رێزبەندا سەرکەفتییان ب هند رەنگان بیت، ل دەستپێکێ مە بەحسێ گرنگییا زمانی کر، مخابن دەق ژ شاشیێن زمانی تلوڤەنە، لەورا ب هزرا من ل رۆژا خەلاتکرنێ لیژنا هەلسەنگاندنێ ڤیابیت رۆهنکرنەک دابا، چنکو بۆ چیرۆکنڤیسی یا گرنگ و هەستدارە، دبیت سەرنەکەفتییەکێ بێئۆمید بکەت و قەلەمێ خۆ بشکێنیت، یان سەرکەفتییەکی بکەتە مەغرورەک و هزربکەت ب سەرکەفتنێ هەر تشت بدوماهی هات! نەخێر وێژە جیهانەک بێ سنورە، چەند بناڤڤە بچی ئاسۆ بەرفرەهتر دبیت، د چەرخێ بوری دا کورتەچیرۆکێ پێشکەفتن بخۆڤەدیتیە، ئەو د چەندین ڤۆناخان را دەربازبوویە، هەر ڤۆناخەکێ ئاراستەیێن خۆ هەبوون، ژ وانا ڤۆناخا پێشەنگێ کو سێ بەژن تێدا دیاربوون، ئەوژی موباسان، تشیکوڤ، ئەدگار ئالان بۆ، د ڤێ ڤۆناخێ دا بهایێن هۆنەری یێن کورتەچیرۆکێ چەسپان.

بەریکانەکا زارڤەکرنا (شارلی شابلن)ی هاتە سازکرن، تێدا شارلی ب خۆ پشکداربوو لێ سەرنەکەفت، هەر کەسێ بچاڤێ رەخنەیێ بۆچوونا من بخوینیت، پشتراست دێ رەخنە و بۆچوون جودا هەبن، ئانکو دەق نەیێ پیرۆزە و گۆتییە، ئەو جیهانەک ڤەکرییە و سەرکەفتیترین دەق ئەوەیێ پتر ژ خواندنەکێ بۆ هەبیت، و ئەڤە خواندنا من، لێ کانێ خواندنا تە!

**سەرچاوە:**

* کود: ترارەک ژ داری بوو، هەر فەقییەکێ ئێک هەبوو، خەلکێ گوندی خوارن بۆ دکری، لەورا خوارنێن جودا تێدا کومدبوون.


١- دلندا الزغیدی، الرای الثقافی، ٢٠٢٢/٣/١٢.

٢- ژبەرهەمێن گەنجان سەرکەفتیێن بەریکانا چیرۆکنڤیسێن گەنج، ژ وەشانێن ناڤەندا خانی یا رەوشەنبیری و راگەهاندنێ، پشکا رەوشەنبیری، هژمار (٣٩) دهۆک، ٢٠٢٢.

٣- غەیاسەدین نەقشەبەندی، فەلسەفەیا جوانیێ، کوردستان،٢٠٢١.

٤- فرانک اکنور، الصوت المنفرد: مقالت فی الفصە القصیرە، ترجمە: محمود الربیعی، القاهرە، المرکز القومی للترجمە،٢٠٠٩.

٥- هشام البستانی، قتل القصە القصیرە، صحیفە الدستور (الاردن) الاپنین ٢٠١٠/٩/٢٧.

٦- ماشادو دی أسیس، حکایە سکندریە وقصص اخری، ترجمە خلیل کلفت، القاهرە، المجلس الاعلی للپقافە،٢٠٠٩.

٧- لماذا نکتب القصە القصیرە فی (زمن الروایە).
www.qadita.net

٨- حسن غریب احمد، التقنیات الفنیە خلف ظاهر النص - دراسە ادبیە - دار الوفاو للنشر.



## دنیا میخائیل:

# نووسینەکانم بایەخ بە شتە بچووکەکان دەدەن، کە سێبەری گەورەیان هەیە

شاعیر لە بەغدا لە دایک بووە، دوای ئەوەی زانکۆ تەواو دەکات، لە نەوەدەکاندا پێش ئەوەی بۆ ئەمریکا کۆچ بکات، لە بواری وەرگێڕان و ڕۆژنامەدا کاری کردووە. لە بەرهەمە شیعرییەکانی «مزامیر الغیاب» و «یومیات موجة خارج البحر» و « الحرب تعمل بجد» ئەمەیان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدراوە و کتێبخانەی گشتی نیۆرۆک، وەکو ٢٥ کتێبی ساڵی ٢٠٠٥ هەڵیبژاردووە، هەروەها کتێبەکەی «في سوق السبایا» کاندیدکراوە بۆ لیستێکی درێژی خەڵاتی نیشتمانی بۆ ئەدەبی وەرگێڕدراو، ئەمەو دنیا میخائیل ساڵی ٢٠٢٠ یەکەمین ڕۆمانی خۆی بەناوی «وشم الطائر» بڵاوکردۆتەوە، ئەم ڕۆمانە کاندیدکراوە بۆ لیستێکی درێژی خەڵاتی جیهانی بۆ ڕۆمانی عەرەبی، ڕۆمانەکە گەیشتووەتە لیستە بچووکە کاندیدکراوەکان، تا خەڵاتی یۆنیسکۆی شاریقەی بۆ ڕۆشنبیریی عەرەبی بردۆتەوە، خەڵاتەکە لەگەڵ ئەکتەری سوری سویدی هێلین ئەلجەنابی بەشکراوە، بەو بۆنەیە لە پاریس ئەم دیدارەمان لەگەڵ کرد:

**+ لە لای تۆ شیعر چ دەگەیەنێت؟ ئایا دەتوانرێت شیعرەکانی تۆ وەک شیعری تاراوگە، یاخود شیعری جەنگ، یان شیعری ژنانە پۆلێن بکرێن، یاخود چین؟**

شیعر ڕێگای ژیانە، وەکو چۆن ناتوانرێت هەوا پۆلێن بکرێت، وای دەبینم، کە ناتوانین باس لە شیعری ژنانە و پیاوانەش بکەین، بەڵام بەهۆی ئەزموونی شیعریی خۆم ئەوەی تێبینیم کردووە، لە باری حەسی زمان و شێوازدا، شێوازی ژن و پیاو جیاوازن، ئەوەی ئازارم دەدات بیروڕای هەندێک نووسەرە، کە وای بۆ دەچن، بابەتی ژن سنووردارە بە کێشە ڕۆمانسییەکان، ئەمە ڕاست نییە، بەڵکو ناهەقییە.

**+ نووسینی شیعر، وەک هەر بەرهەمێکی داهێنان هاوتەرییە لەگەڵ هەستێکی بەهێزی جیاواز لە دڵەڕاوکێ و چەشە و حەماسەت و دۆزینەوە، ئەی تۆ لەکاتی نووسیندا ڕووبەڕووی چ حاڵەتێکی شیعریی دەبیتەوە؟**

– کاتێک دەست بە نووسینی قەسیدەیەک دەکەم، وەک ئەوەیە، کە نهێنییێک دەدۆزمەوە، هەربۆیە هەست بە چەشەیەک دەکەم، چونکە بەشدار دەبم لەگەڵ خەڵکی دیکە بۆ ئەو نهێنییە، بەڵێ ئەو پرۆسەیە خاڵی نییە لە دڵەڕاوکێ، منیش وەکو زۆربەی نووسەرانی دیکە هەوڵدەدەم بەشێوەیەک قەسیدەکەم بەیان بکەم، شایان بەوە بێت، کە وەکو خۆم دەیخوازم.

**+ تێبینکراوە موعاناتێکی بەهێز لە بەرهەمەکانت بوونیان هەیە، وەک کاتی جەنگ، یاخود توندوتیژی دژ بە ژنان، یان مەرگ، چۆن هاوسەنگی ڕادەگریت لەنێوان جێبەجێکردنی مەرجە هونەرییەکان بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی و شیعریی و وێنەگرتنی واقیع بۆ مەرگەساتی کەسەکان؟**

– هەر تەنیا کێشە گەورەکان پاساو نین، بۆ نووسینی دەقێکی گەورە، نووسینی کارەسات پێویستی بە کەرستەی هونەری و ئیستاتیکی زۆر هەیە بۆ هێنانەدی ئەو هاوسەنگییە، تا وەکو کارێکی هونەری بمێنێتەوە، بۆ نموونە لە ڕۆمانی «وشم الطائر»دا هەوڵمداوە خەلقی بنیاتێکی ئیستاتیکی بکەم، کە لەئاستی ئەو ڕووداوە کارەساتبار و جینۆسایدە بێت، کە تائیفەی ئێزیدی ڕووبەڕوویان بۆوە. ڕەنگە سەبارەت بە کارەساتە بچووکەکانیش بپرسن، چەندانجار گوتومە نووسینەکانم بایەخ بە شتە بچووکەکان دەدەن، کە سێبەریان گەورەیە، بۆ نموونە کاتێک بمەوێت سەبارەت بە گوڵێک بنووسم، لەو شێوازە جیاوازە، کە باسی جەنگێکی سەخت دەکەم، بەهەرحاڵ پێوەرێکی سەختم هەیە و لە خۆم دەپرسم، ئەگەر ئەم قەسیدەیەم، تاکە قەسیدەمە، کە پێشکەش بە جیهانی دەکەم، ئایا نوێنەرایەتی من دەکات؟ ئەگەر وەڵامەکە نەرێنی بوو، کەواتە پێویستە جارێکی دیکە سەرلەنوێ بینووسمەوە.

**+ ئایا شیعر لە قەیران دایە، یاخود قەیران لە جەماوەری شیعردایە، کە ئامادە نییە شیعر بخوێنێتەوە؟**

**بەهۆی ئەزموونی شیعریی خۆم ئەوەی تێبینیم کردووە، لە باری حەسی زمان و شێوازدا، شێوازی ژن و پیاو جیاوازن**

**وەرگێڕانی: ئەوزاد عەلی ئەحمەد**

– قـەیـرانـی جەماوەرمان نییە، بەڵکو جەماوەر بێزارە لە نووسینی لاواز و زیاتریش، بە تایبەتی، کە بڵاوکردنەوە زۆر ئاسان بووە. زۆربەی نووسەران ئاسانکاری لە نووسینی شیعردا دەکەن و باوەڕیان وایە، شیعر تەنیا تەنفیسی




هەستە، وەک سەرنج دەدەین خاتیرەکی زۆر بڵاودەبێتەوە، جیاوازی لە نێوان خاتیرە و قەسیدەدا لەوەدایە، بۆ نموونە پەیکەرتاشێک گڵت پێدەبەخشێت، وەکو کەرستەی خاو بەبێ ئەوەی بکرێت بە کارێکی هونەریی.

**+ ئەدەبی ئینگلیزیت خوێندووە، ئەو خوێندنە تاچەند لەسەر شێوازیی شیعر و ڕۆمانەکانت ڕەنگی داوەتەوە؟**

– لە هەنگاوەکانی یەکەممدا لە شیعر، هەتا پێش ئەوەی زمانی ئینگلیزیش بخوێنم، مەیلم بۆ ئەو نووسینانە هەبوو، کە جۆرێک لەخاسیەتی ناسکیان هەبوو، ئەگەر ئەو گوزارشتە تەواو بێت، بەدەر لە قسەی خۆبەلزانین، ئەو سادەیە ئەوە شێوازی من نییە، تا وەک خوێنەرێکیش من حەز لە شیعری وەرگێڕدراو بۆ سەر زمانی عەرەبی دەکەم، چونکە شیعری وەرگێڕدراو خالییە لە کێش و سەروا، ئەو ڕەوانبێژییە کلاسیکیەی، کە لە قاڵبە زێر دەچێت، لە بنەڕەتدا من حەزم لە زێڕ نییە، شیعری زیوم پێ باشترە.

**+ تۆ وەک شاعیر ناسراوی، بەڵام لە ساڵانی دوایدا ڕووت لە ڕۆمان کرد، ڕۆمانی «وشم الطائر»ت نووسی، ئەو ڕۆمانە گەیشتە لیستە بچووکەکە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی «بۆکەر»ی جیهانی بۆ ساڵی ٢٠٢١، بۆچی ڕووت لە ڕۆمان کرد؟**

– ویستم پانتاییەکی فراوان بە هێلین (پاڵەوانی ڕۆمانەکە) لە وردەکاری و دیالۆگ و ڕووداوەکان بدەم، بەم بۆنەیە دەمەوێت بڵێم یەکەمین ئەزمونی ئەدەبی من لەگەڵ چیرۆک بوو، نەک شیعر، ئەو کاتانەی منداڵ بووم داپیرم چیرۆکەکانی کەلەپوری میللی بۆ دەگێڕامەوە، بە ڕێگا و شێوازی خۆم جارێکی دی چیرۆکەکانم لە دەفتەرەکەم دەنووسییەوە، بەڵام وردە وردە خۆم لە شیعردا دۆزییەوە، بەهەرحاڵ هێڵی جیای نێوان ژانرە ئەدەبییەکان سنوورێکی جوگرافیی نییە، تا پەڕینەوەیان، کۆچکردنێکی نایاسایی بێت.

**+ باس لە ڕۆمانی «وشم الطائر» بکە!**

– ڕۆمانەکە چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە، لە گوندێکی پاشکەوتووی نادیار لەسەر نەخشەی عێراق وەرگیراوە، ئەو گوندە بەتەواوی لەگەڵ گوندەکانی دی گۆشەگیرە، جیاوازییەکە لەوەدایە ئەو گۆشەگیرییە گوندەکەی لە لەشکرکێشی داعش پاراست. خەڵکی ئەو گوندە میهرەبانییەکی ئەفسوناویان هەیە و نەخوێندەوارن، بەڵام بە گۆرانییەکی غەمگین وەڵامی ئەو کارەساتەیان دایەوە، هەروەها بریتییە لە چیرۆکێکی نائومێدی و هێلین و خۆشەویستەکەی، کە هێماکەیان تاتۆی باڵندەیە (وشم الطائر).

**+ ئایا ئالنگارییەکی شەخسی هەیە بۆ گواستنەوە لە نووسینی شیعر بۆ نووسینی ڕۆمان؟**

– هەرکەسێک بیەوێ ڕۆمان بنووسێت، پێویستە تەحەمولی لە دایکبوونی چەندان کەسایەتی شەڕانگێز بکات، تا دەگات بەوەی ئەو کەسانە دێنە خەونت و توشی هەمان چارەنووسیان دەبیت، وەکو ئەوەی بەڕاستی لەگەڵ من ڕوویدا، نووسینی ڕۆمان پێویستی بە سەبری تایبەت هەیە، تا بایەخ بە ژیانی زیندە غەریبەکان بدەیت، تۆش وردە وردە بەو ژیانە ئاشنا دەبیت، وەکو ئەوەیە، هاوڕێی نزیکت بووبن.

**+ پرۆژەی داهاتووت چییە؟**

– لە کۆمەڵە شیعرێکدا کاردەکەم، لەگەڵ کارێکی دیکە، کە تا ئێستا بڕیارم لە ژانرە ئەدەبییەکەی نەداوە

* دنیا میخائیل: شاعیرێکی عێراقیە و بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەنووسێت و لە ئەمریکا نیشتەجێیە، لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٥ی شاری بەغدا و دەرچووی زانکۆی بەغدایە، لە نەوەدەکانەوە کۆچی کردووە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و لە ساڵی ٢٠٠١ لە زانکۆی واین ستەیت دەرچووە و خەڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکانی وەرگرتووە لەبەرانبەر نووسینەکانی لەبارەی مافەکانی مرۆڤ.

یەکێک لە دیارترین کارەکانی (شەوانی عێراقی)یە کە لەساڵی ٢٠١٣ لە لایەن خانەی میزۆپۆتامیا بڵاوکراوەتەوە و لە لایەن (کەریم جەیمس ئەبو زیدە)وە کراوەتە ئینگلیزی، هەندێک لە کارەکانی دیکەی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی ئینگلیزی ئیتاڵی، پۆڵەندی، چینی، فەڕەنسی و هیندی.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی: الشرق الاوسط (الدولية) (طبعة اربيل) الاحد ٢٠٢٢/٦/٥، العدد ١٥٨٩٥، ل١٨، حوار: انيسة مخالدي-پاريس.

# دەق

- **کێ ئەم شتانەی بیر دێتەوە؟**

ئەدیب نادر

- **خاڵ گوڵە سوور**

قودسی قازی نوور – لە فارسییەوە دڵشاد کاوانی

- **دیوانی مات**

سەباح ڕەنجدەر

- **تەرمی ڕۆشنایی**

غەمگین خدر

# کێ ئەم شتانەی بیر دێتەوە؟

## ئەو شتانەی تریشت بیر ناهێنمەوە، چونکە دەزانم هێشتا بیرت نەچوونەتەوە!



**ئەدیب نادر**

سانییە، دوای عەیامێکی دوورودرێژ، کە ئەوەی پێ گوتم، شتەکان، ئەوانەی هیچ بیرناچنەوە، سەرلەنوێ لە ئەندێشەم، لە ناخمدا سەریان کرد و یادم کەوتەوە بەر شەوارە بەتینەکەیان. سەیرە! من زۆر شتی سەروبەندەکەی ژیانی خۆمم بیرنەدەهاتەوە، بەڵام ئەمە سەیرە! ڕەنگە بە پەژیوانییەکی سەرومڕەوە بتوانم بڵێم لەبەر ئەوەیە کە پڕ بە پێستی خۆی نەژیاوم. بەڵێ، تەنیا بیرهاتنەوەی ئەو شتانەی وایان لێکردووم نەژیم. دوای ئەو وەڵامە، زەمەن بەخێراییەکی سەیر خۆی هەڵکردەوە و بۆ ئەو شوێنەی چوارچێوەی بوو، گەڕایەوە، وەکو ئەوەی لەوێ گیرسابێتەوە و ئەم هەمووساڵەیش بەسەرمدا تێنەپەڕیی بێت. نازانم، نەخێر تاڕادەیەک دەزانم ئەو سەردەمە بۆچی مەودایەکی ئەوەندە بەرین و فراوان لە کەسوکارەکەی باوکم دایبڕیبووین و دەتوانم بڵێم هەر تەنیا بەناو هەندێکیانمان دەناسیی و هیچی دی. تا ئەو ڕۆژەی گەنجێکی کەڵەگەتی ڕەشتاڵە، کە سمێڵێکی قەترانیی بەردابووەوە لەبەر دەرگاکەمان گوتی: خاڵم لەماڵە؟ منیش گوتم تۆ کێیت؟ گوتی: من کوڕی شوکرییەم. ئیدی پێویستی نەدەکرد هیچی دی بڵێ، چونکە ناوی دایکییم دەزانی. ئیدی ئاوا، دوای ساڵانێک، لە سایەی ئەو جحێڵەدا سەرلەنوێ مەوداکانمان بە فەرامۆشیی سپارد و پەیوەندییمان بەرقەراربووەوە و ماوەی چەند مانگێک لەلامان مایەوە، لەبەر ئەوەی خزمەتی سەربازییەکەی کەوتبووە شارەکەمان. ئیدی باوکم بەو دەروو لێکرانەوەیە خەنی ببوو، جرتوفرت سەردانیی دەکردن و ئێمەیش هەموو هەستمان بەوە دەکرد زۆر لە جاران دڵخۆشتر و ئاسوودەترە. با نەیشارمەوە، منیش بەو بارودۆخە ئۆخژنم دەهاتەوە، تازە خوێندنەوەم لەلا خۆشەویست ببوو، باوکیشم هێند سەرقاڵ بوو، لەبەر خولیای بەردەوام کتێب کڕینم، سەری ئەوەندە نەدەنایە سەرم. جاروباریش بەخۆم دەگوت بۆ کۆڕی گرنگ و پەیداکردنی کتێب بۆ شارەکەی ماڵی پوورم دەچم. خەونەکانیشم تابڵێی سنووریان بەزاندبوو و خەنی، خەنی ببووم. وەکو بڵێی ئاسۆیەکی بەربەرین و تۆختر لەبەردەممدا ئاوەڵا بووبێتەوە، درکم بەوە دەکرد کە دونیا زۆر لەوە گەورەتر بووە من و هاوگەڕەکییەکانم تێیدەفکرین. چەند مانگێک ئاوا تێپەڕی، ڕۆژێک باوکم بە سانییەی گوت: خۆت ئامادەکە دەچینە مەحکەمە. ئیدی پێویستیی بە وردەکاریی نەدەکرد، یەکسەر ئاشکرابوو بۆ دەیبات بۆ مەحکەمە. فەرهاد، ڕێوی هاتبوو بە پیرییەوە، بەبێ ئەوەی جووتێ گوارەیش بۆ سانییە بکڕێت، دەیکرد بە هاوسەری خۆی. لەڕاستییدا باوکم هەرچییەکی بکردبایە پرسوڕای بەهیچ کەسێک نەدەکرد و خاوەنی کەللەیەکی ڕەقی ئەوتۆ بوو، کەس نەیدەتوانی قسە لە قسەیدا بکات. من، مەسەلەکەم زۆر پێ کتوپڕ بوو، لە کەینوبەینەکەیش تێنەگەیشتم، گوتم ئەی چۆن بەبێ ئەوەی کەس بۆ داخوازیی بێت و ئەو شتانە. دیارە ئەوانەی هاتوون نادیاربوونە بۆیە بەرچاوی من نەکەوتوون! وەکو کوڕی گەورەی ماڵ، هەستم کرد دەبووایە ڕام وەربگیرێت، ئاخر قەوارەیەکم لە قەوارەی خۆم گەورەترم بەخۆم بەخشیبوو، بەڵام ئەو هیچ بەهایەکی بۆ دانەنابووم و ئیدی. لەبەر ئەوەی

درکم بەوە دەکرد بوومە بەپیاو دەبێ قسەیەکم لەم کەینوبەینەدا هەبێت، بۆیە بە سانییەم گوت: لای قازی بڵێ بەزۆر بەشووم دەدات. ئەوی ڕاستیی بێت هۆکاری ئەم بیرکردنەوە و ملنەدانەم ئەوە بوو، کە ماڵی پوورم لەگەڵ باوکم واڕێککەوتبوون وەکو ژن بە ژن ئەم مەسەلەیە دیزە بە دەرخۆنە بکەن و نازداری کچیان بە من بدەن. منیش گەرچی هێشتا هەرزەکارێک بووم، دەکرێت بڵێم دەمتوانی هۆرمۆنە جیوەییەکانی سەروبەندی ئەو ساڵە چەمووشانەم هەوسار بکەم، بەڵام کێشە و بەرەی ئەم جۆرە سات و سەودایەم دەزانی و کارەساتی زۆرم لەبارەوە بیستبوو. جا بۆیە دەمزانی هاوسەرگیرییەکەی سانییە زۆر ناخایەنێت هەڵدەوەشێتەوە و ئەوسا ئیستەرەم لە منیش دەبێت تێک بچێت. نایشارمەوە! چەند جارێک سەرم لە ماڵی پوورە شوکرییە دا و نازداریشم تابڵێی بە دڵ بوو، خودایە! باوەڕم نەدەکرد بەو ئاسانییە دەچمە ناو خەونێکەوە باخچەیەکە درەختەکانی شادیی دەگرن، دەبم بە خاوەنی باوەشێک، چەندینجار خەونەکانی هەرزەکارییمیان کردووە بە بەهەشت و منیشیان کردووە بە ئادەمێکی سێو خواردوو. هەر کتومت دەتگۆ ئەو ناوەیان وەکو کراسێکی پڕبەپێست و بێ کەموکورتیی بە بەریدا بڕیووە. ئەو کاتانەی لەوێ دەبووم، بەتایبەتی ڕۆژەکانی پشووی هاوین، لە سەربان دەخەوتین، من زۆر لە هاتنە خوارەوە خۆم دوادەخست. هەموو بەیانییەکیش نازدار دەهات و هەڵیدەستاندم، بەڵام هیچ بەیانییەک ئاواتی ئەوەم نەهاتەدی تۆزێک دەستی بگوشم، یان چەند ماچێکی بکەم، چونکە برایەکی حەوت هەشتساڵان و خوشکێکی سیانزە ساڵانی هەبوو، هەمیشە لەگەڵیدا دەهاتنە سەربان و ئیدی نائومێدانە بە قادرمەکاندا دەهاتمە خوارەوە، بەڵام هەرگیز نائومێد نەدەبووم لە زەردەخەنە پڕ خۆشەویستییەکەی، زەردەخەنە هەتاوییەکەی و پێکەنینە تابڵێی فریشتانە ناسکەکەی. مام خدری باوکی، دوانیوەڕۆیەک بە ڕاشکاویی گوتی: دوای شاییەکەی فەرهاد. ئینجا تەماشایەکی من و نازداری کرد و دەستبەجێ ئامادەکاریی بۆ شاییەکەی ئێوەیش دەکەین. نازدار لەولاوە قریووەیەکی نەرمی بۆ بەرەلا کرد و منیش نەمزانی چی بکەم، سەرم داگرت و لە چەند شتێک تێفکرییم، قوتابی بووم، ڕاستە

هاوینان ئیشم دەکرد، بەڵام کەی بەڕاستیی دەمتوانی بەرپرسیارێتیی خێزان پێکەوەنان هەڵبگرم؟ کە بەدەنگی بەرزیش تێفکرینەکانم دایە بەر گوێی، گوتی: هیچ خەمت نەبێت هەتا دەکەویتە سەر پێ، بژێوییتان بەرپرسیارێتیی منە. گەرچی هێشتا زۆر گەنجییش بووم، قسە و گفتەکەی مام خدریش مەردانە بوو، بەڵام بۆ من لە هەر سبەدەر بوو، چۆن دەمتوانی ئەمە قبووڵ بکەم، چۆن؟ بەهەرحاڵ، هیچم پێ نەگوترا، نەک لەبەر ئەوەی هیچ شتێک نەبوو بۆ گوتن، بەڵکو نەمدەزانی لەڕاستییدا بە پیاوێکی جوامێر و سەخیی وەکو ئەو چی بڵێم و دڵی نەشکێنم. هەر ئەو دەمەوعەسرە بە فەرمانی برای فەرهادم گوت: بابڕۆین بۆ ئەو کوڕەی بۆ شاکیر فەتاحی نووسەری ناودار دیاریکرابوو. دەمەوعەسرێکی تابڵێی گەرمیش بوو، چاک دێتەوە بیرم، پارچە کاغەزێکی سپییان بەسەر ئامادەبووواندا دابەشکرد، لەبەر ئەوەی تابڵێی گەرم و یەکەمجاریشم بوو لە کۆڕێکدا ئامادەبم و شتێکی لەو بابەتە ئەزموون بکەم، بەوەی تەنیشتی خۆم گوت: ئەمە بۆ خۆباوەشێن کردنە؟ ئەویش سەیرێکی ئاساییانەی کردم و گوتی: ئەوە بۆ نووسینی پرسیار، یان کۆمێنتە تاکو مامە شاکیر وەڵامی بداتەوە! پاشان لەناو کیسەیەکی نایلۆن نامیلکەیەکی دەرهێنا و بە زەردەخەنەیەکی ڕۆحسووکانەوە پێی گوتم: بەم دیارییە خۆت باوەشێن بکە. سەرباری ئەو بارە ناهەموار و شەرم ئاوەرەی لەسۆنگەی ئەو پرسیارەوە تێیکەوتبووم، قووڵ لە بەرگەکەی ڕامام، کتێبێکی هاوبەش بوو، ناوی دوو چیرۆکنووسی بەسەرەوە بوو، ئەگەرچی زەمەن توانیوێتیی زۆر شت لە یادەوەرییم بسڕێتەوە، بەڵام ئەو هەموو ساڵە نەیتوانیووە ناوی یەکێک لە نووسەرەکانم لە یادا بڕەوێنێتەوە، سابیر، ئا. سابیر ڕەشید، ئەوەی نامیلکەکەی پێبەخشییم. ئیدی تەریقبوونەوەیەکی هەرزەکارانە دەستەویەخەم بووەوە و هەتا حاڵیحازریش کە بیری لێدەکەمەوە، زەردەخەنەیەکی شەرمن لەخۆم شەرمەزارم دەکات، وەکو ئەوەی، ئەوەی کە من بیری لێدەکەمەوە هەموو خەڵک بیزانن. ئەمەیش وەکو مێشێکی بێزارکەر وایە، کشەی لێبکەم و بەو ئاواتە بم لێم دووربکەوێتەوە، کەچی پاش ئەوەی بە بازاڕیشدا هاتینەوە، لای دووکانەکەی موکریانی سەروەختێک تەماشای

کتێبەکانم کرد، دوو نامیلکەم کڕی و دڵم بوو بە پەڵەهەوری خۆشییەکی بەهات، وەکو بڵێی دونیا تاقە کەسێکی دڵشادی تێدایە و ئەویش منم.

ڕۆژانێکی زۆر ڕابووردن، بەڵام بیرکردنەوەی ئەوەی، کە ژن بە ژن هەمیشە بەردەوام نابێت وەکو سێبەر بەدوامەوە بوو لێم نەدەگەڕا. لەناوەڕاستی پایزدا، کە ئیدی دەنگی قاژقاژەکان بەئاشکرا گوێیان دەسمیی و ئاسمانی دەمە و ئێوارانیان دەبڕی و سەدایەکی خەمباریان بەجێ دەهێشت، سەربازییەکەی فەرهاد کۆتایی هات، بەڵام مادەم هاتەوە بیریشم، با نەیشارمەوە و ئەمەشی بخەمە سەر، بەر لە شاییەکە، دەمەقاڵەیەک لەسەر بابەتی ئەم ژن و ژنخوازییە لەنێوان من و باوکمدا هاتە گۆڕێ و بۆ یەکەمجار دەستی لێ هەڵبڕیم، زللەیەکی بەزەبری لێ وەشاندم ئەگەر لەبەرچاوی ئەوانەی لە ژوورەکەدا بوون لێی نەدابام، پێم ئاسایی بوو، بەڵام وای لێکردم بەقینداد بچم، ئیدی لەلای خۆمدا کردم بە هۆکارێک بۆ دەستبەرداربوون لە نازدار. بێگومان دەمودەست هیچ شتێکم نەوت، بۆ دوایی هەڵمگرت، دواییش، ئەو دواییەی متووربەیە بە هەڵەیەکی کوشندە و لە پەشیمانییش بترازێ بە هیچی دی گەمارۆ نەدراوە.

لە کۆتایی ئەو پایزەدا، شاییەکەیان خستەگەڕ، ماڵەکەمان جێگای کەسێکی دیکەی لێ نەدەبووەوە، دەرزیت هەڵبدایە نەدەکەوتە سەر عەرز. نازداریش هاتبوو، من چاوم هەر لەسەری بوو، کە سەری هەڵدەبڕی و دەیبینیی چاوەکانمی بەخۆیەوە گرێداوە، خەنی دەبوو، وەکو بڵێی ئەم دونیایە پێی تەسکە و جێگای تیادا نابێتەوە، خۆشیی لە سەرتاپایەوە قەڵبەزەی دەبەست. چەند جارێک کوڕێکی مامە عەزەم لە حەوشەکەماندا دەیویست زەفەری پێبەرێت و دەستی بگرێت، بۆی نەچووەسەر، بەڵام من بڕیاری پێشوەختەی خۆمم دابوو، چی لەمەیش باشتر دەبوو بیکەمە بەهانە و بە باوکم بڵێم بینیومە لە حەوشەکەمان فەرەیدوونی مامە عەزەم دەستی گوشیووە و ئیدی هەرچییەک کرا نەهاتمە ژێربار و پەیوەندییم تادەهات لەگەڵ ماڵی پوورم بێ هێز و بێ هێزتر دەبوو، تا سەرەنجام ڕەوییەوە. ئەو شتانەی سەبارەت بە ژن بە ژنیش بیرم لێدەکردنەوە نەهاتنەدی. سانییە هەتا ئێستا هەر هاوژینی فەرهادە و نازداریش! بێگومان، ئەوان پێکەوە مانەوە، ڕەنگیشە لەبەر ئەوە پێکەوە مابنەوە، چونکە من تایەکەی دی تەرازووەکەم بەکارنەهێنا، یان هاوکێشەی ژن بە ژنم هاوسەنگ نەکرد، یانی چی؟ بەخۆم گوت: ناشێ لەو قەناعەتەدا بیت کە تۆ پیاوەتیت لەگەڵ ئەوانەدا کرد و غەدرت لە خۆت و نازداریش کرد؟! نا، نا، تۆ، ئاخر فەرەیدوون تەنیا داوای کەوچکی لە نازدار کرد، ئێ گریمان دەستیشی بەر پەنجەیەکی کەوت، بۆ ئەمە ببێتە درزێک، جێ برینێک و هەتاهەتایە نەیەتەوە یەک و گۆشتەوزوون نەبێت!؟ ئیدی چی بڵێم؟ شەپۆلەکانی ژیان هەر جارە و منیان بە تاشەبەردێکی کەنارە هەزار بە هەزارەکانی خۆیدا کێشاوە و ئێستایش کە ئێستایە، کاتێک ئەو سەردەمە دەهێنمەوە یاد، کە زۆریش دەیهێنمەوە یاد، دەڵێی لەناو شەمەندەفەرێک بوومە لە زۆر وێستگەدا ڕاوەستاوە و من لێیان دانەبەزیوم، تا پێیان ئاشنابم، لەم وێستگەیەی ئێستایشدا دابەزیووم، بەڵام بەزۆرەملێ، چونکە وێستگەی من نییە و ناڵێم چیم بە نازدار کرد، بەڵکوو چیم بەخۆم کرد!! ئێستا تەنیا خۆم هەم و لە خۆمەوە نزیکم، ئەوانی دی زۆر لە منەوە دوورن، بۆیە هەر بۆ خۆم قسە دەکەم، دەڵێم: ئەوە چییە، شێت بوویتە؟ نا ئەمە شێتیی نییە، ئەمە پێداگریی یادە بۆ ئەوەی وەبیرهێنانەوە تۆختر بکاتەوە، چونکە زەمەن دەتوانێت زۆر شت بڕەوێنێتەوە، بەڵام ئەمە سرکە، نایەوێت لەبیرچوونەوە زەفەری پێببات. ئاخر چۆن دڵنیابم، کە ئەمە خەیاڵی خۆم نییە و شەقڵ بەم شتانە دەدات! نا، نا، ئەمە چیرۆکێک نییە نووسەرەکەی تەنیا بۆ نووسین پەنای بردبێتەبەر خەیاڵ، بێگومان، چونکە ژیانی بۆش و بەتاڵە، بەڵکوو ئەم هەویرەی من ژیان شێلاوێتیی، خەیاڵ تەنیا ئەو ڕۆڵەی تێدا هەیە ناهێڵێت زەمەن بیڕەوێنێتەوە و لە بیری من بچێتەوە، دیارە کە لەبیرچووەوە، ئیدی ئەو ژیانەیش لەگەڵیدا لەبیردەچێتەوە. با بەڕاشکاویی بڵێم ئەمە شەڕێکە و لەگەڵ خۆمدا بەرپام کردووە، زۆر دەمێکە دەستەویەخەی ئەم شەڕەم و بەوەیش ناچێت قەتاوقەت لەگەڵیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنم.

ئێستا ئیدی جگە لەخۆم کێ ئەم شتانەی بیر دێتەوە؟ کێ لەگەڵ ئەم شتانەدا دەستەویەخەیە؟

**حوزەیرانی ٢٠٢١ لەندەن**

کورتە چیرۆک

# خاڵ گوڵە سوور

قودسی قازی نوور
لە فارسییەوە دلشاد کاوانی

هەر کاتێک لێرە دەپەرمەوە، سەرێک لە خالید دەدەم، ماوەیەکە هیچ هەواڵێکی نییە، لە پشتی سەرییەوە، لە جووڵەی شانەکانی پیاوەکە و ئەم سەر و ئەو سەرکردنی دەزانم کە خالید نییە، خالید سەر و حەوسەڵەی نییە، لە دانیشتنی ناو کۆخەکە خۆی کوور دەکاتەوە وەکو ئەوەی دوو چەرخە لێ بخورێت. یاخود لە کاتی پسوولە بڕین و پارە وەرگرتن، یان مژوولی خوێندنەوەی کتێبی وانەی زمانی هۆڵەندییە، دەڵێت ڕۆژانە سێ وشەی تازە ئەزبەر دەکات، کەچی چوار وشەی پێشتریی لە بیر دەچێتەوە. سەر دەخەمە سەری و پێی ئێژم هەموو وشەیەکی هۆڵەندی بێزارکەرە! پێدەکەنی و ئاماژەی بۆ کەللەی سەری دەکرد کە هیچی تێ نائاخندرێت. منیش دەڵێم «مەگەر بڕیارە تێی بچێت؟ جێگەیەکی بەتاڵت نەهێشتۆتەوە!» خەندەکانیشی وەکوو هەموو شتێکی ناوازە و بێ ئومێدە. لە ژووری زمانی هۆڵەندی ئەوم ناسی بە شێوەزارێکی قوڕس پرسی: «ئێرانییت؟» گوتم: «لە کوێوە زانیت» گوتی: «لە ناوتەوە» پرسیم: «چۆن ئاوا بەباشی فارسی دەزانیت» گوفتاندی «چەند ساڵێک لە ئێران بووم» پێم گووت: «تۆ خەڵکی کوێی؟» گوتی: «کوردم» پرسیم «کوردی کوێ؟» گوتی: «کورد کوردە کوێی نییە؟» گووتم: «دواجار کوردەکان هەموویان خشتەی یەک کوورەن؟» بە مینگەوە گوتی: «عێراق» و دەستی چەشنی تفەنگ بەرەو ڕووم ڕاگرت و گووتی: «بینگ، بینگ» و ئاڕاستەی خۆی کرد و پاشان ڕووی لەمن کردەوە. پێی هەڵشاخام و گوتم: «چما ئێمە؟! وڵاتەکان!» سەری ڕەزامەندی لەقاند.

ماڵیان لە باڵاخانەیەکە کە تەواوی شەقامەکەی داگرتووە، بینگۆنگیۆ گیتوی پڕە لە بێگانەکان، خانەی یەکەمی بونیادەمەکانە، هەڵبەت وا بیردەکەیتەوە باڵاخانەکە قەڵایەکی مێژوویی و شوێنەواری کۆنە و تا نهۆ تۆمار نەکراوە! ڕێز دوای ڕێز جل و بەرگی بچووک و گەورە بە تەناف هەڵخستراوە، لێواری نەردەبانەکانی ئەو نیم، دەرانەی زارۆکان شەوان مێزیان پێ دادەکرد و ڕۆژیش تیشک و بای لێ دەدا و وشک دەبنەوە، لەگەڵ پەردوی ئەستوور بۆ شاردنەوەی ناوەوەی ژوورەکان، کە وەکو پەرچەمی مووسڵمانەکان دەناسرێت. ئەگەر تاک و تەرا نەبێت پەردوە تەنکەکان کە نیشانەی ماڵە هۆڵەندییەکانە نابیندرێن. ناوچەیەک لە ناوەڕاستی ئەوڕووپا! ژووری خالید لە هیچ کامیان ناچێت، نە پەردوی ئەستوور و سفتی هەیە و نە کورت و نەخشین، لە پشتی جامی پەنجەرەکان ڕۆژنامەی لێ دراوە، گاهێ پرسیم چما ڕۆژنامە؟ گوتی شووشتنیم لە هەستۆ بۆتەوە و پێکەنی. لە دەر و دیورای ماڵەکەی دا تەنیایی دەباری، هەرکە پرسیم «بەم چەشنە دڵتەنگ نابیت» وەرامی دامەوە «پێشتر هێندە دڵتەنگ بووم ئێدی ئێستا، نا» پێم گووت: «هێندە دەست و پێ سپیت، بۆ خۆت کۆ ناکەیتەوە؟» بە تریقانەوە ئێژێ «بۆ پەردو شووشتن؟» بەشەرمەوە گوتم «بۆ ڕەبەنیت» حازر بەدەست گوتی «جا لەکێ دەزانی لەوەش تەنیاتر نابم» گلەیاندم و گوتم «خالید! زیندانت دروست کردووە» هەم دیسان خنییەوە. ماوەیەک تێپەڕچوو چووم بۆ بوتیکەکە و حەزم دەکرد خالید لەوێ بێت، سەر ئەنجام سەر و پۆتاکی و قژە ڕەشەکەی هاواری دەکرد کە خالیدە، وەکو هەمیشە دەستەکانی کردبۆوە بالیف و سەری لەسەر ڕاخستبوو، کە تەقەم لە شووشەکەوە هێنا، سەری بەرز کردەوە و گرژییەوە، گوتم «دیار نەبووی خالید! چەند دانە قاوەیەکم گەرەکە» گوڵخەنێکی کرد و گوتی «هەر

ئەمڕۆ گەیشتمەوە، هاتم بۆ کار» لەڕولاواز و عەبووستر دەردەکەویت. گوتم «لە کوێ بووی؟» گوتی «مەفتەن» پێم گوت «چۆن بوو ئەمەت چوو بە مێشکەوە؟» گێڕایەوە «خوشکم بۆی نووسیبووم، دایە ماوەیەکە بە دەست ئازارێکی زۆرەوە دەناڵێنێت، پزیشک گتبووی، بیبەنەوە چاوەڕێی بکەن، تکایە وەرە، مەهێڵە لەمە زیاتر ئازار بکێشێت» و تاوێک بێدەنگ بوو، ڕەنگی پەڕی، دەستم خستە سەر شانی «ئەمە ژیانە ئیدی. بەسەر هەموومان دێت، وانییە؟!» ئەلفازی نەکرد.

باڵۆنی شینی ڕیکلامی «نیوا» بە ئارامی بەسەر ئاسمان تێدەپەڕی، چەند کەسێک وەستابوون سەیریان دەکرد، منداڵە هار و هاجەکانیش دوای کەوتبوون هەڵدەپەڕین، وەکو ئەوەی بیانەوێت باڵۆنەکە بگرن. خالید برۆکانی هەڵبڕین و ورتاندی «ئیمپریالیستەکان شتی جوانیان هەیە!» دووبارە برۆکانی تێک نایەوە و گوتی «دەبینی؟ ئەم خەڵکە بە چ کەیفسازییەکەوە سەیری هەموو شتێک دەکەن! من ساڵی یەکەم کە بۆ ئێرە هاتم لەگەڵ دەنگی تەق و تۆقی جەژنی سەری ساڵ گریانم گرت» منیش دڵم دایەوە گوتم «کچەکەی منیش گریا، تاسابوو، وای دەزانی جەنگ ڕووی داوە» «لێ ئەمانە بە هەموو شتێک دەتریقێنەوە» گوتم «ئەمە بۆ ئەوانە واتای هاتنی جەژنە، بۆ کچەکەی من هێمای شەڕە، بۆ تۆ لەوە خراپتر، خۆزیا هەموو مرۆڤەکانی دونیا گوڵخەنیان هەبووایە، مەگەر خراپە؟!» متەقی نەکرد گوتم «لە یادمە کە منداڵ بووم دەنگی جیق جیقە بۆ من دەنگی شادی و خۆشی بوو، بەهەر جۆرێک با، خێرا خۆم دەگەیاندێ، کوچە و کۆڵانم تەی دەکرد، دەزانی جیق جیقە چییە؟» گوتی «نا» بۆم شیکردەوە، گوتی «بەڵێ، ئێمەش هەمانە، لێ ناوی جیق جیقە نییە» و گوڵخەنی کرد. باڵۆنە شینەکە دوور کەوتبۆوە و باڵۆنێکی سوور لە دورەوە دەهات. دوو کچ و کوڕ لە ناوەڕاستی شەقام بەیەکەوە نووسابوون یەکدییان ڕادەمووسی، خالید بە بینینی ئەوان سەری لەبەر خۆی نایەوە، گوتم «چەند مایتەوە» «! زۆر نا، هەر ئەوەندە مامەوە تاکوو دایکم بمرێت غەمگین و بەسەریەک دا ڕووخابوو. گوتم «دەست و پی سپی خۆت خڕکەوە» گوتی «گاهێ خوشکە بچکۆڵەکە و بووکی تازەم بە خاڵ گوڵە سووری خەنەی لاوێچی دەستیم دەدیت، هەستم دەکرد بۆنی ڕەیحان دەدات» بە چاوە ڕەش و شەرموونەکانی نیگایەکی گرتە ئەم کوڕ و کچەی تێکەڵ ببوون و گوتی «ئەوانەش دڵیان هەر شتێک بخوازێت دەیکەن، هەموو جێگەیەک بۆ ئەوان وەک چۆڵی و ناو ماڵە، کەچی کاریان بەسەر هەر جووڵەیەکی ئێمەیە دوێنێ کە لە ماڵ هاتمەدەر باران لە بچم و تەوێلی دەدام ڕووخسارم بەرزکردبۆوە تا پڕووشکەی بارانی بەرکەوێت، یەک ڕاست دوو چاو لەپشتی پەنجەرەوە، وەکو ئەوەی شێتێکی دیتبێت ئاوا لێی دەڕوانیم» خەندەیەکم کرد و گوتم «باشە بۆچی یەکێکی وەکو خووشکەکەت هەڵنابژێریت؟» گوتی «بیهێنم بۆ ئێرە تا وەکو ئەوانەی لێ بێت کە بۆ ئێرە هاتن» گوتم «چۆن چۆنی؟» گوتی «چەقاوەسوو» گوتم «گۆڕانکاری چەقاوەسوویییە؟ تۆ کە سیاسیی بوویت، لەگەڵ یەکسانی نێوان ژن و پیاو دایت بۆچی ئەم هەموو کێشەیەت لەگەڵ ژن هەیە» گوتی «نا من لەگەڵ ئەم جۆرە یەکسانییە نیم» پێم گوت «بڕیار نییە هەموو ڕاستییەکانی دونیاتان قبوڵ بێت! بۆ تۆ خۆت نەگۆڕاوی؟ تۆ هەمان خالیدەکەی جارانیت؟» کەوتە بارێکی خەیاڵان، کەمێک بێدەنگ بوو و گوتی «بۆنا گۆڕاوم، ئەوەی لێرە تێگەیشتووم، وەکو پێشتریێ نیم، وەلێ هەر وەکوو ئەوانەش نیم، خۆزگە هەر خالیدەکەی جاران دەبووم، یان وەکوو ئەوانە بام، مانەوەم لەم بەینەدا زۆر سەختە».

کچێکی گەنج دەستی لە دەلاقەی شووشەکە هێنایە ناو بوتیک، تا پسوولە وەرگرێت، قاوەکەم هەڵگرت و ڕۆیشتمە دەرەوە، پەڕی کاغەز لەبەر با دا لە دەرەوە لە شێوەی باڵندە ونبووەکان بە دەوری خۆیان دەخولانەوە، یەخەی خۆم هەڵکێشایەوە، دەنگی خالید لەگەڵ لە ڕینەوەی با دا لە نێو سەرم دەزرینگایەوە.

**١٩٩٧ برێخت**

*** قودسی قازی نوور ژنە چیرۆکنووس و شاعیر و شێوەکاری ناسراوی فارسە، لە ساڵی ١٩٤٦لە لەنگەروودی وڵاتی ئێران لە دایکبووە، زیاتر لە سی کۆمەڵە چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە، بەرهەمەکانی وەرگێڕاونەتە سەر زمانی هۆڵەندی و ئەڵمانی خاوەنی بڕوانامەی دیبلۆمی فەخری هانس کریستسن ئەندرێسینی یۆنانییە. چەندین خەڵاتی دیکەی ئەدەبی و لەسەر ئاستی ئێران و جیهانە وەرگرتووە.**

# دیوانی مات

ا

درکودالی تەڕوتووشییەک ڕژایە ماڵەکەم
هێلانەی بریندار کردم
باڵندەی بەرەو ساردایی زستان کۆچیان کرد
دیوانی ماتیان بە باڵ نووسی و پێتیان بۆ لای بێدەنگی گەڕاندەوە
لەناو لکوپۆپی درەختی حەوشەیان دانان
ئاماژەی کەوانەی ڕووناکیان کرد
پێیدا دێینەوە
ئاسۆ گەورە بوو
وێنەیەک لە ئەلبوومی خێزانی هەڵدەبژێرین
لە دەرگای ماڵی دەدەین
قۆزاخەی پەمۆ دەکرێنەوە و ڕەنجیان ناشارنەوە
خەندەیەک گەشی کردوون و بۆ سەدادانەوەی تاسەی
ڕەنگ بە ڕوو نەماو و باران لێ گیراوەوە دێن
چاو دەگەشێتەوە و وەک یەکەمین ڕووناکی شتێک دەڵێ
ئاسمان بە تەواوی جریوەی دێ
زەویش گوێڕایەڵی دەبێت
ئەستێرە و مرۆڤ لە بەرچاوان ڕاناکەن
ڕۆژانە چەند جارێک پرچی ئەستێرەی ماڵ
بەسەر دەرگا و پەنجەرەدا دەکرێتەوە

ئـ

باڵندەی بێخوێ لەژێر پەردەی درۆی دوودیو سووڕ دەداتەوە
ئاژەڵی ترسناکیش زوو لە خەو هەڵدەستێ و بە باریکەڕێدا دێت
کەڵبەی لەخۆبایی بەرانبەر ڕوخساری ئاویم جیڕ دەکاتەوە
ئاوازە تەواوبووەکانم نەگوتران
ئاواز شوێنی ئەستێرە ڕوون دەکاتەوە
درکودالی تەڕوتووشی ڕەگی بادام
ئەمە سزای شیعرە و شیعریش ترساو سەیرم دەکات



سەباح ڕەنجدەر

چاوتان بەتاڵ کەن بە تەنیا دەڕۆم و سڵاو لە نهێنیی جێهێڵراوی گۆڕ دەکەم
پەنجەکانم بە ناوچەوانم شۆڕ بوونەتەوە
ئەوان منیان نەبینی سارد هەڵگەڕاوم

**ب**

شکۆمەندییەک لە گەنجینەی بێنەوایان هاوار هەڵدەدا
دیوانی ماتی تێدا دەپارێزم و قسەیەکی پڕ لە ڕاز دەکات
بە تەنیا و بێ چەک سەرنجی دەن
سێبەری خوداوەندم خستووەتە سەر
کانییەکی ساکار و دڵ پڕ لە قوڵپە
لە هێزی هاوار خولْقاندوومە
کات سوور نییە لەسەر ئەمەک و لە هاتنیدا تاریکە

**ت**

بە کەوانەی ڕووناکی نا
بە پەنجەرەیەکدا هاتنەوە
نزیکیان بەفری بەئەمەک باری
دیمەنێکە کێ دەیەوێ بەشداری تێدا بکات
پاشان شەڕی سنوورێک بکەین و بیشکێنین
شاری حەوتدەرگا بینا دەکەین
بە تەنیا و بێ چەک سەرنجی دەن
ماڵێک ژمارەی ڕەنگەکانی
پەلکەزێڕینە و ئارامیی خوداوەند بینای کردووە
مەلەوان گرێی ڕووباری هەڵەشە دەکاتەوە

**پ**

مێروولەکان قەڵای خانەدان و بژارکراوی ئێوەم شارم لەناو دانێن
ڕاوێژکاری چەتان بانگ مەکەنە لای خۆتان
لە ئەستێرە دابەزیو بە زمانی ناسیاو بلاوێننەوە
هێلکەشەیتانۆکە بۆسە و سەنگەری بکوژ نییە
لە کازیوەی نەوی تێپەڕە لار پیشانت دەدا
ئاوێنەیەک چاوی خومار تەمی لەسەر لاداوە
بەرانبەرت ڕوخساری بە فەرامۆشی گەیشتووە
ئەم ئاستە بۆنخۆش و ساتە بێگەردە زمانی ناسیاوە
بەرزایی خۆی بزر ناکا

ج

بەسەر پشتی ئەسپێکی لێوبەبارەوەم
کۆترێکی باڵگران بەسەرمدا دێت و دەچێ و لەنگەری زۆری خایاند
دەنووکی داخراوە
گۆرانی لە پەڕی دەڕژێ
لێوم هەڵێنایەوە
ئاوی خدری هێنابوو دەستنوێژ بشۆم
دیواری ماڵ پڕ بوو لە کاتژمێری قوڕمیشکراو
پەیامێک دێت کات بزر نەکەم و بە هێمنی بمێنمەوە
ناو و ناسناو و نیشانەی ڕاستەقینەی
کووپە و
مەی و
بێستان و
ئەلفوبێم دیوانی ماتە
نزیک پەنجەرەی پۆدرەپڕژێنکراو
بای سەرپەڵە دەست لەسەر گەرمیی ناوچەوانم دادەنێ
تکایە دایکم و منداڵەکانم بە مردنم نەزانن
هەموو ڕووداوێک دەکرێ ڕوو بدات
زەمین لەسەرخۆ وەک باڵندەی هێلکەترووکاو
دەکرێتەوە و پڕ ئارەزوو پێدەکەنێ

**نیسانی ٢٠٢٢ هەولێر**

لەم شیعرەدا، وەک لە زۆر شیعری دیکەیشدا، ڕەنجدەر لە میتافۆرێکەوە دەچێت بۆ یەکێکی دی و بە دوای یەکدا ڕێزیان دەکات. هەوڵ دەدات مەعنا گەورەکان بە کەمترین وشە وێنا بکات. لەم هەوڵدانەیشدا بوێرانە دەست بۆ زمان دەبات.
ئەوەیش سەرنجراکێشە کە ناوەڕۆکی خەمبارانەی شیعرەکە، لە هەڵبژاردنی یەک بە یەکی وشەکاندا، بڕیاردەرە. تەنیا ئەوانەیان دەخاتە کار، کە لەگەڵ دیمەنی گشتیی بیرەکانیدا گونجاون.
لەم شیعرەدا، دیسان با بڵێم وەک لە زۆر شیعری دیکەیدا، دەربڕینەکان تێکەڵاوییەکن لە وێنەی سوورڕیالیستانە و لە هەناسەی خەمبارانەی ڕۆمانسیزم. ئەنجامەکەیش ئەوەیە خوێنەر ناچار دەبێت لە بیری خۆیدا جێی هەموویان بکاتەوە.

**فەرهاد شاکەلی**
**٢٠٢٢/٥/١٤ ئوپسالا**

# تەرمی ڕۆشنایی



غەمگین خدر

ئاسمان لە چاوی هەورەکانمانەوە
جەنگ نییە!
ڕوخساری ڕۆژەکانیشی ڕەش هەڵگەڕاون
سەرمایەکی تووش بۆ شەوم بەڕێوەیە
بایەکی تەشقەڵەچی بۆ سەرم بەڕێوەیە
لە ژێر پاڵتۆکەمدا فیکە لێ دەدا
ئەو شۆستەیە، ئەوەندە هەنگاوەکانمی ژماردووە
پیاسەی لێم کردووە بە پاسەوانی درەختەکان
مرۆڤی هیچ
شەڕانگێزی دڵۆپەبارانێکی سوور نیم هەر هیچ
لە ناوەندی جادەکانەوە،
ڕاوەستان لە قەدم ئاڵاوە و
چیرۆکێک پشتەملم پێ دەخورێنێت و
هیچ سەرگوزشتەیەکیش تەڕم ناکات.
وەک بای بیابانێک بەبێ تاقەتی هاتییەوە وشک
دەستەڕاستیشم کە چۆڵ دەکەیت
ترۆمبێلەکەشم غەمگینە و
حەزی ناچێتە خواردنەوەی بەنزین
حەزناکات ئەو دڵپڕییە بە گزۆزەکەدا بکاتە دووکەڵ
تارماییشت لە ڕادیۆکەوە،
هەواڵی ئاسوودەیی بڵاودەکاتەوە
دەنگت تەنانەت نییە و
قسەش بۆ تارماییت دەکەم
ئەڤینت چەنگی خستووەتە هەبوونمەوە
پرچی بێ ئەستێرەت بەناو شەومدا شۆڕبووەتەوە و
گۆڕی ڕۆژە جوانەکانمان لە گەروومدا کۆخە کۆخیانە.
سنگم بەم هەموو درەختە سەوزانەوە
نەخۆش کەوتووە!
دڵم بە بیرەوەرییەک چەور دەکەم،
ئیتر کوا ئەو ڤۆدگایە نەفرەتییە؟
خەیاڵەکانم لە دووسەت دەهاژۆم و

با ڕۆحم لەناو لەپی جادەکاندا بڕژێت
شیعرم وەک شیری دایکتان حەڵاڵی خوێنتان
وەک کوژراوێک ڕۆژەکانم پەرت و
خەونەکانم هەڵمی سەر پەنجەرە
بۆ دواجار/ سڵاوێک لە ئاسمانی ماڵەکەم دەکەم و
کونەکانی قەمیسەکەیشم تیمار دەکەم.
برینەکانی ژێر پێستی خۆم دەژمێرم
تەنیا بیرەوەریی ڕۆژەکانت زیندوون
دەتوانن دڵنەوایی شەوم بدەنەوە
تەنیا زمان دەتوانێت ئازارەکانم تف بکاتەوە.
ڕۆژەکان کە شەوی منن
شەوەکانیش ڕۆژی تۆن
بەناو ڕووناکیی سنگمدا تێدەپەڕن
شۆستەکان و
پێڵاوەکان بەناو سەرگوزشتەی مندا پیاسە دەکەن
کۆڵانەکان لە مندا تێدەپەڕین و
ڕۆژەکانی بەختم بەبێ سێبەرت لە کورتی دەدەن.
بە دالغەی کوپێک قاوەوە
شاعیرونیوێک
دەبەمە دەرەوەی ئەو شیعرە
لە خۆمدا.
خەندەیەکی زەردهەڵگەڕاو
بە ڕوخساری کافتریاکەوە خنکاوە!
کە بیر لە خواردنەوەی قاوەی دەستت دەکەمەوە
خەریکە لەناو ڕەنگی چاوانتدا بخنکێم و
هەناسەکانم سارد سارد ببنەوە و
لە تخووبی لێوەکانت،
لێوەکانم بنێژم.
ئەو هەموو شەوانەی بە بێ خەوی ئاسوودەییمان
خۆیان ڕووناک کردەوە
بە زمانی شەوماندا
تاڵ تاڵ تێپەڕین و
خۆری ڕوخساری تۆیش
شەبەنگی تا ئەو پەڕی هەبوون دەچوو.
تێنەپەڕی و
گۆرانییەکانی خۆمان لە گوێچکەتدا بە جێدەهێڵم
سێبەرەکەم بێدەنگ دەکەوێتە دوامەوە و
یادەوەرییەکان بە فرمێسک ئاو دەدەمەوە.
بۆیاغی هیچ ڕووناکاییەک سپی نییە

ڕۆژەکان بۆ مەرگێکی لەناکاو ڕەشکراون
ڕۆژی سپیی من،
ئەڤینی پڕ ڕەنگی ڕەنگاڵەی تۆیە
کە لەناو ڕۆژە تێپەڕیوەکان هیلاک هیلاک دێتەوە
مەرگی ڕەسەنانەی من
لە ناو ڕۆژی تۆدا ناڕوات و
ئەڤینی تۆیش/ هەڵگەڕاوەی هەموو ڕۆژە ڕۆیشتووەکانمە.
بێ دەستەکانت
قاچەکانم وەک ئێوارەی ڕۆژەکان ماندوون
پەیڤێکی گەرم نیوەڕۆی تەمەنم داغ دەکات
برینە تەڕەکان یەک یەک
بۆ زمانم دەگێڕمەوە
هێشتانەکینێش هیلاکیی ڕۆژگار ناتوانێت
لە بیرەوەریی ئارەقەی ناو دەستەکانت
دوورم بخاتەوە.
لەو شەوانەی پاییز دەستی وەشاند
هەموو چرکەکان هەڵوەرین
شەوەکان سەریان لە گزنگی بەیانیدا سپی کرد
ڕەنگە ئەو نهێنییە مردوویەکی زیندوو بێت
گۆڕی کەوتبێتە ناو گەرووی شاعیرێک.
ئەو وشەیە لە شەقەی باڵ نادات،
کۆتریشی نەدیوە!
ناتوانێت ئاسمانی حەوشەیماڵیشتان
جوانتر ببینێت.
ئەو هەموو ڕۆژە لەناو ساڵەکاندا،
بە حەسرەتەوە تێپەڕین
ئەو هەموو ساڵە لە پێشم کەڵەکە بوون
تەنیا قەرەباڵغییان دروست کرد
ئەوەندە بۆ تۆ و شیعر ژیام
پەیڤەکان گەروومیان کردووە بە گۆڕستان و
دوا گوتراوی ئەڤینی تۆیان لە کۆڵە و
نایانەوێت زمان تەرمی ڕۆشنایی ببینێت.

# ڕۆشنبیریی گشتی

- ئەگەرەکانی جەنگی عێراق - ئێران لەتاوتوێیەکی سەردەمی پێشمەرگایەتیدا

فەرید ئەسەسەرد

## ئەگەرەکانی جەنگی عێراق ـ ئێران

# لەتاوتوێیەکی سەردەمی پێشمەرگایەتیدا



**فەرید ئەسەسەرد**

لە ساڵی (١٩٨٨)دا خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا تاوتوێیەکی بۆ ئەگەرەکانی جەنگی عێراق ـ ئێران ئامادە کرد کە بیرۆکەکەی لە سیمینارێک وەرگیرا بوو کە ساڵی پێشتر سەبارەت بە لێکەوتەکانی جەنگی عێراق ـ ئێران سازکرابوو.

لەنێوان توێژینەوەکەی سیمینارەکەو تاوتوێکە خاڵی هاوبەش هەبوو، بەڵام لێکۆڵیاری ئەوروپی نەیتوانی بوو لە دورەوە و بە چاویلکەی بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆی، ڕاستییەکان وەکو خۆی ببینێ و زۆرجار مەسەلەکانی تێکەڵ و پێکەڵ دەکرد، بە تایبەتی لەو بەشەی کە پەیوەندیی بە کوردەوە هەبوو، بۆیە تاوتوێکە ناچار بوو بۆی ڕاست بکاتەوە.

هەرچەند تاوتوێکە درێژە پێدان و شرۆڤەکاری تێڕوانینەکانی سیمینارەکە بوو، بەڵام شیکردنەوەی تازەشی پێشکەش کردبوو کە بەبیری لێکۆڵیاری ئەوروپایی نەهاتبوو. بۆیە تاوتوێکە لەو بەشەی کە پەیوەندیی بە کوردەوە هەبوو، قوڵتر و ڕاستتر و بەبڕشتر و وردتر بوو.

یەکێ لە هۆکارەکانی بەستنی سیمینارەکە، نیگەرانی خۆراوا بوو لە ئەگەری پێشڕەویی هێزەکانی ئێران لەناو خاکی عێراق و ڕوخانی ڕژێمی عێراق کە دەبووە مایەی فراوانبوونی دەسەڵاتی ئێران و هەڕەشەکردن لە بەرژەوەندییەکانی خۆراوا تەنگهەڵچنین بە دۆستە کلاسیکییەکانی خۆراوا لە ناوچەکە لەوانە دەوڵەتانی کەنداو، ئوردن و ئیسرائیل.

سیمینارەکە لە هەلومەرجێکدا بەسترا کە تێیدا ئێران سێگۆشەی فاوی لە (١٢)ی شوباتی (١٩٨٦)ەوە گرتبوو و هەندێ سەرکەوتنی لە بەرەی باکور، لە کوردستان بەدەست هێنابوو. بۆیە، ئەگەری بەدەستهێنانی سەرکەوتنی دیکە و پێشڕەویکردنی هێزەکانی ئێران بۆ ناو خاکی عێراق بە هەند وەردەگیرا، بەتایبەتی کە ئێران، بە گرتنی سێگۆشەی فاو، عێراقی لە کەنداوی فارس و کوێت دابڕی بوو. لەو گۆشە نیگایەشەوە کە ئێران لە دۆخی هێرشبردن و عێراق لە دۆخی بەرگریکردندا بوو، ئەگەری هەرەسهێنانی هێڵی بەرگریی عێراق لە یەکێ لە سێ بەرەکەی جەنگ، لە باکور و ناوەڕاست و باشور، ئەگەرێکی ڕەچاوکراو بوو. ئەم ئەگەرە لە میتۆدی بیرکردنەوەی سەرکردایەتیی کورددا، گرنگییەکی ستراتیجیی لە ڕادەبەدەری هەبوو، بەتایبەتی کە لەو کاتەدا هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق هاوپەیمانییان لەگەڵ ئێران لە دژی ڕژێمی عێراق هەبوو، پێیان وابوو هەر پێشڕەوییەکی گەورەی ئێران لە هەر یەکێ لە سێ بەرەکە، ڕێ بۆ ڕوخانی ڕژێمی عێراق خۆش دەکات.

بەپێی ئەوەی کە نەوشیروان مستەفا ئاماژەی بۆ کردووە، یەکێ لە بابەتە تاوتوێکراوە گرنگەکانی سیمینارەکە، بابەتێکە دەربارەی ناونیشانی ئەگەرەکانی جەنگی کەنداو لە ساڵی حەوتەمدا. ئەم بابەتە کە جێی سەرنجی نەوشیروان مستەفا بووە، لە چوار ئەگەری کۆڵیوەتەوە کە ئەمانەن:

١ـ ئەگەری ڕاگیرانی جەنگی عێراق ـ ئێران.

٢ـ ئەگەری هەرەسهێنانی عێراق لە ناوەوە (لە سۆنگەی ڕاپەڕینی جەماوەرەوە، یان بەهۆی کودەتای سوپاوە، یان لەبەر هەر هۆیەکی دی).

٣ـ ئەگەری پێشڕەویکردنی هێزەکانی ئێران لە

کوردستان (بەرەی باکور).

٤ـ ئەگەری پێشڕەویکردنی تورکیا لە کوردستان کە لێرەدا زۆرتر مەبەستی دەستێوەردانی سەربازیی تورکیا بووە لە کوردستان.

نەوشیروان مستەفا لە نیسانی (١٩٨٨)دا تاوتوێکەی ئامادە کردووە، کاتێک بارەگاکەی لە بەرگەڵوی دۆڵی جافەتییەوە گواستبۆوە بۆ دۆڵەکۆگە. لەو کاتەدا دوو ڕووداوی گەورە لەسەر ئاستی کوردستان و لەسەر ئاستی عێراق لە کایەدا بوون. یەکێکیان، لەسەر ئاستی کوردستان، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بوو لە (١٦)ی ئازاری (١٩٨٨)دا و ئەوی دیکەشیان، لەسەر ئاستی عێراق، سەرکەوتنی هێزەکانی عێراق بوو لە گرتنەوەی سێگۆشەی فاو لە (١٧)ی نیسانی (١٩٨٨)دا. هەرچەند گرتنەوەی سێگۆشەی فاو لە لایەن هێزەکانی عێراقەوە، بە ڕەچاوکردنی ڕیزبەندی مێژوویی ڕووداوەکان، بە سەرەتای کۆتایی هاتنی جەنگی عێراق ـ ئێران دەژمێردرێت، بەڵام پێدەچوو ئەم بیرۆکەیە هێشتا لەلای سەرکردایەتیی کورد نەچەسپا بێت، برەو هەر بۆ ئەو بۆچوونە بوو کە جەنگ هەر بەردەوام دەبێت، مەگەر بە ڕوخانی یەکێ لە دوو ڕژێمەکە کۆتایی بێت.

لە پێشەکییە کورتەکەیدا، نەوشیروان مستەفا بە چاکی زانیوە بڵاوکردنەوەی ئەگەری یەکەم و دووەم (واتە ئەگەری ڕاگیرانی جەنگی عێراق ـ ئێران و ئەگەری هەرەسهێنانی عێراق لە ناوەوە) بخاتە لاوە و بایەخ بە ئەگەری سێیەم و چوارەم بدات کە پەیوەستن بە پێشڕەویی هێزەکانی ئێران لە کوردستان و ئەگەری دەستێوەردانی سوپای تورکیا لە کوردستان، ئەویش (بەهیوای ئەوەی کە لەم هەلومەرجەدا کەڵکی هەبێت بۆ ڕۆشنکردنەوەی هەندێک لایەنی ئەم مەسەلەیە کە پەیوەندییان بە چارەنووسی گەلی کوردەوە هەیە).

نەوشیروان مستەفا پاش ئەوەی خوێنەر لەوە ئاگادار دەکاتەوە کە ئەو چاوپۆشیی لە نمایشکردنی ئەگەری یەکەم و دووەم کردووە، دان بەوەدا دەنێت کە ئەو (بە دەستکارییەکی کەمەوە) ئەگەری سێیەم و چوارەم بڵاودەکاتەوە. وەکو لە دەقەکەدا دەردەکەوێ، دەستکارییەکە بە دوو شێوە خۆی نواندووە. شێوەی یەکەم وەرگێڕانی دەقەکەیە بە دەستکاری و کورتکردنەوەی. بۆیە ئەوەی لەبەرایی ئەم بەشەدا بڵاوکراوەتەوە، زانیاری

**شرۆڤەکە نەیتوانیوە وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە ئەگەر تورکیا هێز بۆ کوردستان بنێرێت چی ڕوودەدات**

لەسەر پێشینە و ڕەگ و ڕیشەی کێشەکان دەردەخا و زۆرتریش بۆ ڕێخۆشکردنە بۆ چوونە ناو بابەتە سەرەکییەکە. بەشەکەی دیکە زۆربەی ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی نەوشیروان مستەفایە بە سوود وەرگرتن لە زانیارییەکانی سیمینارەکە. لەم بەشەدا شیکردنەوەی وردتر لە شیکردنەوەکانی سیمینارەکە خراوەتەڕوو، ئەمە ئەو بەشەیە کە ویستراوە کادیرەکان ئاگاداری بن و لەبەرچاوی بگرن. لەبەر ئەوەش کە شرۆڤەکانی ناو ئەم بەشە نزیک بوون لە شێوەی بیرکردنەوەی کادیرەکان و سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە ئاسانی دەتوانرێت بۆچوونەکانی نەوشیروان کە تێکەڵ بە بۆچوونە نمایشکراوەکانی سیمینارەکە بوون، لە بۆچوونەکانی ناو دەقەکە جیابکرێنەوە. ئەگەری پێشڕەویکردنی هێزەکانی ئێران لەناو



> **“ نەوشیروان مستەفا لە نیسانی (١٩٨٨)دا تاوتوێکەی ئامادە کردووە، کاتێک بارەگاکەی لە بەرگەڵوی دۆڵی جافەتییەوە گواستبۆوە بۆ دۆڵەکۆگە ”**

کوردستان
شرۆڤەکە بەوە دەست پێدەکات کە ئێران یەکێکە لە دەوڵەتە کۆنەکانی جیهان و بیست و پێنج سەدەیە ئەو سەر زەمینەی ئێستە حوکمڕانی دەکا، ماوەیەک نەبێت پاش پەیدابوونی دەوڵەتی عەرەبە موسڵمانەکان کە تێیدا ئێران سەربەخۆیی خۆی لەدەستدا و بووە بەشێک لە جوگرافیای دەوڵەتی عەرەبی موسڵمان.

بەشێکی زۆری ململانێی ئێران لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، لەسەر کوردستان و عێراق بووە و لەم سەروبەندەدا کوردستان و عێراق مەیدانی جەنگی ئێران و دەوڵەتی عوسمانی بووە.

بەستنی (١٨) پەیمانی ئاشتی لەنێوان ئێران و دەوڵەتی عوسمانی لە ماوەی (٤٥٠) ساڵدا، قوڵیی قەیرانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت دەردەخات.

پاش پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی (١٩٢١) لەسەر دەستی بەریتانیا، کێشەکانی نێوان ئێران و دەوڵەتی عوسمانی بە میرات بۆ عێراق مانەوە. کێشەکانی نێوان ئێران و عێراق بۆ هۆی ئابووری، نەتەوەیی و تایفەگەری دەگەڕێنەوە.

عێراق لە ڕێککەوتننامەی ساڵی (١٩٧٥)ی جەزایردا، دەستی لە نیوەی شەتولعەرەب بۆ ئێران هەڵگرت و لە بەرانبەر پشتگیری نەکردنی شۆڕشی کورد لە لایەن ئێرانەوە، لە ئەنجامدا شۆڕشی کورد هەرەسی هێنا. پاش ڕوخانی ڕژێمی شا لە ئێران و هاتنە سەرکاری ڕژێمێکی توندڕەوی شیعی لە ئێران لە ساڵی (١٩٧٩)دا عێراق کە زۆرینەی دانیشتوانی شیعەیە، ترسی لێ نیشت، بۆیە پاشاگەردانیی ئێرانی قۆستەوە و ڕێککەوتننامەی جەزایری هەڵوەشاندەوە، پاشان هێرشی بەربڵاوی کردە سەر ئێران و لە قۆناغی یەکەمی جەنگدا چەند کیلۆمەترێک لە خاکی ئێران پێشڕەویی کرد و هەندێک چیا و گوند و شارۆچکەی گرت، بۆیە ئەمە (سەدام و کاربەدەستانی بەعسی لەخۆبایی کرد. هەر زوو کەوتنە هەرەشەی دابەشکردنی ئێران و ئازادکردنی عەرەبستان) بەڵام دواتر عێراق لە خورەمشەهر شکستێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی. لە قۆناغی دووەمی جەنگدا، مەیدانی شەڕ کەوتە سەر سنوور و لێرەدا ئێران دەستی کرد بە هێرش کردن بۆ سەر پارێزگاکانی بەسرە، عیمارە، دیالە، سلێمانی و هەولێر. لە قۆناغی سێیەمدا ئێران ویستی مەیدانی شەڕ بخاتە ناو خاکی عێراقەوە و پێشڕەوی بکات، ڕژێمی عێراق بڕوخێنێ و ڕژێمێکی ئیسلامی تێدا دابمەزرێنێ.

لە ئەنجامی ستراتیجی عەسکەریی ئێراندا، سێ مەیدانی جەنگ لە ناوەڕاست و باشور و باکوری عێراق هاتنە کایەوە کە لە هەموویان گرنگتر مەیدانی ناوەڕاست بوو، چونکە نزیکترین بەرەیە لە بەغدا کە (١٢٠) کیلۆمەتر لە سنوری ئێرانەوە دورەو بە بەراورد لەگەڵ بەرەکانی دیکەدا کەمترین کۆسپی سروشتیی لە ڕێگەدایە.

ئێران لە بەرەی باکووردا پێشڕەویی کرد و هەندێک لە ناوچەکانی برادۆست، حاجی ئۆمەران، ماوەت، شلێر و هەڵەبجەی گرت.

بەپێی تاوتوێکە (ئێران لە پێشڕەوییەکی شێنەیی و بەردەوام دایە لە قەڵەمڕەوی عێراقدا، لە کاتێکدا عێراق لە پێشڕەوییەکی شێنەیی و بەردەوام دایە لە بەردەم هێزەکانی ئێران و لە هەر شەڕێکی قورسدا بەشێکی زەوییەکەی بۆ ئێران بەجێ دەهێڵێت.

ئینجا لێرەدا تاوتوێکە دەچێتە سەر باسکردنی ئەگەری پێشڕەویی هێزەکانی ئێران لە کوردستانی عێراق و لە کۆتاییدا داگیرکردنی.

شرۆڤەکە بەم نۆرینە گشتییە دەست پێ دەکات کە (لەم چەرخەدا کاروباری گەلان و دەوڵەتانی جیهان بە جۆرێکی ئاڵۆزی ئەوتۆ تێک ئاڵاون کە هەموو ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لەهەر گۆشەیەکی دونیادا ڕوویدا، جگە لەوەی کە کار دەکاتە سەر دەورپشتی خۆی، کار دەکاتە سەر هەموو شوێنەکانی دیکەی دنیا و بە پێچەوانەشەوە، ئەوانیش کاری تێ دەکەن. بەم پێیە، داگیرکردنی کوردستان، یان هەر بەشێکی دیکەی عێراق لە لایەن ئێرانەوە، کارێک نییە

**“ تاوتوێکە وای داناوە کە دەشێ ڕژێمی ئێران جیاوازی نەتەوەیی لەگەڵ گەلی کورد نەکات، بەڵام لە سۆنگەی سروشتی ئایینیەوە، لەوانەیە هەوڵی لەناوبردنی هێزە سیاسییە نا ئایینیەکان بدا و پشتیوانی لە پەیدابوونی بزووتنەوەیەکی ئایینی هاوشێوەی خۆی بکات ”**

**بەپێی تاوتوێکە، گرتنی کوردستانی عێراق لەلایەن ئێرانەوە دەبێتە هۆی گۆڕینی نەخشەی سیاسیی ناوچەکە و لێکدانی هەردوو پارچەی کوردستانی عێراق و ئێران**

هەروا بەبێ دەنگدانەوە و کاردانەوە تێپەڕێت، بەڵکو تاودانەوەیەکی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیی دەبێت).

ئینجا لێرەدا شرۆڤەکە دەچێتە سەر باسکردنی دەنگدانەوەکانی داگیرکردنی کوردستان لەلایەن ئێرانەوە و بە دەنگدانەوەی ناوخۆیی دەست پێ دەکات، لەم سەروبەندەدا باسی ئەوە دەکات کە بەشێکی نەتەوەی کورد لە عێراق دا دەژی و لەوەتەی دەوڵەتی مۆدێرنی عێراق لە ساڵی (١٩٢١) دامەزراوە، ئەو دەوڵەتە (لە شەڕ دایە دژی گەلی کورد) و سوپای عێراق وەکو (لەشکری داگیرکەر لەگەڵ خەڵکی کورد ڕەفتار دەکات).

لەو لاشەوە، بەشێکی نەتەوەی کورد لە ئێران دەژی. هەر چەند کوردی ئێران بە هەموو مافە نەتەوەییەکانیان شاد نەبوون، بەڵام لە ئێران کورد بوون تاوان نییە، لە کاتێکدا کورد بوون لە عێراق بە تاوان دەژمێردرێت. شرۆڤەکە بەو تەرازووە مەسەلەکە دەکێشێت کە پێشڕەویی هێزەکانی ئێران لەناو کوردستان و داگیرکردنی کوردستان بەرامبەر بە (ڕاماڵین و نەهێشتنی دەسەڵاتی بەعسە لە کوردستان) شرۆڤەکە ڕۆشنتر لەسەری دەڕواو نیشانی دەدات کە ڕاماڵینی دەسەڵاتی بەعس لە کوردستان یەکسانە بە (کۆتایی هێنان و هەڵوەشاندنەوەی یەکجاریی سیاسەتی ڕاگواستن و بە عەرەبکردن و تەبعیس) ئەمە وا لێکدەداتەوە کە (خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ نەتەوەی کورد).

تاوتوێکە وای داناوە کە دەشێ ڕژێمی ئێران جیاوازی نەتەوەیی لەگەڵ گەلی کورد نەکات، بەڵام لە سۆنگەی سروشتی ئایینیەوە، لەوانەیە هەوڵی لەناوبردنی هێزە سیاسییە نا ئایینیەکان بدا و پشتیوانی لە پەیدابونی بزووتنەوەیەکی ئایینی هاوشێوەی خۆی بکات، بەڵام ئەم ڕژێمە (هیچ نەبێت ڕێگا لە گەڕانەوەی خەڵکی کورد بۆ سەر جێگاو ڕێگای دێرینی خۆیان ناگرێت).

بەپێی تاوتوێکە، گرتنی کوردستانی عێراق لەلایەن ئێرانەوە دەبێتە هۆی گۆڕینی نەخشەی سیاسیی ناوچەکە و لێکدانی هەردوو پارچەی کوردستانی عێراق و ئێران. تاوتوێکە بە ئەرێنییەوە تەماشای ئەم سیناریۆیە دەکات و وای بۆ دەچێت کە ئەمە لەسەر ئاستی ستراتیجی لە ئایندەدا (قازانجی گەورە بە کورد دەگەیەنێت) چونکە ئەمە دەبێتە هۆی (دروستکردنی لێکچوونی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوریی بەهێزتر و کەمکردنەوەی ناتەبابییەکانی ناو هەناوی ئەم دوو بەشەی نەتەوەی کورد) هەروەکو دەبێتە هۆی فراوانکردنی قوڵایی ستراتیجی سەر زەمینی کوردستان، سەرباری ئەوەی کە مایەی زیادکردنی قورسایی دیموگرافیی کوردیش دەبێت.

شرۆڤە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە گرتنی کوردستان لە لایەن ئێرانەوە لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانی کاردانەوەی لێ دەکەوێتەوە، لەسەر ئاستی ناوچەیی، ئەم ڕوداوە، کەم و زۆر، کار دەکاتە سەر ئاسایشی نەتەوەیی جیهانی عەرەب بەگشتی، دەوڵەتانی لێواری کەنداوی فارس و تورکیا، هەروەکو کار دەکاتە سەر هاوسەنگیی ستراتیجی نێوان کامپی خۆراوا و کامپی خۆرهەڵات و کاریگەریی بەسەر هاوسەنگیی سیاسی و سوپایی و ستراتیجی ناوچەکە دەبێت، بەتایبەتی کە عەرەب کوردستان بە سنووری سروشتیی جیهانی عەرەب دەزانن، بۆیە ئەو ڕوداوە پەیوەندییەکی گرژ لە نێوان ئێران و دەوڵەتە عەرەبییەکان دەخولقێنێ. جگە لەوە، بەهێزبونی ئێران و لێکدانەوەی دوو بەشی نەتەوەی کورد، مایەی ناڕەزایی تورکیا دەبێت، بەتایبەتی کە تورکیا خۆی بە خاوەنی مافی مێژوویی دەزانێت لە ویلایەتی موسڵ کە زۆربەی کوردستانی عێراق دەگرێتەوە.

ئەمەش بەم واتایە دێت کە ئێران دەست بەسەر ناوچەی بە نەوت دەوڵەمەندی کەرکوکدا دەگرێت. ڕەنگە ئەمەش وا لە تورکیا بکات دەستەوەستان ڕانەوەستێت و هێز بۆ کوردستانی عێراق بنێرێت.

شرۆڤەکە نەیتوانیوە وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە ئەگەر تورکیا هێز بۆ کوردستان بنێرێت چی ڕوودەدات، بۆیە هەر هێندەی دەربڕیوە کە ئەگەرەکانی پەیوەست بەم خاڵە (لە ئێستاوە ناتوانرێت پێشبینی بکرێن).

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، شرۆڤەکە پێی وایە سیناریۆی گرتنی کوردستان لە لایەن ئێرانەوە دەنگدانەوەی دەبێت، بەتایبەتی کە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە لایەن هەردوو زلهێزە جیهانییەکەی یەکێتیی سۆڤێت و ئەمریکاوە، بە (گرنگترین ناوچەی دونیا دادەنرێ)، بۆیە هەردوکیان (دەیانەوێت نەخشەی سیاسی ناوچەکە بێ هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی، وەکو خۆی، لە چوارچێوەی هاوسەنگیی ستراتیجی

“

**هەرچەند گرتنەوەی سێگۆشەی فاو لە لایەن هێزەکانی عێراقەوە، بە ڕەچاوکردنی ڕیزبەندی مێژوویی ڕووداوەکان، بە سەرەتای کۆتایی هاتنی جەنگی عێراق . ئێران دەژمێردرێت، بەڵام پێدەچوو ئەم بیرۆکەیە هێشتا لەلای سەرکردایەتیی کورد نەچەسپا بێت**

”

ئێستادا بپارێزن) زلهێزەکان لەو گۆشە نیگایەوە دەڕواننە داگیرکردنی کوردستان لە لایەن ئێرانەوە کە دەبێتە هۆی فراوانکردنی قوڵایی ستراتیجی ئێران و زیادکردنی تەوژمی ئایدیۆلۆژیا ئیسلامگەراکەی و دروستبوونی هەڕەشە لەسەر چەندان ڕژێمی سیاسی ناوچەکە. لە هەلومەرجێکی وادا دەوڵەتە زلهێزەکان ناتوانن دەستەوەستان و چاوەڕوانی کۆتا ئەنجامی پێشهاتەکان بن.

لە کۆبەندی بابەتەکەدا، تاوتوێکە وەها دەڕوانێتە مەسەلەکە کە بە لێکدانەوەی مەسەلەکە لە هەموو ڕوویەکەوە، دەردەکەوێت کە لەڕەوشی ئێستادا کە تێیدا کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە و کورد گەلێکی ژێر دەستەیە، داگیرکردنی کوردستان لە لایەن ئێرانەوە و جیاکردنەوەی لە عێراق ، کورد (دەستکەوتێکی سیاسی، ئابووری، کلتوری و کۆمەڵایەتیی گرنگی نییە لە دەستی بدات، بگرە ڕاگواستن و بە عەرەبکردن و تەبعیس هەڵدەوەشێتەوە) بەڵام لە مەودای دوسەدا گۆڕانی نەخشەی سیاسی ناوچەکە لە بەرژەوەندیی کورددا دەبێت، چونکە دوو پارچەی کوردستان یەکدەگرنەوەو مەسەلەی کورد لە مەسەلەیەکی ناوخۆییەوە دەبێتە مەسەلەیەکی بە ڕەهەند نێودەوڵەتی.

ئەگەری دەستێوەردانی تورکیا لە کوردستانی عێراق

لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا، تورکیا داوای دەکرد ویلایەتی موسڵ کە کوردستانی عێراق و پارێزگای نەینەوا دەگرێتەوە) بە عێراقەوە نەلکێندرێ و خۆی بە خاوەنی ئەو سەر زەمینە دەزانی. ناکۆکیی نێوان تورکیا و بەریتانیا لەسەر ویلایەتی موسڵ چەند ساڵێکی خایاند. لە دوا قۆناغدا کۆمەڵەی گەلان بڕیاریدا ویلایەتەکە بخرێتە سەر عێراق. بەهۆی ئەمەوە، ناکۆکییەکە لە کۆتاییدا بە قازانجی بەریتانیا و ناسیۆنالیستانی عەرەبی عێراق بەلایەکدا خرا و هەرێمەکە بووە بەشێکی دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق ، تورکیا ملی بۆ بڕیارەکەدا، بەڵام پێشتر، لە ساڵی (١٩٢٠)دا لە دیکۆمێنتی پەیمانی نیشتمانیدا ئەوەی چەسپاند بوو کە ویلایەتی موسڵ و باکوری سوریا بەشێکی جیانەکراوەی نیشتمانی تورک پێکدێنن. تورکەکان ئەوەیان کردۆتە بیانوو بۆ داواکردنی ویلایەتی موسڵ کە ویلایەتەکە بە شەڕ لێیان نەسەنراوە، بەڵکو هێزەکانی بەریتانیا، پاش

> ❝
> **بەشێکی زۆری ململانێی ئێران لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، لەسەر کوردستان و عێراق بووە و لەم سەروبەندەدا کوردستان و عێراق مەیدانی جەنگی ئێران و دەوڵەتی عوسمانی بووە**
> ❞

> **ناسیۆنالیستەکانی تورک هەندێ شاری وەک کەرکوک و هەولێر بە شاری تورکمانی دەزانن و بە داگیرکراو دەیانژمێرن**

ئاگربڕی مۆدرۆس، ویلایەتەکەیان لە دەست تورکیا دەرهێناوە. ئەم بیانووە نیوەی ڕاستە، چونکە هێزەکانی بەریتانیا بە شەڕ هێزەکانی تورکیایان لە کەرکوک دەرکردووە و پاشان داوایان لە هێزەکانی تورک کردووە شاری موسڵ بەجێ بهێڵن، ئەوانیش بەبێ شەڕ بەجێیان هێشتووە. هەروەها ناسیۆنالیستەکانی تورک هەندێ شاری وەک کەرکوک و هەولێر بە شاری تورکمانی دەزانن و بە داگیرکراو دەیانژمێرن. جگە لەوە، بوونی نەوت لە کەرکوک و شوێنەکانی دیکە، یەکێ لە هۆکانی چاوتێبڕینی تورکیایە.

لە جەنگی عێراق ـ ئێراندا، تورکیا بێلایەنی خۆی ڕاگەیاند و بەردەوام بوو لەسەر پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ هەردولا. بەهۆی جەنگەوە، عێراق چیتر نەیتوانی لە باشورەوە نەوت بنێرێتە دەرەوە، هەروەها نەیتووانی بۆ هاوردنی پێویستییەکانی خۆی سوود لە بەندەری فاو وەرگرێت. بۆیە، ناچار بوو هەم لە ناردنە دەرەوەی نەوتدا بۆریی نەوتی کەرکوک ـ جەیهان بەکاربهێنێت، هەم بۆ هاوردنی کاڵاو کەلوپەلی پێویست سوود لە خاکی تورکیا وەرگرێت.

بە هەمان پێودانگ، ئێرانیش لە کاتی جەنگدا پێویستی بە تورکیا بوو، بەڵام نەک بە قەد عێراق. لەو ماوەیەدا قەوارەی بازرگانی ئێران لەگەڵ تورکیا، بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی شا، چەند بەرامبەر زیادی کردووە.

بەپێی شرۆڤەکە، سەبارەت بە دەستێوەردانی چەکدار لە کوردستان، لەناو تورکەکاندا دوو بۆچون هەیە. یەکەمیان، بۆچونی تورکە توندڕەوەکانە کە داواکارن، لە کاتی پێویستدا، هێز بۆ کوردستان بنێردرێت و دەستی بەسەردا بگیرێت. بۆچونی دووەم، بە پێچەوانەی بۆچونی یەکەمەوە، دەستێوەردانی چەکدار بە گونجاو

نازانێت، لایەنگرانی ئەم بۆچونە (ئەگەر چی پێیان وایە داگیرکردنی سەرچاوەکانی نەوتی کوردستانی عێراق دەستکەوتی ماددیی گەورە بۆ تورکیا دابین دەکات، بەڵام توشی گێروگرفت و کێشەی قوڵی ئەوتۆیان دەکا کە زەرەری زۆرتر دەبێت لە قازانج) هەروەها لایەنگرانی ئەو بۆچوونە دەزانن تورکیا کێشەی لەگەڵ کوردەکانی خۆی هەیە، بۆیە وای دەبینن کە بە گرتنی کوردستانی عێراق، کوردی باکوور و باشوور یەکدەگرنەوە و گێچەڵی گەورە بۆ تورکیا دروست دەکەن، بەتایبەتی کە کوردی باشوور بەم دەستێوەردانە کێشەی گەورە لەگەڵ زۆر لایەن بۆ دروست دەبێت لەوانە لەگەڵ وڵاتانی عەرەب، ئێران، یەکێتیی سۆڤێت و هەندێ لە ئەندامانی پەیمانی ناتۆ، جگە لەوەی کە ئەم دەستێوەردانە مەرجی بێلایەنی لە تورکیا دادەماڵێ و ململانێیەکی سەختدا تێوەی دەگلێنێ، وەکو ئەوەی لە کێشەی قوبرس تووشی تورکیا بووە. شرۆڤەکە نیشانی داوە کە لایەنگرانی بۆچوونی یەکەم لە تورکیا زۆرتر و دەست ڕۆیشتوترن لە لایەنگرانی بۆچونی دووەم کە هێورتر و قوڵتر بیر دەکەنەوە.

بەڵام ئەگەری دەستێوەردانی تورکیا دەوەستێتە سەر چەند پێشهاتێکی دیاریکراو لەوانە ئەگەری هەرەسهێنانی عێراق لە ناوەوە، یان ئەگەری پێشڕەوییەکی فراوانی ئێران لەناو خاکی کوردستان، یان ئەگەری جیابونەوەی کورد لە عێراق لە هەلومەرجێکی تایبەتدا.

تاوتوێکە وای بۆ دەچێت کە لەگەڵ هەر دەستێوەردانێکی تورکیا لە کوردستان (هێزەکانی تورکیا هەر لە سەرەتاوە دەچن بەگژ گەلی کورددا) و لەم سۆنگەیەوە (هێزە سیاسییە چەکدارەکانی کوردستانی عێراقیش هەر لە سەرەتاوە تووشی ڕووبەڕووبونەوە دەبن لەگەڵ ئەو هێزانە) تاوتوێکە پەی بەوە دەبات کە ئەگەر هێزەکانی تورکیا کوردستانیان داگیر کرد (دوو بەشی نەتەوەی کورد لەسەر دەستی دوژمنێکی نەتەوەی کورد، دوای لێک دابڕانێکی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و کەلتوریی دورودرێژ، سەر لەنوێ یەکدەگرنەوە. یەکگرتنەوەی گەورەترین بەشی نەتەوەی کورد کە لە پانزە ملیۆن زیاترە لەگەڵ نزیکەی پێنج ملیۆن کوردی عێراق ، قوڵایی ستراتیجی ـ دیمۆگرافیی نەتەوەی کورد، لە جاران زیاتر بەهێزتر دەکات) ئەمەش لە بەرەنجامدا (تەوژمێکی گەورە بە بزووتنەوەی ڕزگاریی گەلی کوردستان دەدا و قورسایی نەتەوەی کورد، چ لەناو سنووری دەوڵەتی تورکیا، چ لە تێکڕای ناوچەکەدا، دەکاتە هۆیەکی کاریگەر و بڕیاردەر لە ڕوداوەکانی ناوچەکەدا) تاوتوێکە وای بۆ دەچێت کە کوردی عێراق و تورکیا لە ئەنجامی ئەوەی کە هەر یەکێکیان سەر بە دەوڵەتێکە (لە ڕوی ژیانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتورییەوە لە یەکدی دورکەوتونەتەوە؛ دیالێکتی گفتوگۆو ڕێنوس و ئەدەب و ڕۆشنبیرییان لە یەکدی دورکەوتوتەوە).

بەڵام ئەگەر تورکیا دەست بەسەر کوردستانی عێراقدا بگرێت، کوردی باشوور و باکوور (لە سایەی یەک دەوڵەتی داگیرکەردا بەرەو لێک نزیکبوونەوە و تێکەڵبوون و لە ئەنجامدا بەرەو یەکگرتن دەچن) هەر لەسەر ئەم ڕێتمە، تاوتوێکە وای دەبینێت کە (دابڕانی کوردستانی باشوور لە عێراق و داگیرکردنی لە لایەن تورکیاوە بە مانای دابڕانی کوردستان لە دونیای عەرەب بێت) ئەمەش (دەبێتە هۆی کولانەوەی برینە کۆنەکانی پەیوەندیی نێوان عەرەب و تورک).

دیارە عەرەب و تورک لە یەکدی بە گومانن. عەرەب هۆی پاشکەوتنی ئێستای بۆ سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دەگێڕێتەوە کە وڵاتە عەرەبییەکانی داگیر کردبوو، لە کاتێکدا تورکەکان ئۆباڵی هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی دەدەنە پاڵ عەرەب کە لە جەنگی یەکەمی جیهاندا لە دژی دەوڵەتی عوسمانی هاوپەیمانییان لەگەڵ بەریتانیا دروست کرد.

تاوتوێکە بەو ئەنجامە دەگات کە داگیرکردنی کوردستان لەلایەن تورکیاوە، پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ تەواوی جیهانی عەرەب تێکدەدا. هەرچەندە تێکچونی پەیوەندییەکە ناگاتە ئەندازەی بەرپابوونی جەنگ لە نێوانیان، بەڵام (دەلاقەی ناکۆکیی مێژوویی نێوان هەردوو نەتەوە زلتر دەکات) تاوتوێکە وای دەبینێت کە قرتاندنی کوردستان لە عێراق ، دەبێتە مایەی ڕەوینەوەی ترسی عەرەب لە بزووتنەوەی کورد و توندبوونی ناکۆکیی نێوان عەرەب و تورک. بۆیە، تاوتوێکە وای بۆ دەچێت کە لە دۆخێکی وادا پێشبینی دەکرێت دەوڵەتانی عەرەب پشتیوانی لە خەباتی ڕزگاریخوازی کورد دژی تورکیا بکەن.

هەروەها تاوتوێکە لەو بڕوایە دایە کە یەکێک لە هۆکانی دەستێوەردانی تورکیا لە کوردستانی

**“ داگیرکردنی سەرچاوەکانی نەوتی کوردستانی عێراق دەستکەوتی ماددیی گەورە بۆ تورکیا دابین دەکات، بەڵام توشی گێروگرفت و کێشەی قوڵی ئەوتۆیان دەکا کە زەرەری زۆرتر دەبێت لە قازانج ”**

عێراق، ڕێگرییە لە پێشڕەویی ئێران. بەهۆی ئەمەوە، دەستێوەردانی تورکیا لە کوردستان، بەپێی تاوتوێکە (لە هەموو لایەک زیاتر، کار لە ئێران دەکات و کاردانەوەی ئێرانیش لە هەمویان زیاتر دەبێت).

شرۆڤەیەک بۆ هەڵوێستی نێودەوڵەتی لەم بارەیەوە دێتە پێش کە وای بۆ دەچێت بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی دوو زلهێزەکەی جیهان (ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤێت) و وڵاتە پیشەسازییەکانی جیهان (لە مانەوەی سنووری سیاسیی دەوڵەتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دایە بە چەشنی ئێستای) بۆیە، هەر گۆڕانێک لە سنووردا، وایان لێ دەکات هەڵوێست وەرگرن. شرۆڤەکە پێی وایە یەکێتیی سۆڤێت نەک هەر پشتگیریی کارەکەی تورکیا ناکات، بەلکو سەرزەنشتیشی دەکات، بەڵام دەستێوەردانی عەسکەری لە دژی تورکیا ئەنجام نادات، بەڵکو هەرایەکی جیهانی لە دژی دەخولقێنێ و تەنگەتاوی دەکات. ڕەنگە مەسەلەکە بۆ ئەمریکا جیاواز بێت. دەستگرتنی تورکیای ئەندامی پەیمانی ناتۆ بەسەر کوردستانی عێراقی بە نەوت دەوڵەمەند دا، دەشێ لە بەرژوەندیی ئەمریکا و پەیمانی ناتۆدا بێت. بەڵام بۆ پاراستنی ناوبانگی خۆی و بۆ ڕازیکردنی دەوڵەتە عەرەبییە دۆستەکانی، سەرزەنشتی کارەکە دەکات، بۆیە هەڵوێستی (لە چوارچێوەی توڕەبوونێکی ڕووکەش و دابەشکردنی ڕۆڵ لە نێوان تورکیا و ئەمریکا دەرناچێت).

سەبارەت بە هەڵوێستی ئەوروپاش، شرۆڤەکە پێی وایە دەوڵەتە ئەوروپییەکان دژی دەستێوەردانی تورکیا لە کوردستان ڕادەوەستن و (گوشاری ئابوری ـ سیاسی بۆ تورکیا دەهێنن تا لەم کارە بیگێڕنەوە، بەڵام ئەم گوشارە ناگەیەننە ڕادەی بچڕان و خۆیان لە شەڕ و بەکارهێنانی هێزەوە ناگلێنن).

لە کۆبەندی شیکردنەوەکەدا، تاوتوێکە پێی وایە بە داگیرکردنی کوردستان لە لایەن تورکیاوە (داگیرکەری بەعسی لە کوردستاندا دەگۆڕێ بە داگیرکەری تورکی، بەڵام دوو پارچەی نیشتمانەکەی و دوو بەشی نەتەوەکەی لەسەر دەستی یەک دوژمن یەکدەگرێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبونی قوڵایی ستراتیجی ـ زەمینی و دیموگرافیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ناوچەکەدا) ئەمە بارودۆخێکی وا لەگەڵ خۆیدا دێنێتە گۆڕێ کە تێیدا دەوڵەتە عەرەبییەکان دەبنە (دۆستی بابەتی)ی جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کورد. پێشبینی تاوتوێکە ئەوەیە کە گۆڕانی نەخشەی سیاسیی ناوچەکە لە مەودای ستراتیجییدا بە قازانجی بزوتنەوەی کورد دەشکێتەوە و مەسەلەی کورد لە قاوغی مەسەلە ناوخۆییەکان دەردەچێت و دەبێتە مەسەلەیەکی ناوچەیی و مەودایەکی نێودەوڵەتی وەردەگرێت کە ئەمەش (ئاسۆی چارەسەرکردنی ڕۆشنتر دەکات).

بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە لە ساڵی (١٩٨٨)دا بە هەنگاوێکی پێشکەوتوو بۆ ناساندنی میتۆدی بیرکردنەوەی ستراتیجی دەژمێردرێت. پێشەنگی ئەم کارە نەوشیروان مستەفایە کە لە ساڵی (١٩٨٦) بەدواوە، بەرەو میتۆدی بیرکردنەوەی ستراتیجی وەرچەرخا و ویستی شۆڕشیش لەگەڵ خۆیدا بەرەو ئەم ئاراستەیە بگوێزێتەوە. بڕیار بوو تاوتوێکە لە چاپخانەی دەزگای ناوەندیی ڕۆشنبیریی کۆمەڵە لە دۆڵی جافەتی چاپ بکرێت، بەڵام هەلومەرجەکە لەبار نەبوو. بۆیە، دواتر، لە بارەگای یەدەکی دەزگای ناوەندیی ڕۆشنبیریی کۆمەڵە لە دۆڵە کۆگە چاپ کرا.

لەساڵی (١٩٩٢)دا هەلومەرجێکی لەبارتر بۆ چەسپاندنی میتۆدی بیرکردنەوەی ستراتیجی لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕەخسا. لەم چوارچێوەدا سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢)دا لە هەولێر دامەزراو هەر ئەو ساڵە سەنتەر یەکەم ژمارەی (گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی) ی دەرکرد. هەر لەم چوارچێوەیەدا، لە ساڵی (١٩٩٣)دا مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە هەماهەنگی لەگەڵ نوێنەرایەتیی حزب لە ئەمریکا، گۆڤاری (ڕوانگەی جیهان)ی دەرکرد کە لە پلانی دەرکردنیدا وا دانرا بوو کە گۆڤارەکە ببێ بە گۆڤاری دروستکەرانی بڕیاری سیاسی و هەموو ئەو کەرەستە پێویستانەیان بخاتە بەر دەست کە یارمەتیدەر دەبن بۆ تێگەیشتنی ئاراستەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و هاوکار دەبن. لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا.



# دیدار
# سەرکار عەلی خان

سەرکار عەلی خان باس لە هۆکاری نەچوون بۆ هەڵبژاردەی عێراق دەکات و بۆ یەکەمجاریش ددان بەوەدا دەنێت کە چۆن فیڵی لە ناوبژیوانەکان کردووە و پێناڵتی پێ گرتوون.
هاوکات هەر لەم دیمانەیەدا، باس لەوە دەکات کە چۆن دوای ڕاپەڕین یانەی هەولێر بەلای پارتی و یانەی برایەتی بەلای یەکێتی دا شکایەوە!

## سەرکار عەلی خان (ماڕادۆنای هەولێر):



# ئەو کابینەیەی حکوومەت زۆر کەمتەرخەم بووە بەرامبەر وەرزش

دیمانە: محەمەد گۆران - سمکۆ عەبدولکەریم

سەرکار عەلی خان، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو نازناوی (ماڕادۆنای هەولێر)ی پێدرابوو، لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٥ی گەڕەکی سەیداوەی شاری هەولێرە. دەڵێت: «لەژیانمدا بۆ یەک ڕۆژیش دانەبڕاوم لەوەرزش، ئەو ماوەیە نەبێت کە لە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەستم لەکار کێشایەوە، هۆکارەکەشی ئەوەبوو هەستمکرد هەشت ساڵ مانەوەی لەپۆستێکدا (جێگری سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان) بەسە، بەڵام جگە لەو ماوە کورتە، چ وەکو یاریزان یاخود ڕاهێنەر یاخود ئیداری (ئێستەی ئەندامی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان) ماوەی زیاتر لەچوار دەیەیە خزمەت بەبواری وەرزشی تۆپی پێ لەهەولێر و کوردستاندا دەکات.

سەرکار، لەدیمانەیەکی (دیـوان)دا، زۆر ڕاشکاوانە وەڵامـی یەکە بەیەکەی پرسیارەکان دەداتەوە و تیشک دەخاتە سەر زۆر لایەنی دیار و نادیاری بواری تۆپی پێ لەهەولێر و کوردستاندا.

**+ با لەناوی باوکتەوە (عەلی خان) دەستپێبکەین، باوکت هەر بەڕاستی خان بووە؟**

- باوکم هەر ناوی خۆی (عەلی خان) بوو، ئەم نازناوی (خان)ە، لەگەرمیان و خانەقین و شوێنانی دیکە زۆرە، باوکیشم تاقانە و هەر بەتەنیا بووە، بۆیە ناوی (عەلی) بووە و پێیان گوتییە (عەلی خان). خۆیشی بەبنەچە خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری کۆیە بووە و ساڵانی پەنجاکان هاتووەتە هەولێرێ.

**+ بەدیاریکراوی، کەی و چۆن هەستتان بەو بەهرەیەی خۆتان لەبواری تۆپی پێ کرد؟**

- سەرەتا لەکۆڵانێ دەستم بەیاری تۆپی پێ کرد، هەر لەمنداڵی و زۆر بچووک بووم، ئەوکاتە ماڵمان لەگەڕەکی سەیداوە بوو، سەردەمی ئێمە یاریگا زۆر نەبوو، زیاتر لەکۆڵان و گۆڕەپانی قوتابخانەکان یاریمان دەکرد. لەتەمەنی حەفت ساڵان، ئەوکاتە یانەی هێرش و تەئاخی هەبوو، منیان بردە بێچووە شێرانی یانەی هێرش، بەڵام ماوەیەکی کەم لەوێ مامەوە، ئەوەی دەڵێم ساڵانی ١٩٧٣ و ١٩٧٤ بوو، دوای ئەوە ماڵمان لەسەیداوە باری کرد و چووینە گەڕەکی بەلاشاوە، دەشتوانم بڵێم لەقوتابخانە زیاتر بەهرەکەم دەرکەوت. مامۆستاکانی ئەوێ کاتێک جوولە و مراوەغەی منیان لەناو یاری بینی، پێم سەرسام بوون و گرنگی زیاتریان پێدام.

دەشمەوێ ئاماژە بەوە بکەم، یەکەم ڕاهێنەر کە

بەهرەی منی دۆزییەوە، لەدەوری قوتابخانەکان بوو لەساڵی ١٩٨٠ کە ئەوکاتە تەمەنم ١٥ ساڵ بوو، ئەو ڕاهێنەرە مامۆستا (سەلاح حەسەن) بوو کە ئێستە سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانە، ئەوکاتە مامۆستابوو، منی دەستنیشانکرد بۆ هەڵبژاردەی پەروەردە. چووم و دەستمکرد بەڕاهێنان لەگەڵیاندا، بەڵام بەڕاستی زۆر شەرم دەکرد، چونکە ئەوکاتە من زۆر منداڵ بووم و هەموو یاریزانەکان لەمن گەورەتر بوون، بۆیە ساڵی دواتر چوومە هەڵبژاردەی پەروەردە.

**+ نەوەی ئەوکات زۆربەتان یاریزانی خۆڕسک بوون، بەڵام ئێستا سەرباری گرنگیدانەکی زۆر بەوەرزشی تۆپی پێ، یاریزانی وەکو سەردەمی ئێوە کە بەخۆڕسکی پێگەیین، دروست نابێتەوە؟ هۆکاری ئەمە چییە؟**

– لەهەولێر بەهۆی تەختاییەکەی، ئەگەر لەهەر شوێنەک دوو ستوونت چەقاندبا، یاریگایەک دروست دەبوو، بەڵام بەو دواییانە وەرزش بووە بزنس، یاریگاکان هەمووی بچووک کرایەوە و بووە پێنج یاریزانی، بەمەش بەهرەی یاریزان نادۆزرێتەوە. نەوەی ئێستە ئەگەر بیەوێ لەو یاریگا بچووکانە یاری بکات، دەبێت پارەش بدات! بەڵام کاتی خۆی بەوشیوەیە نەبوو، هەموو گەڕەکێک چەند گۆڕەپانێکی لێ بوو، کراوە بوو بۆ هەموو خەڵکی، ئەوکاتی ئەو تەکنەلۆژیایەی ئێستاش نەبوو، منداڵ بەئەتاری و یارییەکانی ئینتەرنێتەوە خەریک بێت، تەلەفزیۆنیش تەنیا دوو کەناڵ هەبوو، لەگەڵ دووسێ سینەما، ئەوەی دەمایەوە، بۆ هونەر و وەرزش بوو، بۆیە ئەوکاتی دەرفەتی زیاتر هەبوو، دیسانەوەش دەڵێم، ئەو یاریگە بچووکە پێنج لاعیبیانە، کاریگەری زۆری هەبوو لەکوشتنی بەهرەی وەرزشوانان، هەرچەندە ئێستە لەزۆربەی شارەکاندا یانەکان فێرگەیان دروستکردیە، بەڵام ئەویش هەر بەپارەیە، ئەو منداڵە کە دەچێت کەسوکارەکەی دەبێ هاتوچۆی پێبکات، لەگەڵ ئەوەشدا مانگانە دەبێت بڕێک پارە بدەیتە یانەکە، واتا بووە بەبزنس!

من بیرم دێ، کە ماڵمان چووە گەڕەکی بەلاشاوە، تەمەنم ١٥ ساڵان بوو، لەوێ هەر خۆمان تیپێکی میللیمان بەناوی (وەتەن) دروستکرد، سەرەتا ناوی (نیشتمان) بوو، حکوومەت گوتی نابێت، بۆیە ناوەکەمان بە (وەتەن) گۆڕی، ئەمە یەکەمین تیپی میللی بوو کە لە بەلاشاوە دروستکرا.

**+ لەماڵەوە کەسوکار بەتایبەت دایکوباوک، براگەورە، هاوکارت بوون یاخود ڕێگریان لێ دەکردی؟ ئەی وەرزش هیچ کاریگەرییەکی هەبوو لەسەر تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن؟**



ساڵی ١٩٨٠ لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا

– لە خێزانەکەی ئێمە هەموومان وەرزشوان بووین، هەموو براکانم وەرزشیان کردووە بە پیشە، من براگەورەکەم (وریا) یاریزان بوو لەتیپی ئەتلەس. ڕۆژێک دایک و باوکم لای ئەو براگەورەیەم گلەییان کردبوو کە لەبەر وەرزش من خوێندنم فەرامۆش کردووە.

براکەم، ژن و ماڵی هەبوو،



> له هەشتاکان له ڕێکخستن بووم و چەندینجار شەوان دروشمم لەسەر دیوارەکانی یاریگای هەولێر نووسیوە

ئێوارەیەک چوومەوە ماڵ، بینیم بەتەنیا دانیشتووە و نان دەخوات، یەکسەر تێگەیشتم شتەک بووە، چونکە نانخواردن بەئێوارە و بەبێ ژن ئەوە ئاماژەبوو بۆ ئەوەی شتەک ڕوویداوە! یەکسەر کە منی بینی گوتی وەرە دانیشە. دەستی بەقسان کرد و دایک و باوکیشم گوێیان لەقسەکان ڕاگرتبوو، گوتی: ئەوە دایکم و باوکم هەردووکیان گلەیت لێدەکەن، دەڵێن ناخینی و تەماشای کتێبەکان ناکات، بۆیە با وەکی ئێمەت لێ نەیەت، ئێمە خیندنمان تەواو نەکرد. ئەوە داکم و بابیشم دانیشتینە، بەکەیفی خۆت وەرزش بکە (چونکە پێشتر بەدزی وەرزشم دەکرد، ئێواران کە دەچوومەوە، لەکۆڵانێ عەلاگەی شتومەکم فرێ دەدایە سەربانی) لەمەودوا بەحوریەتی خۆت وەرزش بکە، ئەوە خوشکەکانت، جلەکانیشت لۆ دەشۆن و بەکەیفی خۆشت تۆپانێ دەکەی، بەس بەیەک مەرج؟ گوتم: فەرموو مەرجەکەت چییە؟ گوتی: خوێندن تەواوبکەی؟ گوتم بەسەرچاو!

جا لەشەش برایان بەس من خوێندنم تەواوکرد

و بەڵێنەکەی خۆم گەیاندە جێ. براگەورەکەم پاڵپشتییەکی زۆربوو بۆ من، چونکە خۆشی یاریزان بوو، بۆیە زیاتر تێک دەگەیشتین.

**+ یەکەم تیپی میللی کە یاریتان بۆ کرد کامە بوو؟ دوا وێستگە و تیپ کامە بوو؟ ئێوە کە دەچوونە تیپێکی میللی، ئەمە لەسەر بنەمای گەڕەک و نزیکی بوو، یاخود هاوڕێیەتی و گونجان بوو؟**

– ماوەکی کەم لەلاوانی تیپی (حریە) کە لەگەڕەکی ئیسکان بوو، یاریم کرد، ئەمە لەسالانی ١٩٧٨ و ١٩٧٩بوو. ئەوکاتی زۆر بچووک بووم، پاش ئەوە چووینە بەلاشاوە و لەتیپی (وەتەن) یاریم کرد. لەوێ زیاتر خەڵک و ڕاهێنەر، لەناو یاریگا منیان بینی و ناسی، دوای ئەوە چوومە تیپێکی باشتر، ئەویش (٨ شوبات) بوو، لەوێوە زیاتر ناسرام و وەرگیرام لەلاوانی هەولێر و هەڵبژاردەی پەروەردە، دواتریش بۆ هەڵبژاردە و یانەی هەولێر.

(فازیل عەباس) لەگەڵ تیپی (٨ شوبات) هەندێک ناخۆشی هەبوو، بۆیە تیپەکەی جێهێشت، منیش لەبەر ئەوەی زۆر لەفازیل نزیکبووم، لەگەڵ ئەو وازم لەتیپەکە هێنا. دوای ئەوەی لە ٨ شوبات نەماین، لەگەڵ (فازیل عەباس) پێکەوە تیپێکمان دروستکرد بەناوی (چوارچرا) لەچوارچرا (ئێتیحادی تەلەبە و شەباب)ی هەولێرێ، کێشەیان زۆر بۆ دروستکردین، نەیاندەهێشت لەهیچ یاریگەیەک ڕاهێنان بکەین، مۆڵەتیان نەدەداینێ، ڕقەکەشیان زیاتر بەرانبەر فازیل بوو، بەهانەیان بەناوەکەش گرت. دواجار هاوڕێیەکمان دۆزییەوە کە کاریگەری بەسەر ئەوانەوە هەبێت، پێیانی گوت ئەمانە گەنجن و تەنیا هیوا و ئاواتیان وەرزشە، ئەوەبوو مۆڵەتی تیپەکەیان بەو مەرجە پێداین کە ناوەکەی بگۆڕین و گوتیان نابێت چوارچرا بێت، ناوەکەمان کردە (ئینتیسار) بەڵام لەناو خەڵکی هەر چوارچرای پێدەگوترا.

دوای ئەوە، کۆتا جار چوومە (تەحریر) کە چوومە ئەوێش لەبەر خاتری (دکتۆر شاخەوان مەجید) بوو، شاخەوان کاپتنی یانەی هەولێریش بوو، پێکەوە بووین و پەیوەندییەکی زۆرخۆش لەنێوانماندا هەبوو، تیپی تەحریر، تیپێکی ڕێکوپێکیش بوو، کۆمەڵێ یاریزانی زۆر باشی هەڵبژاردەی هەولێری تێدابوو، ئەمە دوا تیپی

میللی بوو کە یاریم تێداکرد.

**+ ئەو تیپە میللیانە هیچ هاوکارییەکی دارایی دەکران؟**

– نەخێر، زۆربەی زۆری تیپەکان، سەرۆکی تیپەکە یاخود دەوڵەمەندێکی گەڕەکەکەی هاوکاریان دەکرد. تیپەکانیش خەرجییان زۆر نەبوو، چونکە یاریزان خۆبەخش بوو.

**+ ساڵی چەند بۆ یەکەمجار لەیانەی هەولێر یاریتان کرد؟ یەکەم یاری کاتێک لەناو یاریگا چاوتان بەو جەماوەرە زۆرە کەوت، هەستتان چۆنبوو؟**

– ساڵی ١٩٨٢ چوومە یانەی هەولێر، ڕاستییەکەی ساڵێک پێشتر لەهەڵبژاردەی هەولێر وەرگیرام، بەڵام تەمەنم زۆربچووک بوو، ١٦ ساڵبووم، نەچووم، ئەوکاتی وەکو ئێستاش نەبوو، یاریزانی زۆر بەناوبانگی تێدابوو، ئەوەبوو ساڵی دواتر ١٩٨٢ چووم. یەکەم یاریم لەگەڵ یانەی موسڵ بوو، لەناو یاریگای هەولێر، تەنیا گێمی دووەم یاریم کرد، زۆر شەرمم دەکرد، یەکەم جارم بوو شتی وەها ببینم، یاریگەی هەولێر قەپات ببوو هێندە خەڵک هاتبوو.

دووەم یاریم پاڵەوانێتی کاس بوو، لەگەڵ یانەی قادسیە (دیوانیە) لەیاریگای کەشافە بوو لەبەغدایێ، لەو یاریە دیسانەوە گێمی دووەم هاتمە خوارێ و دوو گۆڵم کرد. لەیاری دووەم چونکە لەدەرەوەی هەولێربوو، شەرمم نەکرد و زۆر باشتربووم، بۆیە لەپاش ئەوەی لەم یاریە دوو گۆڵم کرد، یاری سێیەم بوومە ئەساسی، واتا من تەنیا ئەو دوو یارییەی یەکەم یەدەگ بوومە، دواتر بوومە یاریزانی سەرەکی یانەی هەولێر. لەیاری ٣ یەمیش، پاڵەوانێتی هەڵبژاردەکان هەبوو لەشاری دیالە، لەو یاریەش سێ بەیەک بردمانەوە و دوو گۆڵی دیکەم کرد.

**+ قورسترین پێکانت لەکام یاری بوو؟**

– ساڵی ١٩٨٤ لەیاری نێوان هەولێر و سلێمانی زۆر بەقورسی پێکرام و ئەوکاتی ماوەی ساڵێک لەیاریگا دوورکەوتمەوە. لەناو یاریگە لەگەڵ یاریزانەکی سلێمانی بەریەککەوتین و ئەژنۆم ئازاری زۆری پێگەیشت، ئەوکاتی نەشتەرگەریشم کرد، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و تاکو ئێستەش بەدەست ئەو پێکانەوە گیرۆدەم. سەردانی ئێران و ئوردەنیشم کردووە، دکتۆرەکان هەموویان دەڵێن دەبێت ئەژنۆت بگۆڕی، بۆیە لەداهاتوودا هەر دەبێت ئەژنۆم بگۆڕم.

**+ سەرکار عەلی خان (مارادۆنای هەولێر) ئەم نازناوە لەچییەوە هات، ئایا هۆکارەکەی ئەوەبوو کە جوولە و ژمارەی درێس و باڵاتان هاوشێوەی مارادۆنا بوو؟**

– من خۆشم سەرسامبووم بەو، ژمارە ١٠-شم لەبەر دەکرد. یەکەمجار (حاجی کانەبی) نازناوی مارادۆنای پێبەخشیم. بەڕاستی حاجی کانەبی، لەسەردەمی ئێمە خزمەتێکی زۆری بەوەرزشی هەولێرێ کرد.

**+ بەبۆچوونی ئێوە، سەردەمی زێڕینی یانەی هەولێر لەچ کاتەکدا بوو؟**

– ساڵی ١٩٨٨ بوو. ئەوکاتی (مامۆستا ناسر یوسف) ڕاهێنەربوو (مامۆستا خەسرۆ) یاریدەدەری بوو، پێش ئەوکاتە کۆمەڵێ یاریزانی هەولێر ڕۆیشتبوون و چووبوونە یانەکانی بەغدایێ، بەڵام ساڵی ١٩٨٨ سەرجەم یاریزانەکان گەڕابوونەوە و هەر هەموومان بەیەکەوە بووین. پاڵەوانێتی ناوچەکان کرا، یانەی هەولێر ئاستێکی یەکجار بەرزی نواند. لەناوچەی باکوور خۆمان سەرکەوتین و بەهەشت خاڵ لەپێش یانەی دووەم بووین، جیاوازییەکە زۆر زۆربوو، ئەمە جگە لەیانەکانی دیکە.

**+ زیاتر لەکام یاریزانی یانەی هەولێر نزیکبووی و بەیەکەوە دەگونجان؟**

– لەزۆربەی هەرە زۆری یاریزانەکان نزیکبووم، هەتا بەیاریزانە یەدەگەکانیشەوە، پەیوەندییەکی پتەوم هەبوو لەگەڵ زۆر لەیاریزانەکاندا.

**+ ئەی دەگوترێ یەکێ لەیاریزانەکانی یانەی هەولێر کوڕێکی خۆی بەناوی ئێوە کردووە؟**

– بەڵێ (کرێکار زرار) بوو کە ئێستا ئەندامی یەکێتی تۆپی پێی کوردستانە، ساڵی ١٩٨٨ کوڕێکیان بوو ناوی لێنا سەرکار، جگە لەوە، خەڵکی دیکەش هەبووە، چوومەتە شوێنان و خەڵکم بینیوە و گوتوویەتی کوڕەکەم بەناوی تۆوە کردووە، چونکە ناوەکەش کوردی بوو و لەسەر زار خۆشبوو، خەڵکەکی دیکەش

> **“ دووەم یاریم پاڵەوانێتی کاس بوو، لەگەڵ یانەی قادسیە (دیوانیە) لەیاریگەی کەشافە بوو لەبەغدایێ، لەو یاریە دیسانەوە گێمی دووەم هاتمە خوارێ و دوو گۆڵم کرد ”**

هەبووە و هاتووە و گەورە بووە، گوتوویەتی من بەناوی تۆ کرایمە.

**+ لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، گەلی کورد لەم بەشەی کوردستاندا بەقۆناغێکی زۆر سەخت و ناخۆشدا تێپەڕ بوو، ئایا سیاسەت و هەستی کوردایەتی هیچ ڕەنگدانەوەیەکی هەبوو بەسەر ئێوە و وەرزشدا؟**

– بەڵێ چۆن سیاسەت کاریگەری نەبووە، خۆم لەساڵی ١٩٨٣ەوە لەڕێکخستن بوومە، لەڕێگەی (بەختیار کوردە) کە هەم ئامۆزا و هەم هاوڕێش بووین، پەیوەندیم بەڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە کرد، ئەو سەرۆک شانەکەمان بوو، ئامۆزاکانم هەموویان لەڕێکخستن بوون. شانەکەی ئێمە سێ کەس بووین (من و عەلی کاکە حەمەد و بەختیار کوردە) ئەوکاتە بەدەیان شەو هاتووینەتە دەرەوە، هەتا لەناو یاریگەی هەولێر، خۆم دروشمم لەسەر دیوارەکانی نووسیوە. لەگەڕەکەکانی خۆمان، ئیسکان و بەلاشاوە و مامۆستایان، شەوان لەدیوارەکان شتمان دەنووسی و بڵاوکراوەمان هەڵدەواسی. یاریزانی دیکەشمان هەبوو لەڕێکخستن بووە. ڕاهێنەری هەولێر (محەمەد خەلیل- مەمۆ) لەکاتی یارییەکاندا، چ پێش یاری یاخود لەنێوان گێمەکاندا، زۆرجار حەماسەت دەیگرت و دەیگوت: کاکە غیرەت بتانگری، کاکە حسابکە پێشمەرگەی لەو چیایەی، سەیرێکی ئەولا و ئەملای دەکرد، دەیگوت: کاکە بەخوای ڕۆژەک دەبی هەر ئیعدامیش دەکرێم! (بەپێکەنینەوە).

ئەوکاتی بەتایبەت هەشتاکان بەعس زۆر لەکۆبوونەوەی جەماوەری دەترسا، هەموو یارییەکی هەولێریش، هەر لەنیوەڕۆوە شوێن نەدەما جەماوەر لێی دابنیشی، بۆیە بەعس لەیارییەکاندا خەڵکێکی زۆری خۆیشی دەنارده ناو جەماوەر (حاجی کانەبی) سەرۆکی هاندەرانی یانەی هەولێربوو، شوێنەکی تایبەتی لەناو جەماوەر بۆ خۆی دروستکردبوو، شوێنەکە وەکو کەپرێک وابوو و خەڵکێکی زۆری لێ کۆدەبۆوە و ئەو لایەی ئەوی لێبوو، هەر بەبەر نەدەکەوت، چونکە لەیارییەکان بڵندگۆی دەهێنا و دروشمی دەگوت و خەڵک لەدوایان دەگێڕاوە. لەیەکێ لەیارییەکاندا، پێش دەستپێکردنی یاری، پیاوانی بەعس و دەسەڵات، چووبوون و شوێنەکەیان تێکدابوو، ئێمە یاریزانەکان کەپرەکەمان هەڵگرت و بردمان

“ سەرمان لەیاریگای یانەی هەولێر دایەوە، دارودیواری ئەو یانەیەمان کرد، ڕەسمەکی منی تێدا نەبوو، تەنانەت یەک وێنەشم لە دیواربەندی یاریزانەکان نەبوو، هەستێکی زۆرناخۆش بوو ”

## لەوە پەشیمانم کەبانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کرام و نەچووم

لەشوێنی خۆی داماننایەوە.

**+ لەهەشتاکان هەولێر دوو یاریزانی عەرەبی هەبوو (سەلام و ناجی والی) ئەو دوو یاریزانە بەچ شێوەیەک هاتبوون؟**

– ئەوکاتە پاڵەوانێتی ناوشاری هەولێر دەکرا، پۆلیس و سەرباز و یانە و دامەزراوەکان، هەموویان بەشدار دەبوون و لەوێ بەدیار دەکەوت کێ یاریزانی باشە (سەلام و ناجی والی)یش، ئەوە نەبوو بەپارە و گرێبەست هاتبن، بەڵکو هەردووکیان سەربازبوون لەهەولێر، یاریزانی باشیش بوون، بۆیە هێنامان و یاریمان پێ دەکردن (سەلام) خەڵکی ناسریە بوو و مرد.

**+ لەیانە بەناوبانگەکانی عێراقەوە، هیچ بۆندێکت خرایە بەردەم تاکو لەوێ یاری بکەیت؟**

– بەڵێ زۆریش! بەڵام خۆم نەچووم. کاتی ئێمە (نەریمان محەمەد) ماوەیەک ڕۆیشت و چووە یانەی سەلاحەدین (فازیڵ عەباس) چووە سەلاحەدین و پاشتر چووە یانەی جەیش (تاریق عەبدولڕەحمان) چووە یانەی شورتە (کامەران محەمەد) ڕۆیشتە یانەی ڕەشید، ئەم یاریزانانە هیچیان لەو یانانە سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا. منیش بمویستبا دەچووم، قوە جەوی ئەوکاتی (یانەی تەیەڕان) بوو، دووجار شاندیان نارده هەولێر، ئەوکاتی گوتیان مووچەیەکی مانگانەی ٢٥٠ دیناریت دەدەینێ کە بۆ ئەودەمە پارەیەکی زۆرباشبوو، هەر بردنەوەیەکیش ٥٠ دینار، یانەی تەیەڕان ئەوکاتی پاڵەوانی خولی عێراقی بوو و نەیدەدۆڕاند، جا هەموو یارییەکیش ٥٠ دینارم وەردەگرت. ڕاهێنەرەکەیان زۆر بەیاریکردنی من سەرسام بوو، یانەی زەوراش پێیانگوتم نەچووم.

هەموو بیروهزر و هۆشی خۆم خستبووە سەر یانەی هەولێر، ئەوکاتە یانەی هەولێرم لەخۆم خۆشتر دەویست، خۆشەویستییەکی زۆر هەبوو بەتایبەتی لەناو جەماوەرەکەی،

بۆیە قەت حەزم نەدەکرد ئەو جەماوەرە جێبێڵم و بچم لەشار و یانەیەکی دیکە یاری بکەم. ماوەیەکی کەم پێش ئەوەی ناوی سەربازیمان بێت، هەتا ئیدارەی یانەی خۆمان، گوتیان تۆ دەبیە سەرباز، ئەو ڕاهێنەرەی جەیش (عەبدولئیلا) داوات دەکاتن و گوتی ناهێڵم سەربازی بکەی؟ منیش گوتم باشە، ئیدارەی هەولێریش گوتیان برۆ. ماوەی ١٠ ڕۆژ چوومە بەغدایێ و لەیانەی جەیش دەستم بەڕاهێنان کرد، ئەو ١٠ ڕۆژەی دووربووم لەهەولێرێ وەخت بوو شێت بم. بەیانییەکی لەخەو هەڵسام و جانتاکەم دەستدایێ، بەبێ ئەوەی بەڕاهێنەر و ئیدارەی نادی بڵێم، ڕاستەوخۆ چوومە گەراج و هاتمەوە هەولێرێ!

**+ هیچکات بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کراوی؟**

– بەڵێ. ساڵی ١٩٨٨ بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کرام، بەڵام نەچووم و کارێکی خراپیشم کرد. زۆرجار ئەگەر بڵێن لەوەرزش لەچی پەشیمانی؟ دەڵێم لەوە پەشیمانم کە بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کرام و نەچووم. یەک لەهۆکارەکانی نەچوونیشم، زمان بوو، هیچم لەزمانی عەرەبی نەدەزانی. هۆکاری دووەم، ئەو یاریزانە کوردانەی پێشتر لەهەڵبژاردەی لاوانی عێراق وەرگیران، لەسەر کورسی یەدەگ دایاندەنیشاندن و یاریان پێ نەدەکردن. تاریق عەبدولڕەحمان لەلاوانی عێراق وەرگیرا بەڵام کە چوو کامەران محەمەدیش لەوێبوو، بەڵام ئەوەی من هەڵبژاردەی عێراق بوو و کوردی دیکەی لێ نەبوو.

**+ لەیاری نێوان یانەی هەولێر و یانەی ڕەشید لەیاریگای هەولێردا، یاریزانەکانی هەردوو یانە پەڕۆیەکی ڕەشیان لەیەخەی دریسەکان دابوو وەکو ئاماژەیەک بۆ وەفاتی عەدنان خەیروڵلا، بەڵام تاکە یاریزان کە ئەو پەڕۆ ڕەشەی نەبەستا ئێوە بوون؟ پاشتر لەسەر ئەوە لێپرسینەوەتان لەگەڵ نەکرا؟**

– بەڵێ وابوو. (ئەوە کێ ئەو شتەی پێگوتن) یاریەکە لەسەروەختی وەفاتی عەدنان خەیروڵابوو، دەبووایە هەموو یاریزانەکان



ئەو یارییەی کە سەرکار عەلی خان پەڕۆی ڕەشی لە یەخەی نەدا



**یاری هەولێر و زەورا - ساڵی ١٩٩٢**

پەڕۆیەکی ڕەش لەسەر سینگیان بدەن، بەڵام من لیّم نەدا. ئەوکات گەنج بووین، لەڕێکخستن بووم و ڕۆحی کوردایەتی بەقوەتبوو. شتەکەش تێپەڕبوو، چونکە یاریەکە لەناو هەولێریش بوو، بۆیە لێپرسینەوە و شتی دیکەی بەدوادا نەهات.

**+ دەڵێن لەکاتی یاریکردندا کە دەگەیشتییە ناو هێڵی سزا، بەجۆرێک خۆت بەردەدایەوە، فێڵت لەزۆربەی حەکەمەکان کردووە و فیکەی پێناڵتیت پێ لێداون؟**

– (پێکەنینێکی زۆر) وابوو! ئەوە لێزانینی دەوێ!

**+ ئێستا دوای ئەو ماوە زۆرە هەست بەئازاری ویژدان ناکەی کە ئەو فێڵەت لێکردوونە؟**

– زۆر زۆر (پێکەنینێکی قووڵ) یەک و دوو نییە زۆرە، دەبێ یەک بەیەک بچم لەو یانانە گەردەن ئازاییان لێبکەم، چونکە حالەتەکان زۆر زۆرە، بەڵام ئەمەش لێزانینی دەویست!

**+ لێزانینەکە چۆنە کە ئەو حەکەمانە هەستیان پێ نەدەکرد؟**

– خێرایی قاچت. لێکدانەوەی قاچت. لێکدانەوەی قاچت لەقاچی بەرامبەر، حالەتەکان زۆرە، لەیەکێ لەیارییەکاندا لەموسڵ، من دوو کارتی زەردم هەبوو و نەمدەتوانی یاری بکەم. لەکاتی ڕاهێناندا بە (کامەران محەمەد)م گوت وەرە کاکە با فێرت بکەم چۆن پێناڵتی دروستکەی،

> **"ماوەی ١٠ ڕۆژ چوومە یانەی جەیش لە بەغدایێ، بەیانییەکی لە خەو هەڵسام و جانتاکەم دەستدایێ، بە بێ ئەوەی بە ڕاهێنەر و ئیدارەی نادی بڵێم، هاتمەوە هەولێرێ"**

چەند حالەتەکم لەکاتی ڕاهێنانەکاندا فێرکرد، کاتێ یارییەکە دەستیپێکرد، یەک بەهێچ بردمانەوە و گۆڵەکەش کامەران بەپێناڵتی دروستیکرد! (بەپێکەنینەوە) لەناو یاریش زیاتر پێناڵتیم دروستدەکرد و کەمتر بەخۆم لیّم دەدا.

**+ لەدوای ڕاپەڕین، سەرجەم پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا پچڕا، بەڵام یانەی هەولێر، هەر بەردەوام بوو لەچوونی بۆ بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، ئێوە چۆن باسی ئەو قۆناغە دەکەن؟**

– دوای ڕاپەڕین و بەدیاریکراوی لەساڵی ١٩٩٢ حکوومەتی بەعس یاریگەی هەولێری گواستەوە موسڵ، واتا ئێمە ئەگەر لەگەڵ یانەی تەلەبەی بەغدایێ یاریمان کردبا، یارییەکمان لەموسڵ دەکرد و یارییەکیشمان لەناو یاریگەی تەلەبە لەبەغدا دەکرد، واتە یاریگەی موسڵ هی خۆمان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ١٠ یاری لەسەر یەکتر لەیاریگەی موسڵ نەماندۆڕاند و هەر دەمانبردەوە، لەوێش جەماوەرێکی یەکجار زۆرمان هەبوو، بەتایبەت کوردەکانی موسڵ، خەڵکێکی زۆر ئامادەی یارییەکان دەبوون و یاریگەکە قەپات دەبوو.

ئەوجارە حکوومەتی بەعس یاریگەی ئێمەی لەموسڵیش گواستەوە و بردیانە تکریت، ئیدی لەوێوە شاخەوان مەجید پێش منیش گوتی با واز لەم وەرزشە بهێنین، من بەخۆشم ئیمانم پێی نەبوو و بەجێمانهێشت، ئەوەبوو من چوومە یانەی برایەتی و هەندێک وازی هێنا و چیدی بۆ یاری نەچووینەوە شارەکانی ناوەڕاست و باشوور. ڕاستییەکەی من پێمخۆش نەبوو لەگەڵ بەغدا ئەو دابڕانە هەبێت، بەڵام یانەکانی بەغدایێ کە نەهێن و لەناو شارەکە و جەماوەر و کەسی خۆت نەتبینی ئەوەش خۆش نییە، بۆیە من دابرانم پێ خراپبوو، بەڵام پێشمخۆش نەبوو وەکو ١٩٩٢ چووینە موسڵ و یاریگەمان ئەوێ بوو، ئەوجارە یاریگەکەیان گواستینەوە تکریت، بۆیە ئەوە پێی ناگوترێ وەرزش، لەبەر ئەوەبوو، قەناعەتەک دروستبوو کە چیدی نەچینەوە بۆ یاریکردن، هەرچەندە بۆ یاریزان دابڕان زۆر خراپە و ئاستی یاریزان دادەبەزێنێ و دوات دەخات.

**+ با ئەو پرسیارەش بکەین: پاش ڕاپەڕین لەسەر چ پێوەر و بنچینەک، یانەی هەولێر**

## لە تەمەنی ١٧ ساڵی یەکەم یاریم لەگەڵ یانەی هەولێر کرد و لەناو یاریگا زۆر شەرمم دەکرد

**بەلای پارتی شکایەوە و یانەی برایەتیش بەلای یەکێتی؟ بۆچی پێچەوانە نەبوو؟**

- یانەی هەولێر بڵێین و نەڵێین ناوەک بوو، دوای ڕاپەڕین بەمەبەستی دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی ستافێکی تازە بۆ ئیدارەی یانەی هەولێر، هەڵبژاردن کرا و ١٠ ئەندام بۆ دەستەی نوێ هەڵبژێردرا، پێنج ئەندامی یەکێتی بەپێنج ئەندامی پارتی دەرچوو، واتا نیوە بەنیوە، مامۆستا (هاشم مەلا حەمە) نوێنەری یەکێتی بوو (فارووق سەید حەسەن)یش نوێنەری پارتی بوو، ئەو دوانە کە بۆ سەرۆکایەتی خۆیان هەڵبژارد، وەکو یەکیان هێنا، پێنج بەپێنج، دوای ئەوە (فەڕەنسۆ هەریری) تەداخولی کرد، یەکێ لەپێنج ئەندامەکەی جەماعەتی ئێمە، جا نازانم کڕیان؟! ئیقناعیان کرد؟! ئێوارە کە هەڵبژاردن کرایەوە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی، یەکێ لەئێمە هەڵگەڕایەوە و ئەوجارە بووە شەش ئەندامی پارتی بەچوار ئەندامی یەکێتی! لەوێوە ئێمە بەناچاری چووینە یانەی برایەتی، ئەگینا شەڕەکە لەسەر یانەی هەولێربوو.

دوای ڕاپەڕین فەڕەنسۆ هەریری دەهاتە یاریگا و سەیری یاری دەکرد، بەڵام بەهیچ شێوەیەک تەداخولی نەدەکرد، بەس لەو ماوەیە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ سەرجەم یاریزانەکان دروستکردبوو، دەهاتە لای یاریزانەکان دەیگوت چیتان دەوێ، چیتان پێویستە؟ ڕۆژێک منی بانگکرد و دەستی لەسەرشانم دانا و گوتی سەرکار ئەتو دەڵێی فەرق و جودایی لەگەڵ من دەکەی، بۆچی هیچ شتەکی لەمن داوا ناکەی؟ منیش گوتم خۆشیت وەڵا هیچم پێویست نییە. گوتی: نا، یاریزانەکان شت داوا دەکەن، تەلەبیاتیان هەیە بەڵام ئەتو هیچ داوا ناکەی؟ گوتم وەڵا من نەک لەتو لەکەسم داوا نەکردووە. ئیدی ئەو دەهات هاوکاری یاریزانەکانی دەکرد، لەگەڵ ئیدارەی نادی پەیوەندی خۆشبوو، بەڵام دوای ئەوەی دەستەی سەرۆکایەتی یانەی هەولێر یەکلایی بۆوە، ئینجا تەداخولی ڕاستەوخۆی کرد، ئەگینا پێشتر وەکو هاندەرەک دەهات، بەخۆیشی دەیگوت من وەکو هاندەرێکی یانەی وەرزشی هەولێرم و یانەی هەولێرم خۆشدەوێ.

**+ لەبەرامبەر ئەو خزمەتەی پێشکەش بەیانەی هەولێرت کردووە، هیچجار بەڕێزلێنان یاخود خەڵات پاداشت کراوی؟**

- بەهیچ شێوەیەک. ئەسڵەن هەر زۆرم پێناخۆشبوو، ڕۆژێک کەناڵێکی تەلەفزیۆنی لەهەولێر، گوتیان حەزدەکەین بەرنامەیەکت بۆ بکەین لەسەر کاروانی وەرزیشت لەهەولێر هەر لەمنداڵییەوە تاکو ئێستا، پاش ئەوەی چووینە ئەو گەڕەک و شوێنانەی لێی ژیابووم و هاتینەوە سەر یاریکردنم لەیانەکان و سەرمان لەیاریگای یانەی هەولێر دایەوە، دارودیواری ئەو یانەیەمان کرد، ڕەسمەکی منی تێدا نەبوو، تەنانەت یەک وێنەشم لەدیواربەندی یاریزانەکان نەبوو، هەستێکی زۆرناخۆش بوو، هەتا پێشکەشکاری بەرنامەکە گوتی، ئەوە چییە دەڵێی لەیانەی هەولێر یاریت نەکردووە؟!

**+ ئاستی یانەکانی تۆپی پێی کوردستان لەئێستادا چۆن دەبینی؟**

- ئەمساڵ لەخولی نایابی عێراقدا، یانەی نەورۆز

> ❝ یەکەم ڕاهێنەر کە بەهرەی منی دۆزییەوە، لەدەوری قوتابخانەکان بوو لەساڵی ١٩٨٠ کە ئەوکاتە تەمەنم ١٥ ساڵ بوو، ئەو ڕاهێنەرە مامۆستا (سەلاح حەسەن) بوو ❞




یاری هەولێر و تەیران - ساڵی ١٩٨٧

> **یەکەمجار (حاجی کانەبی) نازناوی مارادۆنای پێبەخشیم. بەڕاستی حاجی کانەبی، لەسەردەمی ئێمە خزمەتێکی زۆری بەوەرزشی هەولێرێ کرد**

هەشتەمی سەر عێراقی هێنا و ئەنجامەکەی لەهەولێر و زاخۆش باشتربوو، ئەمە لەکاتێکدا یانەی نەورۆز یەکەم ساڵیشی بوو کە بەشدار خولی نایابی عێراق بکات، ئەنجامەکە ئەگەر وەکو پێویستیش نەبێت بەڵام باشبوو، چونکە جارێکی دیکە زۆر زەحمەتە ببینەوە یەکەمی سەر عێراق، وەکو ئەوەی پێشتر هەولێر و دهۆک کردی.

**+ پاڵپشتی حکوومەتی هەرێم بۆ وەرزشی تۆپی پێی کوردستان لەچ ئاستێکدایە؟**

– ئەو کابینەیەی حکوومەت زۆر کەمتەرخەم بووە بەرانبەر وەرزش، ئەوان دەڵێن چاکسازی دەکەین؟ بەڵام ئەوە کەی چاکسازییە؟ وەرزش واتا پارە! واتا ئەگەر پارەت بەدەستەوە نەبێت، ناتوانی وەرزش بکەی. لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان چەندین ساڵە بودجەی نەبووە و دانیشتووە، بەدرێژایی ئەو ماوەیە یەک چالاکی نەبووە. یەک نەوە لەکوردستان ڕۆیشت و نەیانتوانی وەرزش بکەن، ئەوە هەمووی هۆکارەکەی ئەو کابینەیەی حکومەت بوو.

حکومەت دەبێ پارە سەرفبکات بۆ ئەو دەزگا وەرزشیانە، دەزگا وەرزشییەکان کامانەن؟ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان کە بەشێکی هەیە وەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی، هەرچەندە وابزانم ئەوان بەشێک پارەیان وەرگرتووە، بەڵام دەزگای فەرمی کە وەرزشی کوردستان بەڕێوە ببات، لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستانە.

ئەو کابینەیە زۆر خراپبوو بەرامبەر ئەو لیژنەی ئۆلۆمپییە. لەدوای چەندین ساڵ، ئێستا یەکەم مانگە کە بودجەیەکی بۆ سەرفکراوە ئەویش ٨٠ ملیۆنە! ئەمە لەکاتێکدا لیژنەی ئۆلۆمپی ٣٠ یەکێتی وەرزشی لەشارەکانی کوردستاندا هەیە. یەکێتی تۆپی پێی لێ دەرکە، ئەوان نیمچە سەربەخۆیەکن لەحکومەت، بەڵام ٢٩ یەکێتییەکەی دیکە، تۆپی بالە، باسکە، تۆپی دەست، تۆپی سەبەتە، گۆڕەپان و مەیدان، هەریەک لەو یەکێتییە وەرزشیانە، دوای ئەو ماوە درێژە، هەر یەکە و کەمتر لەدوو ملیۆن و نیو دیاری بۆ سەرفکراوە؟ ئەی ئەندامەکانیان؟ ئەی نوێنەرایەتی شارەکان؟ ئەو نوێنەرایەتیانەش هەر بودجەکەیان سەر بەلیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانە بۆ ئەوەی لەشارەکانی خۆیان چالاکی وەرزشی پێبکەن.

**+ هاندەری چ یانە و هەڵبژاردەیەکی جیهانی؟**

– لەیانەکان (بایرەن میونیخ) لەهەڵبژاردەش (ئەڵمانیا)

**+ لەگەڵ خوێندنەوە چۆنی؟**

– زۆرباشم، بەتایبەت خوێندنەوەی ڕۆمان و شیعر، زۆر شەو هەبووە، تا شعرم نەخوێندبێتەوە نەنووستوومە، شعری زۆربەی شاعیرەکانیشم خوێندۆتەوە، بەڵام بەپلەی یەکەم (هێمن)ی شاعیر کە من بەمامۆستای شاعیرانی دەزانم، هەروەها زۆر حەز بەشیعرەکانی (عەبدوڵا پەشێو)یش دەکەم، زۆربەی دیوانەکانیشم هەیە.

**+ نزیکترین هاوڕێی ژیانی وەرزشیت کێ بووە؟**

– (حەمید خالید) بوو، هاوڕێکانم زۆرن، بەڵام کاک حەمید پێشتر و لەئاوارەیی و دوای هاتنم بۆ سلێمانی ١٩٩٦ و تاکو ئێستەش، هەمیشە هەر پێکەوە بووینە و وەک برام وایە. ئەویش لێپرسراوی دارایی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بوو و لەگەڵ ئێمە وازی هێنا.

**+ منداڵەکانیشت وەکو خۆتان خولیای وەرزشیان هەیە؟**

– بەڵێ هەیانە، بەڵام وەک خۆشم نین (بەپێکەنینەوە) من هەر عەشقی وەرزش بووم.

**+ چەند منداڵتان هەیە و چکارەن؟**

–-دوو کچ و کوڕێکم هەیە. کچە گەورەکەم ناوی (سانا)یە، لەقۆناغی سێی زانکۆیە، کوڕەکەم ناوی (ساکۆ)یە و لەئامادەیی دەخوێنێ، کچە بچووکەکەشم ناوی (ڤینا)یە.

**+ ئێمە زۆر زۆر سوپاست دەکەین؟**

– من سوپاسی ئێوە دەکەم کە ئەزیەتتان کێشا و هاتنە سلێمانی، دەبووایە من بێمە هەولێر.

# هونەری

- **قادر دیلان، سەمفۆنیای کوردی بەرهەم هێناوە و نۆتەی سەمفۆنیای هەڵەبجەشی نووسیوەتەوە**

عومەر کەریم بەرزنجی

- **مامۆستا «زرار محەمەد مستەفا» ... قوتابخانەیەک بۆ هونەر و کوردایەتی**

کامەران حاجی ئەلیاس



# قادر دیلان

## سەمفۆنیای کوردی بەرهەم هێناوە و نۆتەی سەمفۆنیای هەڵەبجەشی نووسیوەتەوە

عومەر کەریم بەرزنجی

قادردیلان تەنیا گۆرانیبێژ نەبوو، بەڵکو ژەنیار و ئاوازدانەر و شانۆکار و شارەزاییەکی باشی هەبوو لە ئامێرەکانی شمشاڵ، نەی، سەکسیفۆن، عوود، کلارنێت و کەمانچە، لەهەموویان زیاتر ژەنیاری کلارنێت بوو. شارەزایی لە چەندان ئامێری مۆزیکی خۆراوایی هەبووە، یەکەم هونەرمەندی کورد بوو میلۆدیی میلیی کوردی لە چوارچێوەی ئۆرکێسترادا پێشکەش کردووە، کە کارێکی ناوازە و داهێنان بوو. کاتێک هونەرمەند قادر دیلان بە ئامێری موزیکی خۆراوایی گۆرانیی «قژ کاڵی لێو ئاڵی»ی گوت، دەگوترێت کە یەکەم گۆرانیی کوردییە بە ئامێری موزیکی خۆراوایی تۆمار و بڵاوکرابێتەوە، کە شیعری گۆران و ئاواز و گوتنی هونەرمەند قادر دیلانە، دواتر هۆمەری دزەیی-یش گۆرانییەکەی گوتەوە.

هونەرمەند قادر دیلان دەڵێت: ساڵی ١٩٤٦ بۆ یەکەمجار لەشاری سلێمانی بۆ ماوەی دوو مانگ خولێکی مۆسیقا کرایەوە، ئەمە یەکەم هەنگاوم بوو بەنسبەت هونەری مۆسیقا، بەم دوو مانگە توانیم دەست و پەنجەم لەگەڵ مۆسیقا ڕابێنم و شارەزاییەکی مام ناوەندیم پەیداکرد، پاشان لەگەڵ مۆسیقادا بەردەوام بووم و لەگەڵیدا ژیام.

قادر دیلان ناوی تەواوی قادری کوڕی مەلا ئەحمەدی دیلانە لەساڵی ١٩٢٨ لەشاری سلێمانی لەدایکبووە. لەناو بنەماڵەیەکی دێرینی سلێمانی دا پەروەردە بووە کە هونەردۆست و ئەدەب دۆست و ڕۆشنبیر و بەهرەمەند بوون، باوکیشیان ئەحمەد دیلان، دەنگخۆشێکی سەردەمی خۆی بووە، شاعیر و ڕوناکبیر حەمە ساڵح دیلانی برای کە دەنگخۆش و شاعیرێکی نوێخواز بوو.

قادردیلان خوێندنی سەرەتایی تا دواناوەندی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە. دواتر لەنێوان ساڵانی ١٩٥٣ و ١٩٥٤ بۆ کۆلێژ چووەتە بەغدا، ئەمەش دوای ئەوەی لەکۆلێژی ئابووری لە زانکۆی بەغدا وەردەگیرێت. بۆ یەکەمین جار سەردانی بەشی کوردی ئێستگەی بەغدای کردووە. لە ساڵی ١٩٦٢ دەچێتە دەرەوەی وڵات و لەوێ ماوەی چوار ساڵ بابەتی موزیک لە پراگی پایتەختی چیکۆسلۆڤاکیای ئەوکات دەخوێنێت، لەگەڵ یەکێک لە هاوپۆلەکانی یەکدیبیان خۆشدەوێت و ژیانی هاوبەش پێکدێنن. هەر لەو وڵاتە لە یەکێک لە تەلەڤزیۆنەکان وەکو مۆزیکژەن کاری کردووە.

دیلان لە سەردەمی لاوێتییەوە خولیای موزیکی بووە و لەگەڵ دەستەیەک لە لاوانی بەهرەمەندی بواری هونەری موزیکی وەکو هونەرمەندان (شەماڵ سائیب و ولیەم یوحەنا و نەجاتی عەبدە) چالاکیی هونەری هەبووە.

محەمەد ئەمین پێنجوێنی شاعیر لەبارەی قادر دیلانەوە دەنووسێت: دوای خزمەتێکی زۆر لە بواری هونەردا، بۆ خوێندنی زانستیی موزیک چووە پراگی پایتەختی چیکۆسلۆڤاکیا. لەوێ بە بلیمەتی و زیرەکی خۆی بە سەرکەوتوویی

بڕوانامەی دکتۆرای بە دەست هێنا. بە هۆی کودەتای (١٩٦٣) ڕێگەی گەڕانەوەی وڵاتی لێ بەسترا هەر لەو پەیمانگەیەی دەرسی تێدا خوێندبوو، بووەوە بە مامۆستا. پێنجوێنی پێیوایە: دیلان ئەو هونەرمەندە دەنگخۆش و موزیکزانەیە، کە موزیکی هونەری کوردی زیندوو کردەوە. من بەش بەحاڵی خۆم بە(باوکی) ئاواز و هونەری ڕەسەنی کوردی دادەنێم. بۆ ئەو کات، دیلان یەکەم کورد بوو، کە بڕوانامەی دکتۆرای بە دەست هێنا. هەروەها یەکەم کورد بوو سەمفۆنیای کوردی بەرهەم هێنا و نۆتەی سەمفۆنیای هەڵبجەشی نووسیوەتەوە.

## ئاوازی سروودی نەورۆزی پیرەمێرد

سروودی نەورۆز کە هۆنراوەی پیرەمێردە لە ئاداری ساڵی ١٩٤٨دا نووسیویەتی و لەسەر داواکاری شاعیر، هونەرمەند قادر دیلان ئاوازی بۆ داناوە، دواتر لەلایەن هونەرمەند حەسەن زیرەکەوە لە نێوەڕاستی ساڵانی پەنجاکان لە ئێران بەدەنگە خۆش و ڕەسەنەکەی خۆی تۆماری کردووە، وەلێ حەسەن زیرەک بەئەمانەتەوە ئەوکارەی نەکردووە بەڵکوو غەدرێکی گەورەی لە پیرەمێرد و ئاوازدانەر و یەکەمین گۆرانیبێژی ئەم سرووده کردووە؛ چونکە دەقی ئەم هۆنراوەیەشی دەستکاری کردووە و بڕگەیەکی ستایشی شای بۆ زیاد کردووە.

هونەرمەند قادر دیلان لە دیمانەیەکی ڕادیۆی دەنگی کوردیدا کە لەلایەن فەخرەدین تایەرەوە لە شاری ستۆکهۆڵمی سوید لەگەڵی سازدراوە کە دوا دیمانەی هونەرمەندە و بەشێکیشی لە گۆڤاری ڕامان دا بڵاوکراوەتەوە، ئەم پرسیارە لە هونەرمەند قادر دیلان دەکات؛ چۆن و لە کوێ و چ ساڵێک بوو کە پیرەمێردی شاعیر داوای لە بەڕێزیان کردووە کە هەڵبەستی نەورۆزەکەی ئاوازی بۆ دابندرێت و ئینجا مامۆستا حەمە ساڵح دیلان وەک دەنگخۆشێک لە شێوەی سروودێک بیچڕێت؟

قادر دیلان: لە سەرەتای مانگی ئاداری ساڵی١٩٤٨ دا بوو ڕۆژێک من و کاک حەمە ساڵحی برام لە شەقامی مەولەوی لەگەڵ شاعیری مەزنی گەلەکەمان لەیەک ڕاست هاتین و دوای سڵاو و چاک و چۆنی حاجی تۆفیقی پیرەمێرد ڕووی تێکردم و گوتی کاک قادر هەڵبەستێکی تازەم لەم ڕۆژانە لەسەر جەژنی نەورۆز نووسیوە ئەگەر بتوانیت ئاوازێکی لە شێوەی سروود بۆ دابنێیت و کاک حەمە ساڵحی برات بە دەنگەخۆشەکەی بیچڕێت و خۆشت دەزانیت جەژنی نەورۆزیش نزیک بۆتەوە... ها ئەڵێی چی؟

مامۆستا قادر دیلان لە درێژەی ئاخاوتنەکانیدا گوتی پرسیارم لێکرد و گوتم : ئێستاکە هەڵبەستەکەت لەلایە؟

مامۆستا دیلان گوتی: پیرمێردی نەمر لە گیرفانی پاکەتێکی جگەرەی ئەو سەردەمەی دەرهێنا و چەند جگەرەیەکی تێدا بوو دەری هێناو هەر لەسەر بەرگی پاکەتە جگەرەکە هەڵبەستی نەورۆزی بە دەستخەتی خۆی بۆ نووسیمەوە و منیش لە ماوەی یەک دوو ڕۆژدا ئەم ئاوازەم بۆ دانا، کە لەسەرتاسەری کوردستانی گەورەدا زۆر بڵاوە، لەبیریشم نەچێت بۆ یەکەمین جاریش کاک حەمە ساڵح دیلانی برا گەورەم بە دەنگی خۆی تۆماری کرد و هەموو ساڵێکیش لە ڕۆژی جەژنی نەورۆزدا ئەم سرووودەی دەخوێند، بێگومان دواتریش زۆر گۆرانی بێژی دیکەیش ئەم سروودەیان گوتوەتەوە، بەڵام هیچیان بە قەدەر کاک حەمە ساڵحی برام بە سۆز نەیانتوانیوە بیخوێنن.

> **پێنجوێنی پێیوایە: دیلان ئەو هونەرمەندە دەنگخۆش و موزیکزانەیە، کە موزیکی هونەری کوردی زیندوو کردەوە. من بەش بەحاڵی خۆم بە(باوکی) ئاواز و هونەری ڕەسەنی کوردی دادەنێم**

## تیپی مۆزیکی مەولەوی

هونەرمەند قادر دیلان لە ساڵی ١٩٤٨دا تیپێکی مۆزیکی دامەزراندووە بەناوی دیلان، لە ساڵی ١٩٥٢ ناوی تیپەکە گۆڕاوە بۆ تیپی مۆزیکی مەولەوی وەکو ڕێزێک بۆ ئەو شاعیرە گەورەیەی کورد. ئەم تیپەش بە یەکەم تیپی مۆزیکی کوردی دەناسرێتەوە کە بە فەرمی خاوەن نووسینگە و ئەندام بووە.

هونەرمەند قادر دیلان دەڵێت: ساڵی ١٩٤٨ هەوڵمان دا تیپێک دابمەزرێنین، یەکەم تیپمان دروست کرد، تیپەکە بەناوی خۆمەوە ناونرا، لە ساڵی ١٩٥٢ ناوی تیپەکەمان گۆڕی بە تیپی مەولەوی بەناوی شاعیری گەورەی کورد مەولەوی شاعیرەوە.

پێش ئێمە تیپێکی مۆسیقای عەسکەری هەبوو ئامێرەکانیان هەمووی فودار بوون، لەسەردەمی عوسمانلییەکان ئەم ئامێرانە بەجێ مابوون، ئەمان تیپێکی هونەری نەبوون وەکو ئێمە کە چەند جۆرێک ئامێری تێدابێت، بۆیە تیپی (مەولەوی) بەیەکەم تیپ دەژمێردرێت کە لە کوردستان دامەزرابێ.

**حەسەن زیرەک بەئەمانەتەوە ئەوکارەی نەکردووە بەڵکوو غەدرێکی گەورەی لە پیرەمێرد و ئاوازدانەر و یەکەمین گۆرانیبێژی ئەم سرووده کردووه؛ چونکه دەقی ئەم هۆنراوەیەشی دەستکاری کردووە و بڕگەیەکی ستایشی شای بۆ زیاد کردووە**

باکووری دەنووسێت: تیپی مۆسیقای مەولەوی لە ساڵی (١٩٥٥) دامەزرا و ئەو هونەرمەندانەی خوارەوە ئەندامی تیپەکە بوون:

قادر دیلان – سەرۆکی تیپەکە بوو – کەمانچەی دەژەنی. ولیەم یۆحەننا – عوود، کەمان، چەلۆی دەژەنی. بەهجەت ڕەشید سەعاتچی – عودی لێ دەدا. نەجاتی عەبدە– شمشاڵ (نای) لێ دەدا. حاتەم سەعید – تەپڵ (ئیقاع)ی دەژەنی. حازم حەداد – قانوونی دەژەنی. حەمە کاکە – عودی دەژەنی. بەهمەن سەعاتچی کەمانچەی دەژەنی. هادی عەنبەر کەمانچەی دەژەنی. ئومێد مدحت کەمانچەی دەژەنی، عوسمان سابونچی گۆرانیبێژ بوو عوودیشی لێ دەدا. عەباس تۆفیق دەف

ئەم تیپە تا ساڵی ١٩٥٧ بێ مۆڵەتی ڕەسمی ئیشی دەکرد و ئاهەنگیان بەڕێوە دەبرد، لە ١٩٥٧/٦/١٩ کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان لە سلێمانی دامەزرا و مۆڵەتی ڕەسمیان وەرگرت. لەوساوە تیپی مەولەویش چووە ناو کۆمەڵەکە چونکە هەندێک لە



> “ تیپی (مەولەوی) بەیەکەم تیپ دەژمێردرێت کە لە کوردستان دامەزرابێ ”

ئەندامانی دامەزرێنەری کۆمەڵەکە، ئەندامی تیپی مەولەویش بوون، وەکو ڕەفیق چالاک و قادر دیلان و ولیەم یۆحەننا و نەجاتی عەبدە.

لە ساڵی ١٩٥٧ کاتێک لافاوێک لە شاری سلێمانی هەستاوە، دیلان لەگەڵ تیپەکەی بە شار و گوندەکانی کوردستان دەگەڕێن و ئاهەنگی خۆبەخشانە پێشکەش دەکەن بۆ ئەوەی کۆمەک بۆ لێقەوماو و زیانلێکەوتووانی لافاوەکە کۆبکەنەوە، بیرۆکەکەی زۆر مرۆڤانە و نوێ بووە بۆ ئەو سەردەمە، ئەو لافاوە زەرەر و زیانێکی زۆری لە شاری سلێمانی داوە، کە گۆڤاری هیوا، بەبایەخەوە ئاوڕی لەو کارەساتە داوەتەوە و چەندین دەقی ئەدەبی بەپێزی بڵاوکردووەتەوە کە گوزارشت لەو کارەساتە دەکات.

## مەرگ و نەمری داهێنەرێک

گۆرانییەکانی «فریشتە» و «جوانی بێناو» لەناسراوترین گۆرانییەکانی قادر دیلان و شیعری شاعیری جوانی و سرووشت گۆران-ە، قادر دیلان کەمانچەژەن بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئامێری دیکەی مۆسیقی دیکەشی ژەندووە. قادر دیلان یەکێک بووە لە کەسە چالاکەکانی گرووپی مۆسیقای مەولەوی لە سلێمانی، کە بە یەکەم تیپی هونەری مۆزیکی کوردی دادەنرێت.

قادر دیلانی هونەرمەند و داهێنەر و نەمر لە ڕۆژی ١٨ی ئاداری ١٩٩٩دا لە دوورە نیشتمان و لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا بەنەخۆشی شێرپەنجە گیانی لەدەستدا و لە پراگ بەکاتیی نێژرا، تا لە ڕۆژی ٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ دا تەرمەکەی هێنرایەوە سلێمانی و بەخاک سپێردرایەوە، ئەگەرچی بە لاشە مردووە وەلێ بە هونەر و بەرهەمە داهێنەرەکانی هەمیشە زیندوو نەمرە.

**سەرچاوەکان:**


بەرنامەی بیرەوەری لە کەناڵی هەولێر - یوتیووب، چەناڵی کەناڵی هەولێر. ٢٩ی حوزەیرانی ٢٠١٣.

هونەرمەندی گەورەی کورد د. قادر دیلان، محەمەد ئەمین پێنجوێنی

ئاوڕدانەوەیەک لە گۆرانی کوردیی سەدەی بیستەم، باکووری، ڕامان ژ٢٨ ٥ تشرینی یەکەم ١٩٩٨ ل١٧٣-١٧٤

دیمانە. قادر دیلان، فەخرەدین تایەر، ڕامان ژ٢٨ ٥ تشرینی یەکەم ١٩٩٨ ل٨٧-٨٩

# مامۆستا «زرار محەمەد مستەفا» ...
# قوتابخانەیەک بۆ هونەر و کوردایەتی

کامەران حاجی ئەلیاس

لەزۆربەی وڵاتانی جیهان و عێراق، بگرە لە کوردستانیش، چەندین سەنتەر و کۆلێژ و پەیمانگەی هونەری، بوونیان هەبووە، لە ئێستاشدا بوونیان هەیە، کە ئامانجیان پێگەیاندن و دروستکردنی کادری هونەرییە، بەجۆرێک هەموو پێداویستییەکانی مادی و مەعنەویان لەلایەن حکومەت، یان ڕێکخراوەکان بۆ دابین دەکرێت، بەڵام لە شارەکەی من قوتابخانەیەک، یاخود سەنتەرێکی هونەری هەبوو، بێ ئەوەی بڕواناکەم لە هیچ سوچێکی ئەم جیهانەدا بوونی هەبێت، قوتابخانەیەک پێش ئەوەی هونەری بێت، قوتابەخانەیەکی کوردایەتی بوو، قوتابخانەیەکی پەروەردە و فێرکردن بوو، هەموو تێچووەکەکانی لە ئەستۆی خۆی بوو، بێ ئەوەی کەسێک، یان لایەنێک هاوکاری بکات، قوتابخانەیەکی گشتگیری فرە پسپۆری بوو، لە هەموو قوتابخانە و ناوەندە هونەرییەکانی جیهان، بۆ هەر بەشێکی هونەری کەسانی پسپۆری بە بوارەکە بوونیان هەیە و وانەکان دەڵێنەوە، تەنیا لە قوتابخانەکەی شاری من نەبێت، هەموو بەشەکانی هونەری (شانۆ، شێوەکار، موزیک، خۆشنووسی) تەنیا لەلای کەسێکەوە دەوترانەوە.

بەڵێ هەرئەوەندش نا، هەر لەو قوتابخانەیەدا خوولی بابەتی وانەی ئینگلیزی بۆ قۆناغەکانی ٩ی بنەڕەتی و ١٢ی ئامادەیی بۆ کوڕ و کچانی شار بەخۆڕایی و بێبەرانبەر دەکرایەوە، بۆیە دەرچووانی ئەم قوتابخانەیە، جگە لەدروستبوونی چەندین کادر لە هەموو بوارەکانی هونەردا، هەر لەم قوتابخانەیەدا چەندین نەوەی شارەکەم لەبواری پزیشکی و ئەندازیاری و بوارەکانی دی ژیان پێگەیشتوون ئەو قوتابیانەی لەو قوتابخانەیە بوون، جگە لەو بوارانەی ئاماژەمان پێدان، لەپێش ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ زۆرەبەیان وەکو پێشمەرگەش ئەندامی ڕێکخستنەکانی حزبە کوردستانییەکان بوون، ئەمەش هەر بۆ ئەو پەروەردەی ئەو قوتابخانەیە دەگەڕێتەوە، هەرچەندە ئەم قوتابخانەیە چەندین لەمپەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بەربەست بوون، بۆ ئەوەی بەهەر شێوەیەک بێت دابخرێت، بەڵام ئەو قوتابخانەیە وەکو بەربەستێکی پۆڵایین دەوەستاوە، نەیدەهێشت دابخرێت، ئەو هەموو ژیانی گەنجی خۆی کردە قوربانی ئەو قوتابخانەیە.



ئەو قوتابخانەیە قوتابخانەی مامۆستای هونەرمەند (زرار محەمەد مستەفا) بوو.

ئەگەر ئاوڕێک لە ڕابردووی ئەو قوتابخانە گەورەیە بدەینەوە، کەخۆی لە مامۆستا زرار محەمەد مستەفا دەگرتەوە، ئەو زاتە نەمرە خاوەن بەهرەیەکی گشتگیر بوو لە هەموو بوارەکانی (موزیک، شانۆ، شێوەکاری، خۆشنووسی، زمانناسی) بەڵام زیاتر لە بواری موزیک ناسرابوو، بۆیە هەر بۆ وەبیرهێنانەوە

دەڵێم، ئێستە وەکو خەون دێتەوە یادم، ساڵی ١٩٧٧، ئەو کاتەی لە گۆرەپانی قوتابخانەی پاشای گەورە سەرجەم قوتابیانی قوتابخانە ڕاوەستا بووین بۆ وەرگرتنەوەی ئەنجامی ئەزموونەکانی کۆتایی ساڵ، پێش وەرگرتنەوەی ئەنجامەکان مامۆستا زرار لە نێو گۆرەپانی قوتابخانەکەدا لە وتەیەکی کورتدا گوتی «بەنیازم تیپێکی مۆسیقا دابمەزرێنم، لە پشووی هاوینەدا خوولێکی موسیقا دەکەمەوە، هەریەکێک لە ئێوە حەز دەکات، یان ئارەزووی فێربوونی مۆسیقای هەیە، باناوی خۆی بنوسێت «بەهەوڵ و ماندووبوونێکی زۆری ئەو زاتە مەزنە ئەو تیپە (تیپی مۆسیقای پاشای گەورە) بەرهەم هات، چەندین کادری هونەری لەسەردەستی ئەم زاتە پێگەیشتن، کە ئێستە جێ پەنجەیان لەنێو موزیکی کوردی دیارە، هەر لەسەر دەستی ئەم مامۆستایە لەخۆ بردووە، دەیان بەرهەم و شاکاریان پێشکەش بە هەگبەی گۆرانی و موزیکی کوردی کرد، چەندین بەرهەمی ڕەسەنی کوردییان لە فەوتاندن پاراست، بەشداری چەندین فێستیڤاڵیان لەسەر ئاستی کوردستان و دەرەوەی کوردستان کرد.

ئەگەر باس لە بواری شانۆش بکەین، هەر لە سەردەستی ئەو چەندین کادری شانۆیی پێگەیشتن، من یەکێکم لەوانەی هەردەم خۆم بەقەرزاری ئەو زاتە گەورە دەزانم، چونکە لەرێگەی ئەومامۆستایە گەورەیە، هاتمە نێو جیهانی شانۆ، ئەو هاندەر و پاڵپشتم بوو، بۆئەوەی بەشی شانۆیی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا و کۆلێژی هونەر لە شاری موسڵ تەواو بکەم، شانازیش دەکەم وەکو یەکەم کەسی ئەو شارە چوومە پەیمانگەی هونەرجوانەکانی بەغدا و بە پلەی نایاب لە بەشی شانۆ وەرگیرام، لە کۆتاییشدا لە دەیەمە یەکەکانی پەیمانگە بووم، پێش من چەندین کەسی دی لە بواری موزیک و شێوەکاری لە پەیمانگەو کۆلێژی هونەر وەرگیرابوون، بەڵام لە شانۆ من یەکەم کەسی شاربووم، ئەو شانازیەش هەر بۆ هونەرمەند مامۆستا زرار دەگەڕێتەوە.

لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، وەکو نواندن و دەرهێنان، توانیم بەشداری دەیان شانۆگەری و فێستیڤاڵی شانۆیی بکەم. نابێت بواری نووسینیش لە یاد بکەم لە ئێستاشدا خاوەنی (٤) کتێبی شانۆییم، دوو کتێبی تریکەشم ئامادەیە بۆ چاپ ئەو بوێرییەی نووسینیش هەرهەمووی بۆ مامۆستا زرار دەگەڕێتەوە.

ئەگەر بەگشتی ئاوڕێک لە دۆخی شانۆش لە شاری ڕواندز-یش بدەینەوە، مامۆستا زرار پشکی شێری بەردەکەوێت و خاوەنی زۆرترین کاری شانۆییە لەم شارەدا، چ وەکو دەرهێنان، یاخود نواندن. خاڵێکی دی ئەمەوێ ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە لە پاڵ هەر ئاهەنگێکی گۆرانی و موزیک شانۆگەرییەک نمایش دەکرا، لە سەرەتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، لەسەردەستی مامۆستا زرا، ڕۆژێک یاخود چەندین ڕۆژ بەجیا شانۆگەری نمایش دەکرا.

لایەکی دیکەوە، مامۆستا زرار خاوەنی چەندین کتێبە، بەتایبەتی لە ڕووی تۆمارکردن و ئەرشیفکردنی ئەو چالاکیانەی کە لەو شارەدا کراون، وەکو سەرچاوە هەموو کەسێک دەتوانێت سوودی لێوەبگرێت، لە ئێستاشدا چەند کتێبی بۆ چاپ ئامادەیە.

دواخاڵ دەمەوێت ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە، مامۆستا زرار شارەزایی و زانیارییەکی زۆر باشی لەسەر مێژووی شاری ڕواندز هەبوو، بەتایبەتی لەسەر مێژووی میرنیشی سۆران و پاشای گەوەر و وەستا ڕەجەب. هەربۆیە هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندنی کوردی و عەرەبی و بیانی کاتێک سەردانی ڕواندز-یان دەکرد بەمەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرت، یان بەرنامەیەک لەسەر شاری ڕواندز ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە مامۆستا زرار-وە دەکرد، چونکە خاوەن هەگبەیەکی پڕ لە زانیاری بوو.

لەکۆتایی ئەم نووسینە کورتەدا دەڵێم ئەو خزمەتەی ئەو زاتە بەرزە بە هونەری کوردی بەگشتی و بەتایبەتی بەشاری ڕواندزی کردووە دەکرێت بە چەندین کتێب باسی لێوەبکرێت، یاخود چەندین لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، ئەو ڕێزلێنانە و خەڵاتانەی کە لە لایەن دەزگاکان و کەسایەتییەکانی کوردستان پێشکەشی کراون گەواهی ئەوڕاستییەن.

**“ ئەگەر بەگشتی ئاوڕێک لە دۆخی شانۆش لە شاری ڕواندز-یش بدەینەوە، مامۆستا زرار پشکی شێری بەردەکەوێت و خاوەنی زۆرترین کاری شانۆییە لەم شارەدا، چ وەکو دەرهێنان، یاخود نواندن ”**

# خوێندنەوەی کتێب

- ***سەردەمی هەڵەکان***

سەروەر جەبار

- ***دیوێکی تری جەواهیری***

موحەممەد گەلاڵەیی

- ***ئەفسوونی نووسین...***

مەسعودی مەلا هەمزە

- ***خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی پیرەمێرد و دەریا***

هێمن مولود

# سەردەمی هەڵەکان

## زادەی زەمەنی ئاڵنگاری و مەینەتی و ئازار
## ئالوودەبوون و ئەزموونی ڕۆژگار



سەروەر جەبار

سەردەمی هەڵەکان سەربوردەی حاڵ و گوزەرانی چەند قۆناغێکی ڕۆژگاری ژیانی نووسەری بەناوبانگی مەغریبی بەڕەچەڵەک ئەمازیغ (محەمەد شوکری ١٩٣٥ – ٢٠٠٣)یە، تێیدا سەرگوزشتەی خۆی و ڕووداوەکان بەهێزی هزر و خەیاڵ، شێوازی ڕامان، وتەی جوان و دەربڕینی سەرنجڕاکێش، خوێنەر بەدوای خۆیدا کەمەندکێش دەکات.

ڕۆمانەکە (ڕووداوی چاوەڕواننەکراو، دیمەنی دڵتەزێن، بەسەرهاتی سەیر و نامۆ و سەرسوڕهێن) نمایش دەکات، هەم لەژیانی نووسەر، هەمیش لەسەر ژیانی کەسانی دیکەش.

لەدەسپێکدا بەوێستگەیەکی تازە و درەوشاوە دەستپێدەکات، کە خاڵی وەرچەرخانە لەژیانی نووسەردا، ئەویش دابەزین لەشاری (عەرائیش) بەئامانجی زانینی ڕەمزەکان بۆ شیکردنەوەی جیهان، دەچێتە بەر خوێندن بۆ ڕزگاربوون لەزیندانی نەخوێندەواری ئەمەش، لەتەمەنی بیستویەک ساڵی؟! (ساڵی سەربەخۆیی مەغریب ١٩٥٦).

لەیەکەم ڕۆژدا دەکەوێتە نێوان دووڕیانی بیر و خەیاڵی وەرگرتن یا وەرنەگرتن لای بەڕێوەبەری قوتابخانە، ئەمجا تاقیکردنەوە و نارەحەتی لەم بارە نالەبارە، بۆ ڕۆژی دواتر دانیشتن لەژووری وانە، لەناو پۆلیشدا دۆخی سەغڵەتبوون و نەزانین، نیگەرانی، چاوەڕوانیی چۆنیەتی دەستپێکردنی یەکەم وانە، بەڵام هەر زوو تای تەرازوو بەلای ئارامگرتن بۆ ڕزگاربوون لەدەست ڕابردووی تاڵ و تاریک دەشکێتەوە ئیتر لەخوێندنگە دەمێنێتەوە.

دیسانەوە وەکوو پێشوو، وەک ساڵانێک لەڕابردوو ژیانی سەخت و برسێتی و دەردەسەری، بێ جێگە و لانە، تا درەنگانی شەو مانەوە لەچایخانە، پاشان بەتەنیا تەیکردنی شەقامەکانی شار دوور لەدۆست و یار، تا بەرەبەیان ئینجا نووستن لەمزگەوت، یان گۆڕستان، جلوبەرگێکی شڕ، بێناز، بێ پارە، خواردنی کەم و بەرماوە، ڕۆیشتن بەپێیان بۆ قوتابخانە، ئەمانە و نەهامەتیی زیاتریش، بەڵام کوڵەمەرگی کۆڵی پێ نەدا، بەسەرکێشیی خۆی واز لەخوێندن ناهێنێ و بەردەوام دەبێت.

لەمەشدا پێشینەی شوکری لەگەڵ خۆڕاگری و زۆرانبازیی زەبروزەنگی زەمانە وانەیەکی چاک

**شوکری هەر بەمنداڵی فێری ئیسپانی دەبێت، تەنانەت بەر لەوەی فێری جڵفەی مەغریبی ببێت، ئەمەش بەهۆی تێکەڵاویی لەگەڵ منداڵ و ماڵە دراوسێکان لەقەرەجە ئیسپانی و ئەندەلووسییەکان**

و کاریگەر دەبێت (دەبێ لەناو کتێبدا بەدوای ژیانی ڕاستەقینە بگەڕێیت. ١/ ل٣٣)

لەسەرەتای ئەزموونی فێربوون دەنووسێت: (لەهاوپۆلەکانم زیاتر فێر دەبووم وەک لەمامۆستاکانم ١/ ل٣٤) ئەمەش بۆ نزیکی ئاستی تێگەیشتن و لەیەکتر گەیشتنی نێوانیان دەگەڕێتەوە و دووپاتی ئەم ڕاستییە دەکاتەوە کە خوێندن و فێربوون بەشێوەی گرووپ و کۆمەڵ کاریگەری و کارابوونی زیاترە. دواتر لەگەڵ موختار حەددای نابینا ئاشنا دەبێت کە ڕۆڵێکی گرنگی لەژیانی خوێندەواریی محەمەد شوکریدا دەبێت، لەمبارەیەوە بەمامۆستای ڕاستەقینەی خۆی دادەنێت. کاتێکیش فێری خوێندنەوە دەبێت، بەهەڵپە و جۆش و خرۆشەوە دەخوێنێتەوە، هەردەم هاودەمی کتێب دەبێت وەک ئەوەی بیەوێ قەرەبووی بەهەدەرچوونی ساڵانی پێشووی بکاتەوە.

لەخوێندن بەردەوام دەبێت تا دەردەچێت و لەشاری تەتوان لەقوتابخانەی مامۆستایان وەردەگیرێت، ئیتر بارگەی بۆ ئەو شارە دەپێچێتەوە، دواتریش دەبێتە مامۆستا تاکوو وانە بەو ڕەش و ڕووت و بێچارانەی وەک خۆی بڵێتەوە. تێبینی، دەکرێت شوکری لەسەردەمی ژیانی خوێندکاری ڕۆمانی بێنەوایان (کلۆڵەکان) دەخوێنێتەوە، هۆگری ئەم شاکارەی (ڤیکتۆر هۆگۆ) دەبێت، ئەمەش ئاشکرایە ڕۆمانەکە باس لەبەشمەینەتەکان دەکات کە شوکری بەواقیع بەرجەستەی کردبوو و ڕەنگدانەوەی ناخی خۆی تیادا دەبینییەوە، دواتریش قەڵەمەکەی تاو دەدا تاکوو دەرد و ئێش و مەینەتییەکانی چینی جیهانی ژێرەوەی کۆمەڵگە (العالم السفلي) یا پەراوێزخراوەکان بنووسێتەوە، کە خودی خۆی ڕۆژگارێک یەکێک بوو لەوان، لەنێو ئەم چینەدا پێگەیشتبوو، باش لەوان تێگەیشتبوو، بەم شێوەیە شوکری کە بەمنداڵی تا تەمەنی حەوت ساڵی زمانی عەرەبی نەدەزانی کەچی بوو بەمامۆستای زمانی عەرەبی و نووسەرێکی عەرەبینووس. لەکەسێکی وێڵگەرد و نەخوێندەوار دەبێتە نووسەرێکی یاخی و بوێر و ناودار، بەڵام چۆن و بەچ تەرزێک دەینووسی؟

وەک چۆن ژیابوو بێ لانە و نەوا، ئاواش دەینووسی بێ پەردە و پەروا، بێباک لەداب و دەستووری کۆمەڵگە، بێ سڵکردنەوە لەڕەخنە و ڕەتکردنەوەی لای هەر جۆرێک دامودەزگا. گرێ و خەم و کەسەری پەنگخواردووی ناخی نیگەران و ناسۆری هەڵدەڕشت، بۆ ئارامیی ڕۆحیی و پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی لەبوونیدا هەبوو بێ قەید و شەرت. کۆتوبەندی کۆمەڵایەتی و ماسکی ساختە و بەربەستی زمانی نەهێشت، ئەزموونێکی نوێی نووسینی داهێنا و دارشت و جێهێشت. کەوتە گێڕانەوەی ڕووداوگەلێک، باسی سەیر و شاراوەی شتگەلێک.

لەنێو لاپەڕەکانی ئەم ڕۆمانەدا چەند بابەت و گرفتێکی هەمەجۆری کۆمەڵایەتی و دەروونی دەردەکەوێت لەوانەش وەک نموونە: هەڵوەستەیەک لەبارەی خۆشەویستیی ڕاستەقینە و بەدواداچوونێک بۆ ئەم پرسە، بەرهەمی بەپێزی (مەنفەلووتی، جوبران خەلیل جوبران و مەی زیادە) وەک نموونەیەکی باڵا و بەرچاو بۆ ئەم باسە. ئێش و ژانی (معاناة) کوڕێکی گەنجی دایک سۆزانی لەدەست لەکەی قێزەونی ڕابردووی دایکی، ڕەنگدانەوەی لەسەر ناخ و ڕووخساری کوڕە و کاردانەوەی ڕەفتاری نابەجێ و ترسناک تا ئەندازەی تێکچوونی




**"شوکری کە بەمنداڵی تا تەمەنی حەوت ساڵی زمانی عەرەبی نەدەزانی کەچی بوو بە مامۆستای زمانی عەرەبی و نووسەرێکی عەرەبینووس. لەکەسێکی وێڵگەرد و نەخوێندەوار دەبێتە نووسەرێکی یاخی و بوێر و ناودار"**

> **"جۆرێک لەگرێی باوک لەلای نووسەر بەزەقی لە ڕۆمانەکەدا دیارە ئەمەش لەئاکامی ڕەفتاری توندوتیژ و نابەجێ و شەڕانگێزانەی باوکی بەناحەق دەرحەق بەشوکری و ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی تا کوشتنی برایەکی شوکری"**

دۆخی دەروونی و عەقڵیی.

پەرۆشبوونی شوکری بۆ خوێندنەوەی زۆر و ئاوێتەبوونی بەو جیهانە فراوانە و تێرامان تێیدا، هاوکات ئالوودەبوونی بەخواردنەوەی شەراب و ڕابواردنی شەوانە لەبار و مەیخانە، هاموشۆکردنی سۆزانیخانە، ئەمانە ئەو سێ شتەن کە لەو سەردەمەدا عاشقی دەبێت: (کتێب و شەراب و ژن) ئەمجا بەرکەوتنی بەدونیای سەختی ژیانی پەراوێز دەیخاتە دۆخێکی دەروونیی نادروست و ناساز تا ئەو ڕادەیەی دەگاتە ئاستی ناکۆکی و نەگونجان لەگەڵ خودی خۆی و جیهانەکەیدا، ئەمانەش نیگارێکی تێکچڕژاو لە ئاڵۆزی و پاڵەپەستۆ و پەشێوی بۆ ڕەوشێکی ناسروشتی بیر و سایکۆلۆژیای شوکری پێکدێنێت.

ئیدی ڕووداو و بەسەرهاتەکان دێت و دەڕوات تا سەرەنجام وا دیارە وەک کەلەڕەقێکی ڕیفی* ـ ئەمازیغی و سروشتی سەرکەشانەی خۆی لەمەیدانی گێژاوی ئەم ژیانە لەگەڵ شەپۆلی بەرزونزمی باروزرووفی زەمانە هەڵدەکات.

سەرسامبوونی شوکری بەکەسایەتیی نووسەربوون و نووسین وەکو ئیمتیاز (دەسکەوت) لەنێو کۆمەڵ، ئەمجا ئەزموونی یەکەم نووسین و بڵاوکردنەوەی یەکەم بەرهەم، بەمەش زێدەخۆشحاڵ وەک سروشتی حاڵ. ئیتر لەوە بەدوا پێنووسەکەی بەگەڕ دەخا تا ئەوەی پاشان نووسین دەبێتە جۆرێک لەئالوودەبوون بۆ ئارامبوونەوەی هەستیاریی خۆی و بەرەنگاربوونەوەی ژاوەژاوی نێو کۆمەڵگە و ژیان.

(تەنجەی خۆشەویستم ١/ ل٥٤) هەست و سۆز و ئەڤینی شوکری بۆ شاری تەنجە وەک نەخشێکی ڕەنگین و دڵگیر لەنێو کەشی ڕۆمانەکەدا دیارە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ یادگاریی سەردەمی منداڵیی و ژیانی لەو شارە، هەر لەو کاتەوەی لەتەمەنی حەوت ساڵی لەگەڵ خانەوادەکەی ڕووی تێ دەکەن، لەوێ دەژی و پاشان بەتەنیا بۆی دەگەڕێتەوە و تیایدا دەمێنێتەوە. دڵبەندی ئەو شارە شیرینەی دەبێت، شەیدای ژیانی نێو شەقام و کۆڵان و باڕ و بازاڕ و قاوەخانە و شوێنەکانی تری ئەو شارە دەبێت و لەنووسینەکانیدا بەسەریان دەکاتەوە.

لەدووریی ئەم شارە هەست و بیری وا دەردەبڕێ: (ئەگەر لە تەنجە بوومایە هەستم بەو بۆشاییە ڕامالکارە نەدەکرد. لەوێ ڕۆژە هەرە خەمبار و بێهیواکان پڕ بوون لەخۆشنوودی. لەوێ تەنیایی ئازادە و تامی تووی هەیە، کەچی لێرە بەزۆرییە و تامی گوژاڵکی هەیە. ١/ ل١٢٨)

شوکری دەیەویست شکۆمەندی بۆ ئەو شارە مێژوویی و سیاسی و ستراتیجییە بگێڕێتەوە. دوا نەسکی ڕۆمانەکەش شیعرێکە بۆ شارەکە. هێندە وابەستە و ئاوێتەی ئەو شارە بوو، بەجۆرێ هەر کاتێ بەکار و سەفەر لێی دوور دەکەوێتەوە، ئۆقرە ناگرێ هەر زوو بۆی دەگەڕێتەوە، تا ئەوەی شوکری و تەنجە وەک دووانەیەک لەئەدەبیات دەناسرێت.

حەز و ئارەزوو بۆ کولتووری ئیسپانی لەژیانی محەمەد شوکری ڕەنگ دەداتەوە و ئاماژەیان بۆ دەکات، لەوانەش موزیک و زۆرانبازیی گا و جۆرێک شەراب کە خەڵکی باشووری ئیسپانیا حەز بەخواردنەوەی دەکەن. شوکری هەر بەمنداڵی فێری ئیسپانی دەبێت، تەنانەت بەر لەوەی فێری جڵفەی مەغریبی ببێت، ئەمەش بەهۆی تێکەڵاویی لەگەڵ منداڵ و ماڵە دراوسێکان لەقەرەجە ئیسپانی و ئەندەلوسییەکان، هەروەها لەشەقام و مەیخانەکان، ئەو شەقامانەی کە ڕۆژانە جمەیان دەهات لەهەڵاتووە ئیسپانییەکان. سەردەمانێک دواتریش بەو زمانە دەخوێنێتەوە و هەندێ بەرهەم تەرجەمەی زمانی عەرەبییش دەکات.

مۆرکی ڕۆشنبیریی ئیسپانی لەشێوەی ڕواڵەتی زۆرێک لەناوی چێشتخانە و باڕ و قاوەخانە و ئوتێل، گۆڕەپان و دراو، لەگەڵ ناوی چەندان شاعیر و نووسەرانی ئەدەبیات و هەندێک ناوی کارەکتەر بەرچاو دەکەوێ، دیارە هۆکاری ئەمەش بۆ سەردەمی داگیرکاریی ئیستعماری ئیسپانی بۆ وڵاتەکە دەگەڕێتەوە، ئەمە جگە لەبوونی کۆمەڵێک خەڵکانی ئاوارە و هەڵاتووانی ئیسپانی کە پەنایان بۆ وڵاتەکە بردبوو لەدەست تۆڵەی لەشکری فرانکۆ لەشەڕی ناوخۆ. ئەو شەڕەی سەروەختێک باوکی شوکرییش وەک سەرباز لەخزمەتی هێزەکانی ژەنەڕاڵ فرانکۆی دیکتاتۆردا بوو لەدژی سەنگەری سوپای کۆماریخوازان کە نمایندەی حکومەتێکی بەرەی میللی هەڵبژێردراو بوون.

جۆرێک لەگرێی باوک لەلای نووسەر بەزەقی لەڕۆمانەکەدا دیارە ئەمەش لەئاکامی ڕەفتاری توندوتیژ و نابەجێ و شەڕانگێزانەی باوکی بەناحەق دەرحەق بەشوکری و ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی تا کوشتنی برایەکی شوکری، برایەکی بچکۆڵەی نەخۆش بەدەستی باوکی لەساتی بەدمەستی و تووڕەیی کە خنخنۆکەی دەشکێنێ و دەیکوژێ! ئیتر ڕق هەڵڕشتنی نووسەر لەهەمبەر باوکی وەک چەشنێک لەکاردانەوە و تۆڵە لەگەڵی شوێن دووپات دەبێتەوە، جار جاریش لەبری باوک بەجێناوی (ئەو) ناوی دەبات.

لێرەوە وێنەیەک لەپێوەندی و گرێدانێک لەنێوان سەرکردە و باوک بەجۆر و لایەنە بەدەکەی دێتە بەرچاو: وەک ئەوەی زوڵم و زۆرداریی دیکتاتۆر بەرامبەر بەگەلی ژێردەستەی لەلایەک، ستەم و چەوساندنەوەی باوک بەرامبەر خانەوادە بێدەسەڵاتەکەی لەلایەکی تر چەشنێک چێژبەخش و ڕەوای حەق بێت لەلایان! هاوکات هەستی شوکری بۆ خۆشەویستیی دایکی بەپێچەوانەی باوکی** وەک شنەبایەکی نەرم و بەسۆز دەشنێتەوە.

شیاوی باسە (سەردەمی هەڵەکان) بەشی دووەمە لەسێینەی بایۆگرافیای محەمەد شوکری، (نانی ڕووت) بەشی یەکەم بوو، کە لەلایەن توێژەر و وەرگێڕ نەجاتی عەبدوڵڵا وەرگێڕدرا و لە ٢٠٠٧ چاپ کرا. ئەم ڕۆمانەش هەر هەمان وەرگێڕ بەزمانێکی ڕێک و ڕەوان لەفەڕەنسییەوە کردوویەتی بەکوردی، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان لەبەرگێکی قەشەنگ و شایان لە ٢٠٢٠ چاپ و پەخشی کردووە.

ڕووبەرگی پێشەوەی کتێبەکە تەواو گوزارشت لەکارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە دەکات، وێنەی محەمەد شوکری بەشێوەیەکی هونەری لەسەرە، کەبە ڕووخسارێکی ڕەنگ شین، کە لە هونەری سایکۆلۆژیای ڕەنگدا، گوزارشتێکە لە گرێ و ئاڵۆزیی بارە دەروونییەکان. لە وێنەکەدا شوکری سەیری لایەک دەکات، لەوێش مۆتیڤی کەسێک دیارە لەحاڵەتی ڕۆیشتنێکی هێمن دایە بەمێشکێکی جەنجاڵ و پڕ لەکێشمەکێش و پەرتوبڵاو، تێک ترنجاو بەبیر و ڕا و خەیاڵی ئاڵۆزکاو، سەرەڕای سەختی و ئازارەکان هەر لەسەر پێی خۆی وەستاوە و بەردەوامە لەڕێکردنی ژیان، کە ئەوەش خودی خۆیەتی



محەمەد شوکری

لەسەردەمی ڕابردوودا (سەردەمی هەڵەکان).

**پەراوێز:**

*ڕیف: ناوچەیەکی جوگرافی و کولتوورییە لەباکووری وڵاتی مەغریب. زۆرینەی دانیشتوانەکەی پێکهاتوون لەئەمازیغ – بەربەری Berbers – (بەربەر: دانیشتوانی ڕەسەنی باکووری ئەفریقیا.) (٧/ الريف (المغرب). الريفيون. امازيغ)

لەم ناوچەیەدا کۆماری ڕیف (١٩٢١ – ١٩٢٦) بەسەرکردایەتیی محەمەد عەبدولکەریم خەتابی دامەزرا، دوای ئەوەی لەنێو هۆزەکانی ئەمازیغ

**شوکری دەیەویست شکۆمەندی بۆ ئەو شارە مێژوویی و سیاسی و ستراتیجییە بگێڕێتەوە. دوا نەسکی ڕۆمانەکەش شیعرێکە بۆ شارەکە**




سەرکردایەتیی جووڵانەوەی بەربەرەکانێی چەکداری گرتە دەست و سەرکەوت بەسەر هێزەکانی لەشکری ئیسپانی.(٨/ ل٢٦٠)،(٧/ جمهورية الريف)

محەمەد شوکری وێنەی ئەو سەرکردە و پێشەوا ڕیفییەی لەژوورەکەی خۆی هەڵواسیبوو، ئەمەش ڕۆژنامەنووسێکی ئیسپانی لەدیدارەکەیدا لەگەڵ ناوبراو ئاماژەی بۆ کردبوو.(٦/ ل ل ١٤٤، ١٥٠)

** لەمبارەیەوە ساڵێک پێش مەرگی محەمەد شوکری لەدیدارێکیدا بیانووی بۆ ڕەوشتی توندی باوکی دەهێنایەوە بەوەی کە لەئەنجامی باری خراپی داسەپاوی وڵاتەکەی لەلایەن داگیرکەرانەوە، ڕەوش و ڕۆژگارێکی سەخت و ناهەموار هاتۆتە ئاراوە، کۆمەڵگاکەی بەرەو ئەو ئاستە بردووە کە باوکی بەناچاری خەسڵەتی ئەو ڕۆژانەی وەرگرتووە و لاسایی کردۆتەوە و ڕەنگدانەوەی هەبووە لەڕەفتاری ڕەق و توندی بەرامبەر خێزانەکەی. بڕوانە: (٦/ ل١٤٥) هەروەها لەدیدارێکی دیکەیدا دەڵێت: (ئێستا دەتوانم بڵێم: من لێی خۆشبووم و گەردنم ئازاد کرد، چونکە تێگەیشتم ئەویش پەروەردەی ژینگەیەکی دڵڕەق و کۆمەڵگەیەکی سەقەت بوو.) بڕوانە: (٤/ ل ل ١٠٣ – ١٠٤)

**وەک چۆن ژیابوو بێ لانە و نەوا، ئاواش دەینووسی بێ پەردە و پەروا، بێباک لەداب و دەستووری کۆمەڵگە.**

## سەرچاوەکان:

١- محەمەد شوکری، سەردەمی هەڵەکان، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵڵا، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٠

٢- محەمەد شوکری، جان جینێ لەتەنجەدا، تێنسی ولیامز لەتەنجەدا، وەرگێڕانی: بورهان ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەرێمی کوردستانی عێراق، هەولێر، ٢٠١٢

٣- محەمەد شوکری، بازاڕیی ناوخۆیی، وەرگێڕانی: بورهان ئەحمەد، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد – لقی کەرکووک، چاپخانەی کارۆ، کەرکوک، ٢٠١١

٤- محەمەد شوکری، نەفرەتی نانی ڕووت، وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد، چاپی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٢٠

٥- محەمەد شوکری، ژیانم یەکبینە دڵشکان بوو، وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٢٠

٦- شێرزاد هەینی (ئامادەکردن و وەرگێڕانی)، کەسایەتییە مەزنەکانی جیهان، بابەتی: (نووسەری نانی ڕووت... شەراب بە بەرمیل دەخواتەوە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، کوردستان، هەولێر، ٢٠١٢

٧- ویکیبیدیا، الريف (المغرب). الريفيون. امازيغ. جمهورية الريف

٨- نازەنین محەمەد وهبی – عطا عەبدوڵڵا معروف – دارا محەمەد عەبدوڵڵا، مێژووی نوێ و هاوچەرخ قۆناغی ئامادەیی – پۆلی دوازدەهەمی وێژەیی، چاپی شازدەهەم، Dara printing Company، ٢٠٢١



# دیوێکی تری جەواهیری

محەممەد کەلالەیی*

ڕۆژی ٢٣ی ئایاری ٢٠٢٢ لە یەکەمین پێشانگای زانکۆی سۆران دا، لە بەشی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم کە ناوەندەکەی لە شاری سلێمانییە، کتێبی (دیوێکی تری جەواهیری) کە لە نووسینی: ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجییە و لە ساڵی ٢٠٢١ چاپ و بڵاوکراوەتەوە کڕیم، کتێبەکە لە دووتوێی (٨٦) لاپەڕەی قەبارەی بچوک دایە، لە پێشەکییەک و شەش کورتە باس و دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەیەک و لیستی سەرچاوەکانی پێکدێت.

ئەم کتێبە بە زمانێکی سادە و جوان نووسراوە، هەرچەندە بەدیدێکی ڕەخنەگرانە دەربارەی جەواهیری نووسیویەتی، بەڵام بە زمانێکی زانستی، پاڵپشت بە سەرچاوەی باوەڕپێکراو، بەڵگەی ئەدەبی و زانستی لەسەر ژیانی ئەو کەڵە شاعێرەی عەرەب دواوە، ئەو دیوە شاراوانەی جەواهیری هەیبوە کە نازناوی شاعێری گەورەی عەرەبی (شاعر العرب الأكبر)ی لەسەردەمی هاوچەرخدا وەرگرتووە، بەهاوشانی شاعێرانی سەردەمانی کۆنی عەرەبی وەک: موتەنەبی و ئەبو عەلائی موعەڕڕی دانراوە، بەڵام نووسەری ئەم کتێبە پێش ئەوەی دیوە شاراوەکانی ژیانی جەواهیری باس بکات، بەویژدانەوە باس لە گەورەیی شاعێرێکی وەکو جەواهیری دەکات و لەگەڵ موتەنەبی و موعەڕڕی بەراوردی دەکات، لە پایەی شاعیری و شیعرەکانی جەواهیری کەمنەکردۆتەوە، بەڵکو ئاماژە بەوە دەکات کە هەمو کەسێک ویست و ئارەزووی شەخسی هەیە (ئەم ویستە بۆ ڕێژەیەکی زۆری مرۆڤەکان ڕاستە، جا ویست و ئارەزوویان چاکە، یان خراپە بێت).

بەکورتی هەندێک لە دیوە شاراوەکانی ئەم کەڵە شاعێری عەرەب دەخەینەڕوو، کە بۆ من زۆر نوێ بوون، گرنگە نەوەی ئەم سەردەمەش بەهەموو دیوەکانی ژیانی شاعێران، هونەرمەندان، نووسەران و زانایان ئاشنا بن، چونکە ئەمانە موڵکی گشتی خەڵکن و هەر یەکێکیان قوتابخانە و ڕێبازێکن بۆ ئەوانەی لەدوایيان هاتوون، یان دێن، ئاشنا بوون بەم کەڵە مێرانەی ناو دونیای نووسین بۆ شکاندن نەبێت، بەڵکو بۆ پەند وەرگرتن و سوودبینین بۆ داهاتوویەکی چاکتر بێت، چونکە ئەم کتێبە و ئەو نووسینانەی دیش کە لەم چوارچێوەیەدا بۆ ژیان و کارەکانی جەواهیری نووسراون، زیاتر لە پاشخانی دەق و دیوە شاراوەکانی دەقەکانی ئەو کەڵە شاعێر دەگەیێت.

نووسەر لە ناوەڕۆکی کتێبەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو شیعرەی جەواهیری بۆ کوردستانی نوسیوە، لە دیوانەکانی سڕیوینەتەوە، وەکو مەحمود دەروێشی شاعیری فەڵەستینی کە شیعرێکی بۆ کوردستان هەبوو، ئەویش بەهەمانشێوە شیعرەکەی لە دیوانەکانیدا نەماوە. هەرچەندە کڵاوەکەی سەری جەواهیری کە لەلایەن خاتوونێکی گوندی دەرگەڵەی سەر بەناحیەی وەرتێ لە قەزای ڕواندزدا وشەی (کوردستان)ی لەسەر چنراوە لەسەر داوای سەرۆک کۆماری کۆچکردووی عێراق (مام جەلال تاڵەبانی) بووە، کە دۆستایەتیەکی لەمێژینەی لەگەڵ جەواهیری هەبووە و ئەویش بە بەردەوامی کڵاوەکەی پۆشیوە، کە ئەم دوو پێواندنانە لەلای جەواهیری چۆن جێگەی کراوتەوە، تا ئێستا وەڵامێک دەستی نووسەری کتێبەکە نەکەوتووە، نووسەری ئەم کتێبە باسی ئەم کڵاوە ناکات کە جەواهیری پۆشیویەتی کە وشەی کوردستانی لەسەر چنراوە، ئەمە بێجگە لەوەی لە هەولێر و سلێمانی دوو پەیکەری شایستە بە جەواهیری لە شوێنە گرنگەکانی ئەم دوو شارە دانراون.

جەواهیری لەسەرەتای تەمەنیدا بە کەشوهەوا،

> نووسەر زۆر بە وردی و بەشێوەیەکی زانستی لە بارەی ژیان و بەرهەم و هەڵوێستەکانی جەواهیری نووسیوە

"زەوییەک لە قەزای عەلی غەربی لە پارێزگای عەممارە کە نزیکەی (٣٠٠٠) هەزار دۆنم بووە وەرگرتووە، ئەمەش بۆ چاو بەرەژێرکردنی جەواهیری و دوورخستنەوەی لە شاری بەغداد بووە بەهۆی ئەوەی شیعرەکانی ببوونە دروشمەکانی جوولانەوەکانی جەماوەری لە ساڵانی ١٩٤٨ و ١٩٥٢ دا"

شارستانیەت و مێژووی ئێران کاریگەر بووە، کاتێک شیعرێک دژ بە عێراق و لەمەدحی ئێراندا دەنووسێت، بەڵام (ساطع الحصری) نەتەوەپەرستی عەرەب کە ئەوکاتی بەڕێوەبەری پەروەردەی عێراق بووە، لە کاری مامۆستایەتی دەری دەکات، تا ساڵانی شەستەکانیش هەر مەیل و خۆشەویستی بۆ ئێران هەبووە!

جەواهیری شاعیر لە پێداهەڵگوتندا دڵی کەسی نەشکاندوە بە شعیر بە مەلیک فەیسەڵی یەکەم بۆ عەبدولئیلای وەصی مەلەکی کە خاڵی مەلیک فەیسەڵی دووەم، مەلیک فەیسەڵی دووەم و نووری سەعید هەتا بەو کچ و ژنانە دەگات کە دڵخوازی خۆی بوونە پێیداهەڵگوتوونە، هەروەها یەکێ لە دیوانەکانی بە دەستوخەتی خۆی پێشکەشی نووری سەعیدی کردووە، کە لە کودەتاکەی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨دا.

ئەم دیوانە دەکەوێتە دەست کەسێکی نزیک عەبدولکەریم قاسم و ئەویش دەڵێت: با لەلای من بێت ئەوا بۆ ڕۆژانێک لە دژی جەواهیری بەکاری دەهێنم! کاتێک جەواهیری وتار لە دژی عەبدولکەریم قاسم دەنووسێت، ڕۆژنامە (الثورة)ی سەر بە عەبدولکەریم قاسم هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی بەڵگە لەسەر جەواهیری دەکەن، بەڵام بەهەر حاڵ بەڵگەکان لە دژی ناوبراو بڵاو ناکەنەوە و دواتر دیوانەکەی کە بەدەستی خۆی داویەتە نوری سەعید دەکەوێتەوە دەستی جەرجیس فەتحوڵڵا و دیوانەکە دەگەیەنێتەوە دەستی جەواهیری!

جەواهیری لەسەرەتای نووسینی شیعردا، هەڵپەی وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی لە دەوڵەتی عێراقی دەکات کە مەلەکی بووە و دەکەوێتە دەروون و مێشکیەوە، زۆر حەزی بە کاری نائیبی (پەرلەمانتاری) ئەوسای سەردەمی مەلەکی کردووە، یەک دوو جار بەختی خۆی تاقی دەکاتەوە لە ساڵانی سییەکان و چلەکانی سەدەی بیستەمدا تا جارێکیان دەبێتە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەردەمی مەلەکی لە ساڵی ١٩٤٧دا.

زۆر حەزی کردووە ببێتە وەزیر هەتا لەسەردەمی حزبی بەعسیشدا لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، نامەیەکی بۆ سیاسییەکی دژبەری حکومەتی بەعس نووسیوە، کە ئەو هەروەکو شاعیرێک ماوە و هەتا کەسێک کاری بۆ گۆرانییەک نەبێت، یان بۆ شیعر خوێندنەوە نەبێت کەس بەلایدا ناچێت و لای لێناکەنەوە، دەڵێت ئەمە سوودی چییە؟ ئەگەر نەبیت بە وەزیر! هەر لە چاوەڕوانی ئەوە دابووە کە لە کێکە گەورەکەدا بەشێکی بەربکەوێت، بەڵام وەکو نووسەر دەنووسێت: سەدامی دیکتاتۆر لای لێنەکردۆتەوە!

جەواهیری لەکاتی ئاهەنگی هێنانە سەرتەختی مەلیک فەیسەڵی دووەم لە ساڵی ١٩٥٣دا، لە پاداشتی شیعرەکانیدا کە بەباڵای مەلیک فەیسەڵی دووەم و عەبدولئیلاهی وەصی دا هەڵگوتووە، زەوییەک لە قەزای عەلی غەربی لە پارێزگای عەممارە کە نزیکەی (٣٠٠٠) هەزار دۆنم بووە وەرگرتووە، ئەمەش بۆ چاو بەرەژێرکردنی جەواهیری و دوورخستنەوەی لە شاری بەغداد بووە بەهۆی ئەوەی شیعرەکانی ببوونە دروشمەکانی جوولانەوەکانی جەماوەری لە ساڵانی ١٩٤٨ و ١٩٥٢ دا، هەر لە ڕێگەی جەواهیریش دەروون و پایەی خەڵکی پاک و دڵسۆزی دژ بە سیستەمی مەلەکی بشکێنن!

جەواهیری لەسەردەمی مەلەکی لە مەلیک فەیسەڵی یەکەم بۆ مەلیک فەیسەڵی دووەم لە عەبدولکەریم قاسم بۆ سەددام حوسێن، بەبەردەوامی پەیوەندییەکی گەرموگوڕی لەگەڵ هەبوونە، لە ساڵی ١٩٦٨ لەسەر لێبوردنی بەعسییەکان لە وڵاتی چیکوسلۆڤاکیای ئەوکات دەگەڕێتەوە و تا ساڵانی سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم لە شاری بەغداد دەمێنێتەوە، لە چاوەڕوانی ئەوە دابووە کە بیکەنە وەزیر، نووسەر دەنووسێت: ئەگەر ڕژێمی بەعس بیکردایە بە وەزیر لەوانەیە بێدەنگی هەڵبژاردبووایە! بەڵام کە ناکرێت بە وەزیر و بێ ئومێد دەبێت جارێکی دی سەری خۆی بۆ پایتەختەکانی دونیا هەڵدەگرێ و هەر لەدووری زێدی لە دایکبوونی خۆی لە شام کۆچی دوایی دەکات.

لە ساڵی ١٩٤٧ کە ڕەوتی شیعری نوێخواز و ئازاد لە عێراق سەرهەڵدەدا، لەگەڵ زۆرێک لەو شاعیرانە پەیوەندییەکی تا سەر ناتەندروست و کراوەی نابێت، بەڵکو لەدوای ساڵی ١٩٥٨ کە دەبێتە سەرۆکی یەکێتیی ئەدیبان و نووسەرانی عێراق، دژایەتییەکی زۆری ئەو ڕەوتە دەکات، کە هەر ڕێگر دەبێت لەسەرکەوتنی کەسێکی وەکو: حوسێن مەردان بۆ دەستەی بەڕێوەبردنی یەکێتییەکە، بەڵام دواتر بە پاڵپشتی ئەندامانی کۆنگرە حوسێن مەردان بۆ دەستەی بەڕێوەبردن هەڵدەبژێردرێت، ڕێبەرانی ئەو ڕەوتە نوێخوازە

شیعرییە لە بەغداد ئەو قسانەی لێدەگێڕنەوە کە هەتا لە کۆڕەکانی یەکێتیی ئەدیبان و نووسەراندا جەواهیری فەرامۆشی دەکردن!

نووسەر لەو کتێبەدا، بەشێک، یان ئەو شیعرانەی جەواهیری کە بەباڵای سەرکردە و پادشاکانی عەرەبیدا هەڵگوتوونە بە ڕەوشتی دەستپانکردنەوەی شاعێر لەڕێگەی شیعرەکانیەوە ناوزەد دەکات، وەکو ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٤ شیعرێکی بە باڵای مەلیکی ئوردن دا هەڵدەدا و پارچەیەک ئاڵتونی گرانبەهای پێبەخشرا، لەکاتێکدا خەڵکی عێراق لە سەرانسەری وڵاتەکە و بە باشووری کوردستانیشەوە لە برسییەتێکی گەورەدا ئەیانناڵاند، بەڵام ئەم هۆگربوونەی جەواهیری بۆ دەسەڵاتداران لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی کارکردنی وەکو یاریدەدەری تەشریفاتی مەلەکی لە عێراق لە کۆتایی ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەمدا، کە چێژێکی تایبەتی لە بەخشینەکانی دەسەڵات وەرگرتبێت.

جەواهیری بەهۆی ئەو بارودۆخە ناجێگرییەی لە دەروونیدا هەبووە، کە لەنێوان خەونی وەرگرتنی پۆستی وەزیری و پارلەمانتاری، بوون بە شاعێری گەورەی عەرەب و عێراق بەتەنیشت مەعروف ڕەسافی و زەهاوییەوە، لەهەمانکاتدا لە بەگژداچوونەوە و وەرگرتنی ئیمتیازات لە دەوڵەتی عێراق لەهەردوو سەردەمی مەلەکی و کۆماری دا، لە یاخیبوون و دژبەر بوون بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ دەسەڵات دا..هتد هەموو ئەمانە دەبنە گرێیەک لە دەروونی و ناجێگربوونی لە نێوان زێدی لە دایکبوونی و ئەو وڵاتانەی کە بە پەناهەندەیی لێیان ژیاوە.

وەکو نووسەر لەبارەی دیوە شاراوەکانی ژیانی جەواهیری نووسیوە، ماوەیەکی زۆر کەم لە پیشەی مامۆستایەتی دەمێنێتەوە، ئەمەش بەهۆی دوورخستنەوەی بۆ باشووری عێراق وەکو سزایەک لەسەر هەڵوێستەکانی، هەروەها ئەو ناجێگرییە دەروونییەی کە لە ژیانیدا هەیبووە، بۆیە کە یەکەمجار لە پیشەی مامۆستایەتی دامەزرا تا خانەنشینبوونی لەکاری پەروەردەیی بەردەوام نەبووە، وەکو ئەوەی لە خاڵەکانی دیکەدا ئاماژەمان پێدا کە هەڵپە و هەوڵێکی زۆری بۆ کاری پارلەمانتاری و وەزیری کردووە، بەڵام زۆربەی شاعیرە هاوسەردەمەکانی، یان دواتریش کارێکی سادەی فەرمانبەریان کردووە، یان لە بەرەی دژبەری حکومەتەکانی عێراق بوون لەناوخۆی وڵاتدا، کە لە بەندیخانەکاندا دەستبەسەر دەکران، یان بۆ دەرەوەی عێراق ڕایان دەکرد و دەبوون بە پەناهەندە لە دەوڵەتاندا، سەرەڕای ئەمەش جەواهیری کەسانی بەرپرس و دەستڕۆیشتووی زۆری لە دەوڵەتی عێراق ناسیون، لەکاتی کێشە و گرفتەکانیدا بەشێکیان لەسەردەمە جیاوازەکاندا بەکەڵکی هاتوون، لەسەردەمی مەلەکی یەکێ لەو شاعێرانە بووە کە لەسەر هەڵوێستەکانی لە ماڵەکەی خۆیدا دەستبەسەر دەکرا و لە بەندیخانەکاندا وەکو سیاسییەکان بەند نە دەکرا!




لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، چوار جار بە ڕەسمی هاوسەرگیری کردووە، دووجار لەگەڵ کچە مامەکانی کە هەموو کوڕ و کچەکانی لەبەرهەمی ئەم دوو هاوسەرگیریە دا بوونە، هەروەها لە ساڵی ١٩٤٥دا هاوسەری سێیەمی لە فەڵەستین هێناوە و لە شاری یافا مارەی دەکات، کاتێک لە

**"لە ساڵی ١٩٤٧ کە ڕەوتی شیعری نوێخواز و ئازاد لە عێراق سەرهەڵدەدا، لەگەڵ زۆرێک لەو شاعێرانە پەیوەندییەکی تا سەر ناتەندروست و کراوەی نابێت، بەڵکو لەدوای ساڵی ١٩٥٨ کە دەبێتە سەرۆکی یەکێتیی ئەدیبان و نووسەرانی عێراق، دژایەتییەکی زۆری ئەو ڕەوتە دەکات"**

"جەواهیری لە پێشەکی یەکێ لەدیوانەکانیدا کە پێشکەشی کوڕە گەورەکەی (فورات)ی کردووە، بۆی نووسیوە کە هەرگیز نەبێت بە شاعیر و ئەو ڕێچکەیە نەگرێت، چونکە ڕێگەیەکە ئێش و ئازار و تەنگ و چەڵەمەی زۆری تێیدایە"

ڕادیۆی (خۆرهەڵاتی نزیک-الشرق الأدنی) لەو شارەدا کاری کردووە، کە بەرەگەز سووری-لوبنانی بووە و بۆ ماوەی ساڵێک هاوسەری دەبێت و دواتر لێی جیا دەبێتەوە. شایانی باسە هاوسەری چوارەمی لە قەزای عەلی غەربی لەپارێزگای عەممارە بووە، کە ئەوکات تەمەنی جەواهیری ٥٨ ساڵ بووە، کچەکە تەمەنی ١٨ ساڵان بووە، هەرچەندە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ئەوکات وەکو ئێستا نەبووە، ئاسایی بووە کە کارێکی وا ڕووبدات، بەڵام نووسەری ئەم کتێبە و کۆمەڵێک لە لێکۆڵەرانی دی ڕەخنە ئاراستەی جەواهیری دەکەن، کە چۆن کەسێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر ئەو کارە دەکات کە نزیکەی چل ساڵ لە خێزانەکەی گەورەتربێت و هاوسەری چوارەمی بێت، جەواهیری بەمەش ناوەستێ و دوای ساڵی ١٩٥٨ کە بە یەکجاری دەگەڕێتەوە شاری بەغداد دەست لەم ژنە بەر دەدات و بێ خاوەنی دەکات، چونکە کاتێک لە قەزای عەلی غەربی ئەم کچە مارە دەکات، خێزانی دووەمی کە کچە مامیشی بووە لەگەڵ خوشکەکەی بۆ عەلی غەربی دێن و زانیویانە کە کچێکی هەژدە ساڵانی مارە کردووە، بەڵام بەهاوکاری ئەو کەسانەی لەگەڵی بوونە قەناعەتیان پێ دەکەن کە ئەوەی بیستویانە ڕاست نییە!

جەواهیری کە لەماوەی ساڵانی ١٩٥٢-١٩٥٨دا لە قەزای عەلی غەربی دەبێت، بەتەواوی لە دونیای ڕۆشنبیریی و نووسینی شیعر دادەبڕێت و هیچ دیوانێکی نوێی بڵاونەکردۆتەوە، تەنیا قەسیدەیەکی ١٠٩ دێڕی بەناوی دایکی عوف (أم عوف) نەبێت، نووسەر ڕەخنە ئەوە ئاراستەی جەواهیری دەکات کە شاعیری دەربار و مەدحکاری دەسەڵاتداران و کاری جووتیاری چۆن بەیەکەوە هەڵ دەکەن، بۆیە لەناوەندی رووناکبیری بەغداد بە شاعیرێکی بێ هەڵوێست لە قەڵەمی دەدەن، بەڵام کە لە ساڵی ١٩٥٨ کودەتای تەمموز ڕوودەدات، جڵەوی مەیدانە ڕۆشنبیرییەکە دەگرێتەوە دەست و چەندین پلە و پایەی کاری ڕێکخراوەیی پێ دەبەخشن و دەبێتە کەسێکی نزیک لە حزبی شیوعی عێراقی!

جەواهیری لە پێشەکی یەکێ لەدیوانەکانیدا کە پێشکەشی کوڕە گەورەکەی (فورات)ی کردووە، بۆی نووسیوە کە هەرگیز نەبێت بە شاعیر و ئەو ڕێچکەیە نەگرێت، چونکە ڕێگەیەکە ئێش و ئازار و تەنگ و چەڵەمەی زۆری تێیدایە و هیوای بۆ دەخوازێ کە ڕێگەیەکی دی بگرێتە بەر!

لە کۆتاییدا هەروەکو نووسەری کتێبەکە دەنوسێت: کە ئەمانە دەڵێین، پێویستە بە ویژدانەوە لە شاعیر بڕوانین، دادپەروەرانە لێی وردبینەوە و خوێندنەوەیەکی هاوسەنگی بۆ بکەین، لە نێوان هەڵسوکەوت و خواستی شاعیریەتیدا، وەک لووتکەیەکی دیاری ناو شاعیرانی سەردەمی خۆی، لەنێوان هەڵخلیسکاندنیدا لەناو زۆنگاوی سیاسی عێراق و بگرە وڵاتانی عەرەبیدا لەلایەک و لەو بەردەوامییەی لە هۆنینەوە و داهێنانی بەرزیدا کە پڕ مانا و مەبەستن و بەو شێوازە دەگمەنە دەیخستنەڕوو. ئەمانە وادەکەن شیعر و شاعیرەکە بەدرەوشاوەیی بمێننەوە. بەمانایەکی دی شیعر و شاعیریەتەکەی شەفاعەتن بۆ هەڵوێستگۆڕین و خلیسکاندنەکانی. خۆ پشوو درێژییەکەشی لە مەزنیی ئاوات و خواستەکانییەوە سەری گرتبوو، بەلای جەواهیرییەوە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی ئاسایی بوون، دەبوو هاتبان و وەکو خۆی دەیوست تێیاندا بژیایە، بۆ ئەوە ژیا بۆ شیعر و جوانی و ژن و پیاهەڵدان و ڕەتکردنەوەی نالەباری، بانگەشە بۆ شتێک کە بەدادپەروەریی کۆمەڵایەتیی دەزانی. جا ئێمە هەتا لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی شیعرەکانی نەگەین، جەواهیری ناناسین و لێشی تێناگەین.

بۆیە نووسەری کتێبی (دیوێکی تری جەواهیری) زۆر بە وردی و بەشێوەیەکی زانستی لە بارەی ژیان و بەرهەم و هەڵوێستەکانی جەواهیری نووسیوە، هەر چەندە بە کورتی و پوختی نووسیویەتی، بەڵام پڕ مانا و سوودبەخشە بۆ خوێنەران و لێکۆڵەرانی کورد، کە لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا ڕەخنەی ئەدەبی زانستی و ورد زۆر لە کەمبوونەوە دابووە، ئەمە هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە و ئاشتکردنەوەی خوێندەواران و نووسەرانی ئەم قۆناغە کە بێدەنگیان لە ڕەخنەی ئەدەبی و زانستەکانی دی هەڵبژاردوە، بەڵام ئەگەر نووسەری ئەم کتێبە سەردانێکی ئەرشیفی عێراقی لە بەغداد کردبوایە بەتایبەتی خانەی کتێب و بەڵگەنامەکان لە بەغداد (دار الکتب والوثائق) کە ئەرشیفێکی ناوازەی لە هەردوو سەردەمی مەلەکی و کۆماری، تا ساڵانی حەفتاکان بۆ لێکۆڵەران بەردەستە، بێگومان زانیاری و بەڵگەی زیاتری بەردەست دەکەوت و باسەکەی کە نایاب و ناوازەیە، نایابتر و ناوازەتر دەبوو.

*** مامۆستا لە بەشی مێژووی فاکەڵتیی ئاداب لە زانکۆی سۆران.**



# ئەفسوونی نووسین...

## کتێبێک بۆ تێگەیشتن لە نووسین و وەڵامی پرسیارە سادەکان



مەسعودی مەلا هەمزە

نووسین پرۆسەیەکی داهێنەرانەیە و کەم کەس دەتوانێت لە هەقی بێت، لەوانەیە زۆرکەس بنووسێت، بەڵام مەرج نییە هەموو ئەوانەی دەنووسن نووسەر بن، ئەوە خوێنەری جدی و ڕەخنەگرانن دەتوانن بڕیار بدەن کە کێ نووسەرە و خاوەنی بەرهەمی داهێنەرانەیە و کێشە ئەو کەسەی تەنیا لاپەڕەکان پڕ دەکاتەوە و نووسینەکانی هیچ ئیزافەیەک ناخەنە سەر خەرمانی نووسین.

ئەگەر لە ڕابردوودا و لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی نووسین، نووسین پرۆسەیەک بووبێت تەنیا لەپێناو نووسیندا، ئەوا ئەمڕۆ نووسین بۆتە پرۆسەیەکی ئەکادیمی و داهێنەرانە و هەموو ژانرێکی نووسین بنەما و پرەنسیپی خۆی هەیە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕەخنەگران و ئەکادیمیستان بەدوای وەڵامی تازەدا دەگەڕێن و بەردەوامن لە توێژینەوە لەبارەی نووسین.

قسەکردن لەسەر بابەتگەلی جیاوازی پەیوەست بەنووسین و هونەر و ئەزموونی نووسین کارێک نییە هەموو کەس بتوانێت لە هەقی بێت و هەقی خۆی پێ بدات، ئەم جۆرە لە نووسینە ئەزموونێکی دوور و قووڵ و سەرچاوەی جیاوازی دەوێت، پێشمواننییە مەرج بێت ئەم جۆرە لە نووسین پێویستی بە کتێبی قەبە و گەورە هەبێت و ئەمە پێوەر بێت بۆ باشی کتێبەکە، زۆرجار وتارێکی پڕ لە سەرچاوە و زانیاری سوودبەخشترە لە کتێبێکی وشە ڕیزکراو.

ئەوەی لەم وتارەدا مەبەستمە قسەی لەبارەوە بکەم کتێبی «ئەفسوونی نووسین»ی پشکۆ نەجمەدینە، ئەم کتێبە لە دووتوێی «١٢٨» لاپەڕەدا لەلایەن ڕێکخراوی کوردستان بۆ دیالۆگ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ئەم کتێبە قسەکردنە لەبارەی ئەزموونی نووسینی چەند نووسەرێکی جیهانی و گێڕانەوەی بەشێک لە تەجروبەکانیان و وەڵامی چەندین پرسیاری جەوهەری تایبەت بە هونەری نووسین.

وەکو لە پێشەکی کتێبەکەشدا، پشکۆ نەجمەدین ئاماژەی پێکردووە و نووسیویەتی»من هەوڵم داوە، لەم کتێبەی ناوی (سیحری نووسین)م لێ ناوە، خوێندنەوەیەک بۆ پەیڤین و گێڕانەوەی هەندەک نووسەری جیهانی بکەم، کە لەمەڕ ئەزموونی نووسینی خۆیان بەتایبەت و مانا و ڕەهەندەکانی ئەزموونی نووسین، قسە و باسێکیان کردووە.

ڕێک ئەوەی لەم بەشەی پێشەکیەکەیدا هاتووە، پشکۆ نەجمەدین هەوڵی داوە ئەزموونی کۆمەڵێک نووسەر و شاعیر و ڕۆماننووسی عەرەبی و جیهانیمان بۆ بگوازێتەوە و خوێنەر لەچوارچێوەی خوێندنەوەی ئەزموونەکانی ئەوان تێبگات، کە نووسین چییە و دەبێ

نووسەر چۆن بنووسێت!؟

کتێبی ئەفسوونی نووسین ئەم بابەتانەی لەخۆگرتووە «ئەزموونەکانی ڕۆماننووسین، گابریێل گارسیا مارکیز، نووسەرانی سالانی هەشتاکانی سوید، زەمەنی شیعر نووسین، نوێخوازی، نوێخوازی لە شیعری عەرەبیدا، نەزار قەبانی و ئەزموونەکانی لەزاری خۆیەوە، ئەزموونی زمان، زەمەنی نووسینەوەی شیعر، مەحمود دەرویش و دونیای نوێخوازیی ئەدەب، دەرویش لە ئەزموونەکانی خۆی دەدوێت، شیعر و سیاسەت، ئەدۆنیس نوێکردنەوەی ئەدەب و قوولکردنەوەی مەعریفە، پێکی خورافات، نوێکردنەوە و نوێخوازی لە شیعری کوردیدا) لە هەریەک لەم بابەتانەدا نووسەر وەڵامی پرسیاری گرنگ و جەوهەری دەداتەوە.

که ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە تێدەگەی پشکۆ نەجمەدین هەوڵیداوە لە ئەزموونی نووسینی




هەریەک لەم نووسەرانە پوختەیەک وەربگرێت و بۆ خوێنەری کوردی بخاتەسەر کاغەز و وەڵامی پرسیارە جەوهەرییەکانی بۆ دەربخات، بە جۆرێک کە خوێنەر ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە پڕ دەبێت لە زانیاری و وەڵامی بەشێکی زۆر لەو پرسیارانەی دەست دەکەوێ کە بەدوایدا وێڵە.

هاوکات بۆ نووسەران و ئەوانەی سەرو سەودایان لەگەڵ نووسین هەیە زۆر گرنگە ئەم کتێبە بخوێننەوە، نووسەری «ئەفسوونی نووسین» هەوڵیداوە وەڵامی ئەو پرسیارە سادەو قووڵانە بداتەوە کە پێویستە هەموو نووسەرێک لە بەرهەمەکانیدا وەڵامیان بداتەوە.

ئەوەی گرنگە پشکۆ نەجمەدین وەڵامی ئەم پرسیارانەی لە گیرفانی خۆی دەرنەهێناوە، یان لە ئەزموونی خۆیەوە نەینووسیوە، بگرە ئەزموونی گەورە نووسەرانی جیهان و وەڵامی ئەوانی بەکارهێناوە بۆ پرسیارە گرنگەکانی.

لەوانەیە هەریەک لەو ناوونیشانانەی لەو کتێبەدا هاتوون شایانی ئەوەبن توێژینەوە، یان کتێبیان لەبارەوە بنووسرێت، بەڵام ئافەرین بۆ نووسەری ئەم کتێبە کە توانیویەتی بە کورتی و پوختی دەرەقەتی بابەتەکان بێت و خوێنەر پڕ بکات لە زانیاری بەسوود.

ئەم کتێبەش وەکو سەرجەم بەرهەمەکانی دیکەی نووسەر بەزمانێکی یەکجار جوان و پاراوی ئەدەبی نووسراوە، کە خوێنەر حەزدەکات دەست لە خوێندنەوەی هەڵنەگرێت و لەنێو دێری وشەکانیدا دەیان وشەی تازەی کوردی و پاراو دەدۆزیتەوە، کە نووسەر بە بەردەوامی بەکاریان دەهێنێت.

بەکورتی و بە پوختی لەرێگەی ئەم گوتارەوە هەموو خوێنەرێک، ئەوانەی حەز بەنووسین دەکەن و دەنووسن هاندەدەم ئەم کتێبە بخوێننەوە و لێی ورد ببنەوە، بە دڵنیاییەوە لەم کتێبەوە وەڵامی دەیان پرسیاری گرنگ و جەوهەرییان دەست دەکەوێت و ئاشنا دەبن بە ئەزموونی نووسینی ژمارەیەک لە نووسەرانی گەورەی جیهانی خاوەن ئەزموون، کە ئەزموونی هەریەک لەمانە مایەی تێڕامان و سوود لێوەرگرتنە.

# خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی پیرەمێرد و دەریا






هێمن مولود

(هیمینگوای) نووسەر ساڵی ١٨٩٩ لە ئەلینۆ-شیکاگۆ لەدایکبووە، ساڵی ١٩٥٤ خەڵاتی نۆبڵی بەم ڕۆمانە وەرگرتووە، جگە لەم ڕۆمانە نووسەر چیرۆکێکی هەیە بە ناوی (پیرەمێردی سەر پردەکە) ئەم کورتە چیرۆکە باس لە پیرەمێردێکی لێقەوماوی کاتی شەڕ دەکا، کە (١٢)کم بەپێ ڕۆیشتوە و گەیشتۆتە سەر پردێک و لەوێ خەمی خۆی بۆ پۆلیسێک بەیاندەکات، کە کۆتر و پشیلە و مریشکەکانی جێهێشتووە، هەر ئەم کەللە




سەرەی، کە خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت، گوللەیەکی لەم کەللە سەرە دا، بەو تابڕەی، کە باوکی بۆ ڕاو بۆی کڕی بوو، ساڵی (١٩٦١) خۆی کوشت، یەکێک لە هۆکارەکانی خۆکوشتنی، ڕێژەی ئاسن لە جەستەیان زۆرە، کە باوکی خۆی کوشتووە و خوشکی خۆی کووشتوە و چەند کەسێکیش لە بنەماڵەکەیان خۆیان کوشتووە.

جۆرەکانی ململانێ لەم ڕۆمانەدا:

ململانێی خودی: کەسێک بووە لەگەڵ دەروونی خۆیدا لە ململانێدا بووە (کاتێک، کە دەستێکی لەکارکەوت لە ڕاکێشانی ئەوپەت و لێدانی ماسی و قرشەکان قسەی لەگەڵ دەستی خۆی دەکرد، لەگەڵ بێتوانایی، قەت ئەو ماسیەی بەرنەدا.

ململانێ لەگەڵ سروشت: کە ڕووبەڕووی شەپۆل و قرش و ماسی و تاریکی و لەناو قووڵایی بەحر دەبۆووە.

ململانێ لەگەڵ مرۆڤەکان: ململانێی لەگەڵ مرۆڤەکانی دەوروبەری نەبووە، بەو مانایەی کە گاڵتەیان پێدەکرد، ئەو جوابی نەدەدانەوە.

ئەو ڕۆمانە زیاتر مەنەلۆگە: قسەکردن لەگەڵ خودی خۆی

جۆرەکانی مەنەلۆگ: مەنەلۆگی ناوە و مەنەلۆگی دەرەوە

مەنەلۆگی ناوەوە: لە دەروونی خۆی قسەی دەکرد، لێکدانەوەی بۆ شتەکان دەکرد.

مەنەلۆگی دەرەوە: ئەوەبوو، کە لەگەڵ ماسی و شەپۆلەکان و دەستە لەکارکەوتووەکەی قسەی




دەکرد و لەبری ئەوان جوابی دەدایەوە و دەنگی هەڵدەبری.

لەرووی دایەلۆکەوە: دایەلۆکی زۆر کەمە تەنیا لەگەڵ ئەم کورە مێردمنداڵە قسەی دەکرد، زۆر بە کەمی لەگەڵ خەڵکی تر، بۆیە زیاتر ڕۆمانێکی خودییە.

دیاریدەی سروشتی بەحر کاریگەری لەسەر نووسەر: زۆر بەجوانی لای (هیمینگوای) ڕەنگی داوەتەوە، دیمەنەکانی دەریا بە جۆرەها ماسی و باڵندە و دەنگی شەپۆل و بۆنی بەحر و جۆرەها گژوگیای ڕەنگاوڕەنگ و مەگەر هەر گۆرانی شاعیر بەم شێوەیە وەسفی هەورامانی کردبێت. هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەو شارەی ئەو (ئەلینۆ) گەورەترین دەریای لێیە و ڕووبارە ئاوێکیش بەناو ئەلینۆدا دەڕوات، ئەمەش سەرنجی ڕۆماننووسە لە دەریادا.

لە کوردستان دەریا نییە، بۆیە ئەو وەسفانەی بۆ ئاو کراوە لە تەنکە ئاو و شەپۆل و باڵندە تێپەڕ ناکات، زۆر لە شاعیرەکانمان باسی شەپۆلە ئاو دەکەن، بەڵام وردەکاریمان نییە لە وەسفدا، بۆ نموونە گۆرانی شاعیر دەڵێ:

کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگە شەو
لە بنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو
جوانترە لە لای من لە دەریای بێسنوور
شەپۆلی باتە بەر تیشکی ڕۆژ شلپ و هوڕ

گۆرانی شاعیر گەشتی کردووە و دەریاشی بینیوە، بەڵام لە نزیک دەریا نەژیاوە، بۆیە لە سروشتەکانی دەریا ورد نەبۆتەوە، هەر هاتۆتەوە ناو سروشتەکەی کوردستان، بۆیە سروشت کاریگەری زۆری بەسەر مرۆڤەکانەوە هەیە، عەرەبێک لە بیابان ژیابێت ئەگەر باسی چیاش بکات، ڕەنگە لە تەلەفزیۆن، یان گەشتێک بینیبێتی، زۆر سەرپێی باسیدەکات، عەرەبێک ئەگەر باسی ڕەنگی سپی بکات، دەڵێ: سپی وەک شیر، ماست، بەڵام شاعیری کورد دەڵێ: سپی وەک بەفر، چونکە لای خۆمان بەفر دەبارێت.

لەم ڕۆمانەدا بەدەردەکەوێت، ئەو لە منداڵییەوە لە باوکییەوە فێری هونەری ڕاوکردن بووە. نووسەر باسی تەندروستی کردووە، کە ڕۆنی جگەری قرشی خواردووە، ئەگەر ڕاوچییەکی بەحر بیخوێنێتەوە، سوودێکی زۆر لە هونەری ڕاو دەبینێت، چونکە باسی هەموو شێوە ڕاوکردنەکانی کردووە.

کاریگەری ڕۆمانەکە بەسەر خوێنەر: ئەو ڕۆمانە شایەنی ئەوەیە، کە بە تایبەت لای گەنجەکانمان بخوێندرێتەوە، ڕۆمانێکی (٧٠٠، ٨٠٠) لاپەڕەیی نییە، کاتێکی زۆری بوێ، هەروەها گەنجان بتوانن ڕۆحی بەرەنگاربوونەوەیان هەبێت و کۆڵنەدەن بەرامبەر بە ژیان، ئەو گەنجانە سوود لەو پیرەمێردە وەرگرن، کە بەو پیرییە ڕووبەڕووی ناخۆشییەکانی ژیان دەبۆوە بۆ ئەوەی بژیێت و شتێکی دەستبکەوێت، بەڵام گەنجێک بەو هەموو ماسولکەوە هەوڵنادات و تێناکۆشێت، دوو جار سێ جار لە کارێک شکستبهێنێت، ئەوا دەستبەرداری ئەم ئیشە دەبێت، کەچی ئەو پیرەمێردە (٨٤) ڕۆژ لەناو ئەو دەریا بەرینە دەخولایەوە، هیچ ماسییەکی ڕاونەکرد، کەچی هەر کۆڵینەدا، بەڵام دواتر توانی ماسییەکی وا ڕاوبکات، کە پێشتر لەو شوێنە ڕاونەکراوە، بە شتێکی زۆر سادە و بە یەک دەستێش.

**سەرچاوە:**

کتێبی: (پیرەمێرد و دەریا) کە لە لایەن بەڕێز (م. ڕەمەزان حەمەدەمین) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، لە ساڵی (٢٠٢٠).

# لەبری بیرەوەری

• شەو لەکێوان ( بەشی ٨ )

د. ئەرسەلان بایز




(٨)



**د. ئەرسەلان بایز**

دوای حەوت ڕۆژ و حەوت شەو گەڕان و سووڕان بە گوندەکانی (وراتی کۆیە) دوای حەوت شەو و حەوت ڕۆژ لە کەش و هەوایەکی سەخت. گەرمای نیوەڕوانی وراتی کۆیە، وەکو هەر ناوچەیەکی دیکەی گەرمەسێر پڕوکێنەرە. جیا لە شارۆچکەی (تەق تەق) و (بەستی شەرغە) کە لەسەر ئاوی زێی بچووکن. پێکهاتەی ئەو ناوچەیە هەمووی کەندوتەلان و باسک و تەپۆڵکەیە. بەردەکانیشی زیاتر (تەمۆخ)ن جیا لە کشتوکاڵی گەنم و جۆ، بە دەگمەن سەوزایی دیکەت بەرچاو دەکەوت. دەگێڕنەوە لە سەردەمی پاشایەتی پشکنینی زۆر بۆ دۆزینەوەی نەوت لەو ناوچەیە کراوە. تەنانەت چەند بیرە نەوتێکیش لێدراوە، بەڵام کەس نازانێت بە چی بیانوێک دوای لێدانی بیرەکان سەریان داخراوە. لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا هەندێک لەو بیرە نەوتانە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە نەوتی لێ دەردەهێنرێت.

جێی وەبیرهێنانەوەیە زۆربەی زۆری پرۆژە ستراتیژییەکانی کوردستان- عێراق هەر لە بیرە نەوتەکان، بەنداوەکان، پرۆژەی کشتوکاڵ، زانکۆ، نەخۆشخانە، فڕۆکەخانەکان...هتد. بۆ سەردەمی پاشایەتی دەگەڕێنەوە. دەگێڕنەوە لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا ئەمیری کوێت بە نووسراوێکی فەرمی داوا لە (مەلیک فەیسەڵی) پاشای ئەوسای عێراق دەکات، ڕێگای پێ بدەن بۆ چارەسەری پزیشکی و چەند ڕۆژێک پشوودان سەردانی بەسرا بکات. (ئێستای پێشکەوتنی میرنشینەکانی کەنداو لە کوێ و دواکەوتنی عێراق لە کوێ، ژیان و خزمەتگوزاری و ئاسایشی ئێستای کەنداو لە کوێ و عێراق لە کوێ ... پێگەی نێونەتەوەیی کەنداو لە کوێ و عێراق لە کوێ!)

ئەوانیش نزیکەی سەد پێشمەرگە خۆیان لە ڕەوەز و کەندەڵانەکانی نێوان گوندی (نێرەگین) و (داربەسەر) و گوندەکانی دیکەی سەر بە ناحیەی تەق تەق حەشارداوە. ئاوێکی کەمێ شۆری گەرمی بیرێک، مێش و مێشوولەیەکی زۆر، تا ئەندازەیەک برسی، دم و چاو سووتاوی بەر قرچەی هەتاو، جارجارەش خورشی ئەسپێ و کێچ. هەر سەعاتە و حەرەسەکانی ئەمبەر و ئەوبەری بانەکانی ئەو سەریش بۆ دڵنایی ئەمینی بە دووربین سەیری هەر چوار دەوری خۆیان دەکەن، بەینە و بەینیش دەگۆڕدرێن.

ئای خوایە چ ژیانێکی سەختە. لەگەڵ هەموو ئەمانەش ئەگەر هێرشی دوژمن بکرێتە سەریان بێگومان شەڕێکی گەلێ سەخت ڕوو دەدات. بەڵام تاکە شت کە ئەو هێزە پشتی پێ بەستبوو بیروباوەڕی کۆمەڵە و ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و خۆشەویستی نیشتمان بوو. ئەگەر بیروباوەڕ و هەستی خۆشەویستی نیشتمان و شۆڕشگێڕیی نەبێت ئەم ژیانە دژوارە هیچ پاساوێکی بۆ نییە. دوای بەستنی چەندین دیدار و کۆبوونەوەی جەماوەری لەگەڵ جووتیار و مامۆستایانی ئاینی و ڕۆشنبیران، دوای دروستکردنی چەندین شانەی ڕێکخستنی کۆمەڵە. بەرە بەری خۆراوای ڕۆژێک هێزەکە بە نیازی گەڕانەوە لە جادەی کۆیە-هەولێر نزیک بوونەوە. بۆ چەند کاتژمێرێک لە گوندی (گۆمەشین) پشویەکیاندا (ئەو) لەو گوندە ئاشنایەتی لەگەڵ ماڵی مامۆستا (تاهیر گۆمەشینی) پەیدا کرد. کە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ و خاوەن شەهید بوون. دوای بانگ، یەک یەک لە جادەکە پەڕینەوە و بەرەو گوندی (شاخە پیسکە) بەرەو باکوور بوونەوە. شەو مەنزڵگایان خستە مزگەوتی (سماقوولی گرتک) هەر بۆ زانیاری، لەو دەڤەرەدا سێ گوند کە هاوسێی یەکدین، ناویان سماقوولییە، یەکەمیان سماقوولی سەروچاوە، کە خاوەنی زۆرترین کانیاو و ڕەزوباخە. ڕیش سپییەکانی ناوچەکەش هەر لەم گوندە نیشتەجێن.

دووەمیان سماقوولی گەلی، کە دەکەوێتە لێواری ئەو گەلییەی شاخی ئاوەگرد دەکات بە دوو لەت و ئاوێکی باشی پێدا دەڕوات، ئێستاش خاوەنی

**دەگێڕنەوە لە سەردەمی پاشایەتی پشکنینی زۆر بۆ دۆزینەوەی نەوت لەو ناوچەیە کراوە. تەنانەت چەند بیرە نەوتێکیش لێدراوە، بەڵام کەس نازانێت بە چی بیانوێک دوای لێدانی بیرەکان سەریان داخراوە**

بەنداوێکی قەشەنگە.

سێیەمیان سماقوولی گرتک، کە لەوانیتر بچووکترە و کەوتووەتە دەشتیی دەڤەرەکە. بەشی هەرە زۆری گوندەکان خاوەنی مامۆستای ئایینی و مزگەوتی خۆیانن، شیاوی باسە موسوڵمانان دەڵێن مزگەوت ماڵی خوایە، لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام و (محەمەد)ی پەیامبەری خوداش مزگەوت بۆ چەند مەبەستێک سوودی لێوەرگیراوە. لەوانە وەکو پەرلەمانێک کە جێی مشورەت و گفتوگۆ بووە، هەموو موسوڵمانێکیش ئەندام بوو لەو پەرلەمانە. ئینجا وەکو شوێنی خواپەرستی و نوێژکردن. سەرباری ئەمانە مزگەوت وەکو قوتابخانە بوو بۆ پێگەیاندنی کادیری موسوڵمان. لەو مزگەوتانەدا سەدان فەقێ دەرسیان دەخوێند. سەدان زانای گەورە گەورەی موسوڵمانان تەنانەت بیرمەند و فەیلەسوف لە حوجرەی ئەو مزگەوتانە پێگەیشتن، بەڵام لەم سەردەمەدا زۆربەی مزگەوتەکان تەنیا بۆ نوێژکردن سوودییان لێوەردەگیرا. بۆ پێشمەرگەکانیش ماڵ و جێی حەوانەوەی شەو و ڕۆژ بوون.

(باروخ سپینوزا) فەیلەسوفی (هۆڵەند)ی لە سەدەی هەڤدە (١٧) ی زاینی لە بارەی ئاین و کەنیسەکانی کریستانەکان نووسیویەتی: (چیتر مەچوونە ئەو-پەرستگا-تاریک و ساردانە کە مرۆڤ دروستی کردوون و ناوی ناوە ماڵی خوا. ئەگەر دڵت پاک بێت هەموو شوێنێک لە شاخ و لێرەوارەکان، دۆڵ و دەریا و ڕووبار و پێدەشتەکان ماڵی خوا پەرستیە. چونکە خوا خۆی دەڵێ: ئەگەر تۆ من لە کازیوەی شەبەقی بەری بەیان، لە دیمەنە جوانەکانی سروشت، لە دیدی دۆستێک، فرمێسکی منداڵێکی برسی، ناڵەی برسێتی هەژارێک، نەمدۆزیتەوەو نەمبینی، بێگومان لەو پەرستگایانەش نامبینی) ئینجا لەم پەرستگایانەوە پەرستگای ئاینەکانی دیکەش چەندین



ناهەقی و بەدڕەفتاری لێدەکرێت.

هەندێک لە زانایانی ئیسلامیش دەڵێن: ( ماڵی خوا هەر لە مزگەوتەکان نییە، ئەگەر دڵت پاک و خواپەرستی ڕاستەقینە بیت، ماڵی خوا لە شاخ و کێو و دەشت، دەریا، دارستان و هەموو شوێنێکە، لەهەر شوێنێک خوا بپەرستی ماڵی خودایە.

+ + + +

جیا لەوەی هەموو گوندێکی کوردستان خاوەنی مزگەوتی خۆیانن. هەموو گەڕەکێکی شارو شارۆچکەکانیش چەندین مزگەوتیان تێدایە. جاری وایە نێوانی دوو مزگەوت لە سێ مەتر تێپەڕ ناکات. بەشی زۆری ئەو مزگەوتانەش بەناوی ئەو کەسانەن کە مزگەوتەکانیان دروست کردووە. ئەگەر زیاتریش لێی وردبینەوە. هەندێک لەو خاوەنی مزگەوتانە بە بیانووی دروستکردنی ماڵی خوا دەرفەتی بازرگانیەکی باشیان بۆ ڕەخساوە و بەو هۆیەوە دەوڵەمەند بوونە.

ئەگەر خێرکردن، یان دروستکردنی مزگەوت لە خۆشەویستی خوا و ئاینی ئیسلامە، هەقە ئەو جۆرە کارانە بە شێوەیەک بێت خاوەنەکانی نەناسرێنەوە و بازرگانی پێوە نەکەن و بە هۆیەوە لاف لێنەدەن.

جیا لەوانەش ڕاستە مزگەوت بۆ نوێژ و خوا پەرستییە، بەڵام هەندێک جار خێری دروست کردنی نۆڕینگەیەکی پزیشکی، یان قوتابخانە لەخێری دروستکردنی مزگەوت کەمتر نییە. تۆ ئەگەر دڵت پاک بێت هەموو شوێنی ماڵی خوایە. بەڵام گەلێک جاری واهەیە نەخۆشێک بەهۆی دووری ڕێگا و نەبوونی ئامرازی گواستنەوە و نەگەیشتنە نەخۆشخانە، یان نۆڕینگەیەک لە ڕێگادا گیانی لە دەست دەدات. باشە ئەگەر لەبری دروستکردنی ئەو مزگەوتانە لە نزیک یەکتر. نۆڕینگەیەک دروست بکرێت بۆ چارەسەری نەخۆشی خەڵکە هەژارەکان هێندەی مزگەوت خێری نییە؟ یان قوتابخانە و ماڵی منداڵ، کە پێگەیاندنی نەوەی ئاییندەیە. گەلێک جار گوێت لێدەبێت و دەڵێن: ئاخر مزگەوت ماڵی خوایە و لەوێ نوێژ دەکرێت و خوای دەپرستن. بەڵام لە نۆڕینگە و نەخۆشخانە و قوتابخانە جێی خواپەرستی نییە و کەمتر ناوی خوای لێدەهێنرێت. وەڵامی ئەو پرسیارەش ئەوەیە هەموو شوێنی ماڵی خوایە.

+ + + +

> "دوای سڵاو نامەیەکی (چوکلێت)ی ڕادەستی (مەلا بەختیار) کرد. ئەویش بە وردی خوێندەیەوە. پەیام و نامەکانی سەردەمی شۆڕش تا کۆتایی هەشتاکانیش لە ڕێگای نامەی چوکلێتی، یان رادیۆی شۆڕش بوو"

لە کلکەی چیای (ئاوەگرد) خۆرهەڵاتی گوندی سماقووڵی گەلی شوێنێک هەیە پێیدەڵێن (گۆڕی ئەسحابان) لەوێ چەند گۆڕێکی درێژ درێژ و کێل بەرزی لێیە، چەندین دار بەڕووو دار تووی بە سالاچوو سێبەریان لەو گۆڕانە کردووە، لە کوردەواریشدا واباوە بەهیچ بیانوویێک کەس نابێت داری سەر ئەو گۆڕانە ببڕێتەوە، ئەگینا کەسەکە تووشی هیلاکەت و کارەساتێکی گەورە دەبێت. سەردەمانی زوو کچ و کوڕە گەنجەکان، دایکانی نەزۆک، (دوور نییە ئێستاش لە هەندێک شوێنە دوا کەوتووەکان هەروابێت) دەچوونە سەر ئەو گۆڕانە و بە نیازی هاتنە دیی مرازیان پەڕۆیەکی کەسکیان لە لقی یەکێ لەو دارانە گرێ دەدا. بێگومان (ئەسحابە) لەنێو کۆمەڵگەی موسڵمانان‌دا واتە هاوەڵەکانی پەیامنێری خوا (محەمەد) سەلامی خوای لێبێت. شیاوی باسە لە سەرانسەری کوردستاندا چەندین گۆڕ و گرد و دۆڵ بەناوی عەرەب و هاوەڵەکانی پەیامبەر هەن وەکو (عەبابەیلێ، دۆڵی ئەسحابان، گردی ئەسحابان، گۆڕی ئەسحابان، قاقا...هتد). دیارە ئەو ناوانە بۆ سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین دەگەڕێنەوە. ئەو ساڵانەی لەشکری عەرەبە موسوڵمانەکان بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام هاتوونەتە کوردستان و بە زەبری شمشێر خەڵکەکەیان کردۆتە موسوڵمان. بێگومان ئەو گۆڕ و کێلە بەرزانە بۆ ئەو سەردەمانە دەگەڕێتەوە کە لە شەڕەکانیان لەگەڵ کوردەکان کوژراون و هەر لە شوێنی شەڕەکانیش نێژراون. بە کوژراوەکانی کوردی خاوەن خاکەکەی ئەو شەڕانەش دەڵێن (کافرەکان) جاران کاتێک کوردەواری خۆمان بەوێدا تێدەپەڕین بەردبارانیان دەکردن، ئەمەش بەڵگەی هەژموون و سێبەری عەرەب و ئایینی ئیسلامە بەسەر کوردستاندا، کەچی بەداخەوە یەک دەوڵەتی عەرەبی موسوڵمانیش نادۆزیتەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان پشتیوانیان لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردی موسوڵمان کردبێت، تەنانەت لە هەندێک سەردەمدا ژمارەیەکی زۆر لە زانایانی ئاینی ئیسلام شەڕی کوردستانیان بە (غەزا) ناو بردووە. بگرە لەکاتی کیمیاباران کردنی هەڵەبجەش دەیانگوت ئەی حکومەتی عێراق چی بکردایە. گوڵبارانیان بکات؟! نەک هەر هەژموونی عەرەب بەسەر کوردستانەوە دیارە، بەڵکو هەژموونی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی عوسمانیش بەسەر کوردستانەوە دیارە، کە سەدان ساڵ حوکمڕانی عێراق و کوردستانیان کردووە، بۆیە

## تاکە شت کە ئەو هێزە پشتی پێ بەستبوو بیروباوەڕی کۆمەڵە و ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و خۆشەویستی نیشتمان بوو

ئێستاش دەیان ناوی گوند و شاخ و تەپۆڵکە بە ناوی تورکن لەوانە (باڵخ، قزڵەر، قزڵ ئالا، قوڵتەپە، قەرەچوغ، قەرەداغ، گاپیلۆن، ئاڵتون کۆپری، تەپەی مەلا عەولا)....هتد.

چێشتەنگاوی ڕۆژی دواتر، گەنجێکی تەمەن (١٨-٢٠) ساڵەی لەڕولاواز. جامانەیەک لەسەر لەنێو ماڵەکانەوە وەدەرکەوت و بەرەو لای هێزەکە هات، دوای گەیشتنی لە هەواڵی فەرماندەی هێزەکە (مەلا بەختیار)ی پرسی: کاتێک پێشمەرگەکانیش بۆیان دەست نیشانکرد، دوای سڵاو نامەیەکی (چوکلێت)ی ڕادەستی (مەلا بەختیار) کرد. ئەویش بە وردی خوێندەیەوە. پەیام و نامەکانی سەردەمی شۆڕش تا کۆتایی هەشتاکانیش لە ڕێگای نامەی چوکلێتی، یان ڕادیۆی شۆڕش بوو، ڕادیۆی شۆڕشیش ئەبوو بە (جفرە) پەیامە نهێنیەکانی بە ڕێکخستنی شار، یان هێزە دوورە دەستەکان بگەیەنێت، گەلێک جاریش (پارازێت) تەشویش دەهاتە سەر بەرنامەکانی ڕادیۆکە و دەنگی دەخنکاند. نامە چوکلێتیەکانیش چەندین ڕۆژی پێدەچوو تاکو دەگەیشتە جێی مەبەست. دواتر (مەلا بەختیار) بە هاوڕێ و پێشمەرگەکانی گوت: ئەمە نامەی (کاک نەوشیروان)ەو هەواڵی هەمووتان دەپرسێت:





هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازێت. هەروەها گوتی: لە نامەکەدا نووسراوە کە چەند ڕۆژێک پێشتر دوو فڕۆکەی جەنگی لە جۆری سۆخۆی سوپای عێراق بارەگاکانی مەکتەبی سیاسی و ڕاگەیاندن و چەند پێگەیەکی دیکەیان لە گوندەکانی تۆژەڵە و ناوزەنگ بۆردومان کردووە، بە داخەوە چەندین کادیری ڕاگەیاندن و پێشمەرگەی سکرتاریەت شەهید بوونە. زیانێکی ماددی زۆریشی بە بارەگا و فرۆشگا و مەڕومالاتی خەڵک گەیاندووە. چەند کەسێکیش بریندار بوونە. بریندارەکان هەندێکیان لای خۆمان چارەسەر کراون، هەندێکیشیان بۆ چارەسەرکردن ڕەوانەی دیوی ئێران کراون. هەموویان لەگەڵ بیستنی هەواڵەکە بۆ شەهید و بریندار بوونی پێشمەرگە و کادیرەکان نیگەران بوون.

(ئەو) لەگەڵ بیستنی ئەو هەواڵە دڵی داخورپا. سەربارى خەمی شەهیدبوونی پێشمەرگەکان دەیویست لە هەواڵی (شارا)خانیش بپرسێ: ئایا سەلامەتە؟ بەڵام لە بەردەمی پێشمەرگەکان بەسەرخۆی نەهێنا و لەڕووی نەدەهات هەروا ئەو پرسیارە بکات، (مەلا بەختیار)یش هێمای بە ناو و ڕەگەزی شەهیدەکان نەکرد. بۆیە بۆ ماوەیەک دڵتەنگ و لەبەردەمی خۆیەوە دەردەشەی ئەوەی دەکرد. تۆ بڵێی هاوسەرەکەی سەلامەت بێت؟ تۆ بڵێی ئەو فڕۆکانە تەقینەوەی ئەو بۆمبانە، شەهید و بریندار بوونی ئەو پێشمەگانە تا ئەندازەی چەند ترسیان خستبێتە دڵی (شارا) ژنێک کە لە تەمەنی خۆیەوە هیچ جۆرە ناخۆشی و خوێن و کوشتن و ترسێکی نەدیوە. کەچی ئێستا کەوتۆتە باری سەخت و ترسناکترین ژیان. ئەی ئەو دایکانەی هەواڵی شەهید بوونی ڕۆڵەکانیان پێدەگات. دەبێت چ شین و واوەیلاو ڕۆ ڕۆیەک بکەن؟ دووریش نییە وەکو چەندین دایکە شەهیدی دی بڵێن فیدای ڕزگاری کوردستان بن.

**"(ئەو) لەو گوندە ئاشنایەتی لەگەڵ ماڵی مامۆستا (تاهیر گۆمەشینی) پەیدا کرد. کە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ و خاوەن شەهید بوون"**

پاش چەند خولەکێک (مەلا بەختیار) بانگی (ئەو) یکرد و گوتی: لەسایەی خواوە (ڕووناک و شارا) سەلامەتن. بەڵام (کاک نەوشیروان) لە نامەکەیدا داوای گەڕانەوەی تۆی کردووە، ئەگەرچی (ئەو) هەواڵی سەلامەتی شارای پێڕاگەیەنرا. بەڵام ئەو داواکارییەی گەڕانەوەی بۆ سەرکردایەتی وەکو تیخێک بوو لە دڵی، چونکە لەوە دەترسا (شارا) شتێکی بەسەر هاتبێت و لێی بشارنەوە. یان لانی کەم بریندار بووبێت و پێویستی بەو هەبێت تاکو بچێتەوە سەردانی و ئاگای لێبێت. لەلایەکی دیکیشەوە (ئەو) حەزی لە ژیانی پێشمەرگایەتی گەڕان و سوڕان بوو. نەک گەڕانەوە و دانیشتن لەسەرکردایەتی بێ ئیشوکار. بۆیە بۆ دڵنیایی پرسیاری لە (مەلا بەختیار) کرد:

– ئەگەر شاراو ڕووناک خان سەلامەتن ئەی بۆچی داوای گەڕانەوەی (ئەو) دەکەن؟ مەلا بەختیار دڵنیای کردەوەو گوتی:

– لە نامەکەدا وا نووسراوە هەموومان بگەڕێینەوە و تۆش لەگەڵ ئێمە بگەڕێیتەوە، نەک هەر تەنیا خۆت، گوایە لەوێ کاریان بۆ داناوی، وەڵامە نیوە بە نیوەکە هەندێک دڵنیایی بەو بەخشی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەدویەک خەیاڵی ناخۆش بە هزریدا تێدەپەڕی.

دواتر (شارا خان) گێڕایەوە: سەر لە بەیانییەک دوای کەوتنی هەتاو، من و (ڕووناک) خان سەرقاڵی ئامادەکردنی قاوەڵتی بەیانی بووین. لەپڕ فڕە و دەنگی فڕۆکەکان پەیدا بوون. لەولاوە گوێمان لێبوو یەکێ هاواری دەکرد:- خۆتان بشارنەوە، بڕۆنە کونە تەیارەکان. ئێمەش یەکەوسەر ڕامانکردە کونە تەیارەکەی بەردەم چادرەکە. کە خۆی لە شێوەی پیتی (L) بوو، هەر بابا بوو ڕادیدەکرد و خۆی لەپەنا بەردێک کونە تەیارە دەشاردەوە، بینیمان لەو سەرەوە (ئەگنیتا) ی خێزانی کاک (هۆمەر شێخ موس) بەڕەچەڵەک کوردی سوریا. ئەندامی (م.س) (ی.ن.ک)بوو. لەسەر لێواری کوونە تەیارەکە وەستابوو

**(مەلا عەبدوڵڵای باوکی مەلا محەمەد)ی مەلای گەورەی کۆیە، سەرەتا لە گوندی (بێگەلاس)ی ناوچەی پشدەر بوون، دواتر هاتوونەتە گوندی (جەلی)**

هێزەکەی (مەلا بەختیار) بەرەو گوندی سماقوولی (گەلی) بەڕێکەوت و شەو گەیشتنە گوندی (سناوە) گوندێکی بە ئاو، کانی و کانیاوێکی زۆر. پڕ لە ڕەزوباخ و بێستان. لەبەر ئەوەی ژمارەی دانیشتوانی گوندەکە کەم بوو بۆیە هەندێک لە هێزەکە چوونە گوندی (جەلی) کە دەکەوێتە کلکەی خۆرهەڵاتی چیای سەفین. گوندی (جەلی) بۆ خۆی مێژوویەکی پڕ لە شانازی هەیە لەبواری ژیان و پێگەیاندنی بنەماڵەی جەلیزادە.

(مەلا عەبدوڵڵای باوکی مەلا محەمەد)ی مەلای گەورەی کۆیە، سەرەتا لە گوندی (بێگەلاس)ی ناوچەی پشدەر بوون، دواتر هاتوونەتە گوندی (جەلی). کاتێک پاشای بابان شاری کۆیەی گرت، ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە شارەکەدا کرد. مزگەوت و قوتابخانەی ئایینی لە شارەکەدا دروست کرد. ئینجا بە هۆی لێهاتوویی و پڕ زانستی (مەلا عەبدوڵڵا)یان گواستنەوە بۆ شاری کۆیە و بووە مەلا و پێش نوێژ و مەرجەعی ئایینی و سەرپەرشتیاری قوتابخانە ئایینیەکان (مەلا محەمەد)ی کوڕیشی لەسەر دەستی ئەو زاتە و



و بێباکانە سەیری ئاسمانی دەکرد. لەلاکەی دیکەیشەوە (کاک هۆمەر) بە زمانی سویدی و هەموو دەنگی هاواری لێدەکرد: ئەگنیتا.! ئەگنیتا.! خۆت بشارەوە، برۆ کونە تەیارەکە. ئەگنیتا ژنێکی سوور و سپی باڵا بەرزی چاوشینی لاواز، بەرەچەڵەک خەڵکی وڵاتی سوید بوو. ئەگنیتاش بێ خۆ شێلو کردن هەروەکو بڵێی هیچ لە ئارادا نەبێت هەر وەک بڵێی سەیری فیلمێکی سینەمایی دەکات، بە حەپەساوی هەر لە سەر لێواری کونە تەیارەکە وەستابوو، لەوە دەچێت نەیزانیبێت چی ڕوودەدا. ئەمجارەیان کاک (هۆمەر شێخ مووس) بە تورە بوونەوە هاواری لێکرد. پێتدەڵێم برۆ خۆت بشارەوە. کاتێک (ئەگنیتا) تورە بوونەکەی کاک (هۆمەر)ی گوێ لێبوو، ئەمیش لەلای خۆی تورە بوو، پەنجەی هەڵشەقاند ئای هۆمەر! بە تورە بوون قسەم لەگەڵ دەکەیت. ئیدی نێوانی کاک (هۆمەر و ئەگنیتا) تێکچوو، تاچەند ڕۆژێک (ئەگنیتا) قسەی لەگەڵ کاک (هۆمەر) نەکرد، تاکو دواتر ژن و پیاوەکان ڕووداو و ڕاستیەکانیان بۆ (ئەگنیتا) ڕوون کردەوە ئینجا دڵی نەرم بوو و ئاشت بوونەوە.

دوو شەو دواتر، لە گوندی سماقولی (گرتک) (مەلا بەختیار) و دەستەکەی لەگەڵ چەندین پێشمەرگەی دی ماڵاواییان لە پێشمەرگە و کادیرەکانی دەشتی هەولێر کرد. شیاوی باسە (ئەو)یش بە دڵێکی پڕ لە ناسۆر ماڵاوایی لە هاوڕێ و هەڤاڵەکانی کرد. لەلایەکەوە لە خەمی دابڕان لە هاوڕێکانی و گەڕانەوەی بوو بۆ سەرکردایەتی، چونکە ئەوێ ڕۆژان باوباوی پێشمەرگەی گەڕۆک و شەڕکەری تیپەکان بوو. لەلایەکی دیکەیشەوە پێی باش بوو، چونکە لە خەمی دڵنیابوونی تەواو بوو لە سەلامەتی (شارا). ئینجا نەیدەزانی ئەو کارەی بۆیان دیاری کراوە چییە، بۆیە هەر چۆنێک بوو بەو هەموو ناڕەحەتی و دڵەڕاوکێیە لەگەڵ

قوتابخانەی ئایینی پێگەیشتووە. ئیدی جەلیزادە بووەتە ناو و شوهرەتێکی گەورە. مەلای گەورەش کوڕی مەلا عەبدوڵڵا بووە. سەرباری مەلایەتی شاعیر و خەمخۆرێکی گەورەی گەلی کورد و ڕۆڵەیەکی هەڵکەوتووی کوردستانیش بووە. سەرباری پێگەیاندنی فەقێکانی بە زانستی ئیسلامی بەهەستی کوردایەتیش گۆشی کردوون. مەلای گەورەی کۆیە دڵی وەکو ئاگری بابەگوڕگوڕ بۆ گەلەکەی سووتاوەو بە شیعر گوتوویەتی:

نەوتی باباگوڕگوڕی چۆن دەچێ بۆ پاریسێ

ئاوری حەسرەت و مەندی لە دەروونم داییسێ

واتە: نەوتی کەرکوکی کوردستان بە بۆڕی دەڕوات بۆ ئەوروپا، ئەوان پێی حەساونەتەوە، بەڵام کوردی بێچارەی کەرکووک بای چەند (فتیل)ێک نەوتیان نییە شەوانی تاریکی پێ ڕووناک بکەنەوە.

دەیان ساڵ دوای مەلا محەمەدی مەلای گەورەی کۆیە، عەبدوڵڵا پەشێوی شاعیر گوتوویەتی:

***مناڵەکان، مناڵەکان***
***ئەی برسیە ژین تاڵەکان***
***لەسەر لووتکەی بابا گوڕگوڕ***
***نزیک تاڤگەی سەرەو ژووری زێڕینی گڕ***
***ئا لێرەدا مناڵێکی چاو ڕەشی کورد***
***لە برسا مرد.***

مەلای گەورەی کۆیە جیا لە دەست ڕۆیشتوویی لە بواری دەرس گوتنەوە و پێگەیاندنی (فەقێ)کان لە بواری زانستی شەریعەتی ئیسلام. جیا لە بوونی بە شاعیرێکی گەورەی سەردەمی خۆی، پیاوێکی کورد پەروەر و ڕۆڵەیەکی بەوەفای خاکی کوردستان بوو. زۆر لە خەمی ناتەبایی و دوو بەرەکی ڕیزەکانی گەلی کورد بوو. هەر بۆیە گوتوویەتی:

***هەتا دەمرم بۆ کوردان دەناڵم***
***عیلاجیان چۆن بکەم هاوار بەماڵم***
***دەبێ من کەیفی چیم بە دنیا بێ***
***قەومی من وا ڕەزیل و ڕیسوا بێ***
***بێکەس و بێدەر و فەقیر و هەژار***
***بێ سەر و سەرفراز و بێ سەردار***

مەبەستی مەلای گەورە لەو شیعرە ناتەبایی کوردە کە ناتوانن بۆ خۆیان سەردارێک هەڵبژێرن. سەردارێک کە بە چاوی نیشتیمان پەروەری و کوردانە سەیری هەمو چین و تیرە و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بکات و لە ژێر یەک چەتر کۆیان بکاتەوە. چونکە بە درێژایی مێژوو هەر تیرە و بنەماڵەیەک گەورەیەکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە و ڕکابەری بنەماڵە و کەسانی دیکەیان کردووە. هەروەکو چۆن ئێستا لە کوردستان لە ئارادایە. بەمجۆرە دووبەرەکی کەوتووەتە نێوانیان و یەک ڕیزی و تەباییان لە دەست داوە. هەر بۆیە لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

***ئەبێ میللەت هەموو یەک بن لەگەڵ یەک***
***لەئەربابی قەلەم تا خاوەنی چەک***
***لە شوێنێکی دی دەڵێ:***
***تا ئێوە لەیەکتری جودا بن***
***واپرش و بڵاو و ناتەباین***
***بێ شک کە خراپتریش دەبینن***
***ئێستا ڕەزیلی ڕووی زەمینن***

(مەلا محەمەد) لە بواری بایەخدان بە زانستی سەردەم و پیشەسازی و کردنەوەی قوتابخانە و تێکەڵاوکردنی کوڕ و کچانیش هەر پێشەنگ بوو. بۆیە بە پێچەوانەی بەشی هەرە زۆری مامۆستا ئاینیەکانی سەردەمی خۆی هانی خەڵکی دەدا منداڵەکانیان ڕەوانەی قوتابخانە بکەن و فێری زانست و سنعەتی سەردەم بن. ناردنی (نەجیبە) خانی کچیشی بۆ قوتابخانەی تێکەڵاو لەگەڵ کوڕان، بەڵگەی وریایی و بیرتیژی ئەو مامۆستا ئایینیە بوو بۆ داهاتووی گەلان.

***پیشەسازی خەڵکی جیهانی وەها پێش خستووە***
***هەر گەلێکی پیشە نازانێ گەلێکە نووستووە***

مەلای گەورە دەیان مامۆستای ئایینی ڕۆشنفکری لە قوتابخانە ئایینیەکانی خۆی پێگەیاند. ئەو ساڵانە شاری کۆیە بووبووە چەقی زانست و خوێندن (مەسعود محەمەد)ی کوڕیشی ڕۆڵە و پەروەردەی ئەو مەلا گەورەیەیە.

(مەسعود محەمەد) پیاوێکی سیاسی، یاساناس، (سەردەمانی پاشایەتی (نائب) بوو لە پەرلەمانی عێراق) زانایەکی بێ وێنە بوو لەبواری زمان زانین لەهەردوو بەشی عەرەبی و کوردی. ئینجا شارەزایەکی تەواوی لە ئەدەبی کلاسیکی هەبوو. خاوەنی چەندین کتێبی نایابە لە بوارەکانی ئەدەب و زمان. بەڵام بەداخەوە لە دوای کۆچی دوایی (مەسعود محەمەد) ئەو بنەماڵەیە کوژانەوە کەسێک نەبوو لە بواری زانست شوێنیان پڕ بکاتەوە.

**"لەو سەرەوە (ئەگنیتا)ی خێزانی کاک (هۆمەر شێخ موس) بەڕەچەڵەک کوردی سوریا، لەسەر لێواری کوونە تەیارەکە وەستابوو و بێباکانە سەیری ئاسمانی دەکرد"**

# وێستگەی دیوان


- (١) پرسیار (جەلیل کاکەوەیس)
- دە چەپەکە نرگس لە چلەی عەزیز گەردیدا

حەمەکەریم هەورامی

- بیبلیۆگرافیای بابەتەکانی عەزیز گەردی لە ڕۆژنامەی هاوکاری

د. ئەحمەد حەمەدئەمین

- لە دەفتەری نەمریدا (نەوزاد ڕەفعەت)
- گۆشـەی دیوان
- هونەرمەند جەلال بەیار و بانگدان لەمزگەوت

سالار کۆشار

- چۆن دەستم پێکرد؟

محەمەد سەعید ساڵح مزووری

- ساڵۆنی لاپەڕە (٩)




# یەکەم چیرۆک و یەکەم کتێب، کە وەرتگێڕا چی بوو؟

لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، لە بەغدا لە زانکۆ بووم، لەناو دونیای بزووتنەوەی ڕوانگە چاوم هەڵهێنا، ئەگەرچی لەقۆناغی ئامادەییەوە، لە کۆتایی ساڵانی شەستەکان خەریکی خوێندنەوە بووم، ئەوکاتە ئێمەی گەنج هەموو شتێکمان بەیاخیبوون دەزانی، بەومانایەی مرۆڤ پێویستە یاخی بێت، هەمووشمان خەریکی خوێندنەوەی سارتەر و ئەلبێر کامۆ و ئەمانە بووین، من لەدوایدا لەساڵی ١٩٨٣ ئاشنای دونیای کافکا بووم لەڕێگای ڕۆمانی (بەدگۆڕان) ئیدی ئەوەبوو دواییش وەرمگێڕا و کردمە بەکوردی.

(بەدگۆڕان)ی کافکا یەکەم بەرهەمم بوو، کە جۆرج تەرابیشی کردبوویە عەرەبی، منیش کردمە کوردی، ئەوەی ڕاستی بێت، نایشارمەوە، کەشوهەوای ناو بەرهەمەکانی کافکا زۆر کاریگەری بەسەر منەوە هەبوو.

هەر ئەو کاریگەیەش بوو وایکرد دەست بە چیرۆک نووسین بکەم، لە شوباتی ساڵی ١٩٧٤ یەکەم چیرۆکم بڵاکردووەتەوە لە ڕۆژنامەی ڕۆشنبیریی نوێ، ئەوکاتە گۆڤار نەبوو دکتۆر ئیحسان فوئاد دەریدەکرد، ئەو چیرۆکەم بەناوی (چرپەچرپی منداڵی شەقامەکانی شار) بوو.

من بەچیرۆک دەستمپێکرد، لەوەپێش هەندێک شیعرم نوسیبوو، بەڵام خۆم تێدا نەدۆزیەوە.

لەگۆشەی خوێنەرانی گۆڤارەکە هەندێکیم بڵاوبوویەوە، بڵاوبوونەوەی ئەو چیرۆکە هانیدام، برادەرەکانیشم هاندەربوون، بۆ ئەوەی بەردەوام بم، ئەوەبوو چیرۆکی دیکەم نووسی بەناوی (تەنگوچەڵەمەی شانۆکە).

مەبەستم ئەوەیە بڵێم، من لەسەردەمی بزووتنەوەی ڕوانگە سەرم دەرهێنا، هەربۆیە کاریگەری ئەو بزووتنەوەیە تاکو دەوروبەری ساڵی ١٩٨٠ هەر بەسەرمەوە مابوو.

لەسەرەتای هەشتاکانیش یەک دوو شتی کازانتزاکی و وتارم دەربارەی جوانیناسی و وەرگێڕا.

ئەوکاتەش من لەسلێمانی مامۆستا بووم، شانزە ساڵ لە ناوچەیەی بازیان مامۆستا بووم، خۆم تەرخانکردبوو بۆ خوێندنەوە و نووسین، زۆربەی چیرۆکەکانم لەوێ نووسین، ئەو دەیەی هەشتاکان زیاتر خەریکی چیرۆک نووسین بووم، تا ساڵی ١٩٩٤ لە سلێمانی مامەوە، دواتر هاتمە هەولێر، ساڵی ١٩٨٥ کۆمەڵە چیرۆکێکم بەناوی (میراو) بڵاوکردەوە، میراو بۆ دونیای چیرۆکنووسی من، قۆناغی یەکەممە، دەتوانم بڵێم قۆناغێکی ڕوانگەییانەی پڕ هێما بوو، چونکە لەهەشتاکان تا ڕاپەڕین نووسەر بەو ڕەهاییە نەیدەتوانی بەرهەمەکانی بڵاوبکاتەوە.

کە دەستیشم پێکرد بەزمانێکی کوردی پاراو

> **(بەدگۆڕان)ی کافکا یەکەم بەرهەمم بوو، کە جۆرج تەرابیشی کردبوویە عەرەبی، منیش کردمە کوردی، ئەوەی ڕاستی بێت، نایشارمەوە، کەشوهەوای ناو بەرهەمەکانی کافکا زۆر کاریگەری بەسەر منەوە هەبوو**

> **"(میراو) بۆ دونیای چیرۆکنووسی من، قۆناغی یەکەممە، دەتوانم بڵێم قۆناغێکی ڕوانگەییانەی پڕ هێما بوو"**



دەستم پێکرد، ئەوەش فەزڵی دایکم و باوکم بوو، باوکم شەوانە چیرۆکی بۆ دەخوێندینەوە.

لەکەرکوک چاپخانەی عەسرِی هەبوو، داستان و بەرهەمی فۆلکلۆری چاپ دەکرد، باوکم کە دەچووە بازار پێم دەگوت ئەوانەم بۆ بکرێت، شەوانە بۆیم دەخوێندەوە، ئەوانە هەمووی کاریگەری هەبوو لەسەرم

لەگوندی حەساری گەورە لە ساڵی ١٩٤٨ لەدایکبووم، تا ساڵی ١٩٦٤ من لەگوندی حەسار بووم قۆناغی سەرەتاییم لەحەسار تەواو کرد، ساڵی ١٩٦٤ هاتمە کەرکوک، دوایی چوومە زانکۆی بەغدا، بەشی زمان و ئەدەبی کوردیم تەواو کرد، خۆم بەشی کوردیم هەڵبژارد، یەکسەر دامەزرام، هەڵیاندامە باشووری عێراق، سێ ساڵ لە عیمارە بووم، ئەو سێ ساڵە بۆ من گەنجینەیەکی گەورە بوو، زۆر شت لەوێ فێربووم، زمانی عەرەبییەکەم باشتر بوو، زۆر سەرچاوەی تازەم خوێندەوە، هەرچی ڕۆمانەکانی نەجیب مەحفوز و سەلامە موسا بوو، هەموویم لەوێ خوێندەوە، نەهج و ئەلبەلاغەی ئیمامی عەلیم لەوێ خوێندەوە، زۆر سودم لێوەرگرت.

ساڵی ١٩٧٨ گوزرامەوە، هەرچەندە خەڵکی کەرکوک بووم، بەڵام نەیان هێشت بچمە ئەوێ و ڕەتیان کردەوە، منیش بە ناچارم سلێمانیم هەڵبژارد ناوەکەم بۆ ئەوێ دەرچوو.

بەنوسین و وەرگێڕانەوە، تا ئێستە نزیکەی ٣٣ کتێبم هەیە، پێنج کۆمەڵە چیرۆک و دوو ڕۆمانم هەیە، وێڕای چەندین کتێب دەربارەی ڕەخنەی ئەدەبی و ڕۆمانی کوردی و ڕۆمانی جیهانی.

ئێستە خەریکی نوسینەوەی ئەزمونی

چیرۆکی خۆمم.

**جەلیل کاکەوەیس**




# چلەی عەزیز گەردی

به بۆنەی چلەی مامۆستا عەزیز گەردی-یەوە، ڕۆژی شەممە ٢٠٢٢/٧/١٦ بەئامادەبونی نوسەران و رۆشنبران و رۆژنامەنوسان لە سالۆنی لاپەڕە (٩)دا مەراسیمێک بەڕیوەچوو.
لە مەراسیمەکەدا فیلمێکی دیکۆمێنتاری کە لە بەرهەمی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان - هەولێر و ئەکادیمیای بەدرخان و لە دەرهێنانی ستار محەمەد ئەمین بوو.
سەبارەی بە مامۆستا عەزیز گەردی بە ناوونیشانی (پاشای وەرگێڕان و زمان) نمایش کرا دواتریش هەریەک لە (مومتاز حەیدەری و سابیر ڕەشید و محەمەد زادە و سالار عەبدولڕەحمان و عیسا حوسێن) لەبارەی ئەزموونی نووسین و وەرگێڕانی دکتۆر عەزیز گەردی قسەیان کرد.





# دە چەپەکە نرگس لە چلەی عەزیز گەردیدا

حەمەکەریم هەورامی

هۆ مامۆستای ڕەوانبێژی. هۆ کاک عەزیز گەردی، دکتۆر عەزیز؟

من، مامۆستا و هاوڕێ و هاوبیرەکەتم: حەمەکەریم هەورامی، لە خەڵوەخانەکەی خۆت وەرە دەرەوە ببینە: عەلادین سجادی و شێخ محەمەدی خاڵ و نوری شێخ صالح و مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی و ئیبراهیم باڵدار بۆ دیدەنیت هاتوون، کەمێ لات دەمێننەوەوە، پرسیارێکت لێ دەکەن و پایەدۆست دەبن. وەرە پێشوازیان بکە.

هۆ مامۆستای ڕەوانبێژی.. هۆ منارە بڵندگۆی سەد تەرز و درەوشاوە، فەنەرە تیشک هاوێژەکەی وڵاتی کوردان.. من ئەو ڕۆژەم قەد لەیاد ناچێ کە بۆ یەکەمجار یەکتریمان ناسی، ساڵی (١٩٦٧) بوو، تۆ قوتابی یانەی مامۆستایانی هەولێر بووی، منیش لەوێ مامۆستا بووم، ئەوە بوو لە وانەیەکدا بە قوتابییەکانم گوت: من بەو جۆرەی کە باوە ڕاپۆرتی ساڵی دەرچوونم ناوێ، داوام لە قوتابییەکان کرد ـ تۆیش یەکێک بووی لەوان ـ گوتم: من ئەو ڕاپۆرتەم دەوێ کە لە کتێبی خەڵکەوە وەرنەگیرابێت، ڕاپۆرتێکم دەوێت بەرهەمی خامەی قوتابی خۆی بێت، لە ژیانی کوردەوارییەوە هەڵقوڵابێ، باسی چۆنیەتی کشتوکاڵ و خەڵەو خەرمان و جۆخینان بکات، لە ژینگەی قوتابییەوە سەرچاوەی گرتبێت، باسی قوتابی و دەوروبەرەکەی بکات، کەی لە خەو هەڵدەستن، چۆن دەگەنە قوتابخانە، مامۆستاکانتان چۆن هەڵسوکەوتتان لە تەکدا دەکەن.

پێم گوتن: ئەو ڕاپۆرتانەی پڕبێ لە هەڵە پێم پەسەندترە تا سەد لەو ڕاپۆرتانەی لە بەرگیراوەی ناو کتێبان.

دوای دوو حەفتە ڕاپۆرتەکانم درایە، چۆنم داواکردبوون وەهایان نووسیبوون، یەکێک لە ڕاپۆرتەکان بە عەرەبییەکی ڕەوان بوو، لەسەر چۆنیەتی بەروبوومی کشتوکاڵ و جوتیاری خەڵە و خەرمانی ناوچەی زرار و بەڕانەتی نووسرابوو، لەسەر بەرگی ڕاپۆرتەکە نووسرابوو (عزیز عبدالله).

ڕووم کردە قوتابییەکان و گوتم: عەزیز عەبدوڵڵا کێیە؟

قوتابییەکی گەنم ڕەنگی باریکەڵەی چاوگەش هەڵسایەوە، گوتی: منم.. گوتم دوای تەواو بوونی ئەم وانەیە وەرە لام.. هات.. پێم گوت: کوڕی باش تۆ قوتابییەکی زیرەکی.. ئەوە بۆ ڕاپۆرتەکەت بە عەرەبی نووسیووە؟ ئەی نازانی ئەگەر بە قەد بارستایی ئەم یانەی مامۆستایانە شت بە عەرەبی بنووسیت، کە مردی هیچ عەرەبێک ئافەرینت لێ ناکات، هیچ کوردێکیش ناوت بە خەیر ناهێنێ.. ئەی نازانی شاعیرێکی گەورەی کورد گوتوویەتی: (شکاری وەحشییان بەس دەستەمۆکەن نەوەک بەربێ شکاری خانەزاتان).

مەبەستەکەم یەکسەر لە ناخەوە کاری تێکرد.

لەوکاتەوە ئەو (عەزیز عەبدوڵڵا)یە ڕۆی، عەزیز گەردی هات، بووین بە هاوڕێی یەکدی.. لە یانەی مامۆستایان دەرچوو، بوو بە مامۆستای سەرەتایی، جاروبار وتاری بەپێزی لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاو دەکردنەوە.

مامۆستای ڕەوانبێژی کەسێکی هەڵکەوتە و بلیمەت و زانا و دانا بوو.

با سەرنجتان بۆ لای چەند بەرهەمێکی ڕاکێشم: لە ساڵی (١٩٧١)دا، مامۆستای سەرەتایی بوو، گوتم کاک عەزیز، زانستێکی زمانەوانی هەیە، بە عەرەبی پێی دەگوترێ: (البلاغە) جاروبار لە نووسینە کوردییەکاندا ناوی دەبرێ، بۆ هەندێک بابەتی زاراوەی کوردی دانراوە؛ ئەوە بۆ وا نەکەین ئەو زانستە لە زمانی کوردیدا برەخسێنین؟.

زاراوە کوردییەکان کۆبکەینەوە، لە زمانەکەی خۆماندا ئەوانیتری بۆ بدۆزینەوە.

ئەویش گوتی: ئەی خۆت ئەو کارە بۆ ناکەیت؟

> “ دەچێتە ناو تاقیکردنەوەی پۆلی شەشەمی ئامادەیی، بە یەکەمی دەرچوانی ئەو ساڵەی کوردستان دەردەچێ ”

گوتم من بڕیارم داوە نووسینەکانی خۆم بۆ بەرهەمدانی درامای کوردی تەرخان بکەم.

زۆری پێ نەچوو لە ساڵی (١٩٧٢) بەرگی یەکەمی ڕەوانبێژی وەکو زانستێکی زمانەوانی کوردی مزگانی کردنەوەی دەروازەیەکی نوێی بۆ هزری کوردی ڕاگەیاند، سێ بەرگ بوو بەرگی یەکەمی ناونا بوو (ڕەوانبێژی) دووەم و سێیەمیش بەدوایدا هاتن، ناویان (جوانکاری) و (واتا ناسی) بوو هەر سێ بەرگەکە بە خامە بڕشتەکەی عەزیز گەردی ڕەخسا بوون.

ئەمە یەکەمجار بوو زانستێکی نوێ لە مەیدانی هزری کوردیدا بەو جۆرە بێتە ئاراوە، هەموو یاسا و ڕێسا و زاراوە و نموونەکانی لە پەند و شیعری کۆن و نوێی کوردییەوە هەڵ هێنجرابوون، ئایا ئەمە بلیمەتی ناگەیەنێ؟ بەتایبەتی بۆ یەکێک لەو تەمەنەدا؟ ئەگەر (عەبدولقاهیری گورگانی) (اسرار البلاغە)ی بۆ عەرەبان دانابێ و مایەی شانازییان بێت، دەشێ بڵێین عەزیز گەردیش ڕەوانبێژی بۆ گەلی کورد داناوە و مایەی شانازیمانە. عەزیز گەردی زانایەکی دانەر بوو:

دەچێتە ناو تاقیکردنەوەی پۆلی شەشەمی ئامادەیی، بە یەکەمی دەرچوانی کوردستان (المنطقە الشمالیە) ی ئەو ساڵە دەردەچێ.

لە زانکۆی موسڵ لە بەشی زمانی فەرەنسی وەردەگیرێ، لەوێش بە یەکەمی کۆلێژ دەردەچێ.

دەبێتە مامۆستای دوا ناوەندیی لە هەولێر، بۆ وتنەوەی زمانی ئینگلیزی پۆلی شەشەمی پەروەردەی هەولێر دەبێتە دەسکەوتێکی کەم وێنە، لە نێوان ساڵەکانی (١٩٧٩ - ١٩٨٥)دا هەردوو بەرگەکەی (داغستانی من)ی حەمزا تۆفی لە ئینگلیزیەوە وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی؛ تۆ کە ئەو کتێبە دەخوێنیتەوە هەست ناکەی لە زمانی داغستانییەوە کراوە بە ئینگلیزی و لەوێشەوە بە کوردی، هەروا دەزانی بە کوردی داڕێژراوە، بە بڵاوبوونەوەی داغستانی من عەزیز گەردی لە سەرانسەری کوردستاندا ناوی دەرکرد.. دوای داغستانەکە چیرۆکەکانی (ئیزوپ)ی یۆنانی و چیرۆکەکانی (برایانی گریم)ی لە زمانی ئینگلیزیەوە کرد بە کوردی، دوای ئەوانە ساڵ نەبوو کتێبخانەی کوردی بە یەکدوو کتێبی ئەو نووسەرە بلیمەتە ئاوەدان نەبێتەوە.

با لێرەدا ئەو ڕەوشتە بەرزو مرۆڤانەی عەزیز گەردیتان بۆ باس بکەم: ئەو قوتابیانە کە دەچوونە ناو تاقیکردنەوەی شەشی ئامادەییەوە، عەزیز گەردی کە وانەی تایبەتی پێ دەگوتن پارەی لە هیچ قوتابییەک وەرنەدەگرت. ئەوەیە ڕەوشتی مرۆڤانە، پێویستە ببێتە سەر مەشق بۆ گشت مامۆستایان.

مامۆستای ڕەوانبێژی لە زانکۆی صلاح الدین لە بەشی ماستەر و دکتۆرا وەردەگیرێت، نامەی ماستەرەکەی (کێشی شیعری کلاسیکی کوردی) بوو، پلەی نایابی پێدرابوو، نامەی دکتۆراکەی لەسەر (سەروا)ی شیعر بوو پلەی باڵای درایە، من و سەرجەم خێزانەکەم ئامادەی ڕێوڕەسمی نرخاندنی نامەی دکتۆراکەی بووین.

ساڵی (١٩٩٢) بوو، پێکەوە دانیشتبووین، نازانم چۆن بوو سەری قسەکردنمان گەیشتە سەر ئەوە، گوتی: دەمەوێ لە زانکۆی سەلاحەدین لە بەشی ماستەر و دکتۆرا بخوێنم وەلێ سەرۆکی زانکۆ، ئەوکات خەسرەو شاڵی بوو، بە وەرگرتنم ڕازی نییە، دەڵێ: بە پێی قانون ئەوەی لەو بەشە وەربگیرێ نابێت تەمەنی لە چل ساڵ تێپەڕی بێ.

پێم گوت سبەی وەرە تەگبیرێکی بۆ دەکەین، ڕۆژی دوایی کە هات.. چووین بۆ لای شێرکۆ بێکەس، ئەو کات ئەو وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێم بوو.. گوتم کاک شێرکۆ، عەزیز گەردی دەیەوێ لە بەشی دکتۆرا بخوێنێ، سەرۆکی زانکۆ وەری ناگرێ.. گوتی عەزیز گەردی خۆی دکتۆرە، دکتۆرای بۆ چییە؟ نامەیەکی سەبارەت بە وەرگرتنی بۆ سەرۆک زانکۆ نووسی؛ وەرگرتنەکەی ئەو دەرگای وەرگرتنی بۆ چەندان کەسی دیکە کردەوە.

"گوتم کاک شێرکۆ، عەزیز گەردی دەیەوێ لە بەشی دکتۆرا بخوێنێ، سەرۆکی زانکۆ وەری ناگرێ.. گوتی عەزیز گەردی خۆی دکتۆرە، دکتۆرای بۆ چییە؟ نامەیەکی سەبارەت بە وەرگرتنی بۆ سەرۆک زانکۆ نووسی"

عەزیز گەردی ڕووی کردە من و گوتی: ئەی خۆت؟ گوتم من بۆ کەسانێک کە شەوان ئێشکگریان بۆ پاراستنی پەیکەرەکەی سەدام گرتبێ، چۆن بە چۆکدا دێم دەرسم پێ بڵێن!

بڕیار دەری لێژنەکە گوتی: ئەوەی عەزیز گەردی نووسیویەتی مەگەر هەر خۆی بتوانێ بینرخێنێ. دواتریش دکتۆرایەکی دیکەی لەسەر بەراوردکردن لەنێوان مەم و زینی ٠ئەحمەدی خانی و ڕۆمیوجۆلێت)ی شەکسپیردا وەرگرت..

مامۆستای ڕەوانبێژی چۆن لە قۆناخی سەرەتاییدا مامۆستایەکی کەم وێنە بووە لە قۆناخەکانی ئامادەیی و زانکۆشدا مامۆستایەکی سەرکەوتووی ئەزمووندار بووە.

لەو دەمەدا کە مامۆستای زانکۆ بوو چەندان شاکاری ئەدەبی وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی، بەر لەوانەش شاکارەکەی (ئەحمەدی خانی، مەم و زین) بە شێوازێکی نایاب وەریگێڕاوەتە سەر

زمانی ئینگلیزی، بەوە میللەتانی بیانی بە هزرو کەلتووری کوردی ناساندوە.. بووە بە پردێک، لەم سەرەوە ئەدەب و هونەری کوردی بۆ ئەو سەر ڕەوانە کردووە، لەو سەریشەوە بیر و هزری میللەتانی بیانی بۆ ئەم بەرهاوردە کردووە بەبیر و هۆشی کوردی ئاشنای کردوون.

بەو کارانەی وێڕای گەشەکردن بە هزری کوردی لەبواری ئەدەب و هونەر و فەلسەفە و میسیولۆژیادا زمانی کوردی ڕامکردووە، هەر بۆ نموونە: (کۆمیدیای یەزدانی) کە سێ بەرگە و هی (دانتی ئەلیجیری) ئیتالییە بەرگی یەکەمیان ناوی (فیردەس)ە، دووەم سێیەم (دۆزەخ و پاکژگا)ن، ئەم کۆمیدیای یەزدانییە یەکێکە لەو دە کتێبە کە بیر و باوەڕی ئادەمزادی کۆنیان گۆڕی، یەکێکیشە لە هۆکارە گرینگەکانی بەرپابوونی ڕێنیسانسی ئەوروپا لە سەدەی پانزەهەمدا.

گرینگیەکەی کۆمیدیای یەزدانی لەوەدا بووە بە زمانی ئیتالی ئەو سەردەمە نووسرابوو، ئەوە بۆ یەکەمجار بوو کتێبێک بە زمانی لاتینی نەنووسرێت کە زمانی ئایین بوو، ئەو بوو ئەو ڕچەی شکاند کە میللەتانی ئەوروپا فێربن نەترسن بە زمانی نەتەوەی خۆیان بنووسن.

کەس پاساوی ناشیر بۆ گۆشە گیریەکەی عەزیز گەردی نەهێنێتەوە، ئەو نهێنییەکی دۆزیبووەوە، ئەو نهێنییە کلیلێک بوو دەرگای خزمەتکردنی نەتەوەکەی و بەرهەمدانی هزری نوێی گەلەکەی دەکردەوە. ئەو لەو سەدەفە دەچوو کە بۆ بەرهەمدانی مرواری دەچێنرێ، ئەو قاپوولکەی سەدەفە ئەگەر لەناو دەریایەکی مەند و بێ شەپۆلدا نەچێنرێت بەرهەم نادات.

چی نووسەر و هونەرمەند و زانایانی جیهان هەن لە خەڵوەتخانەیەکی وەکو نووسینگەکەی عەزیز گەردیدا - دوور لە ژاوەژاو و ئاژاوەی خەڵک بەرهەمیان داوە.

عەزیز گەردی چرایەک بوو هەموو شێوە زارەکانی زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی ئەودا دەخوێنرانەوە، لەبەر تیشکی ئەودا ئەدەب دۆستانی کوردی بەهزری بێگانە ئاشنا دەکرد، ژیانی بۆ خۆی نەبوو بۆ نەتەوەکەی تواندیەوە.

هۆ مامۆستای ڕەوانبێژی، چوارینەکەی عومەر خەیامت لەیاد ماوە کە دەڵێ:

***(عومرت دووسەد بێ سێسەد بێ هەزار***
***لەم گۆڕەپانە دەر دەچی ناچار***



عەزیز گەردی، شێخ محەمەد کەریم، سەعید ناکام، حەمەکەریم هەورامی

***هەردوو یەک نرخە، هەر وەکو یەکە***
***پاشای شاران بی یا گەدای بازاڕ)***

تۆ میری وشەی کوردیت، تۆ فەنەرەی ڕۆخی دەریای ئەدەبی کوردی بووی، نامری لەناو بیروهۆشی کورداندا دەژی، کەس لە مەرگ قوتار نابێ، مردن دیاردەیەکی یەکسانییە، کەسیش لە نهێنی ژیان تێ ناگات، بیهودەیە، هیچ مەبەستێکی تێدا بەدی ناکرێ، ئەوەی هەبێ بەرهەمدانە، هەر جۆرە بەرهەمێکی چاکە بەخش بێ، ئەوەیە بەدەستی خاڵییەوە سەفەر نەکەی نەچیتە حزوور.

شاعیری گەورەی کورد مەولەوی دەفەرمێ:

***(هەرچی دیت وەچەم شی نە سەفەردا***
***هەرچی مەوینی مانە گوزەردا***
***کەس حاڵی نەبی و هیچ کەس نەفاما***
***ئەو پەی چێش لواو ئێد پەی چێش ئاما).***

هۆ مامۆستای ڕەوانبێژی، بۆ بارەگای یەزدان دەچی، ماندووی، وا: (ئەحمەدی خانی، پرتە و بەگی هەکاری، خانای قوبادی، مەولەوی، حاجی قادری کۆیی، نالی، پیرەمێرد، وەفایی، هەژاری موکریانی، هێمن، سەعید ناکام، جگەرخوێن، عوسمان سەبری، میقداد بەدرخان، شێرکۆ بێکەس، نەسرین فەخری، خەزنەدار، گیوی موکریانی، خاتوو زین، مەستوورەی ئەردەڵانی و هی تریش...) بەپیرتەوە دێن ڕێنموونیت بەرەو بارەگای شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری کوردستان دەکەن، ئەو خێوەتانە ببینە، هەزارەها هەزارن، تا چاو بڕ بکات خێوەتی ئەوانە، ئەوپەڕیان دیار نییە... لەگەڵیان بڕۆ لە بارەگای یەزداندا خێوەتی تایبەتت بۆ هەڵدراوە.. ئەگەر لێتیان پرسی ڕەوشی کتێب و نووسین و ڕوشنبیری چلۆنە پێیان مەڵێ با خەمبار نەبن... هەر ئەوەندە بڵێ: (إنا لله وإنا إليه راجعون).

**“ لە زانکۆی موسڵ لە بەشی زمانی فەرەنسی وەردەگیرێ، لەوێش بە یەکەمی کۆلێژ دەردەچێ ”**

## ساڵی ١٩٧٠ تاکو ساڵی ١٩٧٦

# بیبلیۆگرافیای بابەتەکانی عەزیز گەردی لە ڕۆژنامەی هاوکاری



ئامادەکردنی:
د. ئەحمەد حەمەدئەمین

عەزیز گەردی لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە ناوێکی دیاری نێو دونیای زمان و ئەدەبی کوردییە، لەو بوارەدا جێ پەنجەی دیارە و پێویستی بە ناساندن نییە، وەڵی وەکو وەفایەک بۆ ڕوحی پاکی و دەرخستنی ناوونیشانی بابەتە بڵاوکراوەکانی لە ڕۆژنامەی هاوکاری دا، بەندە ئامادەکردنی ئەو بیبلیۆگرافیایەی بە ئەرک زانی.

عەزیز گەردی وەکو لە نامەیەکدا بۆ دکتۆر شوکریە ڕەسووڵ نووسیویەتی یەکەم وتاری لە ڕۆژنامەی هاوکاری ساڵی ١٩٧٠ بڵاوکردۆتەوە، بەدوای ئەوەش لەو ڕۆژنامەیە تا ساڵی ١٩٧٦ بابەتی هەم بە ناوی خۆیی، هەمیش بە ناوی خوازراوی «ڕاوچی» تێدا بڵاوکردۆتەوە.

شایەنی باسە، بابەتەکانی عەزیز گەردی لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا تێکڕایان لە چوارچێوەی زمان و ئەدەبدا دەخوولێنەوە، گرینگی و بایەخی زۆریان هەیە.

لە ئامادەکردنی ئەم بیبلیۆگرافیایەدا بابەتەکانم بەسەر سێ چین دابەشکردوون. یەکەمیان ئەو بابەتانەی بە خۆی نووسیویەتی و بەناوی خۆی بڵاویکردوونەتەوە. دووەمیان ئەو بابەتانەی بە ناوی خوازراوی ڕاوچی نووسراون، سێیەمیشیان ئەو بابەتانەی لە زمانی دیکەوە وەریگێڕاون. سەرجەمی بابەتەکان (٧٢) بابەتن (٤٩) بابەت بە ناوی خۆی نووسراون (٤) بابەتی بەناوی خوازراوی (ڕاوچی) بڵاوکراونەتەوە (١٩) بابەتیش وەرگێڕانن.

عەزیز گەردی لەو ماوەیەی لە ڕۆژنامەی هاوکاری دا بابەتەکانی بەپێی ساڵەکان بەم شێوەیە بڵابوونەتەوە:

- ساڵی ١٩٧٠ (٧) بابەت.
- ساڵی ١٩٧١ (١٨) بابەت.
- ساڵی ١٩٧٢ (١٢) بابەت.
- ساڵی ١٩٧٣ (١٩) بابەت.
- ساڵی ١٩٧٥ (٣) بابەت.
- ساڵی ١٩٧٦ (١٣) بابەت.

**یەکەم: بیبلیۆگرافیای ئەو بابەتانەی عەزیز گەردی خۆی نووسیونی.**

- ئەرکی لێکۆڵینەوەی وێژەیی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٩) ١٤ی مارتی ١٩٧٠، ل٩ و ١٥.
- چەند سەرنجێک دەربارەی نووسراوە لاتینییەکەی موقەدەم عەزیز، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣٠) ٦ی ئابی ١٩٧٠، ل٨.
- ئەرکی وێژە لە ژیان دا، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣١) ٩ی ئابی ١٩٧٠، ل٨.
- لە بیرەوەری ٢٢ ساڵەی کۆچی دوایی دڵداری جوانەمەرگ، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٤٣) ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠، ل٨ و ٦.
- لە بیرەوەری ٢٢ ساڵەی کۆچی دوایی دڵداری جوانەمەرگ، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٤٤) ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٠، ل٨.
- وێژە و ڕەگەزەکانی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٤٦) ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٠، ل٨ و ٣.
- ئەو دوو لاوک بێژەی کورد حەمۆ و حەسۆ، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٤٨) ٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠، ل٣ و٤.
- پۆشین «التورية» لە ئەدەبی کوردی دا، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٥٢) ٢ی کانوونی دووەمی ١٩٧١، ل١١ و ١٥.
- چەند تێبینەک لە بابەت ئەلف و بێی نوێ ی بژارکراو، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٧) ٢٧ی شوباتی ١٩٧١، ل٦ و ٧.
- نرخی وشە لە هۆنراوەدا، بەشی یەکەم، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٣) ١٠ی نیسانی ١٩٧١، ل٦.
- نرخی وشە لە هۆنراوەدا، بەشی دووەم، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٤) ١٧ی نیسانی ١٩٧١، ل٦.
- ئێمە دیلی ژێردەستی وشەین، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٢٣) ١٠ی تەمووزی ١٩٧١، ل٦
- هۆنراوەی کوردی و عەروزی عەرەبی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٢٥) ٢٤ی تەمووزی ١٩٧١، ل٣.

– ڕوخسار و ناوەرۆک لە هۆنراوەی کوردی دا، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٢٩) ١٤ی ئابی ١٩٧١، ل٦ و ٧.
– خەندەکەی بایی و هۆنراوەی ئەمڕۆمان، بەشی یەکەم، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣٢)، ١١ی ئەیلوولی ١٩٧١، ل٣ و ٦.
– خەندەکەی بایی و هۆنراوەی ئەمڕۆمان، بەشی دووەم، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣٣)، ١٨ی ئەیلوولی ١٩٧١، ل٣ .
– بەراورد و بەسەرگرتنەوە، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣٥) ٢ی تشرینی یەکەمی١٩٧١، ل٦ و ٧.
– کێش لە شیعری کوردی دا لەگەڵ مامۆستایان ئەحمەد هەردی و ڕەئوف عوسمان دا، بەشی یەکەم، ڕۆژنامەی هاوکاری (٣٦) ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١، ل٦.
– کێش لە شیعری کوردی دا لەگەڵ مامۆستایان ئەحمەد هەردی ورەئوف عوسمان دا، بەشی دووەم، ڕۆژنامەی هاوکاری (٣٧) ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١، ل٦ و ٧.
– کێش لە شیعری کوردی دا لەگەڵ مامۆستایان ئەحمەد هەردی و ڕەئوف عوسمان دا، بەشی سێیەم، ڕۆژنامەی هاوکاری (٣٨) ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١، ل٦ و ٧.
– یادی ٢٣ ساڵەی کۆچی دوایی دڵداری تێکۆشەر، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٤١) ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٧١، ل٦.
– ڕەخنە چییە و چۆن دەبێ؟ ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارەی  تایبەت، ١ی کانوونی دووەمی ١٩٧٢، ل١٧ و ٢٤.
– ئاوازی وشە لە هۆنراوەدا، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٠٠) ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٧٢، ل٣ و ٧.
– نامەیەکی کراوە بۆ د. مارف خەزنەدار، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٠٨) ژ٨ی مارتی ١٩٧٢، ل٣ و ٤.
– ئەرێ بۆچی باسی ئەو چیرۆکە دەکەم؟ ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١١١) ٨ی نیسانی ١٩٧٢، ل٣.
– لاپەڕەی هەشت و سێ وێنە، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١١٤) ٢٩ی نیسانی ١٩٧٢، ل٨ و ٧.
– فالچی و دەردی نەزانی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٢١) ١٧ی حوزەیرانی، ١٩٧٢، ل٣ و ٧.
– کۆن و نوێ لە هۆنراوەی کوردی دا، بەشی یەکەم، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٢٢) ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٧٢، ل٣ و ٧.
– کۆن و نوێ لە هۆنراوەی کوردی دا، بەشی دووەم، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٢٣) ١ی تەمموزی ١٩٧٢، ل٣ و ٧.
– کۆن و نوێ لە هۆنراوەی کوردی دا، بەشی سێیەم، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٢٤) ٨ی تەمووزی ١٩٧٢، ل٣ و ٧.
– ناساندن و دوو نموونە، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٤٤) ١ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٢، ل٣ و ٧.
– داستانی ژاپۆنی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٥١) ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٧٣، ل٣ و ٧.
– چاوخشاندێک بە چەند سەرنجێکی سەر پێی دەربارەی کۆن و نوێ لە هۆنراوەی کوردی دا، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٥٤) ١٦ی شوباتی ١٩٧٣، ل٣.
– نوێ کردنەوە لە شیعری کوردی، بەشی یەکەم، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٥٥) ٢٣ی شوباتی ١٩٧٣، ل٣ و ٧.
– نوێ کردنەوە لە شیعری کوردی، بەشی دووەم، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٥٦) ٢ی مارتی ١٩٧٣، ل٣.
– والت ویتمان لە پەلکەگیا و داپیرۆچگەدا، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٥٧) ٩ی مارتی ١٩٧٣، ل٣ و ٧.
– دڵدار کەی لە دایک بووە، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٦١) ٦ی نیسانی ١٩٧٣، ل٣ و ٧.
– شانۆگەری فالچی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، بەشی یەکەم، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٧٣) ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٧٣، ل٦ و٧.
– شانۆگەری فالچی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، بەشی دووەم، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٧٤) ٦ی تەمووزی ١٩٧٣، ل٦ و٧.
– شانۆگەری فالچی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، بەشی سێیەم، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٧٥) ١٢ی تەمووزی ١٩٧٣، ل٦ و٧.
– چەند سەرنجێک لەبارەی زاراوی کارگێڕیی کۆڕی زانیاری کورد، بەشی یەکەم، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٨٠) ١٧ی ئابی ١٩٧٣، ل٤ و٧.
– چەند سەرنجێک لەبارەی زاراوی کارگێڕیی کۆڕی زانیاری کورد، بەشی دووەم، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٨١) ٢٤ی ئابی ١٩٧٣، ل٤ و٧.
– چەند سەرنجێک لەبارەی زاراوی کارگێڕیی کۆڕی زانیاری کورد، بەشی سێیەم، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٨٢) ٣١ی ئابی ١٩٧٣، ل٤ و٧.
– چەند سەرنجێک لەبارەی زاراوی کارگێڕیی کۆڕی زانیاری کورد، پاشماوەی بەشی سێیەم، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٨٣) ٧ی ئەیلوولی ١٩٧٣، ل٤ و٧.
– چەند سەرنجێک لەبارەی زاراوی کارگێڕیی کۆڕی زانیاری کورد، بەشی چوارەم، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٨٤) ١٤ی ئەیلوولی ١٩٧٣، ل٤ و٧.
– ئۆدل بە بۆنەی کۆچکردنی یەوە، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٩٠) ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣،

ل٦ و٧.
- چەپکە شیعرێکی ژاپۆنی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣٠٨) ١١ی مارتی ١٩٧٦، ل٨ و ١١.
- ئارنولدتیت و چەشەی ئەدەبی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣١٢) ٨ی نیسانی ١٩٧٦، ل٤ و ١١.
- شێوەی نووسین، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣١٨) ٢٠ی مایسی ١٩٧٦، ل٩.

**دووەم: بیبلیۆگرافیای ئەو بابەتانەی بە ناوی خوازراوی (ڕاوچی) بڵاوی کردوونەتەوە**

- ڕاوچی، شاعیر ڕێبوارێکە بەدوای ڕاستی دا دەگەڕێ، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١١٢) ١٥ی نیسانی ١٩٧٢، ل٣ و ٧.
- ڕاوچی، قسەی فێنک، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٢٦٠) ٢٨ی مارتی ١٩٧٥، ل٨ و ٧.
- ڕاوچی، قەسی فێنک، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٢٦٢) ١١ی نیسانی ١٩٧٥، ل ٨.
- ڕاوچی، مێژووی پەیدابوونی پولی پۆستە، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٢٦٨) ٢٣ی مایسی ١٩٧٥، ل٨ و ٧.

**سێیەم: بیبلیۆگرافیای ئەو بابەتانەی عەزیز گەردی لە زمانی دیکەوە بۆ زمانی کوردی وەریگێڕاون**

- لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی چیرۆکی مەم و زین شاکاری ئەحمەدی خانی، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١) ٩ی کانوونی دووەمی ١٩٧١، ل٦ و ٧.
- لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی چیرۆکی مەم و زین شاکاری ئەحمەدی خانی، وەرگێڕانی، عەزیز گەردی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣) ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٧١، ل٦ و ٧.
- داستانی مەم و زین شاکاری ئەحمەدی خانی، وەرگێڕانی، عەزیز گەردی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٦) ٢٠ی شوباتی ١٩٧١، ل٦.
- هنری لونگنلوو، تێرێکم هاوێشت، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٢٧) ٧ی ئابی ١٩٧١، ل٣.
- مەحموود دەروێش، بۆ ئەو مرۆڤەی، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٠٦) ٤ی مارتی ١٩٧٢، ل٣.
- شیعری ژاپۆنی، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٤٩) ٥ی کانوونی دووەمی ١٩٧٣، ل٣ و ٧.
- ئۆسکارمیلوش، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٨٧) ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣، ل٦.
- موریس موترلینگ، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٨٩) ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣، ل٦.
- جان کۆکتۆ، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٩١) ٢ی تشرینی دووەمی ١٩٧٣، ل٦.
- چەشەی ئەدەبی، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣١٣) ١٥ی نیسانی ١٩٧٦، ل٥ و ٧.
- چەشەی ئەدەبی، پاشماوەی ژمارەی پێشوو، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣١٤) ٢٢ی نیسانی ١٩٧٦، ل٤ و ٥.
- چەشەی ئەدەبی سێ نیشانەی ئەدەبیاتی کلاسیکی، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣١٥) ٢٩ی نیسانی ١٩٧٦، ل٥ و ١١.
- چەشەی ئەدەبی لە کوێوە دەست پێ بکەین؟ وەرگێڕان: عەزیز گەردی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣١٦) ٦ی نیسانی ١٩٧٦، ل٤ و ٥.
- ئەرکادی کۆلشۆف، گوڵەبەڕۆژە، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣١٧) ١٣ی مایسی ١٩٧٦، ل٥
- وڵبەرت سوکوت، هەڵسەنگاندنی ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، یەکەم: ڕێبازی ڕەوشت پەروەری، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣١٩) ٢٧ی مایسی ١٩٧٦، ل٤ و ١١.
- وڵبەرت سوکوت، هەڵسەنگاندنی ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، دووەم: ڕێبازی سایکۆلۆجی، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣٢٠) ٣ی حوزەیرانی ١٩٧٦، ل٤ و ١٠.
- وڵبەرت سوکوت، هەڵسەنگاندنی ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، سێیەم: جوانناسی یا شێوەخوازی ڕێبازی ڕەخنەی نوێ، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣٢١) ١٠ی حوزەیرانی ١٩٧٦، ل٤.
- وڵبەرت سوکوت، هەڵسەنگاندنی ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چوارەم: ڕێبازی کۆمەڵایەتی، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣٢٢) ١٧ی حوزەیرانی ١٩٧٦، ل٤.
- وڵبەرت سوکوت، هەڵسەنگاندنی ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، پێنجەم: ڕێبازی فیسیۆلۆجی ئەدەب و ئەفسانە، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣٢٣) ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٧٦، ل٤ و٩.

## له دەفتەری نەمریدا



مەڕۆ
مەڕۆ بەفر دەبارێ و سەرمات دەبێت
گڕ لە باڵای من بەربدە
مەڕۆ و هەر بۆ تاقە شەوێک
لادە ئاوەدانی دڵم و
دەواری عیشقت هەڵبدە

ساڵی ١٩٧٥

# نەوزاد ڕەفعەت (١٩٥١–٢٠٢٢/٧/٤)

# نەکۆڕەکە کرا و نە منیش نامەکەی زامدارم گەیاندە شێرکۆ بێکەس

ئەگەر هەڵە نەبم ساڵی ٢٠٠٠ بوو، بەڵام چ ڕۆژێک و چ مانگێک بوو بیرم نییە، لە ناماکەشدا هیچ ئاماژەیەک بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ نەکراوە. هێشتا ئاسەواری شەڕی ناوخۆ بەیەکجاری نەڕەوییەوەوە، ئەگەرچی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن لە نێوان یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ئیمزا کرا بوو، کۆتای بەشەڕی ناوخۆ هاتبوو، بەڵام ململانێ و دووبەرەکییەکان لەسەر ئاستی جیاجیا دەبینران. سەنتەری نما ویستیان کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە، لە هۆڵی ڕۆشنبیریی شاری هەولێر بۆ شێرکۆ بێکەس ڕێکبخەن، ئەو ڕۆژە کاسانێکی زۆر بە تامەزرۆوە لەبەردەمی هۆڵەکە کۆببوونەوە، لە چاوەڕوانی هاتنی شێرکۆ بێکەس و کۆڕە شیعرییەکەدا بوون، لەپڕ ئاگادار کراینەوە کە ئیدارەی هەولێر ڕێگەی نەداوە ئەم کۆڕە شیعرییە ئەنجام بدرێت. ڕۆژی پێشتر مەحموود زامدار پارچە کاغەزێکی دایە دەستم، بۆ ئەوەی ئەوە ڕۆژەی شێرکۆ دێتە هەولێر و کۆڕە شیعرییەکەی دەکات من نامەکەی بگەینمە دەستی، چونکە ئەو ڕۆژەی کە ئەو لە هەولێرە، ئەم لە سلێمانییە. بەڵام مخابن نەکۆڕەکە کرا و نە منیش نامەکەی زامدارم گەیاندە شێرکۆ بێکەس.

**سمکۆ عەبدولکەریم**



شێرکۆی برا

بەخێربێیتەوە .. سەرچاوان

زۆر ئەلهامم دەکرد لەم کۆڕەدا ئامادە بم و گوێ بۆ چریکەی شیعرە شیرینەکانت ڕادێرم و دەروونی پێ شیعر پڕێن بکەم. بەڵام حەفتەیەکە لەگەڵ چەند برادەرێک ڕێککەوتووین ئەمڕۆ - بەرێککەوت - سەر لە (موکری) بدەین لە سلێمانی ... جارێکی تر سەرچاوان

سەرنجۆکەیەک

ئەرێ برا لە ژیانی ئەدەبیتا کەمم بۆت نەکردووە .. نازانم بۆ دیوانەکانت بۆم نانێری .. کوا ئەو پارەیەم تا بیانکڕم ئەی وانیە؟

م. زامدار

**شێرکۆی برا**

بەخێربێیتەوە.. سەرچاوان

زۆر ئەلهامم دەکرد لەم کۆڕەدا ئامادە بم و گوێ بۆ چریکەی شیعرە شیرینەکانت رادێرم و دەروونی پێ شیعر پڕێن بکەم.

بەڵام حەفتەیەکە لەگەڵ چەند برادەرێک ڕێککەوتووین ئەمڕۆ – بەرێککەوت – سەر لە (موکری) بدەین لە سلێمانی... جارێکی تر سەرچاوان.

سەرنجۆکەیەک

ئەرێ برا لە ژیانی ئەدەبیتا کەمم بۆت نەکردووە .. نازانم بۆ دیوانەکانت بۆم نانێری.. کوا ئەو پارەیەم تا بیانکڕم، ئەی وانیە؟

**م. زامدار**

# هونەرمەند جەلال بەیار و بانگدان لەمزگەوت

سالار گۆشار

لەرۆژێکی زۆرساردی ساڵی ٢٠٠٥دا ورۆژێکی تەواو لەگەڵ هونەرمەندی کۆچکردوو (جەلال بەیار) دابوم بەرنامەیەکم هەبوو بەناوی (لەرۆژێکدا) لەتەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، کەناڵی هەولێر پێشکەش دەکرا. شێوازی ئەم بەرنامەیە وابوو هەرلەبەیانی زووەوە لەگەڵ هونەرمەندەکە دەبووین تاکوو ئێوارە. رۆژەکەی چۆن با ئاوامان تۆمار دەکرد، بەبێ هیچ رێتووش و سیناریۆیەک، لەناو ئەم رۆژەشدا باسی هەموو ئەرشیف و کارە هونەرییەکانی هونەرمەندەکەمان دەکرد، ئێستا ئەم بەرنامەیە بەشەونخونییەکی زۆرەوە کردومەتە کتێبێک، زۆری نەماوە چاپ و بڵاوبکرێتەوە و بکەوێتە بەردیدی خوێنەران. کەپێکهاتووە لە ٢٥ هونەرمەند. ئەگەرچی بەشێک لەو هونەرمەندانەی ناو کتێبەکەم کۆچی دواییان کردووە، رۆحیان شادبێ.

لەگەڵ هونەرمەند جەلال بەیار ئەو رۆژە چووینە زۆرشوێن، بەرێوەبەرایەتی هونەری شانۆ، ناو قەیسەری، لەهەمووی خۆشتر گەرەکی عارەبان بوو کە هونەرمەند جەلال بەیار منداڵی و مێرمنداڵی لەوگەرەکە بەسەر بردبوو. ئەو گەرەکە مەخفەرێکی شورتەی خەیالەی کۆنی لێبووە، کە باوکی هونەرمەند جەلال بەیار لەوێ شورتە بووە، بەیار دەڵێ: زۆرجار لەو مەخفەرەی دەهاتمە کن بابم، دوایی دەچووینە مزگەوتێک، کە بەمزگەوتی (پاشا) ناودەبرا.

هونەرمەند جەلال بەیار پێنج فەرزە لەو مزگەوتە نوێژی کردووە، لەبەرئەوەش دەنگی خۆشبووە، زۆرجار مەلای مزگەوت بە هونەرمەند جەلال بەیاری گوتووە: برۆ بانگدە، ئەوکاتیش بانگدان لەسەربانی مزگەوتێ بووە، مایک و بڵندگۆ نەبووە، ماڵێکی کریستیانیش کە کەوتبوونە بەرامبەر مزگەوتی (پاشا)ی کچێکی زۆرجوانیان هەبووە، (قژ کاڵ و چاوکاڵ بەفر و خین) وەکوو هونەرمەند جەلال بەیار دەیگوت: ناوی( هاپێر) بووە. هەرکاتێ هونەرمەند جەلال بەیار چووە بانگ بدات (هاپێر)یش بەکات و ساتی بانگدانی زانیوە دێتەسەربانی خۆیان، رووبەرووی سەربانی مزگەوتێ. جەلال بەیار دەیگۆ: کە دەچووم بانگ بدەم (هاپێر)یش دەهاتە سەربانی و موغازەلاتی لەگەڵ دەکردم ئیشارەی دەدا، ئەمنیش فیکرم دەرۆیشت، پاش و پێشی بانگدانەکەم دەکرد، لێم تێکدەچوو، لەباتی جارەک بڵێم (حي على الصلاة) بیست جارم دووبارە دەکردەوە بانگدانەکەم زۆردرێژ دەکردەوە هەتاجارێک مەلای مزگەفتێ لێم بەدەنگ هات و گۆتی: کورە ئەتوو گۆرانی دەڵێی، یان بانگ دەدەی، وەرەخوارێ. ئەمنیش دەمگۆ: ئێ وەڵڵا مامۆستا ئەمن خەتام نییە. ئەوکچە (فەلە) ئەمنی لەدین و دنیایێ کردیە.

ئەوە یەکێک لەیادگاریەکانی ئەوێ رۆژێی هونەرمەند جەلال بەیار بوو. زۆر بەسەرهاتوو یادگاری دیکەشی لەو رۆژەدا بۆ گێراینەوە. هەمووی لەم کتێبەکەدا باسکراوە.

**“ هونەرمەند جەلال بەیار پێنج فەرزە لەو مزگەوتە نوێژی کردووە، لەبەر ئەوەش دەنگی خۆشبووە، زۆرجار مەلای مزگەوت بە هونەرمەند جەلال بەیاری گوتووە: برۆ بانگدە ”**



# چۆن دەستم پێکرد؟

محەمەد سەعید ساڵح مزووری

لەساڵی ١٩٨٣ەوە لەبازاڕی شێخەڵڵا شوێنمان هەیە و ئەو ئیشەی دەکەم، بۆیە دەتوانم بڵێم، بەنزیکەی ماوەی ٤٠ ساڵە، ئیشی هەنگوین دەکەم، لەپاڵ فرۆشتنی هەنگوین، بابەتی وشکەی وەکو (گوێز و باوی و مێووژ و ناوکە کەنگر و فستق)یشم فرۆشتووە، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٠ەوە ئیدی بەس بۆ کڕین و فروشتنی هەنگوین، خۆم یەکلاکردەوە.

شتی وا نییە کە دەڵێن هەنگوینی سەد دەرسەد ئەسلی نییە، چونکە من خۆم لەدوکانەکەم هەنگوینی ئەسلیمان سەد دەر سەد هەیە. هەنگەوانمان هەیە هیچ کاتێک شەکر ناداتە هەنگەکانی، بۆیە هەنگوینەکەی سەد دەر سەد ئەسلییە، بەڵام هەر لەناو هەنگەوانەکان، هەشە بەس وەرزی بەهاران شەکر دەداتە هەنگەکانی، ئەویش بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، بەتایبەت لەئاخیری مانگی دوو و سەرەتای مانگی سێ، تاکو مانگی سێ تەواو دەبێت جارێک، یان دوو جاری دیکە شەکری دەداتێ، ئەو شەکرەش نابێت بەهەنگوین، تەنیا بۆ ئەوەیە هەنگەکان بەهێزبن و ببوژێنەوە و شەلغەی پێ دەردەکەن، ئینکاری ئەوەش ناکرێ کە بەڵێ هەنگەوان هەیە بەبەردەوامی شەکر دەداتە هەنگەکانی و تا وەرزی پاییزێ لەسەری بەردەوام دەبێت، ئەوە هەنگوینەکەی شەکرە و هەر بەشەکر خواردووش دەفرۆشێت و نرخەکەیشی هەرزانترە لەهەنگوینی دیکە.

ئێمە هەنگوینەکەمان لەزۆر شوێن و ناوچەی جیاوازی کوردستان بۆ دێت، هەر لەدۆلی بالەیان و بناری قەندیل، تاکو (ناودەشت)ی بناری قەندیل، حاجی ئۆمەران، کوێستانەکانی سیدەکان، هۆرنەی باڵەکایەتی، لەدەڤەری مێرگەسوور و مزووری باڵا و تەواوی ئەو شوێنانە، هەنگوینمان بۆ دێت.

دەشتوانم بڵێم کە باشترین جۆری هەنگوین، ئەوەیە شەکری نەخوار دبێت، بۆیە لەهەر شوێنێک بێت گرنگ نییە، گرنگ شەکری نەخوارد بیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەنگوین بۆ خۆشی تامەکەی، دەبێت خواردن و لەوەڕی هەنگەکە لەبەرچاو بگیرێت، چونکە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر تام و بۆن و جۆری هەنگوینەکە هەیە و بەگوێرەی خواردنی هەنگەکە، تام و بۆنی هەنگوینەکەش دەگۆڕێت.

لەوەڕی هەنگیش بەشێوەیەکی گشتی، ئەو گیا و دار و گوڵانەی کە شیلەیان زۆرە، هەنگ سوودی لێ دەبینێت، بەتایبەت لەکوێستانەکان، گوڵی گوێنی و کەرکۆل و چاترە و تێسو و داری سماق و یوکالیپتوس و داری سیدریس، زۆر باشە و وادەکات هەنگوینەکە بەتام و لەززەت بێت، بەڵام ئەم دارە (سیدریس) لەکوردستان نەبوو، ئەوە دووسێ ساڵە دەیچینن.

لەو کارەی خۆمدا، لەماوەی ئەو چل ساڵەی ڕابردوودا، زۆر یادگاری خوشم هەیە لەگەڵ هەنگەوانەکان و کڕیارەکان، بەڵام لەهەمووی خۆشتر، لەگەڵ کاک (بەدران ئەحمەد حەبیب)ی نووسەر و وەرگێڕە، ئەویش بەهۆی لێکچوونی ژمارە تەلەفۆنەکانمان بوو، ژمارە تەلەفۆنی من ٤٤٥١٥١٠ بوو، هی ئەویش ٤٤٥١٠١٥ بوو، جا زۆر لەدۆست و ناسیاوەکان، کاتێ دەیانگۆت ژمارەکەت

چەندە؟ کە پێمدەگوتن، یەکسەر دەیانگوت ئاسانە و پێویست ناکا بینووسین و لەبیری ناکەین! بەڵام کاتەک کە تەلەفونیان دەکرد، ژمارەی (بەدران ئەحمەد)یان لێ دەدا، بەپێچەوانەوەش، منیش تەلەفۆنی ئەوم زۆر بۆ دەهاتن! ئەوانەی کە تەلەفۆنیشیان دەکرد، کاتی وا هەبوو بەیانی زوو دەیانکرد یاخود درەنگانی شەو، لەبەرانبەریشدا زۆر تەلەفۆنی منیش بۆ کاک بەدرانی دەچوون.

جارێک تەلەفونەکم بۆ هات، پرسیاری هەنگوینی کرد، دیاربوو زۆری پرسیار کردن؟ منیش گوتم فەرموو برام چت دەوێت با خزمەتت بکەم، چونکە دیارە نە هەنگوین کڕی و نە هەنگەوانی؟! ئەویش گوتی: ڕاستە، من لە (ڕۆژنامەی ڕووداو)ەوە تەلەفۆنت بۆ دەکەم، ئەوە کاک بەدران پێی گوتیمە بزانە ئەو کابرایە چ کارەیە ئەو هەموو تەلەفۆنەی بۆ دێتن؟ منیش تەلەفۆنی کاک بەدرانیم کرد. ئەویش گوتی: ڕۆژ نییە چەند کەس تەلەفۆنم بۆ نەکات و هەمووشیان پرسیاری هەنگوینم لێ دەکەن؟ منیش ڕۆژانە بۆت دەکڕم و دەفرۆشم!

دوایێ لەڕۆژنامەی ڕووداو، بڵاویان کردەوە و نووسیبوویان: «بەدران ئەحمەد هەنگوین نافرۆشێت».

لەکۆتایدا، دەمەوێت ئەوە بڵێم کە کێشەی ئێمەی هەنگوین فرۆش، مەینی هەنگوینە! چونکە هەنگوینی ئەسلی دەمەیێت، بۆیە ئەوانەی کە تائێستا نازانن هەنگوینی ئەسلی بناسنەوە، با لێرەوە بزانن کە ئەگەر هەنگوین بمەیێت، ئەوە هەنگوینێکی باشە، بەڵام لای خەڵک تاکو ئێستا وا باوە، دەڵێن: ئەگەر هەنگوین بمەیت، ئەوە شەکرە! کە لەڕاستیدا پێچەوانەکەی ڕاستە، بۆیە ئەم زانیارییە لەسەر هەنگوین هەقە هەموان بزانن: «هەنگوین ئەگەر بمەیی بەمانای شەکر نییە، بەڵکو ئەوە نیشانەی باشی هەنگوینەکەیە!».

لێرەوەش بەهەنگوین کڕەکان دەڵێم: ئاگاداری ئەو هەنگوینە بن کە دەیکڕن، چونکە هەر هەنگوینێک ئەگەر نەی بەستێت و نەمەیت، ئەوە هەنگوین نییە، بەڵکو لەمەعمەلی دروست کراوە، بۆ ناسینەوەشی، دەبێ بزانن کە هەنگوینی ساختە، هەم تام و بۆنی هەیە، هەم نای بەستێت!

بۆ جیاکردنەوەی هەنگوینی ئەسلیش لەهی ساختە، بەتایبەت بۆ ئێمەمانان، زانینی سەرچاوەی هەنگوینەکەش پێویستە، لەگەڵ خاوەنی هەنگوینەکە، واتا هەنگەوانەکە، چونکە ئەگەر هەنگەوانەکە بناسی و دڵنیابی لەوەی کە پیاوێکی دەستپاک و خاوێنە، ئەوە هەنگوینەکە وەک براند و مارکە وایە!

> **بەهۆی لێکچوونی ژمارە تەلەفۆنەکانمان، (بەدران حەبیب) دەیگوت: ڕۆژ نییە چەندین کەس تەلەفۆنم بۆ نەکات و هەمووشیان پرسیاری هەنگوینم لێ دەکەن؟ منیش ڕۆژانە بۆت دەکڕم و دەفرۆشم!**



# سالۆنی لاپەڕە (٩)



## لە چەپکێکەوە بۆ چەپکێکی دی

ڕۆژی ٢٠٢٢/٧/٤ لە مەراسیمێکی شایستەدا بە بۆنەی تەمەنی یەک ساڵەی گۆڤاری (دیوان) دکتۆر ئەحمەد حەمەدەمین وەکو وەفایەک بۆ ئەم گۆڤارە، بە ناوونیشانی (گۆڤاری دیوان لە یەک ساڵی تەمەنیدا) هەڵسەنگاندن و بیبلیوگرافیایەکی لە دووتوێی نامیلکەیەک ئامادەکرد و لەو مەراسیمەدا بڵاوکرایەوە.
سەرەتای مەراسیم بە وەستان بۆ گیانی کۆچکردووانی قەڵەم مامۆستای وەرگێڕ عەزیز گەردی و هونەرمەندی شێوەکار فەیسەڵ عوسمان و هونەرمەندی گۆرانی بێژ محەمەد ئەحمەد ئەربیلی کە لە مانگی شەشی ئەمساڵدا کۆچی دواییان کرد، دەستی پێکرد.
لە گوتەیەکیدا سمکۆ عەبدولکەریم سەرنووسەری گۆڤاری دیوان سوپاسی هەموو ئەو نووسەرانەی کرد کە بەدرێژایی یەک ساڵی گۆڤار بە قەڵەمە بە بڕشتەکانیان هاوکار بوونە، وێڕای سوپاس و پێزانینی بۆ مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی و ناوەندی هەولێری مەکتەب، کە جگە لە پاڵپشتیان بۆ گۆڤار بە هیچ شێوەیەک دەستیان نەهێناوەتەڕێ و ئەوپەڕی ئازادییان بە گۆڤار داوە، بۆ ئەوەی گۆڤار سەرکەوتو بێت لە بەدیهێنانی پەیامی دەست پێکیدا، کە بڕیاریان دابوو گۆڤاری دیوان، گۆڤاری هەمووان بێت.
دواتریش ستران عەبدوڵڵا ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندن وتەیەکی پێشکەش کرد و ستایشی گۆڤارەکەی کرد، کە توانیویەتی لە یەک ساڵی تەمەنیدا ببێتە خاوەنی شوناسی خۆی.
دوابە دوای ئەویش دکتۆر ئەحمەد وەردەکاری چۆنیەتی ئامادەکردنی بیبلیوگرافیاکەی ڕوون کردەوە و تیشکی خستە سەر کتێبی گۆڤاری دیوان لە یەک ساڵی تەمەنیدا. پاشان







خەڵاتی ڕێزلێنان بە ستافی گۆڤار بەخشرا. ئەمەو جگە لە ڕێزلێنان لە تەلەفزیونی گەلی کوردستان - هەولێر. لە لایەن مەکتەبی ڕاگەیاندنەوە. لە پەراوێزی مەراسیمەکەشدا چەپکە گوڵی پیرۆزبایی سەعدی ئەحمەد پیرە پێشکەش بە گۆڤاری دیوان کرا.

لە کۆتایشدا هەریەک لە سمکۆ محەمەد و ستار محەمەدئەمین و نەهرۆ عالایی تێبینی و سەرنجی خۆیان خستەڕوو.

سمکۆ عەبدولکەریم باسی لەدەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە کرد و گوتی: لە ٢٠٢١/٦/٢٦ مەراسیمێکمان لەهۆڵی لقی هەولێری یەکێتی نوسەرانی کورد بۆ ژمارە یەکی گۆڤاری دیوان سازکرد ئەوکات کە دیوان–مان دەرکرد پەیامێکمان هەبوو کە ئێمە لەناو جیهانی سۆشیال میدیادا کە هەموومانی سەرقاڵ کردووە بڕێک بەها بۆ کاغەز بگێڕینەوە، هەر ئەوکاتەش پ.ی.د. ئەحمەد حەمەدەمین بڕیاریدا ئەگەر بەردەوام بین بیبلۆگرافیایەک و خوێندنەوەیەک و کۆمەڵێک سەرنجی خۆی لەدوو توێی نامیلکەیەکدا لەیادی یەک ساڵەی گۆڤاری دیواندا ئامادە دەکات.

دواتر ستران عەبدوڵڵا لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندنی ی.ن.ک لەبارەی ساڵیادی گۆڤارەکە وتەیەکی پێشکەشکرد و گوتی: زۆر خۆشحاڵم کە بەبۆنەی ساڵڕۆژی دەرکردنی گۆڤاری دیوان لێرە لەگەڵتاندا بەشدارم، لەسەرەتادا لەدەرکردنی ئەو گۆڤارە زۆر ترسام، چونکە یەکەم زانیم هەموو ئەو هەڤاڵانەی کە کاری تێدا دەکەن تموحی زۆر گەورەیان هەیە، ترسام ئەو تموحە بەر دۆخی ڕوناکبیریی بەگشتی کوردستان و بەتایبەتی هەولێر بکەوێت، بەتایبەتی لەئێستادا کە گۆڤاری کاغەزی لەهەرێمی کوردستان تۆزێک لەپاشەکشەدایە، بەتایبەتیش لەسەردەمی بڵاوبونەوەی پەتای کۆڕۆنا، چونکە خەریک بوو هەموو ڕۆژنامەکانیش دادەخران، بەڵام پێموایە هەموو خوێنەوارەکان ئێستە زیاتر ئەوەندەی خەریکی خوێندنەوەی کتێب و گۆڤارن، هێشتە ئەوەندە نەبوونەتە دۆستی ئەو پێشکەوتنە تەکنۆلۆژیایەی وەکو سۆشیال میدیا.

ستران عەبدوڵڵا ڕاشیگەیاند: ئێستە گۆڤارەکە لەخەم ڕەخساوەو ناوونیشانێکی بۆ خۆی لەناو بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی هەولێر و بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردستان بەگشتی پەیداکردووە، ئیدی هەقوایە ئەو گرێ دەروونیە تێپەڕێنین و بێتە سەر ئەوەی کە گرنگی بەهەموو ئەو مینبەرانەی سۆشیال میدیا بدات، تا بتوانێت بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی و ڕووناکبیریی و ڕۆژنامەنووسی لەهەولێر












پەرە پێبدەین و بەشداری تێدا بکەین، کە شاری هەولێر شایەنی ئەوەیە، بەردەوام بازی گەورە دەدات خەسڵەتەکەی وایە کە شتێک بکات بەسەنگینی دەیکات، پێموایە لەو ساڵەدا گۆڤاری دیوان ئەو وەزیفەیەی جێبەجێ کردووە و هیواداریشم لەقۆناغی داهاتوودا هەموو ئەو سەکۆیانەی سۆشیال میدیا بەجۆرێک لەجۆرەکان بەکاربێنین بۆ ئەوەی تەواوکەری کارەکانی گۆڤارەکە بێت، بۆ ئەوەش کە ئیدی خەڵک وا سەیری سۆشیال میدیا نەکات کە تەنیا بریتیە لەوەی تەنیا شتی خراپ بڵاودەکاتەوە، یان هەواڵی بەپەلەو درۆ و ئەو شتانە بێت و تۆزێک سومعەیەک بۆ ئەو مینبەرە گرنگانەی میدیای خۆمان دروست بکەین.
گوتیشی: من دەزانم برادەران بەتین و تاوێکی زۆر بەهێزەوە ئەمساڵەیان لەم گۆڤارە بەڕێکرد، من وەکو کەسێکی موحافیزکار قسە دەکەم، کە ئەوکات پێشنیارم بۆیان کرد و گوتم با گۆڤارەکە مانگانە نەبێت یا دوو مانگ جارێک بێت، تا بزانین یەکەم گۆڤاری ئەدەبی و ڕووناکبیریی وەکو جاران قبوڵ دەکرێت، دووەم ئایا گۆڤاری کاغەزی قبوڵ دەکرێت، سێیەم ئێمە چەند ساڵێکی زۆرە وەکو ڕاگەیاندنی یەکێتی لەبزووتنەوەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی شاری هەولێر دابڕاوین، زۆربەی ئەو شتانەی هەمانە وەکو چالاکی ڕاگەیاندن هەمانە، گوتم ئەگەر بتوانین دوو مانگ یا سێ مانگ جارێک بڵاوی بکەینەوە تاکو جێگای خۆمان دەکەینەوە، بەڵام بەڕاستی ئەم جوامێری و ئازایەتیە بۆ ئەو هەڤاڵانە دەگەڕێتەوە کە ئەم گۆڤارەیان دەرکرد و سەلماندیان کە نەخێر دەتوانن مانگانە دەری بکەن و بەئاستێکی باشیش، وەکو ئەوە وایە گۆڤارێکی ساڵانە بێت کە بەهاو سەردەکە و ئاستەکەی بەڕاستی جێگای دڵخۆشی و جێگای شانازیشە.
لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندنی ی.ن.ک باسی لەوەشکرد کە ئەم گۆڤارە هەم گۆڤاری پایتەختە بەبەڵگەی ئەوەی زۆر خەڵکی دیکەش لەدەرەوەی هەولێر، لەسلێمانی و کەرکوک و شارەکانی دیکەش بەشداری تێدا دەکەن لەلایەکی دیکەشەوە بەبیانووی پایتەخت بوونەوە بەشی هەولێریش ناخوات لەبزووتنەوەی ڕۆشنبیرییەوە کە کارێکە جێگای دڵخۆشییە، من بانگەوازم بۆ ئەو هەڤاڵانەی کە لەو گۆڤارە کاردەکەن ئەوەیە کە خەڵکی دەرەوەی یەکێتیش تەنانەت ئەوانەی ناوونیشانی سیاسی دیشیان
















هەیەدەرفەتی بەشدارییان لەو گۆڤارەدا بۆ برەخسێنن، جێگەی دڵخۆشیشە بۆ ئێمە وەکو ڕاگەیاندنی یەکێتی و دەستخۆشیش لەو بەڕێزانەش دەکەین کە بەسەر بەربەستی حزبی بووندا زاڵ دەبن و دێن هاوکاری ئەم گۆڤارە دەکەن.

پاشان د. ئەحمەد حەمەدەمین نوسەری کتێبی (گۆڤاری دیوان لە یەک ساڵی تەمەنیدا) وتەیەکی پێشکەش کرد و گوتی: یەکێک لەو کارانەی کە من بەئەرکی سەرشانی خۆمم زانی خزمەتێک بوو بەستافی گۆڤاری دیوان کارێک بۆ یەک ساڵی تەمەنی بکەم، ئەو کتێبەی ئێستا لەبەردەستە دوو بەشە بەشێکیان بیبلۆگرافیاکەیە کە لەسەر بنەمای ناوی نوسەر و ناوی بابەت و وەرگێڕە، دواتر هاتین خوێندنەوەیەکمان بۆ ناوەڕۆکەکەی کرد لە دونیاش واباوە هەموو ئەو گۆڤارانەی کە ساڵێک بەسەر تەمەنیاندا تێپەڕدەبێت شتێکی لەو بابەتەی بۆ دەکەن کە پێموایە هێشتا لەهەرێمی کورستان کارێکی نوێیە، ڕاستیەکەی ئەگەر بێتو دوای کاتێکی درێژتر هەر یەکێک بیەوێت توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر ئەو گۆڤارە بکات ناچار دەبێت بۆ ئەو کتێبە بگەڕێتەوە.

گوتیشی: من لەژمارەی ٣-ی ئەو گۆڤارە، بەڵێنم بەکاک سمکۆ عەبدولکەریم-ی سەرنوسەر دا، گوتم: بەردەوامبوون نیشانەی باشی گۆڤارەکەیە، بۆیە ئەگەر ئێوە بەردەوام بوون منیش بەڵێنی ئەوەتان پێدەدەم لەیەک ساڵەی تەمەنیدا بیبلۆگرافیایەکی ئەو گۆڤارە پێشکەش بەئێوە بکەم ئەوەبوو خەریکی ئامادەکردنی بووم لەگەڵ مەسعودی مەلا هەمزەی لێپرسراوی ناوەندی هەولێر ڕاگەیاندنی ی.ن.ک دانیشتین بڕیاری ئەوەماندا کە بەدواداچوونەکەم بکرێتە نامیلەکەیەکی سەربەخۆ.

د. ئەحمەد ئاماژەی بەوەشکرد کە خاڵێکی دی هەیە لەناو کتێبەکەدا ئەوەیە، زۆرێک لەو بابەتانەی لەناو ئەو گۆڤارەدا هەیە، بەشێکیان بەناوی خوازراو نوسراون خۆشبەختانە کاک نەوزاد عەلی ئەحمەد لەبەشێکدا ئەو ناوانەی کە ناوی سەردەمی شاخن لەیەکێک لەبابەتەکاندا ساغیکردۆتەوە ئێمە جارێکی دی هاتووینە لەپەراوێزدا نوسیومانەتەوە، لەپاڵ ناوە خوازراوەکە، ناوە ڕاستەقینەکەیمان نووسیوە، بەشێکی دی هەبوو ناوی نوسەریان بەسەرەوە نەبوو، لەڕێتمی ئیشکردنی بیبلۆگرافیا ئەوە هەقەکەی بۆ گۆڤارەکە دەگەڕێتەوە، بەڵام هەستاوین هەموو ئەو بابەتانە هی کێن هەموویان لەپەراوێزەکەندا ئاماژەمان پێکردوون.

ئاشکراشی کرد و گوتی: لەماوەی ئەمساڵەدا ٢١٩ نوسەر لەم گۆڤارەدا نوسینیان هەیەو لەهەموو ژمارەی گۆڤارەکە لەو ساڵەدا ٤٥٢ بابەت بوونی هەیە و بڵاوبۆتەوە، هەروەک ١٦ وەرگێر ٢٠ بابەتی وەرگێڕانیان هەیە ١٢ تابلۆی هونەرمەندانیشی تێدا ناسێنراوە و ١٠ وێنەگر کە وێنەگری گەنجن کە من کەمتر لەگۆڤارەکانی دی بینیومە، هەم یەکێک لە وێنەکانیان، هەم ژیانیان بەخوێنەران ناسێنراون، هەروەک تەنیا ٨ وێنەی مێژوویی تێدا بڵاوبۆتەوە کە پەیوەندن بەمێژووی هەولێرەوە هەیە، لەڕووی زمانەوانیشەوە گۆڤارەکە لە ئاستێکی باشدایە، بەڵام دەکرێت باشتر بکرێت، هەروەها زۆر کەم هەڵەی چاپی هەیە، بەڵام هەندێک هەڵەی تەکنیکی هەیە.

# کتێبخانەی کەسی دوای مردنی خاوەنەکانیان چی بەسەردێ!

ئێستا دوو ژوور لەماڵەوەم پڕ کتێب و گۆڤار و رۆژنامەیە, لەساڵی (٢٠١٣ ، ٢٠٢٢)شەوە باری تەندروستیم جێگیر نییە، جاری یەکەم نەشتەرگەریم و جاری دووەمیش قەستەرەی سەرم بۆ کرا هەر دواتر دەمپرسی (خوێندنەوە و نووسین) وەکو ئاو و هەوان بۆمن، لە خوێندنەوە و نووسین بێ بەش نابم دەیانگوت: ژیانی ئاسایی هیچی لێ پارێز ناکرێت، بۆیە لە دوای گەڕانەوەم لە ئیستانبۆل پەیوەندیم بە دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی کرد کە دێمە لات و لای جێگرت دکتۆر رەشاد میران، ئینجا چوومە لایان گوتم هەروەکو ئیحسان شێرزاد و عەبە هەلێری شوێنتان بۆ کتێبەکانم هەیە؟ گوتیان: هەیە، منیش گوتم دوای پۆلێنکردنیان ژمارەیان لەسەر دابنرێن، لەبەر ئەوەی نووسەرێکی ناسراو کتێبەکان لەبەردەم کتێبخانەی گشتی هەولێر دانرا بوو بێ ئەوەی لە شوێنی شیاو دابنرێ چونکە مسۆگەر دەزانم مناڵەکانم ناتوانن لە ماڵەکانیان دوو ژوور تەرخان بکەن ئەوا تەرخانیان کرد، هەموو پیشەیان هەیە و کاتیشیان وەکو من نییە لە وەرگرتنیان و هێنانەوەیان دەبێ کاتی بۆ تەرخان بکرێ ئەوەش زەحمەتە بۆیە لایەنی هزری (بیری) وەسیەتنامەم نووسی لە ژمارە (٩) گۆڤاری دیوان بڵاومکردەوە بەڵام باسی کتێبخانەکەم بەرێکی نەکردووە و هەتا لە ژیاندام دەمەوێ بە دڵنیایی کتێبخانەکەم لە شوێنێک دابنێم دوو دانە لیست هەبێ یەکی لە ئەکادیمیای کوردی و ئەوەی دیکەش لای مناڵەکانم ئەوانەی دەیانەوێ بڵێن لەو شوێنەیە و چەند کەسی دیکە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک و کەرکوک و هەڵەبجە... هتد. کتێبخانەی کەسی تیایە و هەندێکیان دەستنووسی تیایە، هەندێ جار قسەم لەگەڵ ئەوانە کردوە، دوای ماڵئاوایی کردن لە ژیان کتێبخانەکانیان چی بەسەر دێ! ئەوا دەزانم هەر یەکەو دەیەوێ کتێبخانەکەی وەزارەتی رۆشنبیری بەڕێوەیان ببات، یان شوێنێکی بۆ دروستبکرێت فەرمانبەری بۆ دابین بکرێت ئەمەش زەحمەتە و لە کتێبخانەی گشتی چەندین نووسەر دۆلابێک بەناویانە منیش یەکیانم لەوان، ئێستا شوێن نەماوە و دواکەس کە کتێبخانەکەی کەسییەکەی لەنێو کتێبخانەدا شوێنی بۆ کرایەوە رێزدار موحسین دزەیی بوو.



لەو کتێبخانە کەسییانە زۆر کتێب و گۆڤار و رۆژنامە هەن و ئەوەی بیزانم هەموو پۆلێن و ژمارەیان بۆ دانەنراوە و لەنێو کۆمپیوتەر بە تایپ کراوەی هەبێ و گەورەترین کتێبخانەکە لە باشووری کوردستان هەبوو هی بەهەشتی د. مارف خەزنەدارە کە لایەکی خانووەکەی بوو ژێر زەمینی بۆ تەرخانکرابوو، بەڵام وەزارەتی رۆشنبیری فەرمانبەریان بۆ تەرخان نەکردووە تاکو پارێزارو بێ لە مۆرانە و شێ و بە پاکی رابگیرێ.

سوپاس بۆ کاک بنیاتی کوڕی د. مارف خەزنەدار کە توانیویەتی بە چاکی بیپارێزێ لەو بڕوایەدام مناڵەکانی خاوەن کتێبخانە کەسییەکان کەسیان نە شوێن و نە کاتیان بۆ دان و وەرگرتنەوەی چاپەمەنییەکان هەبێ لەبەر بژێوی ژیان وەکو باوکیان ناتوانن هەموو کاتەکانیان بۆی تەرخان بکەن.

پێشنیاز دەکەم لیژنەیەک لە وەزارەتی رۆشنبیری و خویندنی باڵا و ئەوقاف و یەکێتی کتێبخانەکانی کوردستان و ئەکادیمیای کوردی و یەکێتی نووسەرانی کورد پێک بهێنرێ و کۆبوونەوەیەک لەم بارەوە ئەنجام بدەن و یاسای کتێبخانەی گشتی و کەسی چارەسەری ئێستاو ئایندەی بۆ بکرێ.

بەهەشتی د. کەمال مەزهەر ئەحمەد دوو خانووی هەیە کە یەکێکیان تیا دەژیان و دووەمیشیان بۆ چاپەمەنی و دەستنووس بەڵگەنامەکانە، دەبێ بۆ ئایندە هەر کەس بەڵگەنامەی لا بێ بە یاسا رێک بخرێ، گەرچی لە ساڵی (٢٠٠٨) پرۆژەی یاسای دۆکیۆمێنتپارێزی نووسەری ئەم دێرە بە ئیمزای دە پەرلەمانتار لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا، خولی سێەم و چوارەمەیش بە ئیمزای دە پەرلەمانتار پێشکەش کرایەوە بەڵام تاوەکو ئیمڕۆش دابێ پڕۆژەکە نەخرایە بەرنامەی کاری پەرلەمانی کوردستان.

بۆ ئەم مەبەستەش د. کەمال مەزهەر ئەحمەد هاتە پەرلەمانی کوردستان لەگەڵی چوومە لای کاک عەدنان موفتی و د. کەمال کەرکووکی گرنگی و بایەخی ئەم یاسایەی بۆ باسکردن و لە چەندین چاوپێکەوتن جەختی لەسەر دەکردەوە هۆکاریش ئەمەیە چونکە بە پلان و دامەزراوەیی کار نەکراوە و دەبوایە زۆر یاسای پێویست دەرچووبایە وەکو یاسای سرودی نیشتمانی و ئاڕمی هەرێمی کوردستان و زۆرانی دیکە، دەپرسم کەی بیر لە دەرچوونیان دەکرێتەوە؟

کاک فاروق مەلا مستەفا لە هوتێلەکەی لە سلێمانی شوێنێکی تایبەتی بۆ کتێبخانەکەی بەهەشتی برای د. عزەدین مستەفا رەسوڵ تەرخانکردووە. کە ئەمەیش کارێکی پیرۆزە.

تاریق جامباز